
2000

# رابوون

29

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

هەواڵنامەی کتێب



Manozdil 9/15


# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

ژمارە ٢٩ ٢٠٠٠



سەرنووسەر

رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی



**Rabun**

Cultural Kurdish Jornal

No. 29



Editor
Rafik Sabir

Editorial Board
Kamal Mirawdali
Hashim Kochani


## بابەتەکان


3 وتاری ڕابوون و کۆمەڵەی ئازاد

لە سمیناری کورد لەبەردەم سەدەی 21 دا ...................... فەرهاد سەرهەنگی

5 بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و

سەدەیەک خولانەوە لەناو بازنەیەکدا ........................ ڕەفیق سابیر

9 کورد لە بەردەم

ئاڵۆزییەکانی جیهان و سەغڵەتییەکانی خۆیدا ...................... هاشم کۆچانی

17 کورد لەبەردەم ساڵی دوو هەزاردا ..................... ئەحمەدی ئەسکەندەری

22 گلوبالیزم و پێداچوونەوە بە چەمکەکاندا ..................... دارا مەحموود

31 کوردیش پێ دەنێتە ساڵی دوو هەزار ...................... مەهاباد کوردی

34 خەڵاتی نۆبل بۆ گراس و هەڵوەستێک ...................... کەریم قادر

37 ئاخاوتن ، دەسەڵات و ڕووناکبیران ...................... کەمال میراودەلی

62 ژیانە ڕاستینەکە ..................... چیرۆک ...................... یۆران تونسترۆم

حەسەن نوور لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

82 چوار کورتە چیرۆک ...................................... کاروان عومەر کاکە سوور

87 نامەیەک بۆ کچەکەم ......................... چارلی چاپلین/ وەرگێر چیمەن کەریم

89 بیرەوەریی لاپەرەکان ......................... شیعر ..................... گۆنا جاف

90 تۆ مردی بۆمبەکانی سەدە ..................... ڕانانی کتێب ........ ڕێبوار ڕەشید

94 بۆن و تەنیایی ........................................ جەزا چنگیانی

98 پانۆراما: وەرزی سەهۆڵبەندان لە پێشانگایەکی هونەریی و

چاپەمەنیسی سوێدیدا ...................... تەها فەرهاد و حەسەن نوور



Box 25161 , 750 25 Uppsala _ Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ 7 _ 9211995

ISSN : 1102

ناونیشانی ڕابوون لە ئینتەرنێت دا

www. angelfire . com / ns / rabun

## گوندێکی جیهانیی بچووک

فەلەکناس و زانای ماتماتیکی ئەمەریکایی کارل ساگان لە ساڵی 1988 دا بە فەنتازیا وێنەی ژیانی سەر زەوی بە "گوندێکی جیهانیی بچووک" دەچوێنێت کە سەد خێزانی تێدایەو بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەژین:

65% ی خێزانەکان نەخوێندەوارن.
90% ی ئینگلیزی نازانن کە زمانی ئینترنێتە.
70% ی ئاوی پاکی خواردنەوە لە ماڵەکانیاندا نییە.
80% ی هیچ ئەندامێکی خێزانەکان سواری فڕۆکە نەبوون.

60% ی زەوی گوندەکە موڵکی 7 خێزانە کە 80% ی وزەو داهاتی زەویەکە بەکار دەهێنن.
60% ی خەڵکی گوندەکە تەنیا لە 10% ی زەوی گوندەکەیان بەردەکەوێت.

تەنیا یەک لەو خێزانانە ئەندامێکی خوێندنی زانکۆی تەواوکردووە.

سەرەرای هەموو ئەوانە ئەم گوندە جیهانییە بەردەوام ئاوو هەواکەی پیس دەبێ و سروشتەکەی دەشێوێندرێ و گەرمایی خۆرەکەی تێکدەچێ.

**نیگاری بەرگ / گرافیک:** Sissel Stangenes **لە پێشانگای** Exile **ساڵی** 2000

# وتاری رابوون و کۆمەڵەی کولتووریی کوردی-ئازاد
## لە سیمینارەکەدا
## لەلایەن کاک (فەرهاد سەرهەنگی)یەوە پێشکەش کرا:

بەشداربووانی سێمینار
میوانە بەرێزەکان

بەناوی کۆمەڵەی کولتووریی ئازاد و ناوەندی کولتووریی رابوونەوە بەخێرهاتنتان دەکەم. هیوادارم بە هاریکاریی هەموومان سێمینارەکە سەرکەوتووانە بەرێوە بچێت.
ئێمە لە دوا رۆژەکانی سەدەی بیستەمدا بۆ ئەوە لێرە کۆبووینەتەوە تا ئازادانە کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگ، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە رەوشی کورد و چارەنووسی وڵاتە داگیرکراوەکەمانەوە هەیە، باس بکەین. هەروا را و بۆچوون و پێشبینی خۆمان سەبارەت بە سەدەی داهاتوو دەرببڕین.
وەک دەزانن کێشەی کورد، بە درێژایی سەدەی بیستەم، یەکێک بووە لە کێشە ئەساسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوین. زۆر جاران کە باس لە ئاشتی و ئارامی ناوچەکە دەکرێت، چارەسەرکردنی سیاسی و ئاشتییانەی پرسی کورد بە مەرجێکی ئەساسیی سەقامگیربوونی ئاشتیی ناوچەکە دادەندرێت. ئەم بۆچوونەش هەر لە خۆرا نەهاتووە. ئایا رێی تێدەچێت کە لە ناوچەیەکدا ئاشتی و ئارامی هەبێت لە کاتێکدا نەتەوەیەکی زیاتر لە سی ملیۆنی وڵاتەکەی ژێردەست و داگیرکراو بێت و بۆ خۆیشی لە کەمترین مافی سیاسی و کولتووری و ئینسانی بێ بەش کرابێت؟
باسکردن و لێکۆڵینەوە لە رووداو و ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم کارێکی گەلێک بەسوودە، چونکە ئەم سەدەیە بە گرنگترین سەدە لە مێژووی دوو هەزار ساڵەی مرۆڤایەتیدا دادەندرێت.
بۆ ئێمەی کوردیش، سەدەی بیستەم، کۆمەڵێک یادگاری ئەوەندە تاڵ و دژواری بەجێ هێشتووە کە قەت لەبیر ناچنەوە:
چونکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە کاتێکدا دەیان نەتەوە کرانە خاوەن وڵاتی خۆیان، وڵاتی ئێمە، بەدوور لە ویست ئارەزووی خۆمان، بەسەر چەند نەتەوەیەکی دیکەدا دابەشکرا. هەموو هەوڵ و تێکۆشانی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، یان بۆ مافی بەرابەری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکەدا تێک شکێندران. دەوڵەتانی داگیرکەر و تیرۆریستی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، بە درێژایی سەدەیەک، لە کوشتنی کورد و وێرانکردنی کوردستان و لەناوبردنی کولتووری کورددا ئەوپەڕی دڕندایەتیان نواندووە.
ئێوە کەسانێکی بیانی نین تا من باسی تاوانی ئەم دەوڵەتانەتان بۆ بکەم،

## سێمیناری
### کورد لەبەردەم سەدەی بیستویەکەمدا

لە رۆژی ١٨-١٢-١٩٩٩ دا رابوون و کۆمەڵەی کولتووریی ئازاد لە ئوپسالا سیمینارێکی هاوبەشیان بە ناوی (کورد لەبەردەم سەدەی بیستویەکەمدا) سازکرد کە ئەم نووسەر و باسکارانە بەشدارییان تێدا کرد: د. بورهان یاسین، کەمال میراودەلی، ئەحمەدی ئەسکەندەری، ئەدیم داگدەڤیرەن، هاشم کۆچانی، رەفیق سابیر ، د. خالید سالح کە لەبەر هۆیەکی تەکنیکی نەیتوانی بەشدار بێت.
ئێمە حەزمان دەکرد کە هەموو باسەکانی سیمینارەکە لەم ژمارەیەدا لە فایلێکی تایبەتیدا بلاو بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە هەموو بابەتەکانمان لە کاتی خۆیدا بەدەست نەگەیشتن، هیوادارین لە ژمارەکانی داهاتوودا بابەتەکانی دیکەیش بلاو بکەینەوە.

رابوون

بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەم دەوڵەت و نەتەوانە، بە درێژایی سەدەیەک، بۆ ئێمە و دنیایان سەلماند کە ئەوان شایەستەی ئەوەنین حوکمڕانی کورد بکەن.

بەڕێزان!
ئێمە بە کۆمەڵێک خەون و هیوا و ئاواتەوە بەرەو سەدەی بیستویەکەم هەنگاو دەنێین، لە هەمان کاتدا وەک کەسانێکی بێ وڵات چەندان پرسیار و بیرۆکە سەبارەت بە چارەنووسی خۆمان و نەتەوەکەمان لە سەدەی داهاتوودا لە مێشکماندا دێن و دەچن، کە حەتمەن نیگەرانمان دەکەن.
ئایا سەدەی داهاتوو تەنیا سەدەی نەتەوە و وڵاتە زلهێزەکان دەبێت، یان بە ڕاستی دەبێتە سەدەی ئازادی و عەدالەت و یەکسانی و دۆستایەتی؟
ئایا سیستمی سیاسیی نوێی جیهان و دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی تەنیا بۆ سوود قازانجی چەند وڵاتێک دەبن، یان بۆ قازانجی هەموو گەلانی دنیا؟
ئایا کورد لەم سیستمە جیهانییە نوێیەدا چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت و چ جێگایەک دەگرێ؟

وەک دەزانین لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی تا ئەمڕۆ چەند دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد هاتنە پێش، لەوانە:
پەیماننامەی سیڤەر و دروستبوونی حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی، دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بە ڕابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد، شەڕی دووەمی کەنداو و ئازادبوونی بەشێکی باشووری کوردستان.
بەڵام بۆچی کورد نەیتوانی سوود لەم دەرفەتە گرنگانە ببینێت؟ بۆچی ئەم ئەزموونانە تێک شکان؟
ئایا خەتاکە تەنیا خەتای زلهێزان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بوو؟
ئاخۆ هێز و سەرکردە سیاسییەکانی کورد لەم مەسەلانەدا بەرپرسیار نین؟
ئایا خەباتی چەکداریی، کە شێوە خەباتی سەرەکی کورد بووە، چ قازانجێکی سیاسیی بە کورد گەیاندووە؟ چ زیانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە کورد داوە؟
ئایا دەشێت کورد لە سەدەی داهاتوودا پشت بەم شێوە خەباتە ببەستێت؟
ئەگەر ئاشتی ئامانجی کورد و گەلانی دیکە بێت ئایا چۆن کورد دەتوانێت بە ئاشتی بگات؟
ئایا ئەو دەرفەتانە چین کە لە داهاتوودا بۆ کورد دەڕەخسێن؟
چۆن کورد دەتوانێت کەڵک لە هەلو مەرجی نوێی جیهان وەربگرێت؟
سەرەڕای چەندان پرسیار و مەسەلەی دی کە بیری هەموومانی داگیر کردووە.
دیارە لە سیمنارێکی لەم جۆرەدا ناتواندرێت بە تێر و تەسەلی وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بدرێنەوە، بەڵام هیواداریین ئەمڕۆ بتوانین باس و لێدوانێکی زانستی و ڕووناکبیرانە دەربارەی هەندێ لەم مەسەلە گرنگانە بکەین کە پەیوەندییان بە چارەنووس و داهاتووی هەموومانەوە هەیە.
ئێمە وەک نەتەوە سەدەی بیستەممان دۆڕاند، هیواداریین بتوانین سەدەی داهاتوو نەدۆڕێنین.

# بزاڤی رزگاریخوازی کورد:

رەفیق سابیر

# سەدەیەک خولانەوە لەناو بازنەیەکدا

## 1

بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، وەک دیاردەیەکی مێژوویی، فۆرمی ناوەرۆکێکە کە پرسی گەلی کوردستانە. ئەم پرسە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە هۆی ستەمێکی مێژووییەوە دەرکەوت، کاتێک کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکی دیکەدا دابەش کرا و، کوردستان کرایە کۆلۆنیایەکی نێوخۆی ئەو وڵاتانە.

بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک ئەنجامێکی حەتمیی ناکۆکیی نێوان نەتەوەیەکی ژێردەست و دەوڵەتانێکی داگیرکەر، دەرکەوت. بۆیە ئەرک و ئامانجی سەرەکیی ئەم بزاڤە، وەک هەر بزاڤێکی رزگاریخوازیی دیکەی دنیا، ئەوە بوو کە ناکۆکیی نێوان وڵاتێکی داگیرکراو و دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە چارەسەر بکات، واتا گەلی کوردستان بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس بگەیەنێت.

بەڵام ئەم بزاڤە، بە لاوازی و لە کۆمەڵێکی لێکدابڕاوی فیۆدالیدا، کە هوشیاریی نەتەوەیی تێیدا پێنەگەیشتبوو، دەرکەوت. دەستەی یەکەمی رووناکبیریی کورد، کە رابەری بیری نەتەوەیی و بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان بوون، دوای دابەشبوونی کوردستان پەرەوازە بوون. پێش ئەوەی ئەم دەستەیە بتوانن بۆچوونێکی تایبەتی دەربارەی تایبەتمەندیی نەتەوەیی کورد پێک بهێنن و هۆشیاری و بیری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا بڵاو بکەنەوە، یان ناسیۆنالیزم لە ئایدیۆلۆژیاوە بگۆڕن بە بزاڤێکی جەماوەریی فراوان، بە توندی لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە پەلامار دران. دەستەی یەکەمی رابەرانی بیری ناسیۆنالیستی کورد یان لەناو بران، یان گیران، یاخود ئاوەرە کران.

تێشکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە باکوور، تێشکانی بیری ناسیۆنالیستی و بزاڤی کورد بوو لە تەواوی کوردستاندا. بە درێژایی دەیان ساڵ کۆشش و کاری چەکداری، بەکوشتدانی سەدان هەزار کەس هێشتا بزاڤەکە نەیتوانیوە تەنانەت لە بەشێکی کوردستاندا، ئەم ئەرکەی خۆی بەدی بێنێت. ئەمەش ماهییەتی بزاڤەکە؛ بە هێزە سەرەکییەکانییەوە، بە ئایدیۆلۆژیا و سەرکردایەتی و شێوازی خەبات و ستراتیژەکەیەوە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

گەلی کورد، لەگەڵ ئەو هەموو کۆشش و خەبات و قوربانییە بێ وێنەیەی بۆ ئازادی بەختی کرد، لە جەوهەر و پراکتیکدا هەر وەک بوونێکی پاسیڤ ماوەتەوە، واتا نەیتوانیوە پێداویستییەکانی گەشەکردنی ئازادانەی خۆی دەستەبەر بکات و، ببێتە خاوەنی سەروەریی نەتەوەیی خۆی.

دیارە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و زلهێزان رۆڵێکی گرنگیان لەم مەسەلەیەدا بووە، بەڵام ئایا کورد خۆی، بەتایبەتی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، هیچ بەرپرسیارییەکی لەم مەسەلەیەدا نییە؟ ئایا هۆکارە دەرەکییەکان بەبێ زەمینەیەکیی نێوخۆیی دەیانتوانی ئەم وێرانە و تراژێدیا کوردییە بنێنەوە؟

وەک دەزانین لە سەدەی بیستەمدا سێ دەرفەتی جیهانی بۆ گەلانی ژێردەست، لەوانە بۆ کورد، رەخسان، کە لە هەر دەرفەتێکیاندا دەیان نەتەوەی ژێر دەست توانییان ئازادبن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن:

یەکەم- دەرفەتی دوای شەڕی یەکەمی جیهان و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی.

دووەم- دەرفەتی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان و بەهێزبوونی خەباتی رزگاریخوازیی گەلانی کۆلۆنیالکراو.

سێیەم- دەرفەتی تەواوبوونی شەڕی سارد و شەڕی دووەمی کەنداو.

نزیکەی نیوەی دەوڵەتانی ئەمڕۆی جیهان بەرهەمی ئەم سێ دیاردە جیهانییە گەورانەی سەدەی بیستەمن.

بەڵام بۆ کورد، لەگەڵ ئەو خەباتە سەختەی لەو سەردەمانەدا کردی، هەموو ئەم دەرفەتانە لەدەست چوون؟ بۆچی خەباتی کورد لە پێناو ئازادیدا تێک شکێندرا؟

ئەی کێ دەڵێت بزاڤی کورد دەرفەتەکانی سەدەی

بیستویەکەم لەدەست نادات؟

ئەگەر دەرکەوتنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بەرهەمی گەشەکردنی بیر و هۆشیاری نەتەوەیی بووبێت، ئەوا قەیرانی ئەم بزاڤە و چارەنووسە تراژیدیایەکەی نیشانەی لاوازیی بیر و هۆشیاریی نەتەوەیی کوردن، بەو پێیەی ئەم بیرە، وەک ئامرازێکی نیمچە سەربەخۆ لە واقیع، لە جیاتی ئەوەی بەشداری گۆڕینی واقیعی ژێردەستی و داگیرکردن بکات ئەوا خۆی بۆتە بە شێک لەم واقیعە، یان گۆڕدراوە بە یەکێک لەو فاکتەرانەی کە لە پاراستنی واقیعەکە، واقیعی داگیرکردن و ژێردەستبوون، بەشداری دەکات.

بۆیە تێشکانی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، بە رای من، تەنیا شکستی ستراتیژ و سەرکردایەتیی بزاڤەکە نییە، تەنیا شکستی شێوازی خەباتی چەکداریی بزاڤەکە نییە، کە نزیکەی نیو سەدەیەکە شێوازی زاڵە، بەڵکە لە هەمان کاتدا تێشکانی بیر و ئایدیۆلۆژیایەکە کە لاواز و بێ دەسەڵات لەبەردەم واقیعێکی سەختدا خۆیان بینیوەتەوە و سەرنجام تەسلیمی مەرجە بابەتییەکانی واقیعەکە بوون، بەمەش کاریگەری خۆیان، وەک هۆکارێکی گۆڕین، لە دەست داوە.

بیر و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسین. هەروا ریشەکانیان لەو میراتە کولتوورییەوە دێن کە نەتەوەیەکی دیاریکراو لە مێژووی خۆیدا هێناویەتە بەرهەم. دیاردە کولتووری و فیکرییە دەرەکییەکان، کە لە سەردەمی بە جیهانی بوونی کولتووردا هەموو شوێنێکی دنیایان گرتەوە، بە پەیوەندی لەگەڵ ئاستی پێگەیشتن و کولتووری کۆمەڵەکە کاریگەرییەکانیان پێشان دەدەن. رادەی کاریگەری ئەو بیر و دیاردە دەرەکییانە تا رادەیەکی زۆر جیاواز و نیسبین، واتا شێوەی دەرکەوتنیان و ئاستی کارتێکردنیان، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی دەگۆڕدرێت. لە هەر کۆمەڵێکدا زەمینەی کولتووری و ئاستی پێگەیشتنی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی، رادەی کارتێکردنەکە و شێوازی دەرکەوتن و شوێنەوارەکانی دیاری دەکەن. ئایا کۆمەڵەکە لەو ئاستەدایە کە سوود لەم دیاردانە وەربگرێت و بیان گۆڕێت بە بەشێک لە بوونی بابەتییانەی خۆی، یان ئەوان خۆیان بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنن و دەیکەنە فەزای شوێنی خۆیان.

## 2

بۆ تێگەیشتن لە ماهییەتی بزاڤی کورد و فەلەجی ئەو لە بەجێهێنانی ئەرکی خۆیدا، دەبێت پێش هەر شتێک بۆ هۆکاری ناوخۆیی و مێژوویی، واتا بۆ ئاستی پێگەیشتنی کورد وەک نەتەوە، بگەڕێین.

کورد لە رووی مێژووییەوە هەمیشە سوبێکتێکی لاواز بووە، واتا توانای ئەوەی نەبووە کە وەک زاتێکی پێگەیشتوو لەگەڵ دیاردەکاندا رەفتار بکات و بتوانێت، وەک (کانت) دەڵێ، لە شتێک لە خۆیدا ببێتە شتێک بۆ خۆی. بۆیە کاتێک نەیتوانیوە ببێتە شتێک بۆ خۆی، واتا بۆ بوونی خۆی و بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بژی و کار بکات، ئەوا وەک بوونێک لە خۆیدا، یان وەک خودێکی پاسیڤ لە خۆیدا ماوەتەوە، یان کراوەتە بابەت و ئامراز بۆ ئەوی تر. ئەوی تر، بیانی، نەتەوەی تر کە، بە پێچەوانەی کورد، توانیویەتی ببێتە شتێک بۆ خۆی، بە پرۆگرام و ئایین و ئایدیۆلۆژیای خۆیەوە هاتۆتە کوردستان، توانیویەتی کورد، کە شتێک بووە لە خۆیدا و نەیتوانیوە ببێتە شتێک بۆ خۆی، بکاتە شتێک، بابەتێک یان ئامرازێک بۆ خۆی.

ئەوی تر، واتا ئەو نەتەوانەی توانیویانە پاسیڤیی کورد بکەنە ئەکتیڤییەتێکی نێگەتیڤ و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن، یان کورد لە شتێک لە خۆیدا بکەنە شتێک بۆ خۆیان. ئەوان لە سەدان ساڵەوە تا شەری یەکەمی جیهان بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە، لە دوای ئەوەش بەناوی ئایدیۆلۆژیا و لە رێگای ترەوە ئەم کارەیان کردووە.

بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریای ئیسلام زۆر نەتەوە تا توانییان سودیان لە ئیسلام بینی و وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێنا. لەرێگەی ئیسلامەوە توانییان لە نەتەوەیەکی پێش مێژووەوە ببنە نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی و ئیمپراتۆریای مەزن و دەست بەسەر ناوچە ی فراوان و وڵاتاندا بگرن. کەچی کورد نەک هەر نەیتوانی لە رووی نەتەوەیی و سیاسییەوە سوود لە ئیسلام وەربگرێ، یان ئەویش وەک عەرەب و تورک و فارس ئیسلام بکاتە ئامراز و ئایدیۆلۆژیایەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و شارستانی و ئیمپراتۆریا بەڵکە خۆی کرایە بابەت و ئامراز و، بۆ خزمەتی نەتەوەکانی دی بەکار هێنرا.

بە رای من کورد خۆی وەک نەتەوە پێ نەگەیشتووە، یان کورد وەک شتێک لە خۆیدا هێشتا بە پاسیڤی بۆ خۆی ماوەتەوە یان سوبێکتێکی لاواز و هیچ لەباردا نەبوویە، بۆیە توانای ئەوەی نەبووە و نییە کە بە

جۆرێکی زیندو و ئەکتیڤ، لەسەر ئەساسی خۆناسین و بەرژەوەندییەکی تایبەتی، هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردە سیاسی و کولتوورییەکاندا بکات و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بێنێت. کورد هێشتا ناتوانێت رووداو و دیاردەکان، کە لە دەرەوە و دەوروپشتەوە دێن، بکاتە بەشێک لەخۆی، واتا بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێت. سەرەنجام کورد خۆی دەبێتە بەشێک لەوان. کورد خۆی دەبێتە کێڵگە و ئەزموونگای ئەوان نەک بە پێچەوانەوە.

بۆ نموونە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم لە زۆر وڵاتانی دنیادا، بۆ نموونە چین، ڤێتنام، کوبا و..تاد کرا بە ئایدیۆلۆژیای رزگاریخوازی و بە هۆیەوە ئەو گەلانە لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی رزگار بوون، هەروا دەرکەوتنی بزاڤی کۆمۆنیستی لە ئێران، تورکیا، وڵاتانی عەرەبیدا ئەنجامی پێداویستی خەباتی نیشتمانیی دژ بە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم بوون. پەیرەوکارانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە، هەڵەی سیاسییان هەر چەندێک بووبێت، لە ناوەرۆکدا ئامانجیان سەربەخۆیی سیاسیی و ئابووریی وڵاتەکانیان بووە. بەڵام کۆمۆنیزم لە کوردستاندا، نە سەربەخۆ و نە وەک ئایدیۆلۆژیایەکی نیشتمانیی کوردستانی دەرکەوت، بەڵکە بەشێک بوو لە ئایدیلۆژیای نەتەوەی سەدەستی تورک، فارس و عەرەب و، شێوەی حیزبی سەرانسەریی تورکی، ئێرانی، عێراقی و سوریایی بەخۆگرت. کۆمۆنیستانی کورد تا ئەمرۆش بەشێکی پەیرەوکاری حزبە کۆمۆنیستییە سەرانسەرییەکانن وابەستەی ئەو حزبانەن کە لە ناوەرۆکدا تەنیا حزبی تورک و فارس و عەرەبن، یان بەشێکن لە بزاڤی سیاسیی ئەو وڵاتانە کە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکانیان، واتا درێژەدان بە داگیرکردنی کوردستان، ئامانجێکی سەرەکییانە. ئەم حزبە سەرانسەرییانە هەمیشە و تا ئەمرۆش بەرژەوەندیی نەتەوە و وڵاتەکانیان لە سەرووی هەر شتێکی تر دادەنێن. هەر کاتێکیش ناکۆکی کەوتبێتە نێوان بەرژەوەندیی نەتەوەکانیان و کوردەوە، ئەوا بەبێ بیرکردنەوە لایەنگری نەتەوەکانی خۆیان گرتووە، ئەگەر تەنانەت بەم کارەیان دژی بەرژەوەندیی کوردیش وەستا بن.

بەم جۆرە کورد نەک هەر نەیتوانی، وەک هەندێ نەتەوەی دی، ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم بکاتە ئامرازێکی خەباتی رزگاریخوازیی بەڵکە ئەم ئایدیۆلۆژیایە، وەک وێنەیەکی دیکەی ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیزم لە کوردستاندا دەرکەوت و بوو بە هۆکارێکی دیکەی چەسپاندنی واقیعی داگرکردن و شێواندنی هۆشیاریی نەتەوەیی و دابەشبوونی زیاتری کۆمەڵی کورد.

ئەم دیاردەیە بۆ ئایدیۆلۆژیا و بزاڤی ئیسلامی سیاسیش هەر بەم جۆرەیە:

ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی لە ناوەرۆکدا ئایدیۆلۆژیای عەرەبیزمە. بەڵام لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا بزاڤی ئیسلامی سیاسیی دەرکەوتبێت خەبات بۆ گەڵ و وڵاتی خۆیان دەکەن. بەرژەوەندیی نەتەوە و وڵاتەکانیان لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوە دەگرن. کەچی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، کە لەم ساڵانەی دواییدا وەک کوارگی بەهاران لە باشووری کوردستاندا دەرکەوتوون، دەستکردی بێگانەن و، پێچەوانەی هەموو بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکانی دنیا، داردەستێکی دوژمنانی نەتەوەکەیانن. بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بێگانە و رێگرتن لە ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری کورد بەکار دەبرێن.

ئەم دیاردانە تەنیا لە وڵاتێکدا دەتوانن بەم شێوە شێواو و وابەستەییە دەربکەون کە نەتەوەکەی پێ نەگەیشتبێت و بەرژەوەندیی نەتەوەیی مانا و بوونی نەبێت.

## 3

بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا تایبەتمەندی خۆی وەرگرت. بەجیا و دابڕاو لە بزاڤی بەشەکانی دیکەی کوردستان مەحکومی مەرجە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکانی وڵاتی داگیرکەر بوو. هیچ بەشێکی ئەم بزاڤە بە تەنیا نەیتوانی خەبات بۆ ئامانجی ئەساسیی خۆی بکات، لە چوارچێوەی وڵاتی میترۆپۆلدا بوو بە بەشێک لە بزاڤی ئۆپۆزیسیۆن. سەرەنجام نەیتوانی وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ، کە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بێت، بمێنێتەوە.

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە باشووری کوردستان بوو بە ناوەندی ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریخوازیی کورد. بەڵام پێش ئەوەی ئەم بزاڤە بتوانێت لە شتێک لە خۆیدا ببێتە شتێک بۆ خۆی، یان بتوانێت کەمترین ئامانجی رزگاریخوازی و دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد بەدەست بێنێت، ئەوا لە لایەن دوژمنانی کوردەوە کرایە ئامراز یان کرایە سوبێکتێکی نێگەتیڤ دژی کورد.

ئەم بزاڤە بە هاندانی ئێران پەنای بۆ چەکهەڵگرتن و شەڕی چەکداری برد، بە کۆمەکی ئێران گەورە بوو، ئێران دژی قاسم و برایانی عارف و بەعس و دژی

کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەکاری هێنا و دواتریش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئێران هەرەسی پێ هێندرا. لە کاتێکدا لە دوای کودێتای تەمووزی ١٩٥٨ لە دەستووری عێراقدا هاتبوو کە عێراق وڵاتی عەرەب و کوردە. دەکرا ئەمە بکرێتە دەسکەوتێکی گرنگ و، کورد لە ڕێگای دەستووری و بێدارکردنەوەی خەڵک و بزاڤی ئاشتییانەی جەماوەرەوە پێ لەسەر مافە نەتەوەییەکانی خۆی دابگرێت. گرنگی ئەو بەندەی دەستووری عێراق لە وەدایە کە چل ساڵ دوای ئەوە هێشتا تورکیای ئەندامی ناتۆ و کاندیدی یەکێتیی ئەورووپا، کە نیوەی خاکی کوردستان و نزیکەی سێ ئەوەندەی عێراق کورد لە چوارچێوەی «وڵاتەکەی» دا دەژیت، هێشتا ئامادە نییە لە دەستوورەکەیدا دان بە بوونی کورددا بنێت.

بۆیە بەڕای من بزاڤی چەکداریی ئەیلوولی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان گۆڕهەڵکەندن بوو بۆ کورد. یان یەکەمین هەوڵدانێکی دوژمنانی کورد بوو بۆ بەکارهێنانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، دژی ئاوات و ئامانجی ڕزگاریخوازانەی کورد. ڕەوشی ئەم بزاڤە، لە ماوەی نزیکەی چل ساڵی شەڕی چەکداریدا دەی سەلمێنێت کە چۆن شتێک یان دیاردەیەک، کە لە خۆیدا هەیە، دەکرێت پێش ئەوەی ببێتە شتێک یان دیاردەیەک بۆ خۆی، واتا بۆ خودی خۆی کار بکات، بکرێتە دیاردەیەکی ئەکتیڤی نێگەتیڤ و دژ بە بوون و ئامانجی خۆی بەکار بهێندرێتەوە. بۆیە سەیر نییە کە ڕێکەوتنێکی ناوچەیی و جیهانی لەسەر ئەوە هەبێت کە ئەو بەش و لایەنەی ناو بزاڤەکە، لە باشووری کوردستاندا، بەهێز و دەسەڵاتدار بێت کە ئامادەیە ئاڵای ئەنفال لە کوردستان هەڵبکەنەوە و ئامادەیە، بۆ لەناوبردنی بزاڤی گەلی باکووری کوردستان، ببێتە داردەستی دڕندەترین دوژمنی کورد.

بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بەو ئایدیۆلۆژیا و ڕێباز و شێوازەی خەبات، کە دەیان ساڵە پشتی پێ بەستووە، نەیتوانی بەو ئامانجە بگات کە لە پێناویدا دەرکەوتبوو، واتا نەیتوانی بە شێوەیەک لە شێوەکان ناکۆکیی نێوان کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان چارەسەر بکات. پێموایە گەورەترین دەسکەوتێک کە تا ئێستا بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەدەستی هێنا بێت لە باکووری کوردستاندا بووە، چونکە ئەم بزاڤە توانی کار و کۆششی حەفتا ساڵەی دەوڵەتی کەمالیستی تورک بۆ تواندنەوە و بەتورککردنی کورد تێک بشکێنێت و، سەرلەنوێ هەستی کوردبوون و هۆشیاری نەتەوەیی بە فراوانترین شێوە لە باکووری کوردستاندا بڵاو بکاتەوە، بیری ناسیۆنالیزم لە ئایدیۆلۆژیاوە بگۆڕێت بە بزاڤێکی جەماوەریی فراوان و

کێشەی نێوان کورد و تورک و بیری خۆدابڕان لە تورک بباتە ناو هەر ماڵێکی کوردەوە.

ئەمە کارێکی ڕزگاریخوازانەی گەورەیە، بەڵام تەنیا بەشێکە لە پرۆسەیەکی گەورەتر، پرۆسەی ڕزگاریی نیشتمانی و گەیشتنی گەلی باکووری کوردستان بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس.

بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک نەیتوانی لە هیچ بەشێکی کوردستاندا ئەرکی سەرەکی خۆی، چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان کورد و دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە، بەجێ بێنێت. هەروا ئەزموونی دەیان ساڵ سەلماندی کە ئەم بزاڤە بەم ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژ و شێوازی خەباتەی ئێستای، ناتوانێت لە سەدەی داهاتوودا بەردەوام بێت. یان بە واتایەکی دی ڕەوایی بوونی خۆی و بەهانەی مانەوەی لەدەست داوە. بەڵام کۆتاییهاتنی بزاڤەکە، تەواوبوونی پرسی کورد نییە. ئەم پرسە پرسی وڵاتێکی دابەشکراو و داگیرکراوە، پرسی نەتەوەیەکی سیی ملیۆنییە کە بە پێی هەر دەستوور و نەریتێکی ئینسانی و جیهانی بێت مافی خۆیەتی کە ئازاد لەسەر خاکی خۆی، یان یەکسان و بەرابەر لەگەڵ تورک و فارس و عەرەبدا، لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی زۆرایەتیدا بژی.

بەڵام ئایا پرسی کورد لە سەدەی داهاتوودا بە چ شێوەیەک خۆی دەردەخات؟ ئایا پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان، کە پ ک ک بانگێشەی بۆ دەکات و گەلی باکووری کوردستان پشتگیری دەکات بە کوێ دەگات؟ ئایا لە سەدەی داهاتوودا پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەگاتە ئەو ئاستەی کە خەباتی جەماوەریی و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان مافی یەکسانی و بەرابەری بۆ خەڵکی کورد لەو وڵاتانەدا دابین بکات؟

ئایا سەدەی داهاتوو، سەدەی گلۆبالیزم و سیستمی سیاسیی نوێی جیهان، سەدەی سەرداربوونی تاکە هێزێک لە دنیادا، دەرفەتە دەڕەخسێنن کە نەتەوە ژێردەستەکان بە خەباتی ئاشتیخوازانە ئەو مافانە وەدەست بخەن کە نەیانتوانی بە شۆڕش و خەباتی چەکداری بەدەستیان بێنن؟

---

* ئەم نووسینە بەشێکە لە باسێک دەربارەی ناسیۆنالیزمی کورد.

هاشم کۆچانی

# کورد له بەردەم ئاڵۆزییەکانی جیهان و سەغڵەتییەکانی خۆیدا!

قسەکردن لەمەڕ کۆتایی سەدەیەک و سەرەتای سەدەیەکی تر، کاتێک ،مانای دەبێت، قسەکردنەکە بۆ ئاوڕدانەوەو سەرنجدان و بۆ بەراوردکردن و تێڕامان بێت. زەمەن بە مانا گشتگرییەکەیەوە تەماشا بکرێت، هەر سێ مەوداکەی ڕابردوو ئێستاو ئایندە وەک کاتیگۆرییەکی یەکگرتوو بخوێنرێتەوە. دەمەوێت بڵێم سەدەی بیستەم بە بیچمە درێژوو گەشەکانییەوە، لە سەدەی ئایندەدا ئامادەبوونی دەبێ.

سەدەی بیستەم سەدەیەکە پڕ لە دیاردەی عاجباتیی و ناکۆک و دژ بەیەک. سەدەیەک لە باری دۆزینەوەو داهێنانە مەزنە زانستییە تەکنەلۆژیی و بایۆلۆژییەکانەوە تەماشای بکەین، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، تاک هەڵکەوتووە.

بەلام هەر لەم سەدەیەدا گەورەترین دوو شەڕی جیهانگر بەرپاکران کە 85 ملیۆن کەسیان داپاچی. خەرجی ئەو دوو شەڕە بەشی ئەوەندەی دەکرد جیاوازییە سامناکەکانی نێوان برسێتی و تێربوون لە دنیادا لە نەمان نزیک بکاتەوە. جگە لە بەرپابوون و براندنەوەی شەڕی سارد کە ئەویش بۆ خۆی شەڕێکی تری جیهانیی بوو. هەروا دەیان شەڕی هەریمایەتی و دەیانی دیکەش کە بەڕێوەن ، زیانە زەبەندەکانیان لە شەڕە جیهانگرەکان کەمتر نین.

نووسەری* کتێبی "سەردەمی توندڕەویی" سەدەی بیستەم دەکا بە سێ بەشەوەو دەڵێت:

– بەشێکی شەڕی بەربەرییانە بووە.

– بەشێکی تری بووژاندنەوەی ئابووریی و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

– بەشی سێیەمیش داهێزان و گەندەڵبوونی کۆمەڵگەو ئەو هێزە داراییە ترسناکانەن کە کۆنترۆڵ ناکرێن.

ئەم سەدەیە لە هەر سەدەیەکی تری ئەم دوو هەزار ساڵە، حاشاهەڵنەگرتووتر ئەو ڕاستییەی دەپاتکردۆتەوە ، کە لە سیاسەت و پێوەندی نێودەوڵەتاندا، هەمیشە بەرژەوەندی دەبێتە مەرجەعیەت ، نەک مۆراڵ و دادپەروەریی.

ڕاستە دنیا بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەر پێشکەوتووە، بەلام ئەوەش ڕاستە کە ئەم پێشکەوتنە نەیتوانیوە تیۆریی دەسەلاتپەرستی سەدەکانی ناوەڕاست: "ماسی گەورە ماسی بچووک دەخوات" بە یاساو نۆرمێکی تەباو گونجاو بە خۆی بگۆڕێت.

سەدەی بیستەم چەند باڵای کردووە، هێندەش چۆتە بالا.

بە چ میتۆدو کەرەستەیەک ئەم سەدە جەنجاڵەی ئێستا بخوێنینەوە، سەرچاوەکانی ئەو خوێندنەوەیە چیین؟

پێم وایە ئەگەر تەنیا پێشکەوتنە زەبەندو مەزنەکانی ئەم سەدەیە بکەینە بنەمای خوێندنەوەو پێناسەکردنی سەدەکە، ئەو کاتە لە لایەنە زانستی و مەعریفییەکانی ئەو پێشکەوتنە دوور دەکەوینەوەو تێکەڵ بە بارێکی ئایدیۆلۆژیی ئەوتۆ دەبین کە بەربەرییەتێکانی سەدەی بیستەم نەبینین و ڕووەو دەرئەنجامەکانی "فۆکۆیاما" بڕۆین، کە پێی وایە بەهەشت لە سەنتەردایەو دۆزەخ لە کەناردا. بەهەشتە ئەمریکاییەکەش دوایەمین مۆدێلی

* مێژوونوسی بەریتانی ئەریک هوبسبۆن-

قابیلی هەڵبژاردن و مانەوەیە. بە گوێرەی فۆکۆیاماش ئیتر مێژوو کۆتایی پێهاتووە.**

یان دەچینە سەر باوەڕهێنان بە هانتینگتون کە پێی وایە دوای نەمانی شەڕی ساردو لە ئایندەدا ململانێی شارستانێتییەکان دەست پێدەکات:

لە ساڵی 1993دا پرۆفێسۆری هارڤارد «ساموئێل پ. هانتینگتون» لە باسە بەناوبانگەکەیدا کە لە گۆڤاری «سیاسەتی دەرەوە»ی ئەمەریکادا، بە ناونیشانی «ململانێی شارستانێتییەکان» بڵاوکردەوە ئەوە دەردەخات کە لە سەردەمی شەڕی ساردا، ململانێی نێوان تیۆرە کۆمەڵناسییەکان و پارسەنگی سیاسی حوکمی ئایندەیان دەکرد. بەڵام ئێستا فاکتەرە ئایینی و کولتوورییەکانن لە ململانێی نێوان شارستانێتییەکاندا ئەو ڕۆڵە دەبینن.1

لە هەمان کاتدا ئەگەر تەنیا بەربەرییەت و چاڵە تاریکەکان بکەین بە بنەما بۆ خوێندنەوەی سەدەی بیستەم، ئەوا ئەو دەم سیمای کۆمەڵایەتی خۆمان کە لە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخدا دەژین فەرامۆش دەکەین و، وەک گیانلەبەرێکی ئایدیۆلۆژی، نەک کۆمەڵایەتی، دەکەوینە نکوولیکردن لەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی کە بە سەر دنیادا هاتوون و بە ئەندازەیەک سنووری نێوان مەعریفەو ئایدیۆلۆژیا تێکەڵ دەکەین، کە سەرقاڵی دیاردە بەسەرچووەکان بین و لە دەرەوەی سەردەمەکەدا کار بکەین.

تا ئێستا دنیا بە سێ قۆناغ یان سێ شەپۆلدا تێپەریوە: ***

– شەپۆلی کشتوکاڵیی کە هەزاران ساڵی خایاند تا تەواوی زەوی گرتەوە.

– شەپۆلی پیشەسازیی کە سەدان ساڵی خایاند.

– شەپۆلی زانیاریی و ئینفەرماشیۆنی کە لەم چەند دەساڵەی دواییدا بەرپابوو، لەم شەپۆلەدا تەواوی فکرو لێکدانەوەو یەقینکارییەکانی ژیان خراونەتە ژێر پرسیارو بەردەم پێداچوونەوەو بژارکردن و سەرلەنوێ کەڵاڵەکردنەوە.

ئەم شەپۆلی ئینفەرماشیۆنییە کە لەم چەند دەساڵەی دواییدا سەری هەڵداوەو تا دێت دەستڕۆیشتووتر دەبێت لە جیهاندا. لەم شەپۆلەو لە گلوبالیزمدا لە سەر ئاستی

** ڕاستە تا ئەندازەیەکی بەرچاوو کۆنکرێت ئەوە ساغبووەتەوە، کە هەرەسەکەی بلۆکی سۆڤیەت و ئەو قەیرانە فکریی و سیاسییەی ئەم هەرەسە بەسەر هەر سێ لاباڵەکەی «پرۆسەی شۆرشگێریی جیهان»دا هێنای، کۆتایی بە دەورانێکی مێژوو هێنا کە پابەندبووی ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو 70 ساڵی سەدەی بیستەم بوو.

لەم دەورانەشدا بلۆکی سەرمایەداریی و سیستەمە لیبرالییەکەی، لە بەرامبەر ئەویتردا گرەوی بردەوە. بەڵام ئەم گرەوبردنەوەیە لە دەورانێکی دیاریکراوی مێژوویدا، بەو مانایە نییە کە بردنەوەی ئایندەش بێت. هەروا بەو مانایەش نییە کە فۆکۆیاما تیۆرەی دەکات و دەیکاتە بناخەی «کۆتایی مێژوو» و پێی وایە کە بە نەمانی سۆڤیەت ململانێی ئایدیۆلۆژی لە سەنتەردا بە قازانجی هەتا سەری لیبرالیزم کۆتایی پێدێت و وڵاتانی ڕۆژئاوا کە لە لوتکەدان، بەرەو پاش مێژوو هەڵدەکشێن و بەشە هەرە زۆرەکەی مرۆڤایەتیش بە قسەی ئەو لە زەلکاوی مێژوودان و تاقە ڕزگارکارێک بتوانن دەستی پێوە بگرن سیستەمە ڕۆژئاواییەکەیە بە تایبەتی شێکێچە ئەمریکاییەکەی.

بە گوێرەی ئەو، لیبرالیزمی دیموکراسی و سیستەمی سەرمایەداری، فۆرمی کامڵبووی ئایدیۆلۆژیای مرۆڤایەتییەو هەر ئەویش تاقە ئایندەو ئالترناتیڤەکە هەموو خواستەکانی مرۆڤ بە دەست بێنێت و هەر کاتێکیش مرۆڤایەتی بەم قۆناغە بگات ئیتر مێژوو بە کۆتایی دەگات. فۆکۆیاما ئەگەرچی بیرۆکەی کۆتایی مێژووی لە هیگڵەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەوە فەرامۆش دەکات کە لە ڕەوت و کەش و هەوایەکی کریستاڵیی نیمچە ئێستاشدا هیگڵ پێی وابوو ئەو سیستەمەی لە ڕۆژئاوادا سەریهەڵداوە کۆتایی مێژووە. کەچی ٢٠٠ ساڵ پاش ئەم قسەیەی هیگڵ فۆکۆیاما دێت و زەمانێکی تر بۆ ئەم کۆتاییە دەستنیشان دەکات.

باسەکەی هانتینگتون یش کە پاشتر بوو بە کتێب و لە هەمان ماوەی کۆتایی مێژوویەکەی فۆکۆیامادا بە نەشئەی هەمان سەرکەوتنەوە نووسراوە. ئەویش پێی وایە کە لە سەدەی بیستویەکەمدا ململانێی شارستانێتییەکان شوێنی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکانی جاران دەگرێتەوەو هەر لە ئێستاوە سیگناڵی ئامادەباشی بە ڕۆژئاوا دەدات کە شارستانییەتی ئیسلام و کۆنفۆشیۆسی و هاریکاریی ئەم دووانە بخاتە شوێنی مەترسییەکەی جارانی کۆمۆنیزمەوە.

1- Globaliseringsfällan. Hans - Peter Martin & Harald Schumann. Stockholm/Stehag 1997. 38 -39.

*** بڕوانە ئالفین وهایدی توفلر: «الموجه الثالثه» و «صدمه المستقبل» ئەم دوو باسکارە ئەمریکاییانە کە ژن و مێردن. چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکی گرنگیان سەبارەت بە ئایندەی مرۆڤایەتی هەیە لەوانە «حضاره الموجه الثالثه» و «صدمه المستقبل». ئەمان بە پێچەوانەی فۆکۆیاماوە، نەک هەر پێیان وا نییە کە مێژوو بە بنبەست بگات و لە کەوانەی لیبرالیزمدا کۆتایی پێ بێت. بەڵکو لایان وایە مێژوو کەوشەنی ئەم قۆناغەش دەبەزێنێ، چونکە ناتوانێت پێداویست و خەونەکانی مرۆڤایەتی لە شەپۆلی سێیەمدا، وەڵام بداتەوە. هەروا بە پێچەوانەی هانتینگتونەوە ئەمان پێیان وایە لە شەپۆلی سێیەمدا مرۆڤایەتی و پێداویستییەکانی ئەم شەپۆلە خۆیان، بە سەر داروپەردووی شارستانێتییەکانی تردوە شارستانییەتێکی تایبەت بەم شەپۆلە دادەهێنن.

هەر کۆمەڵگەیەک بە جیاو لە سەر ئاستی دنیا بە گشتی جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەمەندو هەژار بە چەشنێکی ترسناک دەرکەوتوون. سەرنجدانی ئەو ئامارانەی UN لە ساڵی 1999 دا بلاوی کردوونەتەوە، ئەم جیاوازییە خەتەرناکانە زەقتر دەکەنەوەو لە هەمان کاتدا هەموو ئایدیۆلۆژیاو ئایین و لاقلێدانێکی ئەوانەی پێیان وایە جیهان بۆتە بەهەشت و جیهانی ڕۆژئاوا دوایەمین مۆدێل و ئالترناتیڤە دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

«داهاتی گشتیی 200 لە زلترین دەوڵەمەندو سامانداراکانی جیهان، لە داهاتی لە 41% دانیشتوانی زەوی زیاترە» 2 . داهاتی ئەو 200 کەسە لە هەر چرکەیەکدا 500 دۆلارو لە هەر دەقیقەیەکدا 30 000 هەزار دۆلارە. 3

بەلام ئەوانەی کە ڕۆژی بە کەمتر لە دۆلارێک دەژین ملیارێک و300 ملیۆن کەسن.4

لە بواری نەخوێندەواریدا شەشیەکی مرۆڤایەتی نەخوێندەوارەو لەم ژمارەیەشدا 2/3 ژنان دەگرێتەوە. 5

لە ساڵی 1997 دا ژمارەی نەخوێندەوارانی گەورە ساڵ لە جیهاندا 855 ملیۆن کەس زیاتر بوون. هەروا 260 ملیۆن منداڵ نەچوونەتە بەر خوێندن. 6

لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، ئەو منداڵانەی ساڵی 1999 لەتەمەنی چوونە بەر خوێندندا بوون، تەنیا495 ملیۆنیان چوونەتە قوتابخانە کە دەکەنە لە79% و ئەوانەی کە نەچوونەتە بەرخوێندن لە 21% بوون کە دەکەنە 130 ملیۆن منداڵ. 7

دیارە جەختکردن لەسەر ئەم ئامارانە نابێ بۆ تکوولیکردن بێت لەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی لە جیهاندا ڕوویان داوەو ڕوودەدەن. بەهەمان جۆر ناشبێ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانە، بەربەرییەتییەکانی ئەمڕۆی دنیا بشارنەوە، کە مرۆڤایەتی چەند پێشکەوتووە هێندە بگرە زیاتریش لە بەربەرییەت نزیک بۆتەوە. ئەمەش خەسڵەتی ناکۆکی و دەبڵ موراڵیی سەردەمی ئێستای دنیا شەوق پێدەداتەوە.

## سیستەمی نوێی جیهان

بە هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی ڕۆژهەلات ، ئەو سیستەمە بلۆکبەندییەی کە جاران هەبوو نەما. بەلام تا ئێستاش خەسڵەتە یاسایی و سیما سیاسییەکانی ئەم سیستەمە نوێیە کامڵ نەبوون، ڕەنگە ڕاستریش وابێت کە سەردەمەکە بە قۆناغی پەرینەوە لە سیستەمی ڕابردووەوە بۆ سیستەمی ئاییندە ناو ببرێت.

ئەم سیستەمە کە ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا باسی دەکەن، لافی کۆنترۆڵکردنی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و پاراستنی شارستانییەت و چاری کێشە هەرێمایەتییەکان و سەروەربوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی، لێدەدات.

بەلام ئەو ململانییەش ساغ نەبۆتەوە کە لە نێوان مەڵبەندە دەستڕۆیشتووەکاندا لەمەڕ ئەم سیستەمە لە ئارادان. بەشێک لەو مەڵبەندانە نایانەوێ ئەمەریکا وەک پۆلیس خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، دەخوازن ئەوروپای یەکگرتوو ئەمریکاو وڵاتانی سەرووی ئەمریکاو تەکنەلۆژیای قڕەشەکانی ئاسیاوو ڕووسیای فیدراڵ و کۆمێنویلسە نەخۆشەکەی ، کۆڵەگەکانی ئەم سیستەمە نوێیە بن.

وڵاتانی کەنارو دەستنەڕۆیشتووەکانیش پێیان وایە ، سیستەمێکی لە بار بۆ داهاتووی جیهان. دەبێ لە کاردانەوەکانی سیستەمە کۆنەکە بتەکێندرێ و، لە مەستبوونی سەرکەوتنی ئەمریکاییەکان و تێزە فکرییەکانی ئەوان بپارێزرێ و، لەبارترین دەزگاش کە لە داهاتوودا بتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە ، ئەمەش دوای ئەوەی کە پاشماوەکانی شەڕی سارد بە سەرUNەوە نەمێنێت ، لە پێشەوەیان، مافی ڤیتۆی پێنج دەوڵەتەکە کە یەکێک لە بنەماکانی سیستەمە کۆنەکەی جاران پێکدێنێ.

ئەم سیستەمە کە لە قۆناغی پەرینەوەو دروستبووندایە، لە لایەک بە کردەوە دەستبەرداری لایەنە نەگەتیڤەکانی سیستەمە کۆنەکە نەبووە. لە لایەکی ترەوە لە بواری مافی مرۆڤ و دەستێوەردان لە کاروباری ئەو دەوڵەتانەی جینۆسایدیان پەیڕەو دەکەن سەرپەهەڵداوە، بەلام لەم خاڵە گرنگەشدا سیاسەتی دەبڵ موراڵیی وڵاتانی ڕۆژئاواو بەرژەوەندیی ئابووریی ئەوان

Eriksson. .- 2.3.4.5.6.7. Läget i Världen - FN Rapporterar om mänskliga rättigheter och mänsklig utveckling 1999. Lar . Berith Granath. Svenska FN - Förbundet

بڕیار دەدەن لە کوێدا ئەم کارە بکرێ و لە کوێدا پێچەوانەکەی ئەنجام بدرێت.

**گلۆبالیزم** ****

پەرینەوەی شتەکان لە سنووردارییەوە بۆ بێ سنووریی، لە بواری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەوە تا جلوبەرگ لەبەرکردن دەگرێتەوە. سیستەمی نوێی جیهان و گلۆبالیزم ڕاستییەکی کۆنکرێتین و بە ئاستی جیاجیا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بابەتێک نین بۆ قەبووڵکردن یان ڕەتکردنەوە، باسیان لێوە بکرێت.

گلۆبالیزم نە دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە نە بەربەرییەت، گلۆبالیزم هەردووکیانە نەک یەکێکیان. جڵەوی گلۆبالیزم بە دەست ئەمریکاو ژاپۆن و ژمارەیەک لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاوەیە، «بەدەست کۆمپانیاو دەزگاکانی بانک و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانەوەیە. جڵەوی گلۆبالیزم بە دەست 358 لە گەورە خاوەنکارەکانی دنیاوەیە کە داهاتی هەموویان پێکەوە بە ئەندازەی داهاتی نیوەی دانیشتوانی زەوییە» 8

گلۆبالیزم فۆڕمی نوێی جیهانبوونێتی سیستەمی سەرمایەدارییە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا. کارل مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆرژوا لە هەر قۆناغێکدا، جیهان لە سەر بیچمی خۆی درووست دەکات. ئەمڕۆش گلۆبالیزم بیچمی سەرمایەدارییە، نەک کۆلۆنیالیزم.

گلۆبالیزم لە بواری ئابووریدا بە قووڵی ڕەگی داناوەو لە گەلێک ڕووەوە سەروەریی نەتەوایەتی و دەوڵەتانی بەزاندووە، بە تایبەتی لە بواری دراوو سەرمایە و ماسمیدیاو کولتووردا.

«ئەمڕۆ لە دنیادا زیاتر لە 500 کەناڵی چالاکی ساتلایت هەن، کە لە ڕێگەی تیشکە مۆدێرنێتە ڕادیۆییەکانەوە، زەوی پرۆگرامباران دەکەن»9

گلۆبالیزم دیاردەیەکی مێژووکردی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەمە.

گلۆبالیزم لەگەلێک بواردا سنوورەکان هەڵدەگرێ و لە گەلێکی تردا جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان قوڵترو بەرینتر دەکاتەوە.

لە گلۆبالیزمدا زەمینەی لەبارتر سەرهەڵدەدات بۆ ئەوەی جیهان تەسلیم بە بێ دەنگیی نەبێت و ئەو شتانەی هەزم ناکرێن، پێی قووت نەدرێن. هەروا زامنکاریی پتر بۆ مافی گەلان و مافی مرۆڤ وئازادی دەخولقێت.

ئەم دیاردەیە لە پرۆسەیەکی مێژوویيدا سەریهەڵداوەو گەلێک بەش و لایەنی چەندان ساڵە بە نیوەچڵی لە ئارادا بوون، وەک: پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە تابلۆی مافی مرۆڤ و مافی گەلان. بەڵام هەمیشە ئەم مافانە پێشێل کراون جا بە ناوی

---

*** * تایبەتمەندییەکانی گلۆبالیزم:

لەبواری ڕۆشنبیریدا

- فراوانبوونی چاپ و بڵاوکردنەوە.
- کەناڵەئاسمانییەکانی تەلەڤزیۆن.
- پەیدابوونی فاکس و ئەنتەرنێت.

لەبواری ئابووریدا

- سەرهەڵدانی ڕێکخراوی جیهانیی بۆ بازرگانیی و ئاواڵەکردنی سنوورو هەڵوەشاندنەوەی پاسپۆرتی کاڵاو شمەک.
- ئازادکردن و هاموشۆی بێ قەیدو شەرتی دراوو سەرمایە.

لەبواری سیاسیدا

- لاوازکردنی سەنترالیزمی دەوڵەت.
- کەمکردنەوەو لە داهاتووی چاوەڕوانکراودا نەهێشتنی پیرۆزیی دەوڵەت.
- بە جیهانیبوونی کێشە چارنەکراوەکان و هەر کێشەیەکی نوێ کە سەر هەڵبدات.
- پڕۆڤەکردن بۆ ئامادەبوونی تەرەفی سێیەم لە کێشە خەتەرناک و هەرێمایەتییەکاندا.
- دووپاتکردنەوەی دیموکراسی وەک میکانیزمی حوکمڕانیی و وەک پێشینەیەکی پێویست بۆ گەیشتنی گلۆبالیزم و سیستەمی نوێی جیهان بە هەموو ناوچەکانی دنیا. گلۆبالیزم بەو مانایە نییە کە دەوڵەت لە باری سیاسییەوە گرنگی خۆی لە دەست بدات، بەڵکو بەو مانایەیە کە بەشێک لە ئەرکەکانی لێوەردەگیرێتەوەو دەدرێتە ڕێکخراوە هەرێمایەتیی و جیهانییەکان.

8 حول «العولمه» فی السیاق الغربی. السید ولد اباه، ڕۆژنامەی الشرق الاوسط. 1997.

9- Globaliseringsfäällan. Hans - Peter Martin & Harald Schumann. Stockholm/Stehag 1997. 24

تایبەتمەندێتییەوە بووبێ، یان ئەنجامی دەبڵ موراڵیی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا، پێدەچێت گلۆبالیزم توانای ئەوەی هەبێت کەوشەنەکانی ئەم پێشێلکردنانە تەسکتر بکاتەوە.

گلۆبالیزم لە لایەک جیهان بەرەو یەکگرتن دەبات، لە لایەکی ترەوە درز دەخاتە پێناسەی سەنترالیستانەی دەوڵەتانەوە. لە لایەک کولتوورێکی گشتی جیهانیی بڵاودەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە ئازادی خۆ دەرخستن بۆ ئەو کولتوورانە دەخولقێنێت کە دەست خراوەتە بیناقاقایان.

دەکرێ بڵێین گلۆبالیزم لە لایەک میکانیزمی یەکخستنی هەرێمایەتی و جیهانیی و دەزگا یان نەتەوەییەکانی خۆی گەڵاڵەدەکات، لە لایەکی ترەوە بە گشتی دەوڵەت بە مانای کلاسیک بەتایبەتی دەوڵەتانی تۆتلیاریستی ئاینیی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی ڕووەو لاوازی دەبات.

تۆڕەکانی ئەلکترۆنیی ئەنتەرنێت و فاکس و کەناڵە ساتلایتەکان بۆشاییەکانی ئاسمانیان داگیرکردووەو، هەر کەسێکیش ئاسمان داگیر بکات زەوی مسۆگەر دەکات. لێرەشدا جارێکی تر جیاوازییە ترسناکەکانی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژار دەردەکەوێت کاتێک کە «لە 68% ی هێڵی تەلەفون و لە 88% ئنترنێت لە لایەن دانیشتوانی وڵاتە دەوڵەمەندەکانەوە بەکاردەهێنرێن، کە لە 17% ی دانیشتوانی دنیا پێکدێنن»10.

نووسەرێکی عەرەب 11 . لە وەڵامی ئەو ترسەی لە ناو وڵاتە ئیسلامیی و عەرەبییەکاندا لە هەمبەر گلۆبالیزم و سیستەمی نوێی جیهان ڕادەگەیەنرێت ، بە تەوس و گاڵتەجارییەوە دەڵێت: گلۆبالیزم شەمەندەفەرێکە، ئێوە دەتوانن سواری نەبن ، بەڵام دوا دەکەون. دەتوانن پێشی پێبگرن، بەڵام تەختتان دەکات. باشترین تیمار بۆ ئێوە ئەوەیە سواری شەمەندەفەرەکە بن، بەڵام ئەو کاتەش نازانن بۆ کوێتان دەبات، ئەمەش باجی ئەو دواکەوتنەیە کە تا ئێستا ئامادە نین دانی پیادا بنێن.12

کورد وەک نەتەوەیەک کە لە سیستەمی ڕابردووی جیهاندا خەونی بە کەمترین باسی کێشەکەیەوە لە سەر ئاستی دنیادا دەبینی، ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو کێشەیە بە ڕێژەیەکی فراوان مۆرکی جیهانیی گرتۆتە خۆی. ئیتر گرفتی کورد خۆناساندن و سەلماندنی هەقانییەتی کێشەکەی نییە و پێویستیشی بە لاواندنەوەی تراژیدییەکان نەماوە، بەڵکو زیاتر پێویستی بەوەیە کە لە دیدی خۆی و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە گلۆبالیزم و سیاسەتی نوێی جیهان بخوێنێتەوەو ببێتە فاکتەرێکی چالاک لە ناوچەکەدا و داوابکات هەرچی زووتر ئەم دەڤەرە گلۆبالیزە بکرێت،کوردیش ببێتە نوسخەیەکی گلۆبالیزەکراو لە ناوچەکەدا، گلۆبالیزم پەرژینێکی جیهانییە بۆ پاراستنی هەر گروپێک کە وێنەی گلۆبالیزەکراو بۆ خۆی هەڵبژێرێ و نەیەوێت لە لۆکاڵەکاندا بتوێتەوە.

### مێژوو وەک گۆڕێکی پێش وەخت یان مەیدانێک بۆ چالاکی عەقڵ

مێژووی ئێمە، مێژوویەکی پڕ کێشەیە «لە زۆر ڕووەوە وەک کۆمەڵە ڕووداوێکی لێکدابڕاو نەک پێکەوە گرێدراو، وەک کۆمەڵە ئامانج و ئایدیالێکی لێک جیاواز نەک هاوبەش، دێتە بەرچاو13 . گەر سەرنجی میرنشینەکانمان بدەین، لە پشکنینی ئەو دووڕگانەدا نموونەیەکی پرشنگدارمان بەرچاو ناکەوێت، کە یەکێتیی و هاوکارییەکی هەتاسەری نێوان دوو یان زیاتر لەو میرنشینانەمان بداتە دەست. کەچی لە بەربەرەکانیکردنی هەتاسەری یەکدی و هاریکاریکردنیان لە گەڵ ئیمپراتۆریاو دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بۆ لەناوبردنی یەکتر، کەلەپورێکی زێدە کەڵەکەبوومان دەخاتە بەردەست.

لە مێژووی هاوچەرخیشماندا ئەزموونی سەرکەوتووی پێکەوە هەڵکردنمان بەرچاو ناکەوێت کە بتوانین بە خاڵی وەرچەرخان و ڕاستکردنەوەی دابنێین.

ئێمە هەموو هەڵەو سەقەتییەکانی خۆمان دەخەینە ئەستۆی دوو ئیمپراتۆریای عوسمانیی و ئێرانیی و پرۆسەی دابەشکردنەکەو چوار دەوڵەتەکەی ئێستا. لە خۆ ناپرسینەوەو سیاسەتی خۆمان ناخەینە ژێر پرسیارەوە.

مێژوو هەر خرکردنەوەی ڕووداوو شوێن و کات نییە

–10 - Läget i Världen - FN Rapporterar om mänskliga rättigheter och mänsklig utveckling 1999.

11 قسەی نووسەرێکی میسری بوو لە یەکێک لە پرۆگرامەکانیساڵی 1998 ی کەناڵی تەلەفزیۆنی M BC دەربارەی گلۆبالیزم.

12 – بڕوانە «بەرەو مێژوو» لاپەرە 12. ڕەفیق سابیر.

... بەڵکو چۆنێتی لێکدانەوەو خوێندنەوەو دەرس هەڵێنجانێتی .. ئەمەش بۆ هاندانی کارکردن نا، بەڵکو بۆ هاندان و وروژاندنی عەقڵ ... تا عەقڵ بەسەر مێژوودا بکشێ و مێژوو عەقڵ بزوێن بێت 13. نەک تەسلیمبوون بە مێژوو. ئێمە هەر بەوەندە بەس ناکەین کە ئێستامان درێژەپێدانی ڕابردووە، بەڵکو بە ئەندازەیەک خۆ بەو ڕابردووە شەتەک دەدەین و مێژوومان لا پیرۆز دەبێت، خودی مێژوو کە ڕابردووە دەبێتە ئامانج و لە جیاتی تێڕامان ڕووەو ئایندە، فکری گەڕانەوە بۆ دڵنیاییەکانی ڕابردوو حەسانەوەی سایکۆلۆژیی بەسەرماندا زاڵدەبێت.

ئێمە یەقینکارانە دەڕوانینە مێژوو، ڕەنگە بەم هۆیەشەوە بێت لە خیتابی سیاسیی و ڕۆشنبیریماندا یەکجۆرە خوێندنەوەی زاڵ هەیە بۆ مێژوو، ئەویش هاندانە -خوێندنەوەی هاندەرانە - مێژوو تەنیا وەک هاندەرێک بۆ کارو خەباتکردن دەبینین ، نەک هاندەرێک بۆ عەقڵ. مێژوو لای ئێمە بۆ پیادەکردنە نەک دەرس هەڵێنجان. هەر بۆیە کەمتر دەتوانین قۆرت و کەلاوەکانی ئەو مێژووە ببینین.

دیاردەی سەرەکی و هاوبەشی مێژووی کورد: شەڕی ناوخۆیی و پێکەوەهەڵنەکردن و زەینکوێریی و بێگانەپەرستیی و هەرەسە.

عەقڵی سیاسیی و ڕۆشنبیریی ئێمە لە قوڵایی خۆیاندا بڕوایان بە باوکێک، کاریزمایەک، بتێک هەیە، بێت و ئەو کارەیان بۆ ڕاپەڕێنێ کە خۆیان نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن. درووستکردنی بتیش لە هەر زەمانێکدا بوویێت، چڕبوونەوەی دواکەوتوویی و پاشکۆبوونی فکری دەرخستووەو ڕۆڵی عەقڵی کەمکردۆتەوەو سووکایەتیکردن بووە بە دیالۆگ و بیرکردنەوە.

گەر ڕووداوەکانی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا، بخەینە ناو تابلۆیەکەوە ، دەبینین نەبوونی خیتابێکی یەکگرتووی سیاسیی - ڕۆشنبیریی، وایکردووە، کۆمەڵێک هەلی هەڵکەوتوو یان نیمچە هەڵکەوتووی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی لە دەست بدرێن: هەر لە بەشە کوردییەکەی پەیمانی سیڤەرەوە تا ڕاپەڕینەکەی 1991 ی باشووری کوردستان.

ئەمڕۆ کاتێک بە سەر کەلاوەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە ڕادەوەستین و، ئاوڕ لە سەد ساڵی ڕابردوو دەدەینەوە، بە کۆمەڵێک دەرئەنجامی ترسناک دەگەین و لە دنیادا نموونەیەکمان لە بیچمی خۆمان بۆ نادۆزرێتەوە خۆمانی لە گەڵ بەراورد بکەین.

لکاندنی کوردستان بە چوار دەوڵەتەکەوە ، تێکشکانەکانی ترمان لە سەدەی بیستەمدا ، تەنیا خاک و مرۆڤی کوردیان دابەش نەکرد، بەڵکو عەقڵی سیاسیی کوردیشیان دابەش کرد. عەقڵێک کە لە مێژووی خۆیدا یەک سەرکردەی فاشیلی ڕەت نەکردۆتەوە. ئێستاش سەرکردایەتییەکی بەرهەمهێناوە لە هەر تێکشکانێکدا گەرای تێکشکانێکی تر دادەنێت و، کەمترین وەسفێک بدرێتە پاڵ ئەم سەرکردایەتییە ئەوەیە کە لە هەرەوەزە غەفڵەتێکدا دەژی و هەست بەو تارماییانە ناکات کە بە دەوریدا پەپکەی خواردووەو گەمە بە چارەنووسی گەلەکەیەوە دەکات.

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە باری عەقڵییەوە، سەبارەت بەوەی کە سەد ساڵە نەیتوانیوە هیچکام لە دوو ئامانجە سەرەکییەکەی بەدی بێنێت:

- وەدەرنانی بێگانە لە وڵاتەکەیدا و،پێکهێنانی دەوڵەتی نیشتمانیی.

چ پرسیارێکی لە خۆی هەیەو چ وەڵامێکی بۆ خەڵک پێیە .

دەزگا سیاسییەکانی ئەم بزاڤە نەک هەر نەیانتوانیووە گەلی کورد بە سەرکەوتن بگەیەنن، بەڵکو لە قەیرانێکی دۆزەخاویدا غەرقیان کردووە. کەچی نە دان بە قەیرانەکەدا دەنێن نە پێناسەیەکیان بۆ غەرقبوونەکە پێیە. ئەگەر لە ژێر فشاریشدا شتێکیان لەم ڕووەوە درکاندبێ، ئەوا هەر تێزە فۆلکلۆرییە بێ تامەکان بووە، کە پتر لەوەی تێزی بیرکردنەوەو خۆسزادان بێت، دڵدانەوەو شێلگیرییەک بووە پشتی بە قەڵای ڕووخاوی مێژووەوە داوە.

لە باشووردا بزاڤەکە سەرقاڵی گەمە مێژووییەکانی کوردو خۆ لە قاڵبدانەوەیە.

لە باکووردا بزاڤەکە لە تێکشکان و گەمارۆداندایە.

لە ڕۆژهەڵاتدا لە پاشەکشێیەکدایە، کە پاشەکشێیەکانیشی تا دێت مانا سیاسییەکانی خۆیان لە دەست دەدەن.

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دوو دیاردەی سامناک لە ڕێبازو پراکتیکی بزاڤەکەدا ڕووە کاملبوون دەچن و ، مانەوەیان مەترسییەکی گەورەیە بە سەر ئایندەی

13- ئەم فکریە لە محمد عابد الجابری یەوە وەرگیراوە. بڕوانە المساله الثقافیه. بەشی پێنجەم «التراث والعصر فی الفکرالعربی الاوربی».

کوردەوە:

یەکەم . شەڕی نێوان دوو پارچەی بزاڤەکە لە دوو هەرێمی باکوورو باشووردا، هاریکاریکردنی جۆربەجۆری دەزگا دەستڕۆیشتووەکانی بزاڤەکە لە گەڵ چوار دەوڵەتەکەدا.

دووەم: مراندنی مۆرکی ڕزگاریخوازیی خەباتی گەلی کورد،بە دەستی دەزگا گەورەکانی ناو بزاڤەکە.

بەردەوامبوونی ئەو دابڕانە فکری و سیاسییەی سەرانسەری بزاڤەکەی گرتووەتەوەو، ئەم مۆدیلە شەڕەی نێوان دەزگاکانی بزاڤەکە لە دوو هەریم و هەندێک جار زیاتر. کەلالەکردنی تاک ئیدنتیتیتی کورد لە سەر ئاستی ناوچەکەو جیهان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە سەدەی ئایندەدا سەدەی عەجوولییەکانی گلۆبالیزم و سیاسەتی نوێی جیهان ، کورد بە گەمە مێژووییەکانییەوە دەتوانێت شوێنێک بۆ خۆی بکاتەوە؟ لە دنیایەکدا سۆیەر سنوورو جوگرافیا پیرۆزەکان ماناکانی جارانیان لە دەست دەدەن، کورد مانایەکی نوێ و گلۆبالیزەکراو بۆ سنوورو جوگرافیا لە دەست چووەکەی دادەهێنێت.

## کێشەی کوردو ئەگەرەکانی ئاینده

پێموایە لە سەدەی بیستویەکەمدا، گۆڕانێکی قوڵ بەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دێت و لەو کەوڵە کلاسیکەی ئێستایاندا نامێننەوە.

گەیشتنی سیستەمی نوێی جیهان بە ناوچەکەو ڕادەی گلۆبالیزەکردنی چوار دەوڵەتەکە، کاریگەرێتی گەورە دەکەنە سەر فۆرم و ناوەڕۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان.

چەندێک پرۆسەی سیاسیی کۆمەلایەتی لە چوار دەوڵەتەکەدا، لە ڕەفتاری شارستانیەت و سەردەمی ئێستا نزیک ببێتەوەو، چەندێک ئەم دەوڵەتانە ببنە دەوڵەتی یاسا، هێندە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت زەمینەی خەباتی شارستانیی و مەدەنییانە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بڕەخسێت.

مەسەلەی پێناسە [ئیدنتیتێت] لە سەدەی بیستەمدا، پتر جەختکردن بوو بۆ بە جیاهەڵکەوتوویی لە هەمبەر [یەکتر] یان [ئەویتر] دا. بەلام پێدەچێت لە سەدەی بیستویەکەمدا جەختکردنی پێناسە زیاتر بۆ خۆسەلماندن بێت لە هاوشانی ئەویتردا، نەک لە هەمبەریدا.

کاریگەرییەکانی گلوبالیزم، گۆڕانکاریی بەسەر دیموکراسیشدا وەک میکانیزمی حوکمڕانیی دێنێت وپتر مۆرکی ئازادی پێدەبەخشێت.

ئایا گلۆبالیزم چ فشارێک دەخاتە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە دیموکراسییان تەنیا بۆ ئەوەیە جەخت لە سەر بەها کۆمەلایەتییەکانی خۆیان بکەن و، بەها کۆمەلایەتی و ئینسانییەکانی کۆمەڵگەکانی تر پێشێل بکەن. - نموونەی دیموکراسییەکەی تورکیا بەرامبەر بە کوردستان- و بە ڕادەیەکی کەمتر دیموکراسییەکەی ئیسرائیل بەرامبەر بە فەلەستین.

گلۆبالیزم و سیستەمی نوێی جیهان وەک دوو دیاردەی لە ئارادابوو، بە قایلبوون پێیان یان بە ناڕازیبوون لێیان ناخوێندرێنەوە، بەڵکو دەبێ لێیان تێبگەین و سۆراخی شوێنی خۆمان و کارتێکردنی ئەوان لە ئایندەماندا بابەتی باسبن.

ئەو ئەگەرانە چین کە لە سایەی باڵا دەستیی ئەو دوو دیاردەیەدا سەبارەت بە کێشەی کورد دەکرێت کاریان لە سەر بکرێت و بە پراکتیک لە سیاسەتی کورددا شوێنیان بۆ بکرێتەوە.

ئەگەری یەکەم: پێموایە گەیشتنی گلۆبالیزم بە چوار دەوڵەتەکە، ئەو پێشەکییە سیاسییەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، کە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بتوانێت یەکێتییەکی کۆنفیدرالی لە نێوان چوار دەوڵەتەکەدا بکاتە یەکێک لە پرۆژەکانی ئایندەی خۆی و، کوردستان وەک تەرەفی پێنجەم لەو دەوڵەتە کۆنفیدرالییەدا ، لە هاوشانی تورکیاو ئێران و عێراق و سووریادا بخاتە ڕوو. ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکی کوردییانەی گلوبالیزم و سیستەمی نوێی جیهان و تیورەکردن دەخوازێت، کە لە سەرەتادا بکرێتە بابەتی دیالۆگ و تێکەڵ بە ئەدەبی سیاسی ناوچەکە بکرێت و پاشتر پرۆژەی سیاسی لێ بەرهەم بهێنرێت.*

خوێندنەوەی گلوبالیزەکردنی چوار دەوڵەتەکە بە دیوێکی وادا دەتوانی چاوی لەوە بێت ئەو هەڵە گەورەیەی لە جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کراوە ڕاستبکرێتەوە؟

ئایا تێڕوانینی کورد بۆ گلوبالیزم بە ئاقارێکی لەو

---

** * * ئەم ڕایە تەنیا بەو مانایە نییە « 4+1 = 5 »، بەڵکو مەبەست دانانی «4» کەیە بە پێنجەمدا کە هەیە. گرنگ فکرەکەیە، ڕەنگە لە ئایندەدا دەوڵەتێک لەو چوار دەوڵەتە لە پراکتیکدا ئەم فکرەیەی بۆ هەزم بکرێت. لەگەڵ پارچەکەی بندەستی خۆیدا یان زیاتریان بە پرۆژەیەکی لەم چەشنە قایل بێت.

چەشنەدا دەڕوات کە ئازادی و وێنەی کوردستان لە گلوبالیزمدا کەلاڵە بکات؟

ئایا گلوبالیزم دەوڵەتانی تورک وفارس و عەرەب بەوە دەگەیەنێت کە دەست لە زەوتکردنی ئازادی کوردستان هەڵگرن و ، لە کێشەیەک ڕزگاریان بێت کە زۆریان لە سەر کەوتووە؟

**ئەگەری دووەم:** گلوبالیزەکردنی ناوچەکە، بە تایبەتی دوای ئەوەی تورکیا بۆ EU کاندید کرا، ئەو بەهایەش دەداتە دەست ، کە لە ئایندەدا کێشەی باکووری کوردستان، قوڵترو کاریگەرتر بێتە ئاراوە.

ئەوە تەنیا تورکیا نییە کە بۆ EU کاندید کراوە، بەڵکو باکووری کوردستان و بە گشتی کێشەی کوردیش بۆ EU کاندید کراوە. ئەمە خاڵێکی نیجگار شایان بە باس و لێتوژینەوەو کار لەسەر کردنە.

**ئەگەری سێیەم:** ئەوەیە کە ڕادەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا، بگەن بە شوێنێک کە پراکتیزەکردنی سیستەمی نوێی جیهان، کۆپیەکی لە چەشنی کۆسۆڤا یان باشتر لەو بۆسنیا لە باشووری کوردستاندا بەرهەم بێنن. هەرچەندە دەزگا سیاسییەکانی کورد، لە باری پراکتیک و تیۆریی، بە کردەوە کار بۆ سەرهەڵدان یان نزیکبوونەوە لە ڕەوشێکی لەم چەشنە ناکەن.

**ئەگەری چوارەم:** لەوەدا پێشبینی دەکرێت، کە چوار دەوڵەتەکە ببنە دەوڵەتی یاساو، هاووڵاتێتی ببێتە تاکە پێوەرێک بۆ پابەندبوون بەو دەوڵەتانەوە، نەک تورکبوون و فارسبوون و عەرەببوون. لەم ئەگەرەشدا بۆ ئایندەی نزیک کێشەی کورد لە چوارچێوەی مافی کولتووریی و ئۆتۆنۆمی تا گەیشتن بە شێوەی فیدرالیی، جێگەی باس دەبێت. بەڵام خودی کێشەکە لە فۆرمی تری ڕزگاریخوازیدا بەردەوام دەبێت.

لە چەند ڕوویەکەوە دەکرێت کۆتایی سەدەی بیستەم ، بە سەرەتای هەمان سەدە بچوێنین. ئەمڕۆ کێشەی کورد بە ڕادەیەکی بەرچاو بۆتە کێشەیەکی جیهانیی، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم جیهانیبوونە کامڵ بێت و بەرەو شوێنی خۆی بڕوات، قۆناغی پەڕینەوەی گەرەکە، ئەویش گەڵاڵەکردنی بڕیارێکی جیهانییە سەبارەت بە کێشەی کوردستان.

لە سەردەمی زەقبوونەوەی دیاردەی گلۆبالیزم و سیستەمی نوێی جیهاندا، پێویستە کامڵبوونی ئەو فاکتەرە جیهانییەو بەرهەمهێنانی ئەو بڕیارە گلۆبالیزەکراوە نێودەوڵەتیە سەبارەت بە کێشەی کورد. سەنتەری بیرکردنەوەی دەزگا سیاسییەکان و شوێنی خەریبوونەوەو بەچڕی کارکردن و تێڕامانی خیتابی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کورد بێت.

لەم پەڕینەوەیەدا بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان و بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کورد، کە کاریگەرترین دوو دەزگان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، وا دەخوازرێت کە هەر یەکەیان لە بواری خۆیداو پاشان هەردووکیان لە تەوەرە هاوبەشەکاندا، هەڵەکانی سەدەی بیستەم ڕاستبکەنەوەو کار بۆ دابینکردنی پێداویستییە کوردییەکانی سەدەی بیستویەکەم بکەن.

پێموایە دەروازەی چوونە ناو ئەم کارەش لە داننان بە قەیرانەکانی خۆیانەوە دەست پێدەکات. ئەمجار قەبووڵکردن و پیادەکردنی ڕەخنە وەک بەشێکی کاریگەرو داینەمۆی کاری فکریی و مەرجی هەرە لەپێشی پێشکەوتن و ئامادەبوون لە دنیای ئەمڕۆدا، ڕەخنەش وەک پرۆژە بەر لە هەر شتێک بۆ خوێندنەوەی فکری نەتەوایەتی و مێژووی نەتەوەیی و فکری جیهانیی بێت، تا لە لایەک باری لۆکاڵییانەی ڕۆشنبیریی کورد ڕەخنەگرانەو لە شوێنی خۆیدا هەڵسەنگێنرێت، لە لایەکی ترەوە ئەو کەناڵ و پردە پێویستانە هەڵچنرێن کە دیاردە نوێیەکانی فکرو ڕۆشنبیریی جیهان بە ڕۆشنبیرییە لۆکاڵییەکە بگەیەندرێت.

بە هەمان چەشن مەودا جیهانیی و نێودەوڵەتییەکان بخرێنە ناو عەقڵی سیاسیی کوردەوە. تا ئەم عەقڵە لەو سەغڵەتییە بچووکانەی خۆی بێتە دەرو بکەوێتە سەر خەتی خوێندنەوەی پێکراگرێدانی کوردستان بە گلوبالیزم و سیستەمی نوێی جیهان .

پێموایە ئێستا لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە تایبەتی لە مەنفادا ڕاوبۆچوونی پرۆژە ئامێزو تاک و تەرا گەرادانانی ڕێکخراوی سیڤیلی کوردی دەبینرێن، کە لە دەرەوەی عەقڵییەتی باوی دەسەڵاتی کوردیی و دەزگا سیاسییەکاندا کار دەکەن. ئەمەش لە داهاتوودا دەکرێت ببێتە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی ڕۆشنبیریی گلۆبالیزەکراوو سەربەخۆو ڕەخنەگرو فشارخەرە سەر دەسەڵاتی سیاسیی کورد. هەروا ئەو فشارە گلۆبالیزەکراوە کوردییەش پێکبێنێت کە لە سەدەی بیستویەکەمدا بتوانێت دەربڕی بەشێکی کاریگەرو یەکلاکەرەوەی خیتابی هاوچەرخی کورد بێت.

بەڵام پێناچێت دەزگا سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتی دەستڕۆیشتووەکانی ، لە ناو ئەم ئەگەرانەدا کار بکەن و لەبەر ڕۆشنایی کەش و هەوای گلۆبالیزم و سیستەمی نوێی جیهاندابیانخوێننەوە.

ئەمەش یەکێکە لە گرفتە ناوخۆیی و سامناکەکانی

ئەحمەدی ئەسکەندەری

# کورد
# لەبەردەم ساڵی دووهەزاردا

دنیا لە هەلومەرجێکی سەیردا بەرەو ساڵی دوو هەزار دەڕوات: سەرووتارنووسی گۆڤاری لۆمۆند دیپلۆماتیک لە ژمارەی دیسامبەری 1999یدا ، لەم ڕووەوە باسێکی هەیەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «دەسەڵاتێکی ئیجگار زۆر لەم جیهانەدا، بەدەستی ژمارەیەکی ئیجگار کەمی دەسەڵاتدارانەوەیە. 50 ملیۆن کەس لە ئەوروپادا بێکارن، لە دنیاشدا یەک ملیارد کەس بێکار یان کەمکارن، چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری ژنان و پیاوان لە ئارادایە، بە تایبەت چەوساندنەوەی منداڵان کە 200 ملیۆنیان لە ژیانێکی زۆر زاڵمانەدان، ... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژینگە زیاتر تێکدەچێت. نزیکەی لە 110% خواردنی دانیشتوانی جیهان فەراهەم دەکرێت، کەچی ساڵی 30 ملیۆن کەس لە برسان دەمرن و 800 ملیۆنیش بە ئەندازەی پێویست ناتوانن بخۆن ...!! نووسەر لە کۆتاییدا دەڵێت: نزیکەی 5.5 ملیارد خەڵکی ئەم دنیایە بە نەداری دەژین .. ئەم جیهانە بەرئاوەژووەو لەسەر سەر دەڕوات.!!»

ژمارەیەکی زۆری نووسەر، فەیلەسووف، مێژوونووس و زانایانی بە ناوبانگی دنیا سەدەی بیستەم وەکو سەدەیەکی ترسناک، سەدەی کوشتار، سەدەی ماڵوێرانی و شەڕی جیهانی و پڕ لە کوشتاری گەورە، سەدەی شۆڕش و سەرهەڵدان، سەدەی ڕاپەڕینی ژنان و خەباتی بەرابەریخوازی، سەدەی گەشەسەندنی زانست و دەستکەوتی گەورە، وەبیردێننەوە.

لە وەها هەلومەرجێکدایە، کە گەلی کورد سەدەی بیستەمی تێپەڕاندووە کورد بەتایبەتی ساڵانی کۆتایی ئەم سەدەیە بە کۆمەڵێک ڕەنج و دەردو مەینەتی تێکەڵ بە سەرکوت و قەلاچۆکردن، وەبیردێنێتەوە.

دیارە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرو لە بواری جیاجیادا، دەتوانین کوردستان لە سەدەی ڕابردوودا بدەینە بەر سەرنج.

**باری ناوخۆی کوردستان**

کوردستان لە لایەن داگیرکارانەوە لە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە بە دواکەوتوویی ماوەتەوەو تەنانەت لە چاو میللەتانی دەوروبەریشی لە ڕادەیەکی خوارتردایە. بەڵام کەم نین ئەو لایەنانەی کە بە بیانووی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستاندا دژایەتی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا دەکەن، هەر بۆیە ئەم بارە ئابووریی و کۆمەڵایەتییە ، لەژێر دەسەڵاتی کوردیشدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە. زۆر جار بابەتی باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان و ئازادییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ بە توندڕەویی دانراوەو داواکراوە جێبەجێکردنیان بۆ پاش ڕزگاربوونی کوردستان ، هەڵگیرێت. بەتایبەتی ئەگەر باس لە کێشەی ژنان و یەکسانی نێوان ژن و پیاو بێت. داوا لە ژنان دەکرێت بە منداڵ و خێزانەوە خزمەت بە شۆڕش بکەن، کەچی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ڕزگاربوونی ئەوان لە کۆت وبەندی کۆنی کۆمەڵایەتی و ژێر دەستەیی و ژیانی کولەمەرگی ناخرێتە پێش چاویان. دیارە ژنان بە هەموو توانایانەوە لە بزووتنەوەیەک پشتیوانی دەکەن، کە بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان لە سەرکەوتنەکەیدا ببینن.

ئەو کوردستانە ڕزگارو ئازادە، کە بە ڕەسمیی مافی بەرابەریی ژنان بناسێت، کە خەڵک هەست بە ژیانێکی شیاو بە ئینسان بکات.

ڕێبەرایەتی تاکە کەس و ئەوەی کە گوایە حزبێک تاکە

ڕابەری بزووتنەوەکەیە گرفتێکی گەورە بووە لە بەردەم گەشەکردنی باری سیاسیی و پێگەیشتنی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا. لە سەدەی بیستویەکەمدا ئیدەی نوێ و شێوەی مۆدێرنی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوو هەبوونی ڕەخنەو دیالۆگ چ لە ناوخۆی ڕێکخراوەکان بەرامبەر بە ڕێبەرایەتی و ڕابردووی خۆیان چ لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرتووە. زۆر بەداخەوە تاقیکردنەوەی سەدساڵی ڕابردوو پێچەوانەی ئەم کارانەمان پیشان دەدات. بێگومان کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم ڕێبازە کۆنە بگۆڕدرێ و بکەوینە سەر ڕەوتی پێکەوەهەڵکردن چ لەناو ڕێکخراوەکان و چ لە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکاندا.

دیاردەی دزێوی شەڕی ناوخۆیی لە هەموو کوردستاندا -بەهەموو لایەنە ڕەش و ڕووخێنەرەکانییەوە- جێگای ئەوە ناهێڵێتەوە کە لەم بوارەدا لایەنێک بەبێ تاوان بمێنێتەوە. گرینگ ئەوە نییە کە کێ زووتر تەقەی دەستپێکرد، پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەو هەلومەرجە ڕەخسا بۆچی زمانی چەک جێگای زمانی دیالۆگی گرتەوەو بۆ پێشگرتن لە بەکارهێنانی چەک چ هەوڵێکدرا؟ ئەوەش ناکرێت کە بۆ شیکردنەوەی هۆکاری شەڕی ناوخۆ هەموو جارێک پەنا بەرینە بەر پیلان و دەستێوەردانی بێگانەو دنەدانی دوژمنان. ڕێزگرتن لە ڕێبەران و کەسانی ناسراوو پێزانینی خەباتیان و ئەو ڕاستییەی کە ژمارەیەکیان گیانیشیان لەو پێناوەدا بەختکردووە، نابێ وامان لێبکەن خۆمان لە هەڵەو کەموکوڕییەکانیان فەرامۆش بکەین. گەلۆ داخوا ئەگەر ئەو هەموو ڕێبەرە زاناو لێهاتوو مێژووییەمان بووە - بەو شێوەیەی هێزە سیاسییەکان باس دەکەن- چما سەرکەوتنمان بە دەست نەهێناوە؟ چما مانیفێستی بزووتنەوەکەمان نەنووسراوەتەوە؟ چما ستراتیژییەکی دیاریکراومان نییە؟. هیچ میللەتێک بە پیاداهەڵگوتنی ڕابردووی خۆی و ڕێبەرەکانی و بە پاراستنی ئەوان لە ڕەخنەو گازندە، ناژی و گەشە ناکات. ڕێزگرتن لە سەرکردە وەکو شەخس و تاکە کەس نابێ ڕێگربێت لە ڕەخنەگرتن و پرسیار خستنە سەر سیاسەت و بۆچوون و هەڵویستەکانیان.

**پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەراندا**

کاتێک پەیوەندی نێوان بزووتنەوەکەمان و داگیرکەران، لەگەڵ پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی فەلەستین-ئیسرائیل، ئیرلاند-ئینگلستان .. سەرنج دەدەین خۆمانمان بۆ بەراورد ناکرێت. لە سەدەی ڕابردوودا جێگایەک نابینین کە وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو لە مێژووماندا مابێتەوە. نموونەیەکی سەرکەوتووی وەها نابینین کە بتوانین بیکەینە چرایەک لە سەر ڕێگای پەیوەندیگرتنی داهاتوو لەگەڵ داگیرکارانی کوردستان.

خەباتی چەکداریی و گفتوگۆ دوو نموونەن کە دەکرێ لە سەریان ڕاوەستین: هێزە کوردییەکان لە کێشەی ناوخۆیی کوردستان و لە بەرامبەر یەکتراد زوو دەست دەدەنە چەک، زۆر درەنگ شەڕ ڕادەگرن، درەنگ ئامادەی وتووێژ دەبن و بەشتی زۆریش نەبێ لە یەکتر ڕازی نابن، کەچی لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا، زۆر درەنگ دەکەونە شەڕەوە -لە زۆربەو لە وانەیە لە هەموو جارەکاندا هێزی داگیرکار شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاندووە- زوو شەڕ ڕادەگرن، زوو دەکەونە گفتوگۆو بەشتی کەمیش لێی ڕازی دەبن!

دیارە کورد لەم بوارەدا لە لایەکەوە لەگەڵ ئەو لەشکرانەدا بەرەوڕووبووە کە تاقیکردنەوەی شەڕی جیهانیی و ناوچەیی و هاوپەیمانییان لەگەڵ هێزی شەڕکەری گەورەدا بووە، لە لایەکی ترەوە لە مەیدانی دیپلۆماسیدا بەرامبەرەکیی لەگەڵ کەسانی وەکو سەدام حسێن و قوام السلطنەو ئەجەوید کردووە ... بەڵام سەرەڕای ئەوەش با خۆمان لەگەڵ ئیرلاندییەکان هەڵسەنگێنین کە چۆن دەستیان بە گفتوگۆکرد، چۆن درێژەیان پێدا، چۆن لە مەسەلەی چەکدا سەرەڕای ئەو هەموو پێداگرتنەی ئینگلستان تەسلیم نەبوون و سەرەنجام تاڕادەیەکی ئێجگار زۆر سەرکەوتنیان بە دەستهێنا. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەی کورد لەم مەیدانەدا سەرەڕای قوربانیدانێکی زەبەند، چەندە لەدواوەین. ئەگەر قەرار وابێت پەندو تاقیکردنەوە لە گەلانی دیکەوە وەرگرین، ئەوا دەبێ بە وردی لە هەڵەو لاوازی بۆچوون و هەڵویستەکانمان بدوێین و لەوەش نەترسین کە ئەم هەڵسەنگاندنانە حزب و ڕێکخراوەو ڕێبەرەکانی خۆشمان بگرێتەوە.

هێزی سیاسی لە هەر بەشێکی کوردستان، دەبێ

دەست لەو بیرو خەیاڵە هەڵگرێ کە تاقە هێزە، تاقە سەرکردەیە، پرۆگرامەکەی تاقە ڕێگای سەرکەوتنەو هەر تەنیا خۆیشی لە چەند چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت، نادیار لە جەماوەرو تەنانەت بەبێ ئاگاداری دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی جیهانیی، دەتوانێت مافی کورد وەربگرێت و لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ڕایگەیەنێت.

هەمیشە هەڵەی گەورە ئەوە بووە کە هێزی جەماوەر، جەماوەرێک کە ئاگای لە ئاڵوگۆڕەکان و لە ڕەوتی ڕووداوەکان ببێ، بەکەم گیراوە. لە کاتی شەڕدا دوژمن خەڵکەکەی بێبەزەییانە کوشتووەو دەربەدەر کردووە، لەبەر ئەوەی چونکە دەزانن ئەوە ڕێگایەکی ئاسانە و فشارو قورساییەکی زۆریش دەخەنە سەر کوردستان، بەڵام لە کاتی شەڕراگرتن و وتووێژدا بە فیتی هەر هەمان دوژمن داوا لە جەماوەر دەکرێت لە ماڵەوە دانیشن و چاوەڕوان بن! دەردەکەوێت ئەمەش لە دوولاوە هەڵەیە:

یەکەم. ئەوەی کە خەڵکەکە ئاگاداری ڕەوتی پێشەوەچوونی گفتوگۆکان نین.

دووە. لەپشتیوانی بەهێزو بەربڵاوی ئەوان لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا بەرامبەر بە داگیرکاران، کەڵک وەرناگیرێت.

## پەیوەندی لەگەڵ هێزەمەزنەکان و بیروڕای جیهانیی

ئاوڕدانەوەیەک لە سەد ساڵی ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان ئێمە وەکو خەڵکی ژێر لافاوو بوومەلەرزەو کارەساتی سروشتیی، پەنامان بۆ بیروڕای گشتی بردووەو داوای یارمەتیمان کردووە. ئیعدام و قەلاچۆکردنی بە کۆمەڵ و دێهات و شار کاولکردن و ئەنفال و بۆمبارانی کیمیایی ئەمانە هەمووی پرۆژەی سیاسیی دیاریکراون و ئامانجی سیاسییان لە پشتەوەیەو نیشانەی دڕندایەتی دوژمنەکانمانەو دەبێ هەر لەم ڕوانگەیەشەوە باسیان بکەین. دەبێ وەکو گەلێکی بێبەشکراو، وڵاتێکی داگیرکراوی دابەشکراو، بە پێی یاساکانی پەسەندکراوی جیهانیی داوای یارمەتی و هاوکاریی نێونەتەوەیی و پارێزگاری لە مافی مرۆڤی کورد بکەین. هەروەها دەبێ ئەو کەس و حکومەت و دامودەزگا نێونەتەوەییانە لە قاوبدەین کەخۆیان بە لایەنگری ئازادی گەلان دەزانن، بەڵام سەبارەت بە گەلی ئێمە نەک هەر پشتگیری ناکەن، بەڵکو بێدەنگن، یان هاریکاریی دوژمنەکانیشمان دەکەن. ئێمەی کورد دەبێت بە شێوەیەکی بزوێنەر دەرگای ئەم دامودەزگایانە بکوتین و بۆیان ڕوونبکەینەوە کە درێژەی ئەم وەزعە لە کوردستان پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە نێوچەوانی کۆمەڵگای جیهانییەوەو، سۆزو پشتگیریی ئازادیخوازان و لایەنگرانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ کێشە سیاسییەکەمان دابین بکەین.

دیارە هەلومەرجی سیاسەتی جیهانیی و ترازووی هێزەکان چ لە کوردستان چ لە ناوچەکەدا دەورێکی گرینگ دەبینن، بەڵام هەڵەی گەورە -بەداخەوە زۆرجاران دووپاتکراوەتەوە- ئەوەیە کە چاوەڕوان و دەستەئەژنۆ دانیشین هەتا سیاسەتێکی لەبار بۆ ئێمە بێتەکایەوەو هێزە گەورەکان بڕیار بدەن کە بەڵێ با کوردیش ڕزگاربێت و بە مافی خۆی بگات. هەتا ساڵانی پێش ڕوخاندنی ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستی دەبوو لەگەڵ ئەوانە قسەبەزۆران بدەین کە پێیان وابوو کورد ئاگای لێ نییە، دەنا یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی گەلی کوردە! ئێستا دەبێ لەگەڵ ئەوانە خەریک بین کە ئەمەریکا بە مژدەدەری ئازادی و بە دیموکراسی کردنی جیهان دەزانن. ئاوڕێک لە مێژووی خوێناوی وڵاتانی ئەفەریقا، ئاسیا، ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەریدەخات کە ئەمەریکا پشتگیریی لە کێ کردووەو چۆن هەژاری وماڵوێرانی و ڕۆژەڕەشی بۆ ئەو وڵاتانە بە دیاری بردووە، هەر جارەی کە دیکتاتۆرێک دەمرێت، گێڕانەوەی ژیان و چۆنێتی ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە خۆیدا دەبێتە لە قاودانی ئەم سیاسەتانەی ئەمەریکا.

ڕاستە زۆر کەس باس لەوە دەکات کە ئەمەریکا لە سیاسەتەکانیدا تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاوە، بەڵام لە کردەوەدا کەم نین ئەوانەی باوەڕیان بە ڕزگاری کوردستان بە یارمەتی ئەمەریکا هەیە. خۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلومەرجی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەریکا بەرەو ئەوە بیات کە درووستکردنی کوردستانێک بە قازانجی خۆی بزانێ، لەوانەیە دەست بداتە گۆڕینی سنوورەکان و بە پێی بەرژەوەندی خۆی هێندێک شت قبووڵ بکات، بەڵام ئەوەی ئێستا دیارە

ئەمەریکا هیچ چەشنە بەرنامەو سیاسەتێکی تایبەتی بۆ کوردستان نییە. تەنانەت ئەمەریکا هەموو کوردێک وەک یەک چاو لێناکات! بۆ نموونە لە ئێران و تورکیا زۆر مەبەستی نییە هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد چۆن دەکرێت، هۆیەکەشی هەڵویستی ئەمەریکایە بەرامبەر بە حکومەتەکانی ئەو دوو وڵاتە، دیارە هەر کامەیان بە شێوەی تایبەتی خۆی.

ئەگەر ئێستاو بە پێی سیاسەتی ئەمرۆ ئەمەریکا لەسەر چکۆڵەترین شتێکی عێراق و کردەوەکانی حکومەتی سەدام حسێن وەدەنگ دێت، با بزانین بۆ بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەو کارەساتە دڵتەزێنەکەی چۆن دەنگی دایەوە، بەراوردکردنێکی سێ ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزو، گاردیانی لەندەنی و لۆمۆندی پاریس دەری دەخەن چۆن ئەو دەم کە سەدام حسێن خۆشەویستی ئەمەریکا بوو، باسی جدی لەسەر کوشتاری گەلی کورد نەدەکرا. لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەی گاردیان 1988/3/22 لە لاپەڕەی یەکەمیدا بە وێنەوەو 1988/3/24 بەهەمان شێوە بەدووروودرێژیی باسی هەڵەبجە دەکات و ڕۆژنامەی لۆمۆندیش 1988/3/22، هەروەها 23-1988/3/24 بە تێروتەسەلی باسی ئەو کارەساتە دەکەن، بەڵام ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز تەنیا ڕۆژی 1988/3/24 ئەویش لە لاپەرە یانزدەیدا کارەساتەکە وەک هەواڵێک ڕادەگەیەنێت.

پەیمانی سیپتامبەری 1988 لە نێوان (پدک) و (ینک) لە واشنگتۆن نەک لەبەر کورد نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە درێژەدانی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق. دێڤید هێرست ڕۆژنامەنووس و شارەزا لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژنامەی Al-Ahram Weekly 17-11 نۆڤەمبەری 1999دا باس لەوەدەکات کە ئەمەریکا بە نسبەتی عێراقەوە لایەنگری Status Quo یە لەبەر ئەوەی:

١- دەسەڵاتی زاڵی ستراتیژیکی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێت.

٢- لەم نێوانەدا چەکی ئیجگار زۆر بە کۆنتراکتی ئیجگار چەور بفرۆشێت.

* * *

بێگومان خۆپیشاندانەکەی دەیان هەزار کەس لە شاری Scattle ی ئەمەریکا لە مانگی ڕابردوودا لە دژی کۆبوونەوەکەی WTO (ڕێکخراوی بازرگانی جیهان) و ڕەنگدانەوەی دروشمەکانی خۆپیشاندەران لە کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی نوێنەرانی وڵاتە ئەندامەکانداو دەنگدانەوەی داواکاری و بۆچوونەکانیان لە ئاستی هەموو دنیا ، شتی زۆری بۆ ئێمەی کوردیش تێدایە کە دەبێ لێیەوە فێربین. شک لەوەدا نییە کە جێگای کوردو خۆپیشاندەرانی کورد لەو ناوەدا خاڵی بوو.

کورد نەیتوانیوە لە مەیدانی شەترەنجی سیاسەتی دنیای ئەمڕۆدا جێگای خۆی ببینێتەوە. نەخشەو پلانی بیرلێکراو کە بە وردی و لەسەرەخۆ هەنگاوەکانی یەک لەدوای یەک دیاری بکات و ئاڵترناتیڤەکانی جۆراوجۆر بۆ خۆدەربازکردن لە هەلومەرجە ئاڵۆزەکانی داهاتوودا دەستنیشان بکات، لە ئارادا نییە. کورد دەبێت لە باتی سیاسەتی چاوەڕوانی و بە تەمای ڕووداوەکان دانیشتن و دژەکردەوە نیشاندان، بکەوێتە هەنگاوهەڵێنان بۆ کەڵک وەرگرتن لەو کەلێن و قوژبنانەی لە کاروباری سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەست دەدەن. بۆ گەلی بچوک و بە هێزی کەمیشەوە مەودا هەیە ئەگەر لێزان بێت، خۆی بەسەر ڕووداوەکاندا داسەپێنێت و کاری وابکات کە تەنانەت هێزە گەورەکانیش لە بەردەم کاری بەئەنجامدراودا بەرەوڕوویکاتەوە.

چاوخشاندنێک بە ڕووداوەکانی بە تایبەت چەند ساڵی ڕابردوودا بە باشی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هێزی بچوک و وڵاتی کەم دەسەڵات دەتوانن بە هەنگاوی پتەوو بەپشت بەستن بە جەماوەری خۆیان و بە وشیاری و بەداواکاری ڕوون داخوازی خۆیان ببەنە پێش و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.. دەبێت لە پلەی لێکۆڵینەوەی باری سیاسییەوە بگوێزینەوە پلەی گۆڕین و گۆڕانکاریی خوڵقاندن.

بزووتنەوەی کوردی ستراتیژییەکی بۆ خۆی دیاری نەکردووە، مافی چارەنووس، ئۆتۆنۆمی و خودموختاری، فیدرالی و سەربەخۆیی، هەموو ئەم دروشمانە بە پێی گەورەیی و چکۆڵەیی، دەسەڵاتداریتی و کەم دەسەڵاتیی، لاوازبوون و بەهێزبوون، لە شەڕو کێشەی دەستەو یەخە لەگەڵ دوژمن یان لەسەر مێزی وتووێژبوون، هاتوونەتە پێش و یان خراونەتە پشتگوێ. ناوەڕۆکی دروشمەکانیش جاری وایە زۆر لەیەک نزیک بووەو لەوانەیە ئۆتۆنۆمی لایەنێک لەگەڵ سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی لایەنێکی دیکەدا زۆر فەرقی نەبووبێت. گیری کورد لەوەدا نەبووەو نییە کە داخوا داوای

فیدرالی یان سەربەخۆیی دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە بەکام ناوەڕۆکەوە ئەم داوایە دەخرێتە ڕوو، ئەم داوایە تا چەند دەتوانێت ئاڵوگۆڕ بخاتە ناو کۆمەڵگای کوردستان و چ میکانیزمێک بۆ پەیوەندیکردن ، ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکاندا بڕیار دەدات. ئایا بزافی کورد لەگەڵ هێزی ئۆپۆزیسیۆنی چوار دەوڵەتەکەدا دەیەوێت حکومەتەکان بڕوخێنێت یان دەیەوێت تا ئەو شوێنە بڕوات کە ئەم حکومەتانە چوکدابدەن و ئامادەی دانووساندن دەبن.

**ڕووناکبیران**

ئیلیت و ڕووناکبیرانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەیان لەدەرەوەی وڵات نیشتەجێن، ئەرکێکی گەورەیان لە سەرشانە. پێویستە واز لە پابەندبوون بەم لایەن یان ئەویتر بێنن. پێویستە ئازادانە و سەربەخۆیانە بیروڕای خۆیان لە ڕووداوەکان دەربڕن ، نەک بە پێی خۆشویستن یان نەویستنی ئەم یان ئەو هێزی سیاسی. لەم ڕووەوە دەتوانین زۆر پەندو دەرس لە فەلەستینی و ئیرلاندیی و باسکەکانەوە فێربین. پێویستە بزووتنەوەی ڕووناکبیریی لە سەر گیروگرفتەکان، هەروا لەسەر ئەو پرسیارانەی کە بەرەوڕووی شۆڕشی کوردستان بوونەتەوەو یان بەرەوڕووی دەبنەوە بخرێتە ڕێ. بۆ ئەم کارەش گرینگە کە کوردستانییانە بیربکەینەوەو بۆ هەموو چارەسەرێک بەرژەوەندی هەموو کوردستان لەبەرچاو بگیرێت. ئەمەیە ئەو هێڵەی کە ڕووناکبیران و هونەرمەندان و شاعیران و نووسەران لە حزب و ڕێکخراوەکان جیادەکاتەوە. ئەوان ناچارن بە پێی ئەو پەیڕەوو پرۆگرامەی کە ڕێکخراوەکەیان دیاریکردووەو بە لەبەرچاوگرتنی سنووری سیاسی و لە ڕوانگەی قازانج و زەرەری خۆیانەوە سەیری ڕووداوەکان بکەن و هەڵوێست بگرن. لێرەدا باش وایە ئەوەش بگوترێ کە مادام حزبێک و ڕێکخراوەیەک لە بەشێکی کوردستان هەڵسوورانی هەبوو، ناتوانێ بەو سنوورانە لەبەرچاو نەگرێت کە دەوروبەری تەنیوەو گرێدراوی کۆمەڵێک پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی کردووە.

کوردەکانی دەرەوەی وڵات، هەروەها ڕووناکبیران و نووسەران لە وڵاتدا ئەو سنوورانەیان لەبەردەمدا نییە، هەر بۆیە سەربەستییەکی زۆریان هەیەو بۆ داهاتووی کوردستان زۆر گرینگە کە کەڵک لەو سەربەستیی و پابەندنەبوونەیان وەرگرن.

ئەو شتانەی کە دەکرێت پێیان لەسەرداگرین بریتین لە: کراوەیی، هەوڵدان بۆ دانان یان یارمەتیدانی بەردەوامبوونی ئەو ڕۆژنامەو دەزگا ڕاگەیاندنانە کە یاریدەدەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئازادی و دیموکراسین، پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ پێکەوەهەڵکردن و وەرگرتن و قبوڵکردن ڕەخنەو ڕێگا خۆشکردن بۆ پێکهاتن، هەڵسووڕان و پەرەپێدانی ڕێکخراوەی دیموکراتیک بە مەبەستی مسۆگەرکردنی چاوەدێری خەڵک بەسەر ژیانی سیاسیی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی لە کوردستاندا.

زۆر گرینگە کە کورد لە دەستپێکی سەدەی بیستویەکەمدا بە پێی توانا نەک هەر کەڵک لە تەکنەلۆژیاو دەستکەوتەکانی زانست وەربگرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕێگا بۆ ئەوەش خۆشبکرێت کە دەستکەوتەکانی گەلانی دیکەی جیهان لە بواری سیاسیی و فەرهەنگیدا ئاسۆیەکی ڕوونتر بۆ داهاتووی کوردستان بخاتە پێش چاوی کۆمەڵانی تامەزرۆی ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی. ئێمە ئەوەیەکین کە ناتوانین لەبەرامبەر ڕووداوەکانی دەوروبەرمان گوێی خۆمان کپ بکەین و چاوی خۆمان بقوچێنین، نابێ دیسان ئەوەی ئایندەش لە کوردستان هەر خەریکی لێکۆڵینەوەی هەڵەکانی ئەمڕۆو ئەم سەردەمەی ئێمە بن.

1999/12/17

دارا مەحموود

# گڵۆبالیزم و پێداچوونەوە بە چەمکەکاندا

ماوەی چەند ساڵێکەو وردتر بڵێین ، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە، گەلێک واژەو چەمکی نوێمان بەرچاوو گوێ دەکەون کە بەشێوەیەکی چڕ لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاودەکرێنەوەو گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرێ و سەدان کتێب و باس و لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆریان لە بارەوە چاپ و بڵاودەکرێنەوە. گرنگترین ئەم واژەو چەمکانەش وەک: گلۆبالیزم «1» ، سیستەمی نوێی جیهان «2» کۆتایی مێژوو، ململانێی شارستانییەکان، شۆڕشی زانیارییەکان، پاش مۆدێرنیزم «3» و گەلێکی تر. کە لە هەموو ئەم چەمکانە گرنگترو فراوانتر، خودی گلۆبالیزمە و تەواوی چەمکەکانی تر هەر لەناو ئەودا خۆدەبیننەوە. ئەوەی لە گلۆبالیزمدا گرنگەو جێگای تێڕامان و لێدوانە، زاڵبوونی یەک سیستەمی سەرتاسەری و تەنانەت یەک وڵاتی زلهێزو دەستڕۆیشتوویە کە کاریگەری خۆی لە ڕێگای ئابوورییەوە لە سەر گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و سەرتاسەری جیهان دادەنێت.

ئێمە ئەمڕۆ وەک شتێکی نوێ دەربارەی ئەمانە دەدوێین، بەڵام نموونەی زۆری ترمان لەسەر مەزنبوون و فراوانبوونی دەسەڵاتی وڵاتێک بەسەر جیهاندا هەیە، کە نزیکترینیان نموونەی ئینگلستانە لە سەدەی نۆزدەهەمدا .

بەڵام ئەم گلۆبالیزمەی ئێستا کە سەرەتای سەرهەڵدانی بە شێوە ئابوورییەکەی دەگەڕێتەوە شەستەکانی سەدەی بیستەم. کاتێک مارشال ماکلۆهان بۆ یەکەمجار چەمکی گوندی جیهانی «4» Global village ی بەکارهێناو بە شێوە فراوانەکەشی دوابەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی سیستەمی بەناو سۆسیالیزم. ئەمەش لە سەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان Information Technology گەیشتە ئەوپەری پێشکەوتن و گەشەکردنی خۆی.

دیارە گلۆبالیزم ، پرۆسەیەک نییە تەنیا بواری ئابووری بگرێتەوە. بەڵکو بوارەکانی تری وەک: سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتیش و ... بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لە دەرگای ئابوورییەوە دەچێتە ناو سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی و دەست لە بچوکترین کارەوە تا دەگاتە گەورەترینیان، وەردەدات. بەڵکو هۆکارو فاکتەری پەیدابوون و فاکتەری یارمەتیدەری خۆی هەیە.

گرنگترین ئەم هۆکارانەش ئەمەیە کە پێشکەوتنی زانست و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا بوو بە هۆی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی سەرمایەداری، یان ئەوەی پێی دەوترێ: جیهانی یەکەم. کە ئەمەش بوو بە هۆی هەرچی زۆرتری بەرهەمهێنانی کاڵا. تا گەیشتە ئاستێکی وا، بازارەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتانە پڕ بوون لە کاڵاو، توانای گرتنە خۆی کاڵای تریان نەما. هەر بۆیە بە مەبەستی ساغکردنەوەی هەرچی زۆرتری بەرهەمەکانیان، پێویست بوو لە بازاری نوێ بگەڕێن. بە دەستخستنی بازاری نوێیش بە واتای دەربازکردنی سنوورەکانی ناوخۆو بەزاندنی گشت سنوورەکانی دەرەوە. ئەمەش پێویستی بە سیاسەتیی نوێ، هێزی نوێ، سیستەمێکی نوێ و، تەکنەلۆژیای نوێ هەبوو، تا ئابووریی جیهان بەرەو ئامانجی نوێ بەرێت.

هەروا نەک تەنیا لە ڕووی چەندایەتی بەرهەمهێنانەوە بەڵکو جۆراو جۆری و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەردەوامیش بە سەریانداو پڕبوونی هەر ماڵێک لەو کاڵایانە لایەنێکی تری کاریگەرن.

ئەمڕۆ هەر وڵاتێکی تەنانەت جیهانی سێهەمیش بگرێت، بەوانەشەوە کە لە تەنگوچەڵەمەی سەختی ئابووریدان، دەبینی: سەلاجە، ماشێنی جلشتن، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، ریسیڤەری کەناڵە ئاسمانییەکان، تەلەفون، کەلوپەلی جۆربەجۆری یاریکردنی منداڵان .. هتد لەگەڵ پێویستیە سەرەکییەکانی ژیاندا دەژمێردرێن و کەم ماڵ هەیە هەموو یان بەشێک لە مانەی نەبێت. جا ئیتر لەو وڵاتانەدا کە ئاستی خۆشگوزەرانی لە پلەیەکی بەرزدایە ئەوە هەر باس ناکرێت.

لە لایەکی تریشەوە گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان هێندە خێران کە ئامێرو دەزگاکان، هێشتا ماوەیەکی ئەوتۆ بە سەر کڕینیاندا تێنەپەڕیوەو بە باشی

کاردەکەن، کەچی هی نوێتر دێنە بازارەوەو ئەمانە کۆن دەبن و مۆدیلیان بە سەر دەچێت.

ژان ژاک ڕۆسـۆ لە میـانەی ڕەخنەی خـۆیدا لە مۆدێرنیزم پێی وایە کە ئەو هێزەی زانست و تەکنەلۆژیا بە ئێمەی دەبەخشێ تاکو پێویستییەکانمانی پێ تێربکەین، لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی زۆربوونی ئەم پێویستییانە . بەمجۆرە هەستی ئێمە زۆر دەبێت بەڵام لە بەرامبەردا هەستی تێربوون لە ناو دەچێت «5». بە واتایەکی تر مرۆڤ هیچ کات بەوە تێر نابێت کە لە بەر دەستیدایە و، تاکو زۆرتر بە دەست بهێنێ، هەستی پێویستی بە زۆرتریش پتر دەبێت.

بەمجۆرەو وەک دەردەکەوێ، گلۆبالیزم زادەی بیری چەند بیریارو فەیلەسوف نییە. بەڵکو ئەنجامێکی سروشتیی سیستەمی سەرمایەداری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە.

بەڵام فاکتەری یارمەتیدەری سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، هەرەسهێنانی ئۆردوگای بە ناو سۆسیالیزم و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بوو. چونکە یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی کۆسپی هەرە گەورەو جیدی سەر ڕێگای فراوانبوونی جیهانی سەرمایەداری بوون. بەزاندنی سنووری وڵاتان لە حاڵێکدا کە دوو تەوەرەی زلهێز لە هەمبەر یەکدابوون، کارێکی هێندە ئاسان نەبوو. بەڵام هەرەسهێنانی بەرەی ڕۆژهەڵات و لە پێشیانەوە یەکێتی سۆڤیەت، ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا بوو بە تاکە سواری مەیدان و کۆسپ و تەگەرەی جیدی لەبەردەمدا نەماو ئەوەی کە جاران بە سەربازو لەشکرکێشیی و چەک و تەقەمەنی دەبوو ئەنجامی بدات، ئێستا بە کۆمپانیای مەزنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو پێی دەگات.

هەروا بە هەرەسهێنانی سیستەمی ناوبراو چواریەکی ڕووبەری جیهان و سێیەکی خەڵکی سەر زەوی چوونە پاڵ جیهانی سەرمایەداری و ئەمەش بوو بە هۆی بەدیهێنانی شێوازێکی نوێی ئابووریی لە جیهاندا.

ئەمانە هەموو چەند ئەنجامی گرنگیان لێ کەوتەوە کە ئەم ئەنجامانە پێکەوە، دەتوانن تارادەیەک پەیکەری مەزنی گلوبالیزم و مەوداکانیمان بهێننە بەرچاو. گرنگترین ئەم ئەنجامانەش:

**١- لاچوونی سنوورەکان و لاوازبوونی دەسەڵاتی نیشتمانی:**

جووڵەو ماماڵەکردن بە پارە بە جۆرێک جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە کە گۆڕانکاری گەورەو ڕیشەیی لە ڕۆڵی بانکە ناوەندییەکان، چەمک و واتای سنووری نێوان ئابووریی نیشتمانی و بازاری جیهان و قەبارەی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی هێناوەتە کایەوە. لە ساڵی 1950دا بازرگانی جیهانی تەنیا 308 ملیارد دۆلار بووە. ساڵی 1968 بۆتە تریلیۆنێک، بەڵام ساڵی 1995 گەیشتۆتە سێ تریلیۆن و نیو. ئەمە لە کاتێکدا تەعریفەی گومرکی کە سەمبولی سنووری نیشتمانییە لە 40% ی نرخی کاڵاوە دابەزیوەتە سەر 5% . «6».

هەروا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەتوانرێ هەرشتێک لەهەر شوێنێکی جیهاندا دروستبکرێت و لە هەر شوێنێکی تری جیهاندا بفرۆشرێت. بەواتایەکی تر دروستکردن و بەرهەمهێنانی کاڵا لەو شوێنەی هەرزان چێ دەبێت و فرۆشتنی لەو شوێنەی گران دەفرۆشرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئەو پارەو مەسرەفەی لە دروستکردنی کاڵا دەچێت و لە لایەکی ترەوە بەرزبوونەوەو زۆربوونی قازانج ، کە ئەمەش کاکڵی سەرمایەدارییە.

هەروا لاچوونی سنوورە نیشتمانییەکان و ئەو مەودا جوگرافییانەی جاران (بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ساردا) سیاسەتی وڵاتانی ڕێکدەخست و سیستەمی ئابووری بازار ، بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەر چەمکی (سەروەری) یان دەسەڵاتی نیشتمانی، کە بناغەی پەیدابوونی دەوڵەتی ناسیۆنالیستە هێناوە.

با ئەمەش دووپات بکەینەوە کە سنووری سیاسی بۆ ئابووری گەلێک گرنگە. چونکە لەوێ تەعریفەی گومرکی خڕدەکرێتەوەو سیستەمی باج و یاسای تری پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.

بیل کلینتۆن، جارێک گوتبووی: (بۆ یەکەمین جار جیاوازی نێوان سیاسەتی دەرەوەو ناوەوە لە ناو دەچێت) «7». دیارە مەبەستی کلینتۆن ڕوونە، کە دەیەوێ بڵێ، ئیتر سنوورێک لە بەردەمی ئێمەدا نییە.

یان لە خۆڕا نەبوو کە بەڕێوەبەری کۆمپانیای ژیلێت Alfred zeien کاتی خۆی بە هەواڵنێرانی گوتبوو: «بۆ هەر جێیەک دەچم هەست بە تەنیایی ناکەم، تەنانەت ئەگەر زمانی ئەو شوێنەش نەزانم». شایانی باسە کە چەند ساڵ بەرێ هەمان کۆمپانیای ژیلێت پێشنیازی دروستکردنی قەمەی عاشورای بۆ ئێران کردبوو«8».

**٢- سیستەمی لیبرال دیموکراسی و ئابووری ئازاد**

پێویست بە گوتنە کە سیستەمی دیموکراسی شتێک نییە کە ئەنجام و بەرهەمی گلوبالیزم بێت و، مێژوویەکی گەلێک لە مێژینەتری هەیە. بەڵام لەناو ئەم پرۆسەیەدا بە

جۆرێک ڕەواج و پێویستی پەیداکردووە کە هیچ کات بە خۆیەوە نەدیوە.

ئەمڕۆ سیستەمی لیبرال دیموکراسی وەک باشترین شێوەی حوکم لە جیهاندا قبوڵکراوەو ئەوەش کە لە دڵەوە دژیەتی زاتی ئەوە ناکات بە ئاشکرا دەریبڕێت. چ بە ڕاست یان درۆ هەموو بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێن، جا هەیە بە هەنگاوی خێراو جدی بەرەو پێشەوە دەچێت، هەشە زۆر لەسەرەخۆو جار هەیە ئەگەر لە ڕووی ناچاری و لەژێر گوشاری ناوەوەو دەرەوەدا هەنگاوێکی بۆ پێشەوە بنێت، لە لایەکی ترەوە دوو هەنگاو بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین، خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەشێک لە ئەفەریقا .. گۆڕانی باش و بەرچاویان بەسەردا هاتووەو بەردەوامیشن. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی وڵاتانی عەرەب ، لە چەند گۆڕانکارییەکی بچوک بترازێ، دوان لە دیموکراسی چاوبەستەکی و فروفێڵە. ئابووری بازاری ئازادیش وەک لازیمەی سیستەمی لیبرال دیموکراسی لێهاتووەو خۆش یان ناخۆش دەبێ قبوڵ بکرێت و هەر وڵاتێک سەرپێچی بکات، گۆشەگیرو تەریک و دوورەپەرێز و تەنانەت ئابڵۆقەدراو لێی دەکەوێت و بواری هەر جۆرە پێشکەوتنێکی لێدەگیرێت.

لە پرۆسەی گلوبالیزمدا موناڧەسەو کێبرکێ لە ئاستی هەرە بەرزی خۆیدایە. ئەم موناڧەسەیەش لە بواری ئابووری و بازرگانیدا دەبێتە هۆی هەرچی زۆرتری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو خڕکردنەوەی سامان. بۆیە لە دنیای ئەمڕۆدا وڵاتێک دەتوانێ هیوای بە داهاتووەبێت کە توانای سەنعەتی و موناڧەسەکاری لە بازارەکانی جیهاندا هەبێت. بۆ ئەمەش ، یان بۆ ئەوەی ئەمە بەدیبێت پێویست بە جۆرە بالانسێک و سەقامگیربوونێکی سیاسی هەیە. ئەمەش تەنیا لەژێر سایەی سیستەمێکی دیموکراسیدا بەدیدێت.

لێرەدا نموونەیەکی دەرەوەی ئەم هاوکێشەیەمان هەیە ئەویش وڵاتانی کەنداوە، کە بە بێ سیستەمی لیبرال دیموکراسی، هەم سەقامگیری سیاسی و هەم پێشکەوتنی ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو بە خۆوە دیوە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە گەشەکردنی ئابووری ئەم وڵاتانە لە ئەنجامی سەنعەت و تەکنەلۆژیاوە نییە. بەڵکو بەرهەمی نەوتە کە بواری موناڧەسە لە وێدا زۆر کەمترە، لەمەش بترازێ ئەم ڕەوشەی ئێستا کاتییەو تا چەند ساڵی تر لە توانایدایە درێژە بکێشێت. چونکە ڕۆژێک دێت ئەم نەوتە تەواو دەبێت. جا ئەگەر ئەم وڵاتانە بیانەوێ داهاتوویەکی گەشەدار بۆ خۆیان دابین بکەن، دەبێ هەم بەرەو سەنعەت و هەم بەرەو لیبرالیزەکردن لە گشت بوارەکاندا هەنگاو بنێن و سیمای ئەم هەنگاوانەش زۆر لە سەرەخۆو بە شەرمەوە ڕوو لەدەرکەوتنن.

**٣- گۆڕانکاری لە بوارەکانی بەدەستهێنانی زانیارییەکان و ڕاگەیاندندا:**

ئەمانی (نێوەند) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری Information ئەنجامێکی تری گرنگی گلوبالیزمە.

جاران نێوەندێک یان چەند نێوەند، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هەبوون، کە لە لایەن خودی ئەو نێوەندانەوە هەڵدەبژێردران و دەبوایە قبوڵیش بکرێن. بەڵام ئێستا سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکان هەزاران هەزار کەسن و کەس نازانێ کێن و هەرکەس دەتوانێ، ئاگاداری و زانیاری خۆیشی بخاتە سەرو خەڵکیش ئازادن لەوەی قبوڵی دەکەن یان نا. ئەمەش، شکاندنی دەستبەسەرداگرتنی هێزە دەستەڵاتدارەکان بە سەر کەناڵەکانی زانیاریدا دەگەیەنێ.

هەروەک دەزانرێت، هێزە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە لە ڕێگای دەسبەسەراگرتنی بێ چەندو چوون بەسەر سەرتاپای کەناڵەکانی بەدەستهێنانی زانیاریدا هێزی دەسەڵاتی خۆیان زۆرتر دەچەسپێنن. بەڵام دەزگاکانی تەلەفون، فاکس، ڤیدیۆ، کۆمپیوتەرو ئینترنێت کە تاکو دێت زۆرتر ڕەواج و گرنگی پەیدا دەکات و هەمەجۆر تەکنەلۆژیای تری نوێی پەیوەندیکردن، توانییان دەستبەسەرداگرتنی ئەم هێزانە بەسەر کەناڵەکانی زانیاریدا بشکێنن. بەمجۆرەش مرۆڤ لە توانایدا دەبێت کە زانیارییە ڕاستەکان بە دەست بخات و جێگای ئەو زانیارییانە بگرێتەوە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بڵاودەکرێنەوە کە بە لانی زۆرەوە درۆن.

هەروا ئەمڕۆ زانیارییەکان بە ڕادەیەک زۆرن کە مرۆڤ تیایاندا دەخنکێت. یەکێک لە لێکۆڵەرەوانی ئەمەریکا بە ناوی (نیل پۆستمان) ناوی لێناوە: لافاوی زانیارییەکان Overflow of information .9. .

لە لایەکی ترەوە ڕۆڵی تەلەڤزیۆن بە جۆرێکە کە تا ئاستێکی بەرز کاریگەری خۆی بە سەر سیاسەتدا ڕەنگ پێداوەتەوە.

میشێل. ژ. ئۆنیل نووسەری کتێبی The Poor of the crowd پێی وایە کە تەلەڤزیۆن شێوازێکە لە شێوازەکانی (دەسەڵاتی گەل) و ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئیتر سیاسەتمەداران کۆنترۆڵی شانۆی سیاسەت ناکەن.

بەڵکو ئەوە شانۆی سیاسەتە کە ئەوان کۆنترۆڵ دەکات.

بنیامین باربەر لە کتێبەکەی خۆیدا Jihad VS Mc world لە لێکدانەوەی بۆچوونەکەی ئۆنێلدا دەڵێ: ئۆنێل باشی بۆچووە، بەڵام لەدەستدانی دەسەڵاتی دەوڵەتان بەسەر تەلەڤزیۆندا بەو واتایە نییە کە دەکەوێتە بندەستی گەل «10».

هەرچۆنێک بێت، ئەمرۆ ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە دەوڵەتان لە توانایاندا بێت ڕووداوە گرنگەکانی ناوخۆ بشارنەوە. تاوانە گەورەکانی وەک : کۆمەڵکوژی، جینوساید، کۆچپێکردن، ئەشکەنجەو زیندانیکردن. لەسایەی تەلەڤزیۆنەوە زووبەزوو بە سەرتاپای دنیادا بڵاودەبنەوە. ئەمانە جاران کە تەنیا لە ڕێگای بیستنەوە بڵاو دەبوونەوەو لە توانادا نەدەبوو ڕاستی و درۆ بوونیان بسەلمێنرێ و هەستی مرۆڤایەتی بهەژێنێ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بە کاردانەوە بکات. ئەگەرچی ئەم کاردانەوانە بە بەرژەوەندی ئابووری سیاسییەوە بەستراونەتەوەو لە هەموو حاڵەتەکاندا وەکو یەک نین. بەڵام دیسانیش هەر ڕژێمێک بەر لەوەی کارێک لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساو پرنسیپەکان ئەنجام بدات، دەبێ هەزارو یەک حساب بۆ کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکات.

**٤- بچووک بوونەوەی جیهان**

هەر لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، بە تایبەتی تەکنەلۆژیای هاتووچۆو پەیوەندیکردن، جموجوڵ و گواستنەوەی کاڵاو تەکنەلۆژیاو خەڵک یەکجار ئاسان بوون. لە هەمان کاتدا نرخەکەشی دابەزیوەتە خوارێ. ساڵانە بە دەیان ملیۆن کەس، تەنیا بە مەبەستی گەشتوگوزار گەرمیان و کوێستان دەکەن. هەروا ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ئینتەرنێت بە جۆرێک پێشکەوتنیان بەسەردا هاتووە کە مرۆڤ دەتوانێ لە ماڵی خۆی دانیشێ و بێ ئەوەی سواری فڕۆکەو شەمەندەفەر بێت و بێ ئەوەی دەرگای ژوورەکەی بکاتەوە، بە تەواوی دنیادا بگەڕێ و زانیاری لە سەر هەر شتێک مەبەستی بێت خڕبکاتەوەو پەیوەندی بەهەر کەسێکەوەو لە هەر جێیەکی دنیادا ببەستێت. لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە مامەڵەی گەورەی ئابووری، دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە، ژنهێنان و مێردکردن.. ئەنجام دەدرێن.

هەروا تەلەڤزیۆن، بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان -وەک لە خاڵی پێشەوەدا باسمان کرد- بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام مرۆڤ لە ڕووداوە گەورەو تەنانەت بچووکەکانیش ئاگادار دەکەنەوە. ئەوەی من و تۆ لە ماڵی خۆماندا دەیبینین، دەکرێ لە هەمان کاتدا بۆ نموونە لە بیابانەکانی عەرەبستان و لە سەر چیا چڕو سەختەکانی کوردستانیش کە هێشتا ڕێگای هاتوچۆیان بۆ نەچووە، بە مەرجێک ژنراتۆرێکی ئەلەکتریک و دەزگایەکی ڕیسیڤەر هەبێ، ببینرێت.

بەڵام ئاسانبوونی هاتووچۆو، سەختی و گرفتەکانی ژیان، بە تایبەتی شەڕوشوڕ، ڕادەی کۆچکردن و پەنابەرێتیشی بردۆتە سەرێ.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا 7،9 ملیۆن کەس بە شێوەیەکی یاسایی چوونە ئەمەریکاو 7،3 ملیۆنی تر چوونە وڵاتانی تری ڕۆژئاواو لە ساڵی 1992دا ژمارەی بێگانە نایاساییەکانی لە ئەمەریکا دەژین گەیشتۆتە 3،4 ملیۆن.

لە لایەکی ترەوە ساڵی 1983 تەنیا ژمارەی ئەو کەسانەی داوای پەنابەرێتییان لە ئەورووپا کردووە بریتی بووە لە 73,700 کەس. بەڵام ساڵی 1996 گەیشتۆتە 432,559 کەس.

لەمەش بترازێ ئەمڕۆ بە پێی ئاماری بانکی نێودەوڵەتی زۆرتر لە 25 ملیۆن پەنابەر لە جیهانداو سەرجەم 125 ملیۆن کەس لە دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیاندا دەژین. تا دێ ژمارەی کۆچکەران و پەنابەران زۆر دەبن و ڕادەی ئەم زۆربوونەش ساڵانە بریتییە لە 2 تا 4 ملیۆن کەس «11».

**٥- کاریگەری و گۆڕانکاری فەرهەنگی**

لە پرۆسەی گلوبالیزمدا پرسی پارێزگاری فەرهەنگی نەتەوەیی دەبێتە پرسێکی نێوەندی و نەمان و لە ناوچوونی ئەو فەرهەنگە مەترسییەکی جیدییە. ئەم ترسەش تەنیا وڵاتانی جیهانی سێیەم و کەم ڕۆڵ ناگرێتەوە، بەڵکو لە نێو وڵاتانی پێشکەوتووشدا پارێزگاری فەرهەنگی پرسێکی گرنگە.

ئێستا لە جیهاندا زمانی ئینگلیزی ئەمەریکایی، فیلمی سینەمایی ئەمەریکایی، موزیک و سەماو جلوبەرگی ئەمەریکایی، پێڵاوی (نایک) ی ئەمەریکایی، خواردەمەنی ماکدۆنالسی ئەمەریکایی .. هتد، لە هەموو جیهاندا ڕەواجیان هەیەو بە واتایەکی تر فەرهەنگی ئەمەریکایی ڕۆڵی سۆپەر فەرهەنگ دەگێرێت.

وڵاتێکی گەورەی وەکو فەرەنسا، دەتوانین بە نموونە بهێنینەوە، کە یەک لە وڵاتانی زلهێزو چوارەمین هێزی ئابووری جیهانەو بەو ڕابردووە فەرهەنگییە پرشنگدارەیەوە، لە بەردەم هێرشی فەرهەنگی ئەمەریکادا دەستەووستانە.

فەرەنسا، ئێستا هەوڵدەدات پەیڤە ئینگلیزییەکان لە زمانی فەرەنسیدا دەرهێنێ و تا ئەو جێیەی لە توانادا بێت، هاتنی فیلم و بەرنامە تەلەڤزیۆنییە ئەمەریکاییەکان سنووردار بکات، ئەمەش نیشانەی گەورەیی ئەو مەترسییەیە کە ڕووبەڕووی فەرهەنگی گەلان دەبێتەوە.

کاتی خۆی جاک دیلۆ، سەرۆکی بازاری هاوبەشی ئەورووپا گوتبووی: «دەمەوێ پرسیارێک لە دۆستە ئەمەریکاییەکانمان بکەم! ئایا ئێمە مافی مانەوەمان هەیە؟ ئایا مافی پاراستنی دابونەریت و کەلەپوورو زمانی خۆمانمان هەیە ...؟ ئایا داکۆکیکردن لە ئازادی ئەوەش دەگرێتەوە کە هەر وڵاتە بتوانێ بوارەکانی دەنگ و ڕەنگ بۆ پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بەکاربهێنێت ...؟» «12».

شایانی باسە کە گەورەترین کاڵای ناردنە دەرەوە لە ئەمەریکا فیلمی سینەماییە نەک فرۆکەو ئۆتۆمبیل .. هەروا 80% ی ئەو فیلمانەی لە ئەورووپا نیشاندەدرێن ئەمەریکایین. بەڵام تەنیا 1% ی ئەو فیلمانەی لە ئەمەریکا نیشاندەدرێن ئەورووپایین. «13».

هەروا گۆڕانکاری بەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەشدا هاتووە. ئەمڕۆ لە توانای تەکنەلۆژیای نوێدا هەیە کارەکانی ڕۆژنامەگەری، ئەدەب، هونەری نیگارکێشی، مۆزیک، سینەما، ڤیدیۆ لەو شتەدا کە پێی دەگوترێ Multimedia یان Interactive formats بە ئاسانی و نرخێکی هەرزان کۆبکاتەوە.

یان هەندێک لەبەرهەمە کلاسیکییەکانی جیهان لە ژێر ناوی Great Literature «14». هەروا هەندێک کتێبی تری وەک ئەنسکلوپیدیا بە گەلێک لە زمانەکانی جیهان بەدەنگ و ڕەنگ و مۆزیک و جووڵەشەوە لەسەر سی دی CD چاپکراون.

لە لایەکی ترەوە زۆر قوتابیانی زانستگا کاتێک پێویست بەوە دەبێت بۆ ئامادەکردنی بابەتێکی تایبەتی بە دوای سەرچاوەدا بگەڕێن، لە جیاتی کتێب لە ئینترنێتەوە بە دەستی دەهێنن.

هەرچەندە بە لای زۆر کەسەوە فەرهەنگی چاپکراو لە مەترسیدایە. لەگەڵ ئەمەشدا پێناچێ ئەڵتەرناتیڤێک هەبێ جێگای کتێب بگرێتەوە. ئەمانە کە باسکران بە ئینترنێتیشەوە زانیاری بە مرۆڤ دەبەخشن. بەڵام کتێب سەرەرای زانیاری، زانایش دەبەخشێت

### ٦- یەکگرتنی کۆمپانیا گەورەکان

یەکێک لە دیاردەکانی تری سەردەمی گلوبالیزم، یەکگرتنی کۆمپانیا گەورەکانە کە زوو زوو لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەواڵی ئەم یەکگرتنانە، کە لە وڵاتەکانی ئەمەریکا، ژاپۆن، ئەورووپا، خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.. ڕوودەدەن، پێدەگات. مەبەستی هەرە گەورەی ئەم یەکگرتنانەش بەرزکردنەوەی ئاستی هێزی مونافەسەکاری و تێکشکاندن و ئیفلاس پێکردنی هەرچی زۆرتری کۆمپانیا بچوکترەکانە. کە ئەمەش لە لایەکەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەسرەفی بەرهەمهێنان و لە لایەکی تریشەوە دەستبەسەراگرتنی بازار.

لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنانەشەوە، کە لە نێوان بانکەکان، کۆمپانیاکانی فرۆکەسازی، ئۆتۆمبیل سازی، ئەلەکتریک، ڕاگەیاندن .. هتد پێکهاتوون، کۆمپانیای وا مەزن دروست بوون کە هەر یەک لەم کۆمپانیانە بە تەنیا لە چەند وڵات بە هێزترە.

ئەمڕۆ تەنیا 300 کۆمپانیای مەزن چارەکێکی گشت هێزو ئامرازی بەرهەمهێنانی تەواوی جیهانی لە بەردەستدایە. «15».

ئەگەر کۆمپانیای ژەنەڕاڵ مۆتۆرز وڵاتێک بووایە لە ڕووی ئابوورییەوە بیستەمین وڵاتی جیهان دەبوو. هەروا کۆمپانیای فۆرد لە دوای دانمارک و (ئای . بی . ئێم) دوای تایلاند دەهاتن «16».

بەمجۆرە، ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکداین، دەبینین چۆن کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان Multinational پێش دەوڵەتان و گەلان دەکەونەوەو دەبنە بە هێزترین و گرنگترین هێزی ئابووری جیهان. کە هەر ئەم هێزانەش ڕۆڵی هەرە کاریگەر لە بواری سیاسی – فەرهەنگیدا دەگێڕن. هەر بۆیە یەکێکی وەک (ڕوجەر ئالتمەن) دەڵێ: هیچ وڵاتێک لە هێزەکانی بازاری جیهانی گەورەتر نییە «17».

لە لایەکی ترەوە وڵاتانیش لە چوارچێوەی ڕێکخراوی گەورەی ئابووریدا لێک نزیک دەبنەوە، یان یەکدەگرن. یەکێتی ئەورووپا نموونەی هەرە دیارو کاریگەرە کە لە سەر ئاستی ئابووری نەوەستاوەو ئاستی سیاسیشی گرتۆتەوە. هەروا ڕێکخراوەکانی تری وەک: ڕێکخراوی ئابووریی وڵاتانی ئاسیاو ئۆقیانووسی ئارام، ناسراو بە ئاپێک APEC . ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەکردنی ئابووری OECD، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و تەعریفەی گومرکی GATT «18» و .. هیتر.

ئەمانەش هەموو بە هەنگاوی سەرەتایی لە ڕێگای گەشەکردن بەرەو ئابوورییەکی جیهانی دەژمێردرێن.

لێرەدا ئەگەر وەک نموونەیەکی بچووک، چاو بە ناوەڕۆکی خاڵی یەکێک لەم ڕێککەوتنە ئابوورییانەدا

بخشێنین، گرنگی و ڕۆڵی کاریگەری ئەم ڕێکخراوانەمان لە بواری ئابووری - سیاسیدا بۆ دەردەکەوێت و ڕاستی وتەکانی سەرەوەش باشتر دەسەلمێت.

لەخاڵی چواری، بەشی یەکەمی پڕۆژەی بڕیارنامەیەک بۆ ئیمزاکردنی 29 وڵاتی بەشدار لە ڕێککەوتننامەی MAI دا ، ئامادەکراوە، هاتووە:(داوا لە هەر وڵاتێکی ئەندام کە ئەم بڕیارنامەیەی ئیمزاکردبێ ، دەکرێت، کە تەواوی کەرتە ئابوورییەکانی وەک: سەرچاوە سروشتییەکان، زەوی و زارو بەشی ڕاگەیاندن (ڕادیۆو تەلەڤزیۆنی) خۆی لە بەرامبەر موڵکداریتی کۆمپانیاکانی دەرەوەدا ئاوەڵا بکاتەوەو سەرمایە گوزارانی دەرەوە، وەک خاوەن کۆمپانیاکانی ناوەوە حساب و ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و، هەر نیازمەندییەکی جێبەجێکردن و، بڕیارێک کە گرفت لە بەردەم گەیشتنی سەرمایەگوزاران بە بازاڕ دروست بکات، لەناو ببرێت.-«19».

شایانی باسە وڵاتەکانی ، ئەمەریکا، کەنەدا، فەرەنسا لە ئەندامانی هەرە گرنگی ئەم ڕێککوتننامەیەن.

**٧- بەرزبوونەوەی هەستی نەسیۆنالیستی و ئایینی**

ئەو لەیەکتر نزیکبوونەوەو ڕێککەوتننامانەی لە بواری ئابووریدا لە نێوان کۆمپانیا گەورەکان یان وڵاتاندا ڕوودەدەن. لە بواری ناسیۆنالیستی و ئایینیدا، پێچەوانەکەی، واتا لێکدابڕان و جوداخوازی دەبینین.

هەرچەندە کێشەو گرفتەکانی ناسیۆنالیستی و ئایینی هی سەردەمی گلوبالیزم نین و گەلێک لە مێژینەترن. بەڵام لەگەڵ پڕۆسەی گلوبالیزمدا ڕەوشێکی وا هاتە کایەوە، گەلێک لەو کێشانەی لەژێر گوشاردا کپ کرابوون و دەنگیان لێنەدەهات، بواری نوێیان بۆ خوڵقاو هاتنەوە گۆڕەپانی ململانێ.

لێکهەڵوەشاندنی یەکێتی سۆڤیەت، یۆگوسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، بەم دواییانەش جیاۆی بوونەوەی تیموری ڕۆژهەڵات لە ئەندەنووسیاو سەربەخۆبوونی، نموونەی هەرە بەرچاون. هەروا ئەو ڕەوشەی باشووری کوردستانیش کە دوابەدوای شەڕی دووەمی کەنداوو لە ئەنجامی ڕاپەڕینی بە شکۆی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان هاتە کایەوە. هەر لەناو سیستەمی نوێی جیهانی و پڕۆسەی گلوبالیزمدا هەڵدەسەنگێنرێ .

بەڵام، ئەمە بە تەنیا وڵاتانی جیهانی دووەم و سێیەمی نەگرتۆتەوە، بەڵکو وڵاتە پیشەسازی و پێشکەوتووە گەورەکانی جیهانی یەکەمیش. وەک چۆن دەنگی سەربەخۆیی و جوداخوازی لە: سکۆتلاندو، ویلز، کیبک، باکووری ئیتالیا، کورسیکا، کاتالۆنیاو باسک .. بەرگوێی هەموو لایەک دەکەوێت.

هەروا هەستی ئایینی و بونیاتگەرایی FOUNDAMENTALISM یش بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا پەرەی سەندووە. ئەمەش هەر تەنیا موسڵمانان ناگرێتەوە وەک هەندێک پێیان وایە. بەڵکوو جوولەکە، هیندۆس، بوودایی و مەسیحی ( بەمەسیحییەکانی ئەمەریکاشەوە)، بەڕادەو ڕەوشی جۆراوجۆر دەگرێتەوە. ئەمەش لە سەردەمی گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا شتێکی ئاساییە. چونکە گۆڕانکاریی ئابووری، نوێکاری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و هەموو شت بەرەو گۆڕان و گواستنەوە لە کۆنەوە بۆ نوێ دەبات. لە حاڵێکدا ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە هەڕەشە لەو ئەرزشمەندی، باوەڕ، کولتوورو بیرو بۆچوونە کۆنانەی هێشتا لە بیرو مێشکی خەڵکیدان، دەکەن.

هەروا بەسەرچوونی سەردەمی ئایدیۆلۆژیا سەرتاسەرییەکانیش هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەی خەڵکانێک بۆ ناو (خۆ) کە ئەمەش سەرئەنجام بەشێک لە خەڵکی بەرەو بونیاتگەرایی دەکێشێتەوە.

ئەمانە بە کورتی گرنگترین ئەو ئەنجامانە بوون کە لە گلوبالیزم کەوتنەوە، گلوبالیزم بە خێرایی سەرسوڕهێنەر لە پێشکەوتندایە. بەردەوامیش چ ئێستاو چ لە داهاتوودا ئەنجامی چاوەڕوانکراوو چاوەڕواننەکراوی نوێی لێدەکەوێتەوە.

لەدێرۆکدا دەبینین چۆن وڵاتانی زلهێزو ئیمپراتۆریاکان دەگەنە ئەوپەڕی هێزو دەسەڵاتی خۆیان و پاشان هەرەس دەهێنن و لە نێودەچن و، هیتر جێگایان دەگرێتەوە. تۆ بڵێی ئەمە جارێکی تر ڕوبدات و مێژوو خۆی دووبارەو چەند بارە بکاتەوە؟

من پێم وایە کە نە لە ئێستاو نە لە داهاتووشدا هیچ سیستەمێکی ئەبەدی و هەتاهەتایی پەیدا نابێت و هەتا مرۆڤایەتی هەبێت چ وەک کۆمەڵگاو چ وەک سیستەم هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندا دەبێت و هەرگیز لە قاڵبێکی دیاریکراودا سەقامگیر نابێت.

ئازادی و خواستە ڕەواکانی مرۆڤایەتیش سنووریان نییەو لەگەڵ پێشکەوتن و بەسەرچوونی (زەمان) دا ئەم ئازادی و خواستانەش واتاو چەمکی نوێتر پەیدا دەکەن. کۆشش و خەباتیش هەمیشە بۆ ئامانجی نوێ بەردەوام دەبێت.

هەربۆیە گلوبالیزمیش تەمەنی ئەبەدی بۆ نەنووسراوەو گۆڕانی بەسەردا دێت و تەنانەت

کۆتاییشی پێدێت. بەڵام کەی وچۆن! ئەمەیان جێگای تێڕامانەو مرۆڤ ئەستەمە و تەنانەت مەحالیشە وەڵامی بێگرێ و کۆنکرێت بداتەوە. چونکە ئێمە باس لە داهاتوو دەکەین، لە باسکردنی داهاتووشدا ئەو ڕووداوانە لێکدەدرێنەوە کە هێشتا لە دایکنەبوون و لێرەشدایە کە هەموو ئەگەرەکان جێگایان دەبێتەوە.

دیارە لەسەر ئاستی جیهانیش، لە لایەن زانایان و لێکۆڵەرەوانەوە ڕاوبۆچوون و هەڵسەنگاندن و پێشبینی جۆراوجۆر سەبارەت بە گلوبالیزم و ڕەوشی ئێستای جیهان و داهاتووی لە ئارادان.

یەکێکی وەک فرانسیس فۆکۆیاما (کۆتایی مێژوو) ڕادەگەیەنێت. لێرەدا بۆ بۆچوونەکانی مارکس و هیگڵ دەگەڕێتەوە. ئەمانە هەردوو لەوباوەڕەدابوون ، هەر کات مرۆڤایەتی بگاتە شێوازی کۆمەڵگایەک کە دەستی بە پێویستییە بناغەیی و سەرەکییەکانی خۆی بگات. مێژوو کۆتایی پێدێت. کە بە لای مارکسەوە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و بە لای هیگلیشەوە دەوڵەتی لیبراڵە. دیارە لێرەداو بە پێی بۆچوونەکەی فۆکۆیاما پێشبینییەکەی هیگڵە هاتۆتە دی.

هیگل پێی وایە، مێژوو ئامانجی خۆی هەیە، هەر کات ئەو ئامانجە بەدیبێت،کۆتایی پێدێت.-«20».

هەروا فۆکۆیاما لەو باوەڕەدایە کە فەرهەنگی ڕۆژئاوا فەرهەنگێکی زاڵەو ئەو فەرهەنگە جیهان بەرەو لیبراڵ – دیموکراسی دەبات و تەواوی ئایدیۆلۆژیاو کێشەو ململانێکان کۆتاییان پێهاتووە. ئەو دەڵێت:«سەرمایەداری هاوچەرخ کە پێچکەکانی تەکنەلۆژیا دەیبزوێنێ، کۆمەڵگای خۆشگوزەرانی ئابووری بەدیدێنێت، کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی سیستەمی لیبرالی لە باوەشیدا گەشە دەکات و مافەکانی سەرتاپای مرۆڤایەتی تیایدا یەکسان دەبێت. «21».

بەڵام هەندێکی تر پێچەوانەی فۆکۆیاما بیردەکەنەوە. ژان بودیار نەک هەر باوەڕی بە کۆتایی مێژوو نییە، بەڵکو پێی وایە کە مێژوو دووبارە زیندوو بۆتەوە. ئەو لەو باوەڕەدا نییە کە مرۆڤایەتی وەکو فۆکۆیاما پێی وایە لە سەردەمی کۆتایی مێژوودا بە تەواوی نیازمەندییەکانی خۆی گەیشتووە! بەڵکو ئەو تەنانەت چەندان نیشانەی پرسیار لە بەرامبەر چەمکی ئازادیدا ، دادەنێت و دەڵێت: «ئەگەر لە ڕۆژهەڵات ئازادی ترۆر کرابێ، لە ڕۆژئاوا بە مەرگی سروشتی خۆی مردووە» «22». یان دەڵێت: «ئەگەر ڕۆژهەڵات بەفرگرێکی گەورە بێت کە ئازادی تێیدا سەهۆڵی بەستووە، ئەوە ڕۆژئاوا لە سەرانگویلکێک بەولاوە شتێکی تر نییە کە ئازادی و مافی مرۆڤی تێدا نێژراوە» «23».

یان ساموێل هانتنگتۆن، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی (هاروارد)ی ئەمەریکا لە ساڵی 1993دا گەیشتە ئەو بڕوایە کە جەنگی داهاتووی مرۆڤایەتی جەنگی شارستانییەکان دەبێت. ئەو پێی وایە لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕۆڵی فەرهەنگی لە سیستەمی نوێی جیهاندا، جیهان بەرەو سەردەمی ململانێی شارستانییەکان یان ململانێی فەرهەنگەکان دەچێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کە گەلان ئیتر ناسنامەی خۆیان لە ئینتمای ئایدیۆلۆژیانەوە بە دەست ناخەن، وەک ئەوەی لە سەردەمی شەڕی ساردا ڕوویداوە، بەڵکو لە میرات و کەلەپووری فەرهەنگییەوە. کەواتە، ئەو ململانێیانەی لە داهاتوودا ڕوودەدەن بە پێی بۆچوونەکەی هانتنگتۆن، نەک لە نێوان فاشیزم ، سۆسیالیزم، دیموکراسی و ئایدیۆلۆژییەکانی تردا بەڵکو لە نێوان کۆمەڵگا فەرهەنگییە گەورەکانی وەک: ڕۆژئاوا، کۆنفشیۆسی، ژاپۆنی، هیندۆسی .. دا دەبێت.

دەگوترێ سەرەتا بڕیار بووە هانتگتۆن بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆی لە بەردەستی (پینتاگۆن) دابنێت، بە مەبەستی کۆمەک بە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەو بەرگری ئەمەریکا. بەڵام پاشان لەبەر کۆمەڵێک هۆ! ئاشکرا کرا. «24».

هانتگتۆن لەوێدا پێشنیاز بۆ ئەمەریکا دەکات کە لە جیاتی ئەوەی هەوڵبدات فەرهەنگی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ، پێویستە هەوڵبدات لە ماڵی خۆیدا ئەوبەهێز بکات.

کەسانی واش هەن کە پێیان وایە نە جیهانی یەک تەوەری و نە چەند تەوەری بەدینایەت. لەوانە(خوان ئەرشیبالدو لانوس) خاوەنی کتێبی (جیهانێکی بێ سیما) کە دەڵێت: «ئێمە بەرەو جیهانێکی بێ نێوەند دەچین کە دەسەڵاتی هیچ ئیمپراتۆریایەکی بەسەرەوە نابێت ..» «25».

ئەمانەو گەلێک لێکدانەوەو بۆچوونی تر لەسەر ئاستی فەلسەفی – دیرۆکی. بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی – ئایدیۆلۆژیش بیرو بۆچوونی جوێ هەن و وەک هەر پرۆسەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی لایەنگرو بەرهەڵستکاری خۆی هەیە. لێرەدا هەر کەس لە گۆڕ بەرژەوەندی خۆی جا چ وەک تاک یان کۆمەڵ، یانیش هێزی دەسەڵاتدار گلوبالیزم هەڵدەسەنگێنێت.

بەڵام ئەگەرچی ناکۆکییەکی قوڵ لە نێوان بەرهەڵستکاران و لایەنگرانی ئەم پرۆسەیەدا هەیە، ئەمجاریش هەردوولا لەمەدا دەگەنە یەک، کە پرۆسەی گلوبالیزم بەویەری خێرایی خۆیەوە بەرەوپێش دەچێت و تەواوی کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەک لەدوای یەک ڕادەماڵێ و ئەمڕۆ لە توانای هیچ هێزێکی بەرهەڵستکاردا نییە نەک هەر ڕایبگرێت، بەڵکو لە

خێراییەکەیشی کەم بکاتەوە. هەر بۆیەشە ڕۆژ بەڕۆژ لە هێزی بەرەی بەرهەڵستکاران کەم دەبێتەوەو وەک ملکەچکردن بۆ واقیعێکی حەتمی هەوڵدەدرێت تا ئەو جێیەی لە تواناادا بێت بە باشترین شێوەو بە کەمترین زیان، هاتنە ناو پرۆسەکەو خۆگونجاندن لە گەڵیدا سەربگرێت.

نموونەیەکی شیاوی سەرنج لەم بارەیەوە وڵاتی مەکسیکە. مەکسیک یەک لەو وڵاتانە بووە کە هەمیشە خۆی لە ئابووریی ئەمەریکا دوورەپەرێز گرتووەو بە مەرجی قورسەوە بەڕێوەبەران و سەرمایەی ئەمەریکای خستۆتەکار. بەڵام سیستەمی گلوبالیزم نەک هەر مەکسیکی نەرم کرد، بەڵکو ئێستا وای لێهاتووە، سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە بە نهێنی دەدرکێنێ کە لە دڵەوە دەخوازێ مەکسیک ببێتە بەشێک لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا. «26».

هەروا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەتوانین نموونەی ئێران بهێنینەوە، کە زۆر بەبێ دەنگی و هوشیارییەوە خۆ لە پرۆسەکە نزیک دەکاتەوەو سەرەتای ئەم خۆ نزیککردنەوەیەش لە گفتوگۆو دیالۆگێکی فراوان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانداو بانگکردنەوەی ڕۆشنبیران و پسپۆڕان لە دەرەوە بە تایبەتی ئەمەریکا بۆ سەردانی ئێران و راگۆڕینەوە لە گەڵیاندا، خۆ دەنوێنێ. بانگەوازەکەی خاتەمییش: دیالۆگی شارستانییەکان، هەر لەم چوارچێوەیەدا هەڵدەسەنگێنرێت. لێرەدا پرسیارێک بۆ ئێمەی کوردیش دێتە پێشەوە: گەلۆ ئایا ئێمەی کورد لە دنیای گلوبالیزمدا جێگایەکمان هەیە؟ ئایا دەشێ و پێویستە ئێمەش لە گۆڕ بەرژەوەندیی خۆمان لەم پرۆسەیە نزیک ببینەوەو ڕەفتاری لە گەڵدا بکەین؟ یان ئێمەی بێدەوڵەت و بێ دامودەزگا وەک چڵەپووشێک خۆمان بە ڕووباری بە خوڕی گلوبالیزمدا بدەین و چاوەڕێ بین داخوا چارەنووس، یان ڕێککەوت، یان هەر شتێکی تری دەرەوەی ویست و ئارەزووو بەرژەوەندیمان بە جێگایەکماندا بدات و بگیرسێینەوە!

ڕەنگە هەموو لەو باوەڕەدا بین کە گلوبالیزم چ گوێی بەوە نەداوە داخوا کوردو غەیری کورد لایەنگری دەکات یان ناو پەکیشی پێنەکەوتووە. بەڵام ئایا پێویست نییە ئێمەش لەم سەدەی بیستویەکەمەدا چوارچێوەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعێکدا کە هەموو جیهان و هەموو شتێکی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە ببینینەوە؟ کە گرنگیش هەر ئەو (مامەڵەکردن)ەیە نەک لایەنگیری و بەرهەڵستکاری.

پێویستە لێکدانەوەی پرۆسەی گلوبالیزم لە ڕووی فەلسەفی - دیرۆکییەوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنێک کە پەیوەندیدارە بە ڕەوشێکی سیاسی لە قۆناغێکی دیاریکراوی وەک ڕەوشی سیاسی نەتەوەی کورد لە قۆناغی ئێستاکەیدا، تێکەڵ نەکرێت.

من! بەش بەحاڵی خۆم، هەرگیز باوەڕم بەوە نییە لە توانای سیستەمی سەرمایەداری و گلوبالیزمەکەیدا بێت ئەو بەهەشتە بەرینە بۆ مرۆڤایەتی بەدیبهێنێت کە فۆکۆیاما مژدەیمان دەداتێ.

هەروا ئاشکراشە کە لە ناو فەرهەنگی گلوبالیزمدا هیچ کام لە چەمک و خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤایەتی وەک: شەرەف، ڕەوشت، خۆشەویستی، بەزەیی، هەستی هاودەردی .. هیچ واتایەکیان نییەو بۆ سەرمایەدار مافی بەدەستهێنانی قازانج ! لە سەر هەموو مافێکەوەیەو هەموو شتێک دەبێ لە پێناوی ئەودا بێت.

هەروا تەکنەلۆژیاو ئەو سیستەمەش کە بە پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەو تەکنەلۆژیایە بەدیدێت شمشێرێکی دوو لایەیە هەم چاک دەبڕێت و هەم خراپ. بەڵام ئیتر ئەوە لە لایەکەوە ئەرکی سەرشانی گشت مرۆڤایەتییە کە کۆشش و خەباتی بێ پسانەوە بۆ تیژکردنی هەرچی زۆرتری لایە باشەکەی ئەم شمشێرەو کولکردنی لایە خراپەکەی، بکەن. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئێمەی کورد، قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجانەوچوونە ژوورەوە لەو دەرگایانەوە کە تا ئێستا لە لایەن ڕژێمە ملهوڕەکانەوە لەسەر ئێمە داخراون و ئێستا بەرژەوەندی سیستەمی گلوبالیزم و ئابووری ئازاد وا دەخوازن کە بکرێنەوە.

بەڵام ئەگەر گلوبالیزم، وەک باسمانکرد ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتان بەسەر ئابووریی بازاری وڵاتەکەیانداو ئەویش بە ڕۆڵی خۆی ببێتە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسییان. ئەگەر گلوبالیزم سنوور نەناسێت و لە واتای دوو چەمکی (ناوەوەو دەرەوە)دا گۆڕانکاری بەدیبهێنێت و ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی (لیبرال - دیموکراسی) ڕۆژ بەڕۆژ خۆی زۆرتر بسەپێنێت و ئەستێرەی دیکتاتۆرەکان بەرەو کوژاندنەوەی یەکجاری بچێت و .. هتد. ئەوە درووست بە واتای شکاندن و لەناوبردنی ئەو چەکانەیە کە ساڵەهای ساڵە داگیرکەران کوردی پێدەتوێننەوە. ئەمانە نەک هەر زیانی کورد نین، بەڵکو ئەگەر بۆ خۆمان بە جیدی خەمخۆری خۆمان بین و بزانین چی دەکەین، دەرفەتی مێژوویین.

بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیەدا عەقڵێکی نوێی دەوێت و شکاندن و هاتنەدەرەوەی ناو ئەو سەدەفانە دەخوازێت کە بە چوار دەوری خۆماندا کێشاوەو تەنیا لە کونێکەوە جیهانی پێدەبینین.

ئەمڕۆ! چەمکەکانی وەک: دۆست و دوژمن، شەڕو ئاشتی، خەبات، ئایدیۆلۆژیا، چەپ و ڕاست، دەوڵەت، سەربەخۆیی، فەرهەنگی نەتەوەیی، سنوور، هەروا چەمکەکانی تری وەک: ئازایەتی، شۆڕشگێریی و.. گەلێکی تریش پێداچوونەوەی وردیان گەرەکە. ئەمەش کاری تاکە کەس یان تەنانەت گرویش نییە. بەڵکو

کارولێکۆڵینەوەو گفتوگۆی هەمە لایەنەی پێویستە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

١- گلوبالیزم Globalization بە واتای یەکپارچەبوونی جیهان، جیهانیبوون، جیهانگیر. ئەمەش لە لە Global ەوە هاتووە، کە بەواتای زەمین، یان جیهان دێت.

٢- یەکەمین کەسێک کە ئەم چەمکەی بە کارهێنا (جۆرج بوش) ی سەرەککۆماری پێشینی ئەمەریکا بوو. بەلام نە ئەو کاتەو نە پاشانیش ڕوونی نەکردەوە ئەو سیستەمە نوێیە چییە! ئەو کاتێک ئەمەی گوت یەکێتی سۆڤیەت هەرەسی هێنابوو، بۆیە ئەوانەی لێکدانەوەی ئەم چەمکەیان وەئەستۆ گرت وایان لێکدایەوە کە جیهان بۆتە یەک تەوەرەو ئەمەریکا تاکە زلهێزی ڕەهایەو بەرپرسیاری ڕێکوپێکی جیهانی لە ئەستۆیە.

٣- پاش مۆدێرنیزم Postmodernizem جۆرە ڕێبازێکی فەلسەفییانەیە کە لە ئەنجامی مامەڵەکردن لە گەڵ واقیعە کۆمەلایەتی و مێژووییەکاندا پەیدابووەو لە چوارچێوەو سنوورێکی تا ڕادەیەک دیاریکراودایەو هیچ هێزێکی دەسەلاتداریتیشی لە ڕۆژئاوادا نییە. پاش مۆدێرنیزم، بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبییەو پاشان بوارەکانی ئابووری، کۆمەلایەتیشی گرتەوە.

تیۆری پاش مۆدێرنیزم، شتێکی ئەوتۆ نییە کە هەموو لایەنەکانی ڕوون و ئاشکرابن و تیۆریستێنەکانی و ئەوانەی لە پەیدابوونیدا ڕۆڵیان هەبووە لەسەری کۆک بن.

بەلام گرنگترین لایەن لەباوەڕی پاش مۆدێرنیستەکاندا، دژایەتی و باوەڕنەهێنان بە فەلسەفەی مێژوویە. واتە ئەوان باوەڕیان بەوە نییە کە مێژوو لە فلان کاتەوە دەستی پێکردووە بە شێوەیەکی ڕەهاش لە کاتێکی دیاریکراودا کۆتایی پێدێت. لەوانەی کە ڕۆڵی هەرە بەرچاویان لە تیۆری پاش مۆدێرنیزمدا نیشانداوە: میشێل فۆکۆ، ژان لیوتار، ژان بودیار، ژاک دەریدا و ... هیتر.

٤- ماکلوهان یەکەمجار لە کۆتایی پەنجاکاندا ئەم چەمکەی لە کتێبێکی خۆیدا: Marshal Mcluhan (Boston Beacon press.1960) Explorations in communication. بەکارهێنا. هەروا پاشان بنچینە تیۆرییەکانی ئەم چەمکەی لە شەستەکاندا لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: Mcluhan, understanding Midia: The Extensions of Man _ London Routledge 1969. بلاوکردەوە. بڕوانە: العولمه والثقافه القومیه، الیات الهیمنه والمقاومه، صبری الحافظ - الابداع، العدد الثانی والسادس مارس ١٩٩٩

٥- عالم ماک - المواجهه بین التاقلم والعولمه. بنجامین باربر س ٣٤ ترجمه احمد محمود ١٩٩٨

٦- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٧

٧- نهایه التاریخ ام نهایه الجغوافیا. پول فیریایو. ت. کامیلیا صبحی. الابداع العدد الثامن اب ١٩٩٨

٨- ارا به ضد بشری - حمید حمیدزاده. مجله ادینه ١٢٤-/ 85

9- نوکرایی، پست مدرنیسم فرهنگ در عصر انفجارات اطلاعات در گفتوگو با دکتر رسول نفیسی - فکر نو، سال اول - شماره اول دی ماه ١٣٧٧

١٠- سەرچاوەی (٥) لاپەڕە ١٣٠

١١- AANPassing onderdruk _ wil Hot en monika sie phian

BLZ_16.

12- مستقبل الراسمالیه - لستر تورو، ترجمه عزیز سباهی ١٩٩٨ ص ١٥٤

١٣- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٤١

١٤- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە سەرچاوەی (٥) لاپەڕە ١٤٠

١٥- دەوڵەت - ملت دریایان راه؟ دیڤید مک نلی. فرهنگ توسعه شماره سیویکم ص١١

١٦- هەمان سەرچاوە

١٧- حول العولمه واثارها. مقابله مع جعفر عبدالغنی. الثقافه الجدیده ٢٨١ ادار - نیسان ١٩٩٨

١٨- ڕێکخراوی GATT شتێکی نوێ نییە. بەڵکو لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان بە دەستپێشخەری ئەمەریکاو ڕۆژئاوا دامەزرا. بەلام لەبەر ئەو کۆسپانەی شەڕی سارد درووستی کردبوون ئەم ڕێکخراوە هێندە چالاک نەبوو. کەچی ئێستا ولاتێکی وەکو چین لەوپەڕی هەوڵداندایە تا لەم ڕێکخراوەیەدا وەربگیرێت، ئەمەش یەکێکە لەو ناکۆکییانەی لە گلوبالیزمدا جێگایان دەبێتەوە.

١٩- سەرچاوەی (٧).

٢٠- فی نهایه التاریخ وصراع الحضارات. عبدالوهاب المسیری. القاهره یولیو ١٩٩٧ ص ٧٨

٢١- الثقه. حول الوضع الانسانی فی عصر نهایه التاریخ - فرانسیس فۆکۆیاما. ترجمه معین الامام - د. یجاب الامام ١٩٩٨ ص٩

٢٢- اب شدن یخها در شرق. نوشته ژان بودیار. ترجمه مراد فرهادپور -راه نو- سال اول. شماره ١١ تیرماه ١٣٧٧

٢٣- هەمان سەرچاوە.

٢٤- هانتنگتون: تفسیر عقیده دادەام. محسن قانع بصیری. فکر نو دی ماه ١٣٧٧

٢٥- البیان العالمی للقرن الواحد والعشرین. خوان ارشیبالدو لانوس، ت. کامیلیا صبحی. الابداع. العدد ١١ نوفمبر ١٩٩٨

٢٦- ساموئیل هانتنگتون دەگێڕێتەوە کە لە دیدارێکی لەگەڵ سەرەککۆماری مەکسیکدا ئەمەی لێبیستووە. بەلام لێرەدا دیار نییە چ کاتێک ئەمە بووەو مەبەستیشی کام سەرەککۆمارەی مەکسیکە. بڕوانە العولمه ولثقافه القومیه، الیات الهیمنه والمقاومه. صبری الحافظ.الابداع. العدد الثانی والسادس مارس ١٩٩٩

مەهاباد کوردی

# کوردیش پێ دەنێتە ساڵی ۲۰۰۰ ؟!

ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە کارەسات و شەڕ و نەهامەتی و برسێتی و نەداری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و زۆرداری و چەوسانەوە و کەڵەگاییکردنی زلهێزانی دنیا و زۆر کارەساتی گورچکبڕی تریش. لە سەدەی ئینتەرنێت و دیگیتاڵ و ساتیلایت و نازانم چی و چی دیکەش، هێشتا مرۆڤ دووچاری ڕاوەدوونان و زوڵم و کوشتن و بڕین و نەخۆشی و برسێتی و گەلێ دەرد و کەسەری بە ئازار و خەماوی دیکە دەبێتەوە. تا ئێستا بە دەیان کێشە و مەسەلەی جیا جیا، کە چارەنووسی سەرجەم مرۆڤایەتی و جیهانیان پێوە بەندە، چارەسەر نەکراون و هەر وا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ هەر لە سەدەی بیستەمدا زۆر لە گەلانی ئازادیخوازی دنیا بە ئازادیی خۆیان شاد بوون و دەوڵەتی نەتەوەییان بۆ خۆیان دامەزراند. هەندێ لەو دەوڵەتانە ژمارەی دانیشتوانیان بەیەکەوە لە ژمارەی دانیشتوانی شارێکی کوردستانیش تێپەڕ ناکەن(۱). تیموورییەکانی ڕۆژهەڵات دوایین گەلی ئەم سەدەیە بوون کە لە ڕیفراندۆمێکدا داگیرکاریی ئەندۆنیسیایان ڕەتکردەوە و، دەنگیشیان بۆ وڵاتێکی ئازاد دا(۲). زۆر لە میللەتانی تری دنیاش لەسەر خەباتی خۆیان بەردەوامن و بە هیچ شێوەیەکیش دەستبەرداری داواکارییەکانی خۆیان نەبوون و نابن. بە مانایەکی دیکە پێ لەسەر ئازادیی وڵاتەکانیان دادەگرن و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیان دەوێت. شتێ لەمە کەمتر دەدەنە دواوە و پێی قایل نابن. لەم بوارەدا پێویستمان بەوە نابێت نموونەی جۆراوجۆر بێنینەوە، چونکە تەواوی مەسەلەکان ڕوون و ئاشکران.

ئەگەر سەدەی بیستەم بۆ زۆر لە گەلانی جیهان بە سەدەی ئازادی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و کرینەوەی شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیی و شەکانەوەی ئاڵای وڵات و ڕێزگرتن لە مافە بنچینییەکانی مرۆڤ و پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی دابنرێت، ئەوا هەر هەمان سەدەی ناوبراو بۆ هەندێ لە گەلانی دیکە بە مانای خوێن و فرمێسک و ئەتککردنی نەتەوە و کۆچ و کۆڕەو و کیمیاباران و سووتماککرنی خاک و وێرانکردنی زێد و هەوار دێت. سەدەی بیستەم کە مژدەی هەنگوینئاسای بە هەندێ لە میللەتان بەخشی، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ گەلانێکی دیکە لە چەشنی ژەهری مار بوو. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دڵدانەوە و دڵخۆشکردنیش چ دادێکی مرۆڤ نادەن. لە بارێکی وەهاشدا ڕەنگە تەنیا وردبوونەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکان و پەند وەرگرتن لە هەڵە و شاشییەکان سوودێک بە مرۆڤ ببەخشن.

گەلی چەوساوەی کورد، کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەمدا ژیان بەسەر دەبات، لە گەلێ ڕووەوە، ناکرێ لەگەڵ گەلانی دیکەی دنیادا بەراورد بکرێ یان بەیەک بچوێندرێن. هەمووشمان دەزانین تاکە هۆی سەرەکیی ئەم کارە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی نەتەوەیی سەربەخۆ و یەکگرتووە. دەوڵەت دەزگایەکی زامنکەرە بۆ هەر نەتەوەیەک کە بیەوێت پێش بکەوێت یان لە کاروانی میللەتانی تری جیهان دوا نەکەوێت و دانەبڕێت. مەحاڵە بەبێ هەبوونی دەوڵەت کارێکی وا بە ئاسانی ئەنجام بدرێت.

گەلی کورد هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیە و تا ئامادەکردنی ئەم بابەتەش لەناو شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتدا بووە. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵە چەوساوەکانی کوردستان دەیان شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری و سەرهەڵدانی جەماوەرییان بەرپاکردووە. جاری وا بووە تەنیا بزاڤ یا

شۆڕشێکی چەکداری بۆ ماوەی ١٤ ساڵ بێ پسانەوە درێژەی کێشاوە. هەردوو بزووتنەوە چەکدارییەکەی ١١ی ئەیلوول و ١٥ی تەباخ"ئاب"، لە باشوور و باکووری وڵات، دوو نموونەی بەرچاو و دیارن لە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی گەلی کوردماندا. سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و هەڵەیەکیش هەردوو بزاڤی چەکداریی ناوبراو ڕۆڵێکی باشیان لە وشیارکردنەوەی نەتەوەی کورددا بینیوە.

بە خراپی نازانم گەر لێرەدا ئاوڕێکی خێرا لە ڕەوشی سیاسیی ئەمڕۆی گەلی کوردمان بدەینەوە و، تیشکێک بخەینە سەر دوا ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردستان. ئێمە دەبێ بە چ شێوەیەک خۆمان بۆ سەدەی داهاتوو و هەزارەی سێیەمی زایین ئامادە کردبێ؟! من پێم وایە ئەرکی سەرشانی هەر ئەندامێکی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیەیە کە پرسیارێکی وەها لە خۆی بکات و بە دوای وەرامەکەیشیدا بگەڕێت. ئەوی ڕاستی بێ، ئێمەی چەند جار نیشتمان و میللەت لەتوکوتکراو، پێویستە ڕۆژانە خۆمان لە بەرامبەر پرسیارێکی وەهادا ببینینەوە و لە گەڕان بە دوای بەرسڤیشدا بێزار و وەڕس نەبین.

ئاشکرایە کە لە سەدەی بیستەمدا زۆر هەل و دەرفەت بۆ کورد هەڵکەوتوون، ئەگەر زیرەکانە بقۆزرابانەوە، ئێستا کوردیش وەک گەلانی دیکەی دنیا خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ دەبوو و، لە کاروانی دەوڵەتان و میللەتانی دنیاش دوا نەدەکەوت. هەر کەسێ چاوێک بە دیرۆکی کورددا بخشێنێت ڕاستیی ئەم مەسەلەیەی بۆ دەردەکەوێت. لەوانەیە کورد تاکە نەتەوەی گەورە و گرانی جیهان بێت کە نەتوانێت بە گوێرەی پێویست مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و هەل و دەرفەت و پێشهاتەکاندا بکات و، لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیشیدا بەکاریان بێنێت. لەم بوارەدا بە دەیان نموونە هەن کە لای زۆربەمان ڕوون و ئاشکران. دیارە لەکیسدانی هەل و دەرفەت و نەقۆستنەوەیان بە یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی سەرنەکەوتن و پێشنەکەوتنی نەتەوەیەک دەژمێردرێت. کاتێکیش ئەمە پەیوەندی بە گەل و خاکێکی پارچە پارچەکراوەوە هەبێت، ئەوا بایەخی مەسەلەکە هەتا بڵێی گرنگ و هێژا و بڕیاردەر دەبێت. کەواتە بەر لەوەی یەخەی داگیرکەران و دابەشکەرانی کوردستان بگرین، دەبێ خۆمان سەرکۆنە بکەین و لە خۆشمان بپرسین: داخوا توانیومانە کەسایەتییەکی یاسایی و سیاسیی نێونەتەوەیی بۆ خۆمان پەیدا بکەین یان نا؟!

لە پاش داگیرکردنەکەی کوێت لە لایەن عێراق و ڕاپەڕینە بەشکۆکەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لە باشووری وڵات و کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمان و گەڕانەوە و هەڵبژاردن و هەبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا، گەلی کورد هەرنا لە بەشێکی کوردستاندا دەیتوانی گەلێ کاری کاریگەر لە پێناو بە ڕەسمی ناسینی دۆزە ڕەواکەی خۆیدا ئەنجام بدات. ڕاست بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات، لە جیاتی بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و خاکی کوردستان، کەوتنە گیانی یەکتر و خۆبەهێزکردن و خەڵک بۆ خۆ پەیداکردن و دەم چەورکردن و هێنانی دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ کوردستان و لە دەستدانی شەرعیەتی پەرلەمان و ئەنجامە هەر پیس و خراپەکەشی بە شەڕی نێوخۆیی و کوردکوشتن و دابەشکردنی سەرلەنوێی ئەو پارچەیەی کوردستان کۆتایی هات. هەڵبەت جەماوەری بەشەرەف و چەند جار ڕەنێنراو و ڕاوەدوونراوی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کاری خراپەکاران و نیشتمانفرۆشاندا نەبوون و نابن. خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمان و سەرانسەری کوردستانیش، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، ناڕەزایی خۆیان لە هەمبەر شەڕی خۆکوژی و کوردکوژی و کوردستان هەڕاجکردن دەربڕیوە. دیارە هەر ڕۆڵە چەوساوەکانی گەلی کوردیشن باجی ئەم شەڕانە و حیسابی چەوت و هەڵەی سەرانی کورد دەدەن. ئەم هەل و دەرفەتەی کە چەند ساڵە بۆ کوردی باشوور هەڵکەوتووە، ئەگەر بۆ هەر گەلێکی ئازادیخوازی دیکەی دنیا هەڵکەوتبا، دڵنیام ئەمڕۆ خاوەن دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆ دەبوو. بێگومان لەم بوارەدا مرۆڤ دەبێ یەخەی سەرانی کورد و حیزبە سیاسییەکانی ئەوڕۆی کوردستان بگرێ نەک هی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی لەبیرکراو.

تۆ بڵێی کارەساتە جەرگبڕ و بەدناوەکانی وەکو هەڵەبجە و ئەنفال و بادینان و زۆری دیکەش کارێکی وایان لە سەرانی کوردی ئەو بەشەی نیشتمان نەکردبێ تا سەرلەنوێ بە حیسابە کۆنەکانیاندا بچنەوە و، تەگبیرێکیش لە چارەنووسی نادیاری خاک و نەتەوەکەیان بکەن؟! داخوا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا سەرانی کورد چ هیوا و هومێدێک بە گەلەکەیان دەبەخشن؟ جێگای داخە، بە پێچەوانەی ئەمانە، تازە بە تازە چەمکی خێڵایەتی لە بەر حیزب دەکرێ و(٣) لەسەر مەسەلەی کورسی و دەسەڵاتیش خودی کورد و کوردستانیش لەبیر دەکرێن(٤).

هەر لەم سەدەیەدا غەدرێکی گەورە لە کورد کرا. بە ڕای من ڕفاندنی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەر لەوەی لێدانێک بێ لە ڕێکخراوێکی دیاریکراویی کورد، لێدانێکی زەبروەشێن بوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بە گشتی و، لە پ.ک.ک و باکووری کوردستان بە تایبەتی. لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسەدا ساڵێک بەسەر هاتنە ئەورووپای ئۆجەلان تێپەڕیوە و، ئاکامە خراپ و زیانبەخشەکانی خودی پرۆسەکەش وا لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بە ئاسانی هەستیان پێ دەکرێ و ئاشکرا دەبن. گرتنەکەی ئۆجەلان کە دەکرا بە جۆرێکی دیکە گوڕ و تین بە خودی پ.ک.ک و خەباتی سیاسی و چەکداریی ئەو پارچەیەی کوردستان بدات، زۆر بە داخەوە بە پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەی چاودێرە سیاسییەکان شتێکی وای لەگەڵ خۆی هێنا کە کەم کەس چاوەڕوانییان دەکرد. ئەوەتا نووسەرێکی سویدی دەڵێت: عەبدوڵلا ئۆجەلان تەواوی دنیای تووشی ڕاچڵەکان و سەرسوڕمان کرد، کاتێ کە دانی بەوەدا نا خەون بینین بە دەوڵەتێکی کوردی، شتێکی ناڕاست و ناواقیعییانە بوو(٥). لە دەستپێکی نەوەدەکاندا پ.ک.ک و سەرکردایەتیی پ.ک.ک باسیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دەکرد و ساڵی دوو هەزاریشیان بە خاڵی پێکهێنان و بەرقەراربوونی ئەم دەوڵەتە دادەنا(٦). دیارە لە کاتی ئێستادا کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەمداین، سەرکردایەتیی پ.ک.ک نەک هەر باسی دەوڵەتی کوردی ناکات، بگرە باس لە شتێکی ناڕوون و نادیار دەکات، کە نە سەری دیارە و نە بن!! من وەک کوردێک لە ئاست ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم دواییانەی سەرووی کوردستان ئەوەندە گەشبین نیم و بە هەموو هێز و تواناشمەوە ئەم هاوارەم بە تەواوی ئەندامانی نەتەوەکەم ڕادەگەیەنم.

بە پێچەوانەی باکوور و باشوور لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا جۆرە کش و ماتی و بێدەنگییەک باڵیان بەسەر ڕەوشی سیاسیی گەلی کورددا کێشاوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوە چەندین ساڵە، لە ژێر هەر ناوێک بێ، گوایا خەباتی چەکداری ملی بۆ خەباتی سیاسی شۆڕ کردووە و، ڕۆژ ڕۆژی کاری دیپلۆماسی و لێکحاڵیبوون و پێکەوە هەڵکردنە. هیواداریین وا بێ؟!

لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سوریای داگیرکەر کە پ.ک.ک ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری تێدا هەبوو، دوای ڕفاندنی ئۆجەلان، بمانەوێ و نەمانەوێ ڕەوشی سیاسی و دەروونیی دانیشتوانی ئەو بەشەی نیشتمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دێت. ئەگەر کۆنکرێتتر قسە بکەین: لە ڕۆژی ئەمڕۆدا جۆرێک لە بێهیوایی بەسەر تەواوی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا زاڵە.

کەی کە کورد بووە خاوەن یەک ئاخاوتن (دیسکورس)ی سیاسی، تەنیا ئەوکات دەتوانێ ڕووبەڕووی گشت دنیا و داگیرکەران بوەستێ و، داوای دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆش بکات. لە بارێکی وەهاشدا مەحاڵە دنیا بتوانێ لە ئاست داواکارییەکانی کورددا گوێی خۆی کەڕ کات!

**پەراوێزەکان:**

(١) ناورو Nauru و تۆنگا Tonga و کیریباتی Kiribati کە هەر سێکیان لە دەریای باشوور دەکەون، بەیەکەوە ژمارەی دانیشتوانیان ١٩٠,٠٠٠ کەس دەبێت. هەر سێ دەوڵەت لە ناوەڕاستی مانگی سێپتێمبەردا بوون بە ئەندامی ژمارە ١٨٦ و ١٨٧ و ١٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان. بڕوانە: ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سویدی: Metro, 3-9-99.

(٢) تیموری ڕۆژهەڵات: بریتییە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەی تیموور. ڕووبەرەکەی ١٤,٨٧٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانیشی ٨١٠,٠٠٠ کەسە(١٩٩٤). بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە سەرچاوەی سویدی: Nationalencyklopedin, multimedia, Bokförlaget Bra Böcker AB, publicerad oktober 1998 för Macintosh, CD skiva.

(٣) بڕوانە ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاة، 1999/10/26.

(٤) بڕوانە ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسط، 1999/11/28.

(٥) بڕوانە ڕۆژنامەی سویدی: Avisen, lördag 13 november 1999, Dödsdom ger en möjlighet till fred, Folke Straube, sid 7.

(٦) عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەم قسەیەی بە خودی نووسەری ئەم چەند دێڕانە گوتووە. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: هەنگاوی یەکەم لێرەوە دەستی پێکرد - گەشتێک بۆ ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان، وێنە و تێکست: مەهاباد کوردی، وەشانخانەی ڕەوشەن ١٩٩٢، هەڤپەیڤین لەگەڵ سکرتێری گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بەڕێز هەڤاڵ عەبدوڵلا ئۆجەلان، ل ٨٧.

ستۆکهۆڵم - نۆڤێمبەری ١٩٩٩

کەریم قادر
ئامادەی کردووە

## بیست ساڵ چاوەڕوانی و پێوانی ڕێگای پیریی

# خەڵاتی نۆبڵ بۆ گراس و هەڵوەستێک



ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بە نووسەری ئەڵمانی (گوینتەر گراس) ڕەوا بینرا. گراسی تەمەن حەفتا و یەکساڵە، پتر لە چل و پێنج ساڵە خەریکی نووسینە و نزیکەی بیست ساڵە ناوی بە لیستەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبەوەیە. دەبێ ئەوە بزانین کە خەڵات و ڕێزلێنان پێودانگی لێهاتوویی و بە سەلیقەیی نووسەر یان هونەرمەندێکی خەڵاتکراوەوە نییە، بەڵکو لە زۆربەی جاراندا - بەتایبەتی خەڵاتی نۆبڵ - هۆکار و پشتینە و پاڵنەری سیاسییان هەیە. سارتەر ئەمەی باش دەزانی، بۆیە ئەو خەڵاتی نۆبڵەی ساڵی ١٩٦٤ بۆ ئەدەب پێی ڕەوا بینرا ڕەتی کردەوە.

بەڵام وەنەبێ ئەکادیمیای سویدی کۆڵکەنووسەری بەرهەم کاڵ و کرچی لەبەر هۆی سیاسی هەڵبژاردبێ و خەڵاتی نۆبڵی پێدابێ، کەلەنووسەری وەکو گابریل گارسیا مارکیز (١٩٨٢)، ئۆکتاڤیۆ پاز ( ١٩٩٥) پاساوی ئەم گوزارشتەمان دەدەنەوە. بەڵام هەندێ جار نووسەری ناشیاویش لەبەر هۆی سیاسی ئەم خەڵاتەیان بەرکەوتووە: (نادین گۆردیمەر) ژنە نووسەرێکی ڕەشی باشووری ئەفریقایە، لەبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی سپی پێستەکانی وڵاتەکەی خەڵاتی نۆبڵی درایە. ئەو نووسەرانەی لە کاتی جەنگی ساردا هەڵدەهاتن و دژی ڕژێمەکانیان دەوەستانەوە، هەندێکیان خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرت.

لێرەدا من نامەوێ لە نرخی گوینتەر گراس و خەڵاتی نۆبڵ کەمبکەمەوە، بەڵکو ویستم پەنجە بخەمە سەر هەندێ ڕاستی.

هاینریخ بوێل دوانووسەری ئەڵمانی بوو ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت. ئەمەش بێ پیتی و لە جێ خۆدا وەستانی ئەدەبی ئەڵمانی دەگەیەنێ. ئەدەبی ئەڵمانی پاش هێرمان هێسە و هاینریخ بوێل و شتێفان تسفایگ لە بازنەیەکی داخراوی دژواردا قەتیس ماوە و نەیتوانیوە لەم سی ساڵەی دواییدا سنوورەکان ببەزێنێ و چەردەیەک بخاتە سەر خەرمانی ئەدەبی مرۆڤایەتی.

وادەردەکەوێ ئەندامانی لیژنەی ئەکادیمیای سویدی تاقەتێکی زۆریان لە لادانی تۆز و خۆڵی بیرچوونەوە و ڕۆژگاریان لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب هەبێ، یان

هیچ بەرهەمێکی ئەم سالانەی دوواییان چنگ نەکەوتبێ، شایانی خەلاتی نۆبل بێ، ئەگینا بۆچی هێندە جەخدیان دەکردە سەر بەرهەمێکی پێش سی ساڵ بلاوبووەوەی نووسەرێکی بە بەرهەمی کاراو لە ژیاندا بوو؟

ئەکادیمیای سوێدی هۆی خەلات پێبەخشینەکەی بۆ ئەوە گەڕانەوە کە گراس بیرچووەوەی مێژووی بە ئەفسانەی ڕەشی بزێو نەخشاندووە و، بە سەلیقەیی و تواناشکانی بەسەر هونەرەکەیدا زمانی گەیاندۆتە ئاستی (تۆماس مان). گراس بە بەرهەمەکانی سەرنجی سەرجەمی ئەکادیمیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

خەونی لە مێژینەی گراس هاتەدی و وتی: " من دوا تروووسکەی ئەدەبی ئەم سەدەیەم." گراس هەشتەم هەلگری خەلاتی ئەدەبی نۆبلی ئەلمانییە و دەربارەی ئەم بیست ساڵەی دووایی وتی: " ئەو بیست ساڵەی بەسەر لیستەی خەلاتی نۆبلەوە بووم و چاوەڕوانی بووم لاو هێشتبوومیانەوە. بەلام پاش وەرگرتنی خەلاتەکە ئیدی بە بێ گەڕانەوە پیری دەست پێدەکا، پێخۆشحالم بۆ ئەدەبی ئەلمانی، کە دوای هاینریخ بوێل لە ڕێی منەوە ڕێزی لێدەنرێ."

گراس هەمیشە بە ئەرکی خۆی زانیوە پەردە لە ڕووی شتە نکۆلی لێکراو و لە بیرکراو و چەپەرکراوەکان هەلبداتەوە و پرسیاری گەورە ئاڕاستەی مێژووی ئەم چەرخە بکاتەوە.

گراس لەمێژ بوو شیاوی ئەم خەلاتە بوو، چونکە نووسەرێکی گەورەی خاوەن وزەیەکی زمانی بێهاوتایە. وێنەگرێکی زمانەوایی چاوتیژ، ڕەخنەگرێکی زۆرهۆشمەندی کۆمەلایەتی و چاودێرێکی ڕاشکاوی سیاسی بە سەلیقەیە. توانای گراس لە ڕستەسازیی ئەلمانی و ئامادەیی و نەترسیی وی بۆ بەکارهێنانی ئازادانەی لەو لابیرینتەدا تۆماس مانمان بیر دەخاتەوە کە سالی ١٩٢٧ خەلاتی نۆبلی پێدرا.

بەرهەم و وتەکانی گراس هەمیشە و سەر لە نوێ کێشە و ململانێ لە ولاتەکەیدا دەخولقێنن و ئەمەیش یەکاویەک هاینریخ بوێلمان بیردەخاتەوە، ئەویش وەکو ئەم سەرچاوەی وزەی وروژاندن و تووڕەیی و مشومڕی گشتیی ولاتەکەی بوو. وەچەی گراس پاش جەنگی دووەمی جیهانی ئەریتی بەرپرسیارێتی سیاسییان گرتە ئەستۆی خۆیان. تێگەیشتن لە کارەکانی بەبێ تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتی سیاسی مەحالە.

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بووە بە بنچینەی ئەدەبی و هەیکەلی بابەتە داهێنراوەکانی. ئەگەر سەرنجی تێکرای بەرهەمی ئەدەبی بدەین ئەوا زنجیرەیەکی دوور و درێژی بە مێژووداچوونەوە و بە خۆداچوونەوە و دەرخستنی لایەنە شاراوە و پەنهانەکان و پەردە لەسەرهەلدانەوەی دیاردە هەرە دژێوەکانی ناسیۆنال سۆسیالیزم دەبینین.

لە ئێوارەی ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەلاتەکەشدا گراس لەوە نەدەکەوت ڕەخنەی ڕاشکاو و هۆشمەندانەی ئاڕاستەی سیاسەتمەدارەکان و ئەو پراگماتیزمە دژێوەی ئەمڕۆ لە ئەلمانیادا سەروەرە بکا و سیاسییەکان بەبێ خەیالی سیاسی و ئەندێشەی پێشبینیکەرانە لە قەلەم بدا.

لە وتارەکەشیدا لە کاتی خەلاتکردنی (یەشار کەمال) دا ڕەخنەی لە حکومەتی ئەلمانیا گرت لە پشتگیریکردنی بۆ تورکیا و چەک بۆ ناردنیدا. ئەمەش بووە هۆی تووڕەیی و پەستیی زۆر لە سیاسەتمەدارە ئەلمانەکان.

گۆینتەر گراس لە بواری ڕۆماننووسیندا لایەنی گەش و ئاسۆی ڕووناکیی سالانی پەنجا و شەستەکان بەرجەستە دەکات و یەکێکە لە نوێنەرە هەرە دیار و بەرچاوەکانی ئەدەبی ئەلمانی و دەستێکی بالای لە بواری پەیکەرتاشی و هێلکاریی و شیعر و شانۆنامەنووسیندا هەیە.

زمانی نووسینی زمانێکی ڕەوان و بێ گرێ و گۆلە و لە هەمان کاتدا لە قالبێکی گێڕانەوەی کورت و پتەو و پڕمانا و مەبەستدا دارێژراون، بە هەنگاوی ورد و هێمنانە خوێنەر بە نووسینەکانی ئاشنادەکا و بە دەستەواژە و گوزارشتی سادە و ڕوونەوە کلیلی دەرگای بەرەنگاربوونەوە و کێشمەکێش دەداتە دەستی خوێنەر، ئەمەش دەسترەنگینی نووسەرمان بۆ دەسەلمێنێ، بەلام زۆرجار ئەم سادەیی و ڕەوانییە دەبنە هۆی کوشتنی ڕۆحە ئیستاتیکییەکەی یان لێی کەمدەکەنەوە. گراس لێهاتووانە دیاردە هاودژەکان ڕووبەڕوو دەکاتەوە و ناوەندێکی پڕ جوولەیان بۆ دەخولقێنێ، جەمسەرەکان دەکاتە دوو خالی پڕ لە کێشەی بێ پسانەوە، خۆدانەدەستی ڕابردووەوە و لە کۆتاییدا زالبوون بەسەریدا بوونەتە تەوەری ناوەڕۆکی زۆربەی ئەفراندنەکانی. هەندێک جار ڕەمزەکان لە شێوەی مرۆڤی پەککەوتە و ڕیزپەڕ دەردەکەون، هەندێک جار خۆیان لە نموونەی مرۆڤی کاسەلێس و خۆژێندا دەنوێنن، بەلام گراس ئەوە لە بیر ناکا ڕۆمانەکانی لەسەر بنەمای کێشەی ئەو لایەنانە بنیات بنێ. ئەم لایەنانە خۆیان لە پلە جیاوازەکانی ئەش و تما و جوولەدا دەبیننەوە، ئەمەش وا دەکا خوێنەر هەنگا و

هەنگاو و بست بە بست هەڵوێست وەرگرێ و بەبێ خۆ ئاگایی ببێتە لایەنێک لە لایەنەکان.. بەرهەمەکانی گراس خەستکراوەیەکی مێژووی بەسەرچووی ئەڵمانیان. گراس کێشەیەکی نوێی لە نێوان ئەوانەی ڕابردوو چەپەر دەکەن و، یادوەرییەکان لە بیر دەکەن، مێژوو ئەنگ دەکەن لەگەڵ ئەوانەی پەردە لەسەر ڕابردوو لادەدەن و، یادوەرییەکان ڕاشکاوانە دەژێننەوە و، ڕووبەڕووی مێژوو دەبنەوە، دەخوڵقێنێ.

گواستنەوەی مەبەست و هەڵوێستی سیاسی ڕۆژانە بۆ نێو ئەدەب، بەدەنگهاتن لە گۆشەنیگای لێپرسراوییەوە و موتربەکردنی بە ئەفراندن زۆرجار بوونەتە هۆی ڕەنج بەخەسارچوونی ئیستاتیکی نووسەر و مایەپووچی، بەتایبەتی بەرهەمەکانی ئەم دووایییەی گراسی مرۆڤپەروەر بوونەتە قوربانیی پاڵنەر و کلێشە سیاسی و بە چۆنێتی بەرهەمە کۆنەکانیدا ناگەن.

ئەو پڕ بە پێستی مانای وشە نووسەرە، نووسەرێکی نەک هەر مێژووی پاش جەنگی دووەمی ئەڵمانیایە، بەڵکو نووسەرێکی دەرکەوتووی هەموو وڵاتانی ئەڵمانی زمانە. کاتێ هاینریخ بوێل ساڵی ١٩٧٢ هەواڵی خەڵاتی نۆبڵیان پێ ڕاگەیاند بەسەرسوورمانەوە پرسی: "ئەی بۆ نەدرا بە گراس"، ئەمە تەوازوعێکی بێ هۆ نەبوو، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی واقیعیانە بوو.

زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆی ئەڵمانی زمان دەڕۆستی زمان و ئەدەب و وێنەی گێڕانەوە نایەن و لە ڕۆحی داهێنانەوە دوورن و ئەدەبی پەنجا و شەستەکانیان بۆ تێناپەڕێنرێ.

ئایا گوینتەر گراسی نووسەری ڕۆمانی دەهۆڵی تەنەکە، پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئۆسکار ماتسەراتە؟

ماتسەرات بە تێکڕای یادوەریی و ترس و خەونەکانییەوە نموونەی باڵای گراسە لە جوانترین و بەناوبانگترین ڕۆمانیدا. ماتسەرات لە ڕۆژی لەدایکبوونی سێیەمیدا، واتە لە تەمەنی سێ ساڵیدا بڕیار دەدا، ئیتر لەوە گەورەتر نەبێ. ئۆسکار دەهۆڵ دەکوتێ و بەدەنگ شووشە دەشکێنێ، ئۆسکاری بە ئاوەز سێ ساڵە و کورتەبنە لە نەخۆشخانە لێی کەوتووە و بیرەوەرییەکانی سەردەمی کۆماری دانتسینگ و ئیمپراتۆریای سێ و کات و پاش شەڕی دووەمی جیهانی دەگێڕێتەوە. لە وەڵامی پرسیارەکەماندا دەتوانین ڕەپ و ڕاست بڵێین: بەڵێ، بێگومان گراس ماتسەراتە. لە هەمان هەناسەدانەوەی وەڵامدا: نابێ وا بە خێرایی بڕیاری یەکبڕ بدەین.

زێدی گراس زێدی ماتسەراتە. دایک و بابیان زۆر بە یەکدی دەچن. ئۆسکار هونەرمەند و دەهۆڵ ئەنگێوە، ئەزموونی تایبەتی خۆی لەگەڵ مەزهەبی کاتۆلیکدا هەیە و وەکو گوینتەر بەردتاشیی فێر بووە.

گراس جەخد لەسەر ئەوە دەکات کە لە ئەدەب و بوون (وجود) و ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ ناسیۆنال سۆسیالیزمدا ناتوانێ و نایەوێ خۆی بە بێتاوات پیشان بدا.

تا ئێستا زۆر کەم زانیاریمان دەربارەی بیۆگرافیای نووسەر لە بەردەستدایە، هەندێ جار شێوە پەراوێزێک لە چیرۆکەکانیدا ژیان و ئەزموونی دەنوێنن، وەکو ئەوەی ئەم پەراوێزانە، ئەوە بیری خوێنەر بخەنەوە، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە تەنیا خەیاڵی پڕ وێنە و فانتازی سەیر نییە، بەڵکو بەرهەمێکە داوای ئەوە دەکا وەکو کارێکی هونەری تەماشای بکرێ، بەرهەمێکی مێژوویی پڕ لە بەسەرهات و بە واقیع تەژی سەردەمێکی گەورەی تاریک کە ڕەوتی ژیانی نووسەر و ئەوانی تری خەملاندووە.

ڕۆمانی دەهۆڵی تەنەکە (دەهۆڵی منداڵانە) بەرجەستەکردنی ڕەوتی ژیانی تێکڕای وەچەیەکی ئەڵمانە، ئەوانەی ساڵی ١٩٤٥ تەمەن حەڤدە، هەژدە ساڵان بوون، نەک تەنیا فەردی گراس.

گراسی نووسەر بەدوای ڕەوایەتی (من) ی هاوچەرخدا دەگەڕێ و ئەم ڕەوایەتییەش بە واقیع دەکا. نووسەر ژیانی خۆی وەکو باوە نانرخێنێ، ئەو پێودانگی خۆی بۆ ئەم نرخاندنە خوڵقاندووە. نەک وەکو فەرد و کەسایەتی لەوەوە سەرچاوەگر، یان وەکو نووسەرێکی خاوەن پەیام، بەڵکو دەیەوێ بە سامانی نووسین و گێڕانەوە سەردەم ئاگا بکاو، ئەم ئاگاییە لە ڕێی سەردەمەوە بە خوێنەر بگەیەنێ. گراس خۆی لە مێژوودا وابەستە دەبینێ و لە شێمانەی خۆدڵنیاکردندا تاکە شێمانەیەک بە دیدەکا، ئەویش شێمانەی ڕەتکردنەوەی وابەستەیییە.

ڤیێنا ٩٩/١١/٨

ژێدەرەکان:

1- Cosmopolis_ Nr. 7, September1999 oktober 1999.

2-Edgar Neis, Gunter Grass, Die Blechtrommel, Bang, Hollfeld,1999

3- Heinrich Vorweg, Gunter Grass, Rowohlt, Reinbeck bei Hamburg, 1998

**کەمال میراودەلی**

# ئاخاوتن، دەسەڵات و رووناکبیران

**خوێنەری بەڕێز !**

ئەوەی دەیخوێننەوە لە دەقی ئامادەکراویدا، چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ کاک دکتۆر کەمال میراودەلیدا ئەنجام دراوە.ئەم چاوپێکەوتنە لە ماڵی کاک کەمال لە لەندەن ئەنجام درا ، بەڵام بەحوکمی ئەوەی قسەو باسەکان یەکسەر بە شێوەی ئیرتیجالی ئەنجام درابون و تۆمارکران و چونکە زەبتەکە باش دەرنەچوو بوو، دواتر د. کەمال خۆی بەسەر وەڵامەکاندا چۆوەو بۆشاییەکانی تەواو کردن، منیش بە سەر پرسیارەکاندا چوومەوە. واتە دەست بەسەر هەردوو لایەن پرسیارەکانیش و وەڵامەکانیش دا هێنراوە تا ئەو ڕادەیەی کە لە چەند بەشی جیاوازدا یا بەسەریەکەوە بۆ بڵاوکردنەوە لەگۆڤارەکانی دەرەوەو کوردستان دا بگونجێ و کەمترین بواری تیا نەبێ بۆ لێکدانەوەی جیاوازو ناکۆک. دیارە هەویری ئەم قسەو باسانەش ئاو زۆر دەکێشێ ورەنگە دەیان لاپەڕەی تریش بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات. ڕاستییەکی تر کە پێویستە من باسی بکەم ئەوەیە کە ئەوەی دەیخوێننەوە ،لە ڕاستیداو بە مانای واقعی وشە «گفتوگۆ » نییە ، واتە دیالۆگ نییە لە نێوان دووکەسدا بۆ ئەوەی هەر یەکەیان لە عاستی خۆیەوە «دوایین حەقیقەت» بدۆزێتەوەو پێشکەش بە توخمی مرۆڤی بکات ، بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵێک پرسیار کە ڕەنگە لە هەلومەرجی ئەوڕۆدا بۆ من باشتر لوابێ ئامادەیان بکەم لە کەسێکی تر،ئەم مەسەلەیە دەبێ ئەوەش بۆ خوێنەرانی بەڕێز روون بکاتەوە کەخاوەن پرسیار لە هەمان کاتدا کە خۆشەویستیەکی زۆری بۆ بەڕێز دکتۆر کەمال هەیەو لەزۆر کێشەی ستراتیژی وچارەنوسیشدا لەگەڵی هاوفکرە ،بەڵام لە زۆر مەسەلەی گرنگیشدا ڕای وەک ئەو نییەو خۆشبەختانە ئەم مەسەلەیە نەبۆتە تەگەرە لە هاوڕێیەتی وهاوکاری بەردەوام.

**بابەکر درەیی**
**لەندەن ئەیلول ١٩٩٩**

### دەقی گفتوگۆکە

پرسیار: کاک دکتۆر خۆشحاڵم بەوەی توانیمان سەرەنجام ئەمڕۆ پێکەوە کۆببینەوەو ئەم گفتوگۆیە ئەنجام بدەین.دیارە جەنابت ماوەیەکی زۆرە لە ئەوروپا دەژیت ولە ناو ڕۆشنبیرانی گەلی کورددا چ وەک مەوقیعی ئەکادیمی وچ وەک هەڵوێستی سیاسی ڕێوشوێن وجێپەنجەتان دیارەو ئەو ڕاستییە لە ناو خەڵکی ئاوارەو پەنابەریش دا ڕەنگی داوەتەوە، لە سەر ئەو بناغەیە بە پێویستی ئەزانم بیرو باوەڕی جەنابت باشتر روون بکرێتەوەو خەڵک لێی تێ بگەن و بەو بۆنەیەشەوە دەمەوێت چەند پرسیارێک بخەمە بەر چاو کە لە ڕێگەیانەوە مەسەلە فیکری وسیاسیەکان بواری وتنیان چاکتر بۆ بڕەخسێ .

### نووسین، ئاخاوتن و نەنووسراوەکان

یەکەمین پرسیار ئەوەیە : بە بڕوای ئێوە نووسین چیە؟ نوسین و خیتابی فیکری دەتوانێ لە دنیای ئەمڕۆدا چ واتایەک ببەخشێ؟بە تایبەت لە دنیایەکداکە «سیستمی نوێ ی جیهانی » تیایدا دەسەلاّدارەو کار لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەکات، ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد لەو بوارەدا چۆن دەبینن ؟

وەڵام:

پێشەکی زۆر زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرکەی کە کێشاتان ماوەیەکی زۆرە خەریکی ڕێکخستنی ئەم دانیشتنەن و زۆر سوپاس.

بەڕاستی ئەم پرسیارە زۆر فراوانە.. هەموو قسەکردنێک لە ئەنجامدا دەبێتە نووسینێک کۆمەڵێک خەڵک دەیخوێنێتەوە، لەوەوە پرسیاری تر دروست دەبن .. کە ئێمە دەنووسین یان قسە دەکەین ئاخاوتن بەرهەم دەهێنین ..بۆچی دەیکەین؟ بۆچی دەنووسین؟ بەڕای من لە پێشەوە هەموو جۆرە قەڵەم دانانێک لەسەر کاغەز، هەموو جۆرە بەرهەمهێنانێکی وشەو بیر، خۆی لە خۆیدا لێپرسراوییە ، بۆ خۆی هەڵوێستە و جۆرە ڕاگەیاندنێکە... کە دەنووسێ ، نووسەر دەڵێ ئەوەتا من لێرەم، من هەم بۆ ئەو کەسانەی لەم سەردەمەدان. شوێنێکم هەیە، نوقتەیەکم هەیە لەڕێگای ئەم بیرەوە ڕایدەگەیەنم. کە ڕاشی دەگەیەنێ واتە بەخەڵکی تری ڕادەگەیەنێ..ڕاگەیاندنەکانیش دەستووری ڕێکخستن و چەمکەگەلی خۆیان هەن... لێرەوە چەمکی ئاخاوتن هەیە، هەر ئاخاوتنێکیش بریتییە لە کۆمەڵێ ڕاگەیاندن.. دیارە تۆ مەبەستت لە خیتاب لە پرسیارەکەتدا ئاخاوتن بوو. بەرای من ڕاست نییە کە عەرەبەکان زاراوەی (discourse) بە خطاب تەرجەمە دەکەن. خطاب ئەو دوو لایەنییەی نییە کە دیسکۆرس هەیەتی. هەروەها وتار، گوتاری کوردیش کە تەرجەمەی خیتابە عەرەبییەکەیە تەواو نییە. دیسکۆرس ئاخاوتن دەگرێتەوە، جۆرێکە لە دایەلۆگ، لەو ڕاستییەی کە هەمیشە کە نووسینێک دەنووسین بمانەوێ و نەمانەوێ خەڵکێکی تر هەیە کە بەشدارن تێیدا.. کە تۆ ئێستا بەرامبەرمی قسەت بۆ دەکەم یان بەرامبەریشم نەبای و خۆم وتارەکەم نوسیبایە، هەمیشە کەسانێکی تر لەم ئاخاوتنەدا بەشدارن . واتە ئێمە هەمیشە بۆ خەڵکی تر قسە دەکەین ئەگەرچی بە ڕواڵەت بزریش بن، بە حیسابی ئاخاوتن ئامادەن.

فوکۆ مانایەکی گرنگی بە چەمکی دیسکۆرس دا . ئەو دیسکۆرسی لە جێگەی زمان کە ناوێکی زۆر گشتی و ئەبستراکتە بەکار هێنا . بەڵام دیسکۆرس (کە من بە کوردی بە ئاخاوتن تەرجەمەی دەکەم) چەمکێکی زۆر کاریگەرترە لە زمان. لای فوکۆ دیسکۆرس/ئاخاوتن بریتییە لە هەر کۆمەڵە ڕاگەیاندنێک کە وەسفێکی خۆ سەلمێنەرانەی ریالیتی بەدەستەوە بدا بە پێناسەکردن و دیاریکردنی بابەتێکی سەرنجدان یان لێکۆڵینەوەو دروستکردنی چەمک بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە، بەم جۆرە ئاخاوتنی سیاسی، پزیشکی، یاسایی ، ئیستاتیکی، هتد هەن. هەر جۆرە ئاخاوتنێک حوکمی ئەو پێوەندییانە دەکا کە لە ناویا دروست دەبن و کۆمەڵە گریمانێکیش دەربارەی ئەو کەسانە دەکات کە ڕووی ئاخاوتنیان تێدەکرێ.. لە هەر سەردەمێکیشدا یاسایەکی گشتی هەیە کە زانیاری بە ئاخاوتنەکان دەداو جۆرە هارمۆنییەک و لە یەکچوونێک لە نێوانیاندا دەخولقێنێ. فوکۆ ئەم یاسا بینراوە یان نەبینراوەش ناو دەنێ ئیپستیم episteme کە من بە زانگە تەرجەمەی دەکەم واتە منداڵدانی زانی بابەتەکان، زانینەکان.

مەسەلەی ئەم ئاخاوتنەی کە ئێمە دەیکەین بەشێکی کەمە، شەپۆلێکە لەدەریایەکی گەورە کەچەندان شەپۆل ڕاست دەکاتەوە، کەئەمەش بریتین لە ئاخاوتنە جۆربەجۆرەکان، کەهەندێکیان نەبینراون، نەزانراون، دەستیان لێ نەدراوە، یان بێدەنگ کراون. ئەمە لایەنێکی یەکجار گرنگی مەسەلەی بینینی نووسینە وەک ئاخاوتن. بوونی ئاخاوتن لە ناو تۆڕێکی فراوانی تێکست و بیرو چەشنە ئاخاوتنی تر دا کە تەنانەت بە خۆلێدزینەوە یان سەرکوتکردن و نەفیکردنیشیان ناتوانێ بوونی ئەوان، ئامادەیی ئەوان لە ناو ناخی خودی خۆیدا بشارێتەوە.. بۆیە وەک فۆکۆ دەڵێ لە هەموو دەقێکی نووسراودا تۆ هەوڵ بدە شتە نەنووسراوەکان بخوێنەوە، بابەتە بێدەنگ کراوەکان، ژێر زەمینە کراوەکان، ئاخاوتنەکانی تر ... سەیری ئەوە مەکە نووسراوە سەیری ئەوە بکە کە نە نووسراوە.. بە ڕاستی هەموو وشەیەک کە ئێمە دەینوسین، هەموو ڕستەیەک کە دەینوسین لەسەر حیسابی ڕستەیەکە کە ناینووسین!! هەموو ڕاستییەک کە بیروڕای خۆمی دەربارە دەردەبڕم لەسەر حسێبی ڕاستییەکی تری بێدەنگ کراوە.. ئەمە شتێکی یەکجار گرنگە لە خوێندنەوەی نووسین و ئاخاوتنەکاندا لە بیری

نەکەین.

لەمەوە، ئەوەش زۆر گرنگە کە بزانین ئەو ئاخاوتنانەی کە بەرهەم دێن سەرچاوەکەیان لە کوێیە، ئەو دەقانەی دیکە چین کە پێبەندن پێیانەوە، ئەو دەقە نەنووسراوانە کامانەن کە بە شێوەیەکی تێواخنی(ضمنی) کردوونی بە (ئەوی دیکە)ی خۆی، کە شتێک دەنووسرێ دەبێ بزانین ئەو شتانە لە کوێوە دێن، کە نووسەرێک شتێک دەنووسێت، کە وتارێک لە ڕۆژنامەیەکدا لەسەر عبدالله ئۆجەلان دەنووسێ و خەڵکێکی تریش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە جیهاندا کە لەسەر عەبدوللە ئۆجەلان دەنووسن: ئەمانە هەمووی لە کوێوەدێن، ئایا نووسینەکان هەموو ئاخاوتنێکی سەربەخۆن و تەنێ لە کاتی نووسیندا لە مێشکو قەڵەمی نووسەرەکانەوە هەڵدەڕژێن؟ بە حیسابی ئاخاوتن نا.هیچ کەسێک، ئەو نووسەرە، بەتەنیا خۆی خاوەنی ئەو شتە نییە کە دەیان نووسێ ! ئەوەی کە دەیڵێ بەستراوەتەوە بە ئەو تێکستەی بەشێکی زۆرە لە تێکستێکی سیاسیی یا ئایدیۆلۆژی نووسراو یان نەنووسراو. بە زانگەیەکی ئاشکرا یان نا ئاشکراوە. هەمیشە کە ئێمە قسەدەکەین ئەو تێکستە دەرەوەیی یە ، واتە لە دەرەوەی خودی دەقەکەدا ، وەک شتێکی کۆمەڵایەتی و وەک زانین و زانیاری، هەیە و هۆشیارییەک یان هۆشیارییەکی نائاگا پێک دێنێ کە بەشێکە لە ڕەوشی کۆمەڵەکەمان، کولتوورەکەمان، سیستمەکەمان، جیهانەکەمان و بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوە تەئسیری لەسەرمانە.. دائیمەن ئێمە کەشتێک دەنووسین تێکستێکی سیاسی هەیە لە دەرەوەی خۆمانا کە ئەو نووسینەی ئیمە بەشێکە لێی.. هەمیشە کە دەنووسین ئەم تێکستە سیاسییەی دەرەوەیەکە سنورەکانی بۆ دادەنێ! رادیکالی بوونی نووسین لە رادەی خۆ پچڕینەوەی لە تخومە سیاسییەکاندا دەردەکەوێ.

شتێکی زۆر فراوانتر هەیە کە سیاسەتی سەردەم یان ڕۆشنبیری سەردەمە یان زانگەی سەردەم.. لێرەوە دەچینە سەر تێگەیشتنێکی تر کە مەسەلەی ئاخاوتن و مەسەلەی تێکست بە دوو شتی سەرەکییەوە دەبەسترێنەوە: ئەو تێکستانەی کە ئێمە دەینوسینەوە بەشێکن لە کۆمەڵێ تێکستی تر کە بیری سیاسی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی باون کە ئەرشیفی مێژوویی نووسین پێک دێنن. ئەو ئەرشیفە هێندە دەبێ بە نۆرم و ڕۆتین کە هەر نووسەرە دەتوانێ هەمان زاراوە، بیر، بۆچوونی لێوەربگرێ، هەر چەند سواوەو جوینەوەو کاوێژکردنەوەی بێ تام و خوێش بێ ، هێشتا هەر بە بیرو هەڵوێستی رەسەنی خۆی دابنێ!! ئەمە بە تایبەتی کاری کۆلکە نووسەرە سیاسییەکانی سەر بە حیزبە ئایدیۆلۆژییەکانە یان هەر دەروێشە نووسەرێکی دی کە مەبەستی تەنیا ئەوەبێ وەک بەرکارێک، agent ێک بۆ بیرێکی باو یان مودێل کاربکا لەوەی سەودایەکی داهێنەرانە و زانستانە لەگەڵ ئاخاوتندا بکات. دیارە چاوگەیی /مەرجەعیەتی مێژوویش دەوری لە سەپاندن و تەمەن درێژکردنەوەی ئەو چەشنە ئاخاوتنانەدا هەیە.. یەک شتی نووسراو هەیە کە لە مێژووە وە ماوەتەوە بۆ ئێمە ،کە نووسەرێک شتێک دەنووسێ دەزانێ ئاخاوتنەکەی ئەو بۆ نموونە پەراوێزێکی لاوازە لە تێکستیکی گەورەتری چەسپاو وەک چاوگەی مێژوویی، وەک ئەرستۆ، هیگل، مارکسیزم یان ستراکتورالیزم یان نووسەرو میتۆدۆلۆژییەکی تایبەتی.

واتە ئاخاوتنکار (نەک نووسەر) لێرەدا بۆتە بەرکار، واتە ئەیجنتی تێکستێکی فراوانتری سەردەم ترو بەهێزتر و قوڵتر و ڕەگ و ڕیشە دار تر کە بە شێوەیەکی مێژوویی و مەنهەجی هەیە... لەجیاتی ئەوەی ئەم جۆرە بەرکارە خۆی وەک بەرکارو راڤەکار یان مریدو بانگەوازکاری ئەو تێکستە خۆی نیشان بدا، بەرای من، باشتر وایە گەر توانستی راستەقینەی تێگەیشتنی دەقە رەسەنەکەی هەبێ، بە تەرجەمەکردنێکی کۆمەڵە دەقێکی سەرچاوەیی ئەو تێکستە مێژوویی یە دەست بێبکات. چونکە ئەوەی کە بەشێوەیەکی تر ، بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بە شێوەیەکی نارێک کە دوورە لە رۆح و بنەماو هەلومەرجی دەقە سەرەکییەکان بەرهەمی دەهێنێ و هەوڵ دەدا ، زۆر جار بە بێ
تێگەیشتنی، هەلومەرجێکی گەلێک جیاوازی کۆمەڵگای

خۆی پێبخوێنێتەوە، ئاکامەکەی لە شێواندن و سەرلێشێواویی بەولاوە نابێت. (لە وڵاتانی خاوەن دەوڵەت و دام و دەزگادا، هەر تیئۆری و بابەتێکی زانستی نوێ یەکەم جار بە شێوەیەکی مەنهەجی لە ڕێگای زانستگاکانیانەوە پێشکەش دەکرێن و گرنگترین تێکستە سەرەکییەکان تەرجەمە دەکرێن.) دەزانین تێکستە سەرەکییەکە هەیە کە بەرهەمی کۆمەڵایەتییەکی جیاوازە. لە کۆنەوە بیری ئینسانی هەیە، بە تایبەتی لە سەردەمی گریکەوە، لە هەموو بوارەکانی ژیان و زانیندا شت زۆر وتراوە. ئەو شتانە بە شێوەو ئاڵوگۆڕی جۆراو جۆر دووبارە دەبنەوەو دەبنەوە.. ئەو دووبارەبوونەوەیە کە زانین و ئاگاداری بە نووسینەکانمان دەدات.. چۆن ئێستا پارەیەک لای تۆیە دەبێ شتێکی پێ بکەی، یان دەبێ خانوویەکی پێ بکڕی بەلام ئەو پارەیە چەندەها دەستی کردوە تاگەیشتۆتە دەستی تۆ ئەو دەستانەش چەندەها دەست دەکەن تادەگەنە ئەو دەستانەو هەر یەکە پارەکە کە هەمان عوملەو نرخە بۆ شتی جیاواز بەکاردێنێ، ئەوەی کەئێمە دەی نوسین کە سەیری بکەی ڕەنگە بەسەدان شێوە دووبارە ببێتەوە ولەوانەیە لە سەدان تێکستی تردا هەبێ.. پاش ئەم دەستاو دەستە ئەم تێکستا و تێکستە ئاڵۆزبوونی دەقەکان و پێکەوە بەندبوونیان لە سیستەمی زانیندا سەرنج دەدەین.

کەواتە ئاخاوتن بەستراوەتەوە بە راستی تێکستاو تێکست کردن، بە کۆمەڵێ تێکستی ترەوە، بە کۆمەڵێ ئاخاوتنی تری ئایدیۆلۆژی و سیاسی کە خۆناسینی خۆی ، ئایدێنتیتی خۆی، یان بە خۆساغکردنەوە لەگەڵ ئاخاوتنێکی تایبەتی دەرەوەدا یان بە بێدەنگکردنی ئاخاوتنێکی تایبەتی یان بە وێناندن( ئەوی دیکە)یەک بۆ خۆی، دەدۆزێتەوە. لێرەدا گرنگە کە بۆ خوێندنەوەی دەقێک و ناسینی ئایدێنتیتی و هەڵوێست و پێوەندییەکانی نووسەرەکە، هەوڵدەین لە ناو دێرە نووسراوەکاندا، دێرە نەنووسراوەکان بخوێنینەوە!

یەک شتی زۆر گرنگ هەیە کە کلیلی کردنەوەی هەموو ئاڵقەریزەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنە ئەویش پێوەندی نێوان ڕۆشنبیری یان زانین و دەسەلاتە ( دەسەڵات بەمانای پاوەر power) کە ئینگلیزییە و ئەمیش جیایە لە قوە ی عەرەبی ). ئەمە یەکجار گرنگە.. چونکە بەڕاستی کە ئێمە شتێک دەنووسین مۆرکی یان ئیمزای دەسەڵاتێک بە نووسینەکانەوەیە.. کە ئێمە دەنووسین زانینێک دەدەین بە خەڵک ئەم زانینە بۆچییە؟ بۆ ئەوەی خەڵک لە مەسەلەیەکی سیاسیی ئاگادار بکاتەوە، یان زانیارییەکی ڕۆتینی بدەینێ یاخود بۆ ئەوەیە کە تۆ هەڵوێستی خەڵک بگۆڕی یان کۆمەڵ بگۆڕی یان مێژوو بگۆڕی یان ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵک بخولقێنی......کەواتە ئێمە هەر چییەک دەنوسین دیسان ئامانجێکی هەیە ..... لە ئەنجاما پەیوەندییە سەرەکییەکانی نوسین پەیوەندی بە دەسەلاتەوە هەیە. کەواتە ئێمە تاکو پەیوەندی نێوان زانین/نووسین و دەسەلات تێنەگەین زۆر زەحمەتە بزانین کە کەسێک بۆ دەنووسێ یان زۆر زەحمەتە بزانین شتە نەنووسراوەکان کامانەن، بە زۆر نوسراوەکان کامانەن، ئەوانەی کە ژێرپێ دراون ، ئەوانەی کە حەزف کراون، ئەو بۆ شاییەی نێوان وشەیەک و وشەیەک، ئەو بۆ شاییەی نێوان ڕستەیەک و ڕستەیەک ، ئەو بێدەنگییەی نێوان پەڕەگراف و پەڕەگرافێک کە ڕیز کراون و نە نوسراون کامانەن.. بتوانین ئەمانە بەخەڵک بڵێین.. بەڕای من مەسەلەی دەسەلات زۆر قووڵە، زۆر بە گرێبەندە، زۆر چڕو فراوانە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەو ساوێلکەیی و تورەهاتی ئایدیۆلۆژییە کە مەسەلەی دەسەڵات لە ڕێگای چەمکە تۆتالیتارییەکانەوە لێکبدەینەوە.. کە بڵێین دەسەڵات کێشەیەکی چینایەتییە لە نێوان دوو چین یان زیاتر، یان کێشەیەکی دینی و مەزهەبییە یان کێشەیەکی نەتەوەیی یە یان فیمینیستییە.. ئەمانە هەموو رووی دەرەوەی دەسەڵاتن، رووی مێژوویی، رووی ئایدیۆلۆژیکراو کە راستییەکەی راستی کێشەی دەسەڵات دەشارنەوەو دەشێوێنن بەوەی کە یەکەم: مەسەلەی دەسەڵات گشتی و هەموویی دەکەن و لەو راستییە دایدەبڕن کە کێشەی دەسەڵات وەک فوکۆ بۆی چووە لە خڕبوونەوەکەی دا نییە، وەک ئەوەی لە نێوەندێکدا( لە بەغداو سەددامێکدا ، بۆ نموونە) هەبێ، بەڵکو لە بڵاوبوونەوەکەیدایە، لە فراوان بوون و

تاکبوونەوەی دایە.( لە هەڵوێست و رەفتاری هەر کەسێکی حیزبی، ئەمن، سەرباز، خەڵکی ئاسایی) دووەم: بۆچوونی تۆتالیتاری کێشەی دەسەڵات بەوشێوە راستییە بەربڵاوە کە هەیە دەکا بە مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژی، مەسەلەی رەش و سپییەکی فیکری و حەقیقەتەکەی وەک پراکتیس دەشارێتەوە. واتە لە جیاتی ئەوەی سەیری هەزاران شێوەی کارکردنی دەسەڵات لە سەر ژیان و بوون و بیرو تەنانەت لەش و جەستەی مرۆڤ بکەین، هەموو ئەمانە دەگۆڕێن بە مەسەلەی چەمک و شێوە تێگەیشتنێکی تایبەتی ژیان کە دەبێ بە ئایدێنتێتی کێشەکەو مرۆڤەکەو گروپەکان لە جیاتی حەقیقەتی رووتی پراکتیسکردنی دەسەڵات لە کارکردنە رۆژانەکانیدا.

بۆ نموونە کە بڵێین دەسەلات کێشەیەکی چینایەتییە لە نێوان بۆرژوازی یان خاوەن کارو کرێکاراندا: ئەو هەموو چینە زلە بە ژنەوە، بە منداڵەوە، بە گەنجەوە، بە پیرەوە هەمووی جیا دەکەینەوە سیراعەکە لە بەینی ئەوان دایە...لە کاتێکدا ناساندن و دیاریکردنە چینایەتییەکە خۆی شتێکی وەهمی و بێمانایە مادام حەقیقەتی تاکبوونی مرۆڤی تاک لە هەوێتییە چینایەتیی وەهمییەکەیدا نەفی دەکات... ئەمجا هەزاران شێوەی جیاوزی پراکتیزەکردنی دەسەڵات کە بە هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆژیی تایبەت تەفسیر ناکرێن، دەگۆڕێ بە چەمکێکی تۆتالیتاری گشتی حەقیقەت شێوێن: سیراعی چینایەتی!!کە دەبێ وەک مەزەبێکی دینی قبوڵ بکرێ و بخرێتە سەرووی راستییە ئەزموونییەکان و داتا مەیدانییەکانیشەوە کە ئەمانە گەر هەشبن ئەوا بێ سێو دوو دەبێ پاشکۆ بن و سەلمێنەری فۆرمیولا ئایدیۆلۆژییەکە بن: واتە هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا خاوەنکار زۆردارەو کرێکار دەچەوسێنێتەوە بۆ تەماع و سوود لێدەرهێنان، ئەمەش جەوهەرو نێوەندی کێشەی دەسەڵات و هەموو شتێکی تر لەمەوە لق دەهاوێ یان سەرچاوە دەگرێ.!! ...لەکاتێکدا لەوانەیە کرێکارێک زۆر چەوساوە بێ لەلایەن سەرمایە دارێکەوە.. بەڵام هەر ئەو کرێکارە، بە شێوەیەکی زۆر نالەبارانە ژنەکەی بچەوسێنێتەوە یان منداڵەکەی بچەوسێنێتەوە ، یان لە خێزانێکدا برای گەورە برای بچوک دەچەوسێنێتەوە ،دایک دەچەوسێنێتەوە و دایک کچ دەچەوسێنێتەوە، هتد ئەمە لە هەموو سیتمێکی دەسەڵات و لە هەموو شوێنێکدا روو دەدا.. بۆ نموونە لە بەریتانیا راستە کە مەزنەسزا واتە مردن/لە سێدارە دان نەماوە. بەڵام هەر لە ماوەی ئەم ساڵدا ٦٥ کەس لە زینداندا خۆیان کوشتووە! ئەمە چەندی بە چەند؟ لە لایەکەوە نەمانی سزای مردن بە روخسارو ئاکاری باشی سیستمی دیمۆکراتی دادەنرێ، لە لایەکی تریشەوە سیستمی زبرو درندەی دەسەڵات لە شێوەی پراکتیسی دەسەڵات لە شوێنی سجندا وا لە مرۆڤ دەکا کە لە ئاست بەهێزی و زەبەلاحی دەسەڵات و بێهێزی و پەککەوتەیی خۆیدا خۆی بکوژێ.

لە هەموو چوارچێوەیەکی شوێنیدا چ لە ناو قوتابخانەیەکدا چ لە ناو کارگەیەک دا بێ ، چ لە رێکخراوو شانەیەکی حیزبیدا بێ، چ لە ناو خێزان و ماڵێکدا بێ، چ لە زیندان و پۆلیسخانەو دایەرەو کێڵگەیەدا بێ، چ لەسەر جادەیەک دابێ، پراکتیسی دەسەڵات لە شێوەی ئازاردان، چەوساندنەوە، بەکارهێنان، دەستدرێژی، زۆر لێکردن، زەلیلکردن و بچووککردنەوە، زۆرلێکردن و هەراسان کردن، لێدان و کوتان و تێکشکاندن، دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی و سایکۆلۆژی هتد لەگۆڕێدایە. بەرزکردنەوەی دروشم، یان بە دەروێشبوون بۆ مەزەبێک یان ئایدیۆلۆژییەک هیچ لەم راستییەی بەربەرێتی و بەربڵاوێتی پراکتیسی دەسەڵات ناگۆڕێ. بەڵکو بە گشتیکردنی مەسەلەکان، بە کورتکردنەوەو ئەبستراکتکردنیان، حەقیقەتە رووتەکەی پراکتیسی دەسەڵات دەشارێتەوەو زیاتر شوێنگەو رێگەکانی پراکتیسکردنی فراوان و بەربەریتر دەکات بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەشەوە کە زۆرجار هەڵگری ئایدیۆلۆژییەتەکەن و بانگەشەی دادو مرۆڤایەتی و لە ناوبردنی چەوساندنەوەی چینایەتی، یان نەتەوەیی یان مەزهەبی، یان کۆمەڵایەتی دەکەن!! کەچی گەر لە روانگەی حەقیقەتی رووتەوە سەیری هەڵوێست و پراکتیسی ئەو جۆرە دروشمدارو ئایدیۆلۆژیستانە بکەین

دووفاقی هەڵوێست و پراکتیسی ڕۆژانەیانمان بۆ دەردەکەوێ.. زۆربەی کات پراکتیسە ئایدیۆلۆژییەکانیش لە هەوڵێک بۆ خۆ ژیاندن و بەدەستهێنانی شوێنێکی کۆمەڵایەتی و پلەیەکی دەسەڵات زیاتر نین و بە توندی بەستراونەوە بە شێوە باڵاترەکانی سیستمی دەسەڵایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کە شێوە بچووکترو پەراگەندەکانی دەسەڵات بێ گوێدانە ناکۆکی ڕواڵەتی ئایدیۆلۆژی یان دروشمی سیایسیی بۆ سەقامگیرکردن و سەپاندنی خۆی بەکاردێنێ و دەجووڵێنێ. ئەو پەیوەندییەی دەسەڵات بەڕاستی ناخۆشترین شتە لە ئینسانا کە مەسەلەیەکی وجودی، جێنیتیکی، کۆمەڵایەتی و مێژووکردە..... بۆچی ئینسان بەو شێوە دڕندەیی یە، بەو ناشیرینی یە، مەسەلەی ژێرپێدانی کەرامەتی جەستەیەکی تر، ئازادی کەسێکی تر لە لایەن کەسێکی ترەوە بۆ چی ئەمانە دووبارە دەبنەوە. بەڕاستی لەمەوە تێدەگەین کە مەسەلەی دەسەلات زۆر فراوانە، زۆر قووڵترە لەوەی بریتی بێ لەوەی شتێکی گشتی بێ کە بە ڕاگەیاندنی ئایدیۆلۆژی لێک بدرێتەوە...

## پێوەندی نێوان نووسین و دەسەڵات

پرسیار: باشە دکتۆر ئەم دەورەی دەسەڵات چۆن لە نووسیندا ڕەنگ دەداتەوە؟

چاکە با بێینەوە سەر مەسەلەی نووسین... نووسین لە ناو ئەم پراکتیسە جیاوازەی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیدا نوقم بووە..نووسین لە ڕواڵەتەکەیدا وەک ئایدیۆلۆژیا، وەک زمانی ئاسایی، سەرپۆشی دەسەڵاتە بۆ شاردنەوەی حەقیقەتە ڕووتەکەی، لە ستراکتورە قووڵەکەشیدا، لە ستراکتورە کۆمەڵ-مێژووییەکەیدا، خۆی لە خۆیدا هەڵگری نیشانەو مۆرکی دەسەڵاتەو جۆرێکە لەو جۆرانەی دەسەڵات زانگەو سیستم و ئۆردەری خۆی دەسەلمێنێ و دەسەپێنێ...بەڕاستی کە دەنووسێت ، نووسەر بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ یان ڕاستەو خۆ ، بە بێ ئاگا یان بە ئاگادارییەوە، ئەمەی دەینووسێت خزمەتی دەسەلاتی پێ دەکات. .دەسەڵات لە هەر شتێ زیاتر مۆرکی خۆی لە سەر نووسین ، لە سەر وشەکان جێ دێڵێ.. بۆیە دەوری نووسەر یان ڕۆشنبیر لە لایەن سیاسییەکانەوە، دەسەڵاتدارەکانەوە، هێندە بە گرنگ دادەنرێ..بۆیە هێندە دەبنە ئامرازو ئامانجی دەسەڵات.. وەک پێشتر وتم کە نووسەرێک، ئەدیبێک، ڕۆژنامەنووسێک ڕاستەوخۆ باسی سیاسەتی نەکرد، یان هەڵوێستی دەرنەبڕی، یان هەر خەون و بزرکاندنی هەڵرشت، مانای وا نییە ئەمە بێلایەنە، دوورە لە سیستمی دەسەڵاتەوە، چونکە بەرهەمهێنانی هەر جۆرە زانینێک، ئاخاوتنێک، ڕاگەیاندنێک، لە بەرهەمهێنان و پراکتیسی دەسەڵات دوور نییە، هەروا وەک وتمان نەوتراوەکان هێندەی وتراوەکان گرنگن بەڵکو زۆربەی کات زۆر گرنگترن، چونکە وتراوەکان ئیمکانی وتن و دەرکەوتنیان لە سەر حسێبی بێدەنگکردنی نەوتراوەکان بۆ فەراهەم کراوە.

بەڕای من کە تۆش لێرە نووسەرێکی کوردی لە ڕۆژنامەیەکدا دەنووسی، یان ئەوانەی لە ئەورووپان و شت بڵاو دەکەنەوە، یان لە کوردستانن و لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوێدا دەنووسن، هەمیشە بوون و کاریگەری دەسەڵات لە نووسینەکاندا و لە هەڵوێست و داڕشتنەکاندا، لە وتراو نەوتراوەکاندا ئامادەیە.. .پێبزانن یان نەزانن، کە بە باوەڕی من تەواو ئاگاداری دەوری دەسەڵاتەکە هەن، حیساببۆکردنی دەسەڵات چ بەلای پۆزیتیڤ یان نێگەتیڤ لە ئۆردەری نووسینەکانیاندا ئامادەیە. نووسکارێک کە لە ئەورووپایە کە باسێک دەنووسێ یان ڕاگەیاندنێک دەکا حیسابی ئەوە دەکا ئایا شتێکی لە پارەی ئیبراهیم خەلیل پێدەبڕێ یان ناتوانێ بە برایم خەلیل دابڕواتەوە..بیر لەوە دەکاتەوە سیستمی دەسەڵات لە کوردستان چۆن نووسینەکەی هەڵدەسەنگێنێ، لە چ بەرەیەکدا خۆی دەدۆزێتەوە، لە چ لایەک زیاتری دەست دەکەوێ یان هەڕەشەی کەمتری لێدەکرێ..هەموو ئەمانە لە نووسینا ڕەمزو نیشانەو کۆدو گوتوبێژی خۆیان هەیە،،هەر لە هەڵبژاردنی بابەتەکانەوە تا بۆچوونی مەسەلەکان تا

هەڵبژاردنی داتاو فاکتەکان تا لێکدانەوەو تەفسیرکردن و ئەنجامدەرهێنان لێیان... ئەمانە هەمووی پراکتیسی ئاخاوتنن لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا.. یان پراکتیسی دەسەڵاتن لە چوارچێوەی ئاخاوتندا..هیچ شتێک حەقیقەتی ئینسان وەک لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەسەڵاتدا روون ناکاتەوە..هیچ شتێ وەک کارکردنی دەسەڵات، بە باری کڕینەکەیدا بێ یان بە باری تۆقاندنەکەیدا بێ، لە سەر بیروبۆچوون و جەستەی مرۆڤ ، مرۆڤ بچووک ناکاتەوەو زەلیل و زەبوون و حەقیری ناکات.... تووشی درۆو دووڕوویی و بادانەوەو بۆشیی و خۆهەڵخەڵەتاندنی ناکات... سەیری ئەو زەلامە کەن کە لە پڕێکا لای حیزبێک بوو بە "الکاتب الکردی الکبیر" !! یان با نموونەیەکی دیت بۆ بڵێم: گۆڤاری کۆنتراکت کە لە سوێد دەردەچێ لە گوایە چەند نووسەری کورد دەپرسێ: ئایا سی و یەکی ئاب خیانەتە یان نا؟ سەیری بێنەو بەرەو بادانەوە لە وەڵامی هەندێ لەو بەناو نووسەرانەدا بکەو بزانە مۆرکی دەسەڵات چ کاریگەرییەکی هەیە.. لە ژێر خێوەتی خۆدزینەوە لە ناونانی خیانەت بە خیانەت کۆنە دینی و کۆنە مارکسی و چەپ و ڕاست و ناوەڕاست یەکدەگرنەوە.. جارێ هەر کردنی پرسیارەکەش بەو چەشنە و بڵاوکردنەوەی ئەو وەڵامە عەزیمانە بە ناوی بیروڕای نووسەرانەوە، ئەو ئاستە تافیە و پووچەڵە دەردەخا کە دەسەڵاتی خیانەت نووسینی کوردیی بۆ راکێشاوە: ئاستی زەلکاوی خیانەت .... گەر لە روانگەی حەقیقەتی رووتەوە سەیری مەسەلەکە بکەین بەو شێوەیە پرسارکردن دەربارەی ٣١ ی ئاب و تێکەڵکردنی لەگەڵ رووداوی تردا، بە ئاشکرا ماستاوو موساوەمە لەگەڵ دەسەڵاتدا دەردەبڕێ. کردنی پرسیارەکە بە نێگەتیڤ مانای دروستکردنی ئیحتیمالاتی فیفتی/فیفتی یە، مانای دروستکردنی فەزایەکی لە سەدا پەنجا زیاتر بۆ رەتکردنەوەی خیانەتبوونەکەی، مانای دروستکردنی هەلومەرجی ئاخاوتنە بۆ پاکانەی خیانەتەکە.. ٣١ی ئاب خیانەت نییە ، چونکە وشەی خیانەت بەس نییە بۆ وەسفی خیانەتێکی هێندە دزێوو تاوانکارانە کە لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەی نییە.. ئەمەم تەنیا وەک نموونەیەک بۆ نیشاندانی دەوری دەسەڵات لە یەکخستنی راگەیاندنەکان و ئۆردەرکردنیان و نزیککردنەوەیان لە یەکترو وەک یەک لێکردنیان بۆ تەبریرو پشتگیری خۆی ، باس کرد..بەم جۆرە پرسیار لە ئایدیالەکان، بەها بەرزەکان، خەونە پیرۆزەکان، باوەڕە بەرزەکان بە پیرۆزیی مرۆڤ و پێویستی دیفاع لە دادو هەق و درکاندنی راستی وهەموو راستی، هەمووی لە ئاست سایکۆلۆژییەتی خۆبەدەستەوەدان بۆ دەسەڵات دەچنە هەرێمی بڤەکان و نەوتراوەکانەوە..

دیارە کۆمەڵێکی زۆری مەسائیلی سایکۆلۆژی رابردوو تێکەڵی هەڵوێستەکان دەبن. هەتا ئەو مەسەلە سایکۆلۆژییانە، ئەو ڕابردووانە بە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە و بۆ بەرژەوەندی دەسەلاتێکی تایبەتی خۆیان دەردەبڕن .. کەواتە هیچ نوسینێک نییە. بە ڕاستی پاک و بێ تاوان بێ ...هەر کەسێک کە دەنووسێ ئەمە پرسیارێکی مێژوویی یە لەوەدا کە دەینووسێ و لەوەدا کە ناینووسێ، ئەمە نیشانەیەکە لە خۆ دیاریکردنی چوارچێوەی بیرێکی باوی دەسەلات... لێرەدا گرنگە ئێمە بزانین دەوری ڕۆشنبیریی کامەیە و دەسەلاتەکان کامانەن و چۆن کار دەکەن. ئێمە خۆمان کە شتی ڕۆژانە دەخوێنینەوە زۆر جار سەرمان سووڕ دەمێنێ لە زۆری و زەبەلاحی ڕۆژنامەکان (لێرەدا باسی ئێرە دەکەم، ڕۆژاوا، ئەوروپا، لەندەن) ڕۆژنامەکان زۆر زۆرن، بابەتەکان زۆر زۆرن، بیرو رایەکان زۆرو تارادەیەک جیاوازیشن..بەڵام گەر لە روانگەی کاری دەسەڵات و حەقیقەتی رووتەوە سەرنجیان بدەی، دوای ماوەیەک تێدەگەی هەموویان میکانیزمی دەسەلاتییان لە پشتەوەیە هەیە...... ئەوانە هەمووی یەک سیستەمن، یەک تێکستی زەبەلاحی قبوڵکراون، لە دەرەوەی ئەو سیستم و ئەوئێپستیم و تێکستەدا، راگەیاندن و ئاخاوتنی جیا جێگەیان نییە..بەها گشتی و گوایە ئینسانییەکانیش وەک ئازادی بیرورا، مافی مرۆڤ، دیموکراسی، عەقلانیەت و مەنتیق، دایەلۆگ ، مافی گەلان و دادپەروەری و هەق، هتد ئەمانە تا ئەو ئاستە کاردەکەن کە لە ناو چوارچێوەی سیستم و تێکستی

دەسەڵاتدا بوترێن و پاکانەی بۆ بکەن، مشت و ماڵ و دیکۆری بکەن. ئەگینا، رادەی عەقلانی ئاخاوتنە دژەکە و گونجانی لەگەڵ ئەو بەهاو پرینسیپانەدا هەرچەند زۆربێ، هێشتا هەر بە ناعەقڵانی، شێت، پەراوێزیی، قسەی بێبایەخی ئەویدیکە، حیسابی بۆ دەکرێ و مەودای دەرکەوتنی لە ناو سیستمدا پێنادرێ.. بۆ نموونە لە کاتی هاتنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئیتالیا، رۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بەریتانی وتارێکی بە ناوی پەیامنێریان لە تورکیاوە بڵاوکردەوە کە هەمووی ناماقوڵترین و قۆڕترین و درێوترین شت بوو کە دەربارەی ئۆجەلان بوترێ، وتارەکە بەوە دەستی پێدەکرد کە ئۆجەلان بە کۆرپەکوژ (بەیبی کیلەر) ناسراوەو ئەو سیفەتەی توندوتیژی و حەز لە کوشتن و خوێنی هەر لە منداڵییەوە تێدا بووە..یەکێک لە هەرە ئارەزوو-و کارەکانی بە منداڵی مارکوشتن بووە، و قسەی لەم چەشنە؟ ئایا عەقڵانییەت و مەنتیق لەم قسانەدا هەیە؟ ناتوانی بڵێی نا، یان ئا، چونکە عەقلانییەت و مەنتیق خۆیان چەمکن، تێگەن، بیرن و بۆ وەسفی ماناو هەڵوێست و حاڵەت بەکاردێن .. گەرچی راستە وەک مرۆڤ یەکسەر رادەی مەعقولی یان نامەعقولی شتەکان و راگەیاندنەکان هەست پێدەکەین، بەڵام ئەمە شتێکی نیسبییە بە پێی دەوروبەرو هەلومەرجی ئیمکانبوون و کولتوورو بە کورتی پرۆژەی دەسەڵات دەگۆڕێ.. رەنگە بۆ ئینگلیزێک کە عەقڵی بە لێشاوی باسو بابەتی رۆژنامەکان دەشۆرێتەوە، ئەم وەسفە تەواو مەنتیقی و دروست بێ.. رەنگە لای کوردێکیش کە عەقڵی بە زەلکاوی خیانەت دەشۆرێتەوە ئەم باسە مەنتیقی و دروست بێ.. بەڵام سیستمەکە خۆی کە گوایە لە سەر بنەمای عەقلانییەت و دادو ئازادی بیرورا دامەزراوە، چ دەڵێ؟ کە ئەو وتارەم بینی یەکسەر وەرامێکم بۆ نووسی.. کە رەنگە بەرای من، تۆ، هەر کەسێکی بێلایەن کە بیخوێنێتەوە ئەو پەڕی عەقلانی بێ و موراعاتی لۆژیکی دایەلۆگی رۆژاوای، خۆی، تێدا کرابێ.. بە کورتی نووسیبووم ناشێ مرۆڤێ کە ٣٠ هەزار کەس لە ٢٤ سەعاتدا بۆ پاڵپشتی بگەنە ئیتالیا تێرۆریست و منالکوژ بێ، ناشێ کێشەی ١٨ ملێۆن کورد کە ٧٥ ساڵە لە تورکیا لە نەتەوایەتی و ئینسانییەتیان بێبەشکراون وەک کێشەی تێرۆریزمی یەک مرۆڤ سەیری بکرێ، ناشێ لەم سەردەمەدا رژێم هەبێ رێگەی بەکارهێنانی زمان نەدا، ئەی بۆ بۆ ئاشتیخوازی کورد، پەککەکەی،ئۆجەلان حسێبێک ناکەن؟ خۆ ئۆجەلان یەک لایەنە شەڕی وەستاند، داوای لە ئەمریکاو ئەوروپا کرد یارمەتی چارەسەری سیاسیی و ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد بدەن؟ بۆ ئەمانە نانووسرێن، ناوترێن، حەزف دەکرێن؟ دوای چەندین تەلەفون و تەلەفونکاری لەگەڵ نووسکاری بەشی دەرەوەو سەر نووسەر ئاخری تەنیا چوار دێڕ لە نامەکەم بڵاوکرانەوە ئەویش لە پاڵ نامەیەکی ناحەزانەی تورکێکدا، گوایە بەلانس و بێلایەنی دەپارێزن!... دوایی لە خۆپیشاندانە گەورەکەی ١٢ی فێبرووەریدا رۆژنامەنووسێکی ئۆبزێرڤەرم بینی، ئەو چیرۆکەی سەرەوەم بۆ گێڕایەوە. گوتی ئەو وتارەی ڕژی ئۆجەلان لەلایەن M16 ەوە (دەزگای جاسووسی بەریتانی) بۆیان چوو بوو!! ئەمەیە مەبەستم لەو تێکستانەی سیستم دەیاننووسێ.. بۆ نموونە هەزاران لاپەڕە بۆ پێداهەڵدان و پاکانەبۆکردنی لێدانی سربیا لە لایەن ناتۆوەو رزگارکردنی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ لە هەموو رۆژنامەکاندا، چەپ ، راست، نێوەراست، وەک یەک و بە هەمان بۆچوون و پێخۆشبوون و شانازی پێوەکردنەوە، بڵاوکرانەوە.. بەڵام تاقە یەک لاپەڕەی لەم چەشنەبۆ تەبریرو بە پێویستزانینی دەوری ناتۆ بۆ دیفاعکردن لە کورد دژی تورکیا ئێستا رێگەی پێنادرێ!! ئەمەیە مەبەستمان لە سیستم و تێکستی دەسەڵات، راستییەکەی ئەوەیە کە دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیاو ئاخاوتنی دەسەڵات تێکستەکان و راگەیاندنەکان و گوتوبێژەکان دەنووسێ، لاپەڕەی رۆژنامەکان پڕ دەکاتەوە.... ناوەکان و کەسانی پشتی ناوەکان تەنێ رەمزو بتی دەسەڵاتەکەن.... ئەوەش کە دەنووسرێ، بزانرێ یان نەزانرێ، لە سەر حیسابی ئەوەیە کە نانووسرێ..دەرکەوتنی ناتۆ وەک هێزێکی دیمۆکراتی و ئینسانی و پارێزەری مافی ژیان و ئازادی گەلان و قبوڵنەکەری چەوساندنەوەو جینۆسایدی نەژادیی لە کۆسۆڤۆدا تەنیا بەوە مومکین دەبێ کە نەهێلرێ

حەقیقەتی دەورێکی تەواو پێچەوانەو بەراوەژووی ناتۆ لە تورکیادا باس بکرێ و بکەوێتە مەیدانی ئاخاوتنەوە... ئەگینا ئاشکرابوونی ئەم ناکۆکیییە زەقە لە هەڵوێستی ناتۆدا پرینسیپ و ناوەرۆکی هەموو راگەیاندنەکان و ئاخاوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.. بۆیە دەبێ ئاخاوتنی کوردی بێدەنگ بکرێ، پەراوێزیی بکرێ، بخرێتە لاوە، بخرێتە دواوەو هەڵبگیرێ بۆ وەختێک کە هەڕەشەی بۆ سیستم و ئاخاوتنی دەسەڵات چ وەک بابەتێکی ماددی یان مەعنەوی، نامێنێ!! لە لایەکی ترەوە بزربوونی، غائیب بوونی ئاخاوتنی کوردیی لە سیستمی رۆژاوادا مانای کزیی یا نەبوونی دەسەڵاتی کوردە، یان ئەو شوێنەی ئێستا کورد بە باوەڕی غەرب لە ئاست سیستمەکەدا هەیەتی کە بە بەراورد لەگەڵ تورکیادا بە نیگەتیف دەخوێندرێتەوە.. بە کورتی، لە سیستم و ئیپستیم و تێکستی دەسەڵاتدا، دەنگ و رەنگ و ئاخاوتنی بێهێز ، چ گەلێکی بێ هێز بێ، چ چینێک، چ دەستەیەک، چ بێکارو هەژاران، چ رادیکال و رۆشنبیرانی دەرەوەی سیستم، چ کەمێتییەکی رەگەزی و نەژادی بێ، هەمیشە سڕدراوەتەوە، خنکێنراوە، پەراوێزێ کراوە، مۆرکی ناعەقڵانی و شێتانەو ئێکستریم و نامەنتیقی پێوە نراوە.

لەم هەفتانەدا کێشەی کۆسۆفۆ باسێکی زۆری لێکراوە.. بەلام ئەم هەموو ئاخاوتن و راگەیاندنە لە کوێوە هاتوە؟ ئێمە کە دەیانخوێنینەوە، یەکسەر لەتێکستەکە ناگەین، نەبینراوەکانی یان غائیبەکانی نابینین، ئەو راستییە بزرانەی ئاخاوتنی بێ دەسەڵاتان پێک دێن.... کوشتنی سربییە مەدەنییەکان، بۆمباردومانکردنی تەلەفزیۆنی سربیاو کوشتنی هونەرمەندان و کارگێران، هەڵوەشاندنی ژێرخانی ئابووری و شارستانی سربیا.. ئەی ئەم فاکتانە کێ بیان هێنێت؟ پرسیارەکە لەوەیە ئەم فاکتانە و ئەم تێکستانە و ئەم شتە خنکاندراوانەی کە هی خەڵکی بێ دەسەلاتن ئەمە چۆن دەگەنە ئاستێکی دەسەلات و دەبنە بابەتی ئاخاوتن و نووسین؟ ئەمە یەکجار شتێکی گرنگە.. ئێمە کە ئەم جارەیش قسەی لێ دەکەینەوە دەسەلاتەکە زۆر زۆر فراوانە، دەسەلاتێکی سەربازییە، دەسەلاتێکی ئابوورییە، دەسەلاتێکی سیاسییە، دەسەلاتی هەزاران هەزاران مونەسسەساتی گەورەیە، دەسەلاتی سنعەت و تەکنۆلۆجیاو چەک دروست کردنە. ...... زۆر زۆر زەحمەتە کە تۆ شوێنی خۆت وەک دەسەڵات/ئاخاوتن لە ناو ئەو سیستمەدا بکەیەوە، شوێنی خۆت بکەیەوە بەبێ دۆڕاندنی ئایدێندیتی خۆت، بەبێ بوون بە قوربانی سیستم. لەوەدا دەبینی کە وەک کورد، لە رووی بەرژەوەندی ئابورییەوە، لە بەر بێدەوڵەتیی، بێ توانستی ...لە رووی سیاسییەوە، بەبێ بوونی دەزگایەکی نەتەوەیی پانکوردستانیی بەکار، پەککەوتەی.. لە ڕوی هاوار و تەکنۆلۆجیای ئیعلامەوە سەیر دەکەی دەتوانی تەلەفزیۆنی مید بەکارخەی، بەڵام مادام ئەوە لە دەرەوەی کەوانی ئەو سیستەمەیە، جیایە دەکرێتەوە، بە ترسەوە چاودێری دەکرێ، دوایی دادەخرێ! بەڵام هێشتا سیستم ، لەبەر ئەوەی بەشێکی خۆناسینەکەی لە سەر بنچینەی عەقلانیەت و دایەلۆگ و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و میتۆدی زانیاری و شیکردنەوەی بابەتی داناوە، ناتوانێ وەک تورکیا تا ئەو رادەیە قەشمەری بە عەقڵی مجرد و مێژوو- و راستیی فیزیکی بوونی جوگرافی و بەشەری و جیۆپۆلیتیکی گرنگی کوردو کوردستان و پۆتێنسیاڵە ئابووری و ئەمنی و سیاسییە گرنگەکانی بکات..دەمێنێتەوە سەر خۆمان کە ئاخاوتنی خۆمان، ئاخاوتنی سیاسیی/دیبلۆماسیی/میدیایی/کولتووریی کوردی لە سەر ئەو بنەما گرنکانەی بوونی کوردو کوردستان دابمەزرێنین.. ئەوەش بەوە دەبێ کە مێشکی خۆمان هەبێ، زمانی تایبەتی خۆمان هەبێ.. بە رای من ڕۆشنبیری نوێ تا ئێستا زۆر زۆر لەدواوەوەن بۆ تێگەشتنی مەسەلەکان، بۆ دروستکردنی ئاخاوتنێکی کوردی کە لەناو خۆیدا پێناسەی کوردیی هەڵگرتبێ.ئەمەش شایانی تێگەیشتنە..دواکەوتن و بەدواکەوتنی دەسەڵات، پاشکۆیی کولتووری و سیاسییو لە ئاکامدا فیکریشی بەدواوەوە دەبێ، لە ئەنجامدا دۆڕاندنی هەوێتی/ئایدێنتیتی. سەرنج بدەن لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی دەسەڵاتی تورک و بەدواکەوتنی

سیاسەتی تورکیاوە، مۆسیقاو گۆرانی تورکی کە زۆری لە ئەسڵا کولتووری دزراوی کوردە، چۆن لە باشووردا زاڵ بووە..لە ئاستێکی فراوانتردا، ئەو راستییەی کە کۆمەڵگاکەمان خۆژێن (-Self sufficient ) نییە، کە سنعەتی نییەو هەموو یان زۆربەی بەرهەمو کاڵا مادییەکان و بابەتە تکنیکی و تکنۆلۆژییەکان، بەرهەمی دەرەوەن، بە تایبەت رۆژاوا، ئەوا بە هەمان چەشن ، لە ئاستی "کاڵا"ی کولتووری و بە تایبەتی فیکریدا، زاراوەو چەمکەکانی پێبیرکردنەوەو دارشتن و تەفسیرو خۆخوێندنەوەو مێژوو خوێندنەوەو کۆمەڵ خوێندنەوە، هتد خواستراون و بەرهەمی بیری رۆژاوان کە وەک لە سەرەتاشەوە ئیشارەتمان پێ دا، (لە وێ) دا ، لە رۆژاوادا، وەک بەرهەمێکی سروشتی پەرەسەندنێکی مێژوویی/ کۆمەڵایەتی/ سیاسی/کولتووری/تکنۆلۆژی/فیکری هێواش و قۆناغ-بە-قۆناغی چەندان سەدە هاتوونە کایەوە..ئەمرۆ بە هۆی جیهانیبوونەوە کە دەتوانین وەک جیهانی بوونی دەسەڵاتی دۆلار، ناتۆ ، تکنۆلۆژیاو بیریی رۆژاواییو سیستمی سیاسیی رۆژاوایی بناسێنین، وێنەی /ئیماژی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و مرۆڤی مۆدێرنی بازارخواز/ئیستیهلاکی consumer بۆتە وێنەیەکی جیهانی.. کە خۆت لە گەڵ خۆت لە ئاوێنەدا سەیری خۆت دەکەی لە ئاوێنەی خۆتەوە سەیری خۆت ناکەیت و دەبێ لە ئاوێنەیەکی بێگانەوە سەیری خۆت بکەیت ئەوجا خۆت دەبینییەوە ، بچوکترین و و لاوازترین و دواکەوتوترین روخسارت هەیە.. خەون بە خۆگونجاندن لەگەڵ سیستما دەبینی کە خۆی بە بەرگی مۆدێرن و عەقڵانییەوە نیشان دەدا .سیستمێک کە لە ئاستیا ئایدێنتیتی تایبەتی شایانی هەڵوەشاندنەوەیە!! مەسەلە گرنگەکە بە پێوەندی بە ئاخاوتن و نووسینەوە ئەوەیە کە تەنانەت بیرکردنەوە ئازادیی لە دەست دەدا، چونکە تۆ بە چەمکە خواستراوەکان، باوەکان، بیر دەکەیتەوە، ئەو چەمکانەی لە ئاست هێزیی و پەککەوتوویی و بێئایدێنتیتی خۆتدا، دەکارن شەهادەی مۆدێرنبوون و جیهانیبوونت بدەنێ!! بەم جۆرە تۆ لە رێگای ئەوی ترەوە کە سیستەمێکی هەیە، دەبی بە خۆت..... ئێمە دێینەوە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکە کە وشەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە.. دانیمەن لە بەر دواکەوتویی ئەو وڵاتانە لە بەر نەبوونی ئازادی مرۆڤ، لە بەر نەبونی ئازادی دەربرین و رۆژنامەو بڵاوکردنەوە و بیرکردنەوە.... هەمیشە چۆن لە ئاستی کاڵاو تکنۆلۆژیادا خەڵکەکەی بە گشتی پێویستی بە بێگانەیە، بە لە دەرەوەراهێنانە، تا پێویستی ژیان و ماڵو گوزەرانی مودێرن دابین بکات، هەر بەو شێوە نووسەرو ئینتیلێنجسیاکەشی لە ئاستی بیرو پشکنیندا پێویستی بەو کەرەسەو ئامرازو تکنیکانەی رۆژاوا هەیەتا بتوانێ بە هۆیانەوە، لە دنیای بە جیهانیبووندا، یان دنیای خەونی بە مودێرنبووندا، بیربکاتەوە، ژیانی خۆی بخوێنێتەوە، کۆمەڵگاکەی بخوێنێتەوە..لەم رووەوە، گرێبەندێکی(ئیشکالێکی) ترسناک لە بەکارهێنانی بیری ئەویدیکەدا نییە..چەند خۆش دەبێ روناکبیرێکی کورد بتوانێ فوکۆ هەزم بکات و بەو چەشنەی فوکۆ میتۆدۆلۆژی بیرۆکەی پێوەندی نێوان دەسەڵات و زانین و ئەو زانگەیانەی/ئیپستیمانەو ئاخاوتنانەی لەمەوە دروست دەبن، بۆ خوێندنەوەی مێژووی دروستبوونی زیندان و خەستەخانەو ساغگەی عەقڵی و سێکسچوالیتی رۆژاوا بەکارهێناوە، هەر بەو شێوەیە روناکبیرێکی کورد بتوانێ بەکاری بێنێ بۆ خوێندنەوەو شیکردنەوەی ژیان و پێوەندی دەسەڵاتی ناو ئۆردوگاکانی وەختی خۆی ئێران( وەک جەهروم و رێوە)، ئۆردوگاکانی زۆرەملێی بەعس، ئاوارگەکانی ئەنفال، هەتیوخانەکان، زیندانەکانی حیزبەکان، مناڵانی سەر شەقام،، کەشتی و بەلەمەکانی هەڵاتن و ئاوارەبوون، گیتۆکانی ئاوارەو پەنابەرانی کورد لە یۆنان و پاکستان هتد بە کورتی وەک مەنهەجێکی زانستی بەراورد ، وەک مودێلێکی باسکاریی و پشکنین و وەک ئامرازێکی شیکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەات و پێوەندی نێوان دەسەڵات و نووسین، بۆ خوێندنەوەو دیراسەکردنی کۆمەڵگاو مێژووی خۆمان بەکاری بێنێ.. ئەو وەختە ئەمە دەبێتە بەهێزکردنی ئایدێنتیتی خۆمان، خۆناسین و کۆمەڵناسی خۆمان و تەکانێکیش دەبێ بۆ مۆدێرنبوون..

بەڵام بەداخەوە؛ لە بەر بۆشایی رۆشنبیری و زاڵبوونی دامودەزگاو ستراکتوری فیکری بێگانەو هێشتا لەکاردابوونی ستراکتوورەکانی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خێڵەکی و ناشارستانی و لە ئاخریشدا بەرنامەرێژی داگیرکەران بۆ چاندنی هەرجۆرە تۆوێکی دابەشدابەشبوونی کۆمەڵگای کوردەواری و شتنەوەی مێشکی گەنجی کورد بە بیری ئەنتی - کورد، دەبینین زیاد لە کۆمەڵگاکانی دیکەی رۆژهەڵات، هەڵسوکەوتی رۆشنبیری کورد لەگەڵ بیری دەرەوەدا هەڵسوکەوتێکی خۆبەدەستدەرەوانە، خۆنەفیکەرانەو تەنانەت خۆهەڵوەشێنەرانەو خۆکوژانەشە.. بۆ نموونە مارکسیزم دەکرا وەک رێبازێکی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵناسی وەک میتۆدی باسکاریی بۆ دیراسەی قۆناغ و حەقیقەتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و رابردووی شارستانی و مێژووبو فۆلکلۆری کوردو بەتایبەتی بۆ دیراسەکردنی زانستانەی کۆمەڵگای کورد وەک کۆلۆنیالییەکی دەوڵەتانی داگیرکەرو کۆلۆنیالییەکی نێودەوڵەتی(بەو چەشنەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ کوردستانی باکووری کردووەو دەکات) بخرابایە کارو سەدان دیراسەی زانستی بەرهەم هێنرابان، دیراسەی مەیدانی هەموو گوندێکی کورد بکرابایە داخۆ بەراستی پێوەندی دەرەبەگایەتی هەیە، جووتیارو وردە جوتیاری کورد کامەیە، پرۆلیتاریای کورد لە کوێیە، بۆرژواو کۆمپرادۆری کورد چەند پێگەییوە، بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاستی ژیانی خەڵکی کورد چەندە، ئاستی بە سنعەتکردن یان بێسنعەتکردن لە کوردستان چۆنە، چۆن لەگەڵ هەبوونی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەییشدا کورد کولتوورو زمان و شانازیی نەتەوەیی خۆی پاراستووە؟؟.هتد..

بەڵام ئایا تاقە دیراسەیەکی لەم چەشنەش دەبینین؟ بۆ یتوتایە کوردستان کۆلۆنییەو عەرەب یان تورک داگیرکەرن، کۆمۆنیزمە کانیباڵەکانی کورد هەر بە زیندوویی کەوڵیان نەدەکردی و گۆشتەکەتیان نەدەخوارد!!

لە لایەکی کەشەوە، وەک ئایدیۆلۆژییەتێکی سیاسیی، دەکرا مارکسیزم بکرابایە بە ئایدیۆلۆژیای بزوتنەوەی رزگاریخوازی دژ بە کۆلۆنیالی و بۆ کوردستانێکی یەکگرتووی ئازادو گەلێکی بەختیار بخرابایە کار و مرۆڤی کوردی بە بیرو عەقیدەی رزگاریخوازی و ئازادی نەتەوەیی و کۆمەڵیی، پەروەردە بکات.. دەبینین لەم مەیدانەشدا، نەک هەر ئەوە نەکرا بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، سەدی سەد بە پێچەوانەوە، مارکسیزم کرا بە ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیزم و بە زانگەیەکی/ئیپستیمێکی شۆڤێنانە لە سەر پرینسیپی ١) وەهم و ئەفسانەی دروستکردنی براگەورە بۆ کورد،٢) یەکێتی نیشتمانی لە چوارچێوەی نەبوون و داگیرکردنی نیشتماندا،٣) یەکێتی چینی کرێکار لە چوارچێوەی بێسنعەتکردن و دزینی سەرچاوەی ئابووری کوردی سیاسەتی دواخستن و ژێرگەشەکردنی ئابووری و کولتووری و فەوتاندنی جوتیاریش سەرباری دروستنەبوونی چینی کرێکاری سنعەتی، سەرباری دزێوترین دڕندەترین چەوساندنەوەی نەتەوەیی و قەدەغەکردنی ئازادی زمان و کولتوورو دەربڕینی ئازاد... تەنانەت، لە هەمووی قەباعەتتر کردنی مرۆڤی کورد خۆی بە بەرکار، ئەیجنت، بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کۆلۆنیالیزم و جاشێتی فیکرییە بەرامبەر خۆی و داڕزاندنی هۆش و شەخسییەتی تا ئەو ئاستەی شەرم بکا بڵێ نیشتمانی هەیەو مافی ئازادی و سەربەخۆبوونی نەتەوەیی هەیە!!
تەنانەت ئەوانەش کە گوایە هەرە نەتەوەیی بوون و بیری نەتەوەیی یان هەبووە، وەک کاژیک/پاسۆک، لە حەقیقەتدا، لە مەیدانی پراکتیسدا، ئەوانیش دیلی ئەو جوغزە فیکرییە بۆشەبوون: جوغزی ترسی خۆناسین و خۆدەربڕین و لە ئەنجامدا خۆپەنادان یان لەپاڵ بیری دینی دواکەوتوودا، کە شێوەیەکی تری کۆلۆنیالیکردنی مێشکی مرۆڤی کوردە، یان بوون بە پاشکۆیەکی بێدەنگ و زەلیلی پارتی کە حیزبی ئۆتۆنۆمی و عێراقچێتی و لە زۆربەی کاتیشدا، نۆکەرو خزمەتچی رژێمە داگیرکەران بووە.. هیچ کات ئەوانە نەیان توانیوە دەنگ و دەربڕین و داواو بزوتنەوەی سەربەخۆیان هەبێ و نەتەوەیی و کوردستانیی بن!!

بەكورتی دەمەوێ بڵێم پاشكۆیەتی فیكری و ترسی خۆ دەربڕین و ترسان لە ئازادی و كوردستانیبوون، خاسیەتی رۆشنبیرانی كۆنەپارێزی كوردە..

## سیستمی جیهانی نوێ و دەوری رۆشنبیری كورد

پرسیار: ئایا لە سیستمی جیهانی نوێدا، بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی نێوەندا، ئەم پاشكۆیی یە كولتووری و فیكرییە هەمان دەوری هەیە؟ یان زیاتر بووە؟

وەڵام: كە دەڵێین سیستمێكی جیهانی نوێ مەبەست سیستمی دەسەڵاتە بەو مانایەی پێشتر، پێش هەرەسی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیزم، دوو دەسەڵات هەبوون، ئێستا بووە بە یەك .یان یەك بەرەی زاڵ كە ئەمریكا سەركردایەتی و رێبەرێتی دەكا. راستییەكەی بیشتریش چەمكی بوونی دووبەرەی هاوتاو موونافیس بۆ دەسەڵاتی جیهانی چەمكێكی تەواو زانستی نەبوو، بەڵكو خوێندنەوەیەكی ناواقیعی باری ئابووری و زانستی و هاوسەنگی هێز بوو لە دنیادا.. بەرەی سۆسیالیزمی سۆڤیەتی ئەنجامی پەرەسەندنێكی سروشتی مێژوویی نەبوو، بەڵكو پرۆژەیەكی سیاسیی ئایدیۆلۆژی بوو لە سەر بنچینەی عەقیدەو پاراستنی هێز بۆ پاراستنی عەقیدە بنیاتنرا بوو، بە هۆی رووداوی شەڕی جیهانی دووەمەوە دەرفەتی كورتە ژیانێكی بۆ دروست بوو ، بەڵام پرۆژەكە بە گشتی تۆتالیتاری بیرۆكراتی نادیمۆكراتی بوو كە زیاتر پاكانەی خۆی لە پراكتیسی خراپتری بەرامبەرەكەی واتە پراكتیسی ئیمپریالیستانەی رژێمە سەرمایەدارییەكان وەردەگرت لەوەی لە پراكتیسی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی خۆی......لە بەرئەوەی دەبوو موونافەسەی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بكات، ئەویش هەمان پراكتیسی سەرمایەدارییانەی شاراوە، سەرمایەداریی دەوڵەتی، و ئیپریالیزمی سۆسیالیستی رەچاو دەكرد.. لە روانگەی حەقیقەتی رووت و پراكتیسی دەسەڵاتەوە جیاوازی گەورە لە نێوان دوو سیستمەكەدا نەبوون بە تایبەتی بۆ گەلانی جیهانی سێ كە بە خراپی لەلایەن هەردوو سیستمی دەسەڵاتەكەوە بەكار دەهێنران(چەك فرۆشتن، پروپیگەندەی ئایدیۆلۆژی، ئیحتیكاری بازار) بەڵام راستییەكەی هەمیشە سیستەمی سەرمایەداری زاڵ بووە.. بەرەی سۆڤیەت بە سەپاندنی حوكمی موتڵەقی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ناو كۆمەڵی وڵاتە سۆسیالیستەكانداو موونافەسەی چەكی ئەتۆمی دروستكردن و پەنا بردنە بەر ئایدیۆلۆژی هەوڵی دا كە بۆ ماوەیەك بتوانێ ئەو سیستەمە بپارێزێ ، بەڵام سیستەمی زاڵی ئەوكاتە هەر سیستمی سەرمایەداری شێوە لیبرالی و دیمۆكراتی رۆژاوا بوو.. سیستەمی زاڵی ئابووری و ئیعلام و بەرهەم هێنان و زانست و تكنۆلۆژیا ، لەبەر ئەوە سیستمی سۆڤیەتیی نەیتوانی موونافەسە بكاو رووخا.. بەڵام ئایا سیستمێكی جیهانی نوێ دروست بووە؟ گوایە مێژوو تەواو بووە و گیانێكی لیبراڵی دیموكراتی دنیا دەتەنێ؟ دیارە ئەوە دروست نەبووە هەرچەند بە شێوەی سروشتی هەندێك گۆڕانی زۆر لە جیهان دا دروست بووە و ئێستا زیاتر كێشەكان بە ئاشتی و دایەلۆگ چارەسەر دەكرێن. بەڵام لەڕوویەكی ترەوە ئێمە لەوانەیە لە روی سیاسییەوە بۆ سیستەمێكی كۆن وەكو سیستەمی دوای حەربی عالەمیی ەكەم بگەڕێینەوە كە یەك سیستەمە و وڵاتە سەرمایەدارەكان بەسەریاندا زاڵن وئەو زاڵبوونەی خۆیان بەكاردێنن بۆ پەراوێزەكردنی ئەو وڵاتانەی لە دەرەوەی سیستم ماونەوە، ناردنی گیروگرفتی ئابوری و سیاسی و كۆمەلایەتی خۆیان بۆ جیهانی سێ.، بەردەوام بوون لە دروستكردنی شوێنی تەقینەوەی شەڕو قوربانیپێدانی گەلانی بێهێزو هێشتنەوەی مەترسی جەنگی وەهمی و راستەقینە لە پێناوی چەك فرۆشتندا كە تا ئێستا لە ریزی پێشەوەی سنعەتە قورسە پڕ قازانجەكانی وڵاتانی رۆژاوایە.. ئێستا لە چەند وڵاتێكدا شەڕو كارەساتی جەنگ هەیە كە میدیای دەسەڵات هەر باسیشی ناكا.. لە ئەنگۆلا و ئۆگەنداو سودان و ئەریتیریاو ئیسیوبیا شەڕ هەیە.. شەڕ زۆربەی قارەی ئەفریقای گرتۆتەوە..لە ئەندەنوسیا شەڕی ناوخۆیی خەریكە دروست دەبێ.. نێوانی پاكستان و هیند گرژ بووە..روسیا گرفتی ئابووری و سیاسیی گەورەی هەن كە رەنگە بە ئاژاوەو

شەڕی ناوخۆیی بکات.. بەلام شەڕە گەورەکە ئەمڕۆ بەڕاستی شەڕی تەکنۆلۆجی و شەڕی ئابووری یە کە ئەو شەڕە بە تایبەتی دوای سەقامگیربوون و جیهانی بوونی (یورۆ) ڕەنگە بە شێوەیەکی توند لە نێوان ئەمریکاو ئەورووپادا دەست پێبکات..ئەمەش خەتەری زۆرە، چونکە دەبێتەوە شەڕی پۆشراو، شەڕ لە سەر بازاڕی وڵاتانی دنیا و دروستکردنی مەجالی نفوذی دژ بە یەک.دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم لە نێوان دوو سیستمی جیاوازی وەک سەرمایەداری و سۆسیالیزم ڕوویان نەدا، بەڵکو شەڕی وڵاتە سەرمایەدارەکانی ئەورووپا بوو لە سەر بازاڕو قازانج و دەسەڵات.. ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی بازاڕی دنیا بۆتە بازاڕی کەل و پەلیی سەمایەداری وکەس نییە مونافەسە نەکات بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە سەرمایەدارییانەی پێبگات..لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتانی دنیای سێ هەوڵ دەدەن ببنە بەشێک لەو سیستمە، تاقە ڕێگایەک کە بۆیان دانراوە بەدیهێنانی مەرجەکانی سندوقی پارەی جیهانی و بانکی جیهانییە کە مانای گوشینی پتری هەژاران و زیاتر کەوتنە ژێر باری قەرزی سەرمایەدارانە.لە کاتێکدا خواردن و زۆر کەرەسەی خاوی جیهانی سێ لەوانە نەوتیش ، هێشتا زۆر بە هەرزان بۆ ڕۆژاوا دەچێ، تاقە ڕێگایەک بۆ زۆر وڵاتی هەژار تا لە سیستمی نوێ دانەبڕێنو نەپووکێنەوە، ڕاکێشانی سەرمایەی غەربییە بۆ بەگەڕخستنی لە ئابوورییەکەیاندا..ئەمەش ئەوی ڕاستی بێ میکانیزمی نوێی شێوە کۆلۆنیالیزمێکی نوێیە کە نە سووپای دەوێ، نە شەڕ، نە ئایدیۆلۆژی و پڕوپاگاندە..تەنێ خستنە جیهانیبرونی حەتمی زانین و تەکنۆلۆژی و شێوە ژیانی ڕۆژاوایی و خستنە ژێر باری قەرزو بەگەڕخستنی هەموو ئابوورییەکە بۆ دانەوەی سوودی پارەی قەرزەکان.. خۆ گەر وڵاتێکیش هەر جۆرە سەرپێچییەکی کرد ئەوە سزادان (سانکشن) هەیە واتە لاوازوگەڕکردنی بە کێشانەوەی پارەی بەگەڕخراوو (استثمار) و گەمارۆی ئابووری.. لە لایەکی تریشەوە، گەر پێویستی جەنگیش هەبێ ئەوە شەڕی خەلیج و بەتایبەتی سربیا دەریخست کە بەڕاستی مێژوو وەک شەڕی کلاسیکی، شەڕی هێزی زەمینی ، بۆ غەرب، کۆتایی هاتووە.ئێستا دەتوانرێ سەر بە ڵاتێک شۆڕبکرێ تەنێ بە هۆی هێرشی خەست و بکوژو وێرانکەری ئاسمانییەوە..دیارە زۆر چەک و ستراتیژی و تەکنیکی نوێی جەنگ لە هەردوو شەڕی عێراق و سربیا تاقیکرانەوە، لەوانە بەکارهێنانی فراوانی چەکی لەیزەرو بۆمبای بە یۆرانیۆم خۆشکراو تەیارەی بێدەنگ و سارۆخی سمارت!!

ئەمڕۆ سیستەمێکی تازە دروست نەبووە بەو مانایەی کە بیروبۆچونی چەوسانەوە و سوودلێدەرهێنان و مەترسی شەڕ نەهێڵێ.. لە نێوان وڵاتە سەرمایەدارەکان خۆیاندا ئەم مونافەسەیەی کە هەیە بۆتە شەڕێکی ئیقتیسادی لە وانەیە ببێتە شەڕێکی ئایدیۆلۆژی و ئینجا سیاسی و نازانم بەڕاستی بەرەو کوێ دەڕوات.. ئێمە کە بڵێین سیستمێکی نوێ هەیە و کورد چۆن ببێتە بەشێک لەو سیستمە بێویستە بەڕاستی بزانین کە چۆن ئیش دەکات بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئێمە تیایاندا دەژین وانە بە تایبەتی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا.. گرنکە لە پێشەوە ئەو حەقیقەتە بزانین کە سیستمی نوێ وەک سیستمی دەسەڵاتی غەرب بەتایبەتی ئەمریکا هەیەو تا بتوانرێ پێشبینی بکرێ کەس ناتوانێ ڕاستەوخۆ تەحەددای بکات.هەر وڵات وهێزێکیش خاریجی ئەو سیستمە بمێنێتەوە، نرخێکی قورس دەدات.. بۆیە یەکەم پرس، یەکەم ئەرک، بۆ کورد ئەوەیە چۆن بتوانی بچێتە ناو سیستمەکەوە، کە نەشتوانێ وەک لە حاڵەتی یەکەکەیدا چۆن بتوانێ یەکەمجار نیوترال (بێلایەنی) بکات و سەرەتا بۆ دایەلۆگ خۆش بکات..ئێمە دەبێ لەو نموونەو مەسەلە نەتەوەیی یانەی ئەمڕۆ هەن فێر بین، لە مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل، ئێرلەنداو بەریتانیا، باسک و ئەسپانیا.. بە تایبەتی نموونەیەکی زۆر گرنگ کە ئێستا لەبەرچاوە نمونەی کۆسۆڤۆو یوگوسلافیایە کە لەمەدا دەوری سیستمی جیهانی نوێ زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێ.. نمونەیەکی گەورەیە ئێمە لەو نموونەوە ئێمە بێویستە هەڵوێستی خۆمان لەڕوانگەی ئەو سیستەمە نوێ یەوە سەرنج بدەین..

دەکرێ بەو شێوە تەفسیری بکەین کە ئەمریکا زاڵ بووە.. ئەمریکا دەسەڵاتی بە سەر ئەورووپاشا هەیە، کە واتە ئەمڕۆ ناتۆ تاقە هێزێکی سەربازیی سەرەکیی دنیایە.. ئەوەی کۆسۆڤۆ تاقی کردنەوەیەک بوو کە بەڕاستی سۆڤیەت نەیانتوانی تەحەدای بکەن، یەعنی ئەوان هەموو شتێکیان بۆ دەچێتە سەر ئەمە تاڕادەیەک ..بەڵام لایەنەکەی تر بگرین، بەڕاستی لەگەڵ ئەو هەموو بۆمباو کوشتن و وێرانکارییەدا، سربیا تا رادەیەکی زۆر خۆی ڕاگرت و تەحەدایان کرد، ئەو هەموو تەکنۆلۆجیایە نەیتوانی ئیرادەی موقاوەمە بخات گەرچی گەلی سرب شەڕەکەی بە هی میلیسۆڤیچ دەزانی نەک هی خۆی..ئەم خۆ ڕاگرییە گەرچی دیاربوو کەمخایەن و هیوابڕاوە، خەریک بوو ناتۆ تووشی گرفتێکی گەورە بکاو بە ناچاری مەسەلەی داگیرکردنی زەمینیی بێنێتە گۆڕێ، کە ئەمە بۆ ئەورووپا و ئەمریکا زۆر حەسساسە، چونکە وەکو زەمانی کۆن نەماوە بڵێین خەڵکی زۆر بکوژرێ تەئسیر ناکات.. مردنی چەند کەسێک ڕای گشتی لەم وڵاتانە دەوروژێنێ.. واتە ئیحتیمالی شەڕی زەمینی و خەسارەی گیانی ڕاستەوخۆی وڵاتانی غەرب، هەمیشە وەک نوختیەیەکی لاوازی ئەوان دەمێنێتەوە، بۆیە هەر جۆرە هەڕەشەیەکی لەم چەشنە، ئەگەرچی بە کاری تێرۆریستیش بێ، حیسابی وردی بۆ دەکرێ... دیسان هەردوو شەڕی خەلیج و یۆگۆسلاڤیا ڕاستییەکی دیکەی گرنگیان دەرخست ئەویش ئەوەیە کە شەڕی مۆدێرن لە بەر ئەو تاقەت و خەرجییە گەورەی تێی دەچێ، بە یەک دەوڵەت بەڕێوە ناچێ. .بۆیە تەنانەت بۆ ئەمریکاش ستراتیژی هاوپەیمانێتی هەمیشە گرنگە.. ..... دیسان هیچ وڵاتێ ئەمڕۆ چ لە ڕوانگەی مەسەلەی لێپرسراوێتیی قانونی دووەلیەوە چ وەک ئەرکی سیاسیی و خەرج و تێچوون ئامادە نین بە تەنیا شانی بدەنە بەر وپێویستی بە تەحالوفات هەیە لەبەرئەوە لەو تەحالوفاتانەدا. ئەورووپا تا چ حەددێک دەتوانێ لەگەڵ ئەمریکا بێت و پاشکۆی سیاسەتەکانی بێت؟ ئەمە ڕەنگە تەنیا ئەو کاتە وەڵام بدرێتەوە کە یەکێتی

ئەورووپی بە تەواوی لە ڕووی ئابووری و سیاسیی و سەربازییەوە چێ دەبێ! ئەگینا ئێستا لە سیستمی نوێدا بەڕاستی ئەورووپا تا ڕاددەیەکی زۆر ئازادی بڕیاری سیاسیی لە دەست داوە..گرنگە کە ئەمە بزانین و بزانین کە ئەگەر کورد بیەوێ لە سیستمی نوێدا شوێنێکی ببێتەوە، یا نەبێتە قوربانی (وەک تورکیا دەیەوێ) دەبێ لەگەڵ ئەمریکا دایەلۆگ بەهەر شێوەیەک بێ دروست بکاو لۆبییەکی بەهێزی لە ناو کۆنگرێسی ئەمریکیدا هەبێت.. لەو سیستەمەدا کە ئێمە پێی دەڵێین سیستمی نوێی جیهانی تورکیا دەورێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە یان وا دەزانێ دەورێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە؟ چونکە فەرقی زۆرە کە دەورێک ببینی بۆ قازانجی گەلەکەت و ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتنی ئابووری و سەقامگیربوونی دیمۆکراسی و کۆمەڵگای شارستانی بێ لەوەی تەنیا ببیتە بازاڕێکی چەک و ژەندرمەیەکی بۆ کاتی پێویست ئابوورییەکەت داتەپینی و مافی مرۆڤ ژێر پێدەی و وڵاتەکەت بخەیتە ژێر ڕەحمی قەرزو قازانجی سندوقی پارەی جیهانی و شەریکاتی سەرمایەداری جیهانییەوە... ئەو حاڵەتەی تورکیا خۆی تووش کردووە هەمان حاڵەتە کە عێراق خڕی تووش کردووە بەڵام بە دیوێکی تردا.. ئەم دەورەی کە تورکیا بۆخۆی دۆزیوەتەوە زۆر کەس ئەم دەورە وا لێک دەدەنەوە کە شتێکی گەرەبێت بەڵام بەڕەئی من وانییە و ئەو تاحالوفەی کەلەگەڵ ئیسرائیل کردوویەتی لاوازترین ئەڵقەی ئەو دەورەیەتی نەک بەهێزترین و کورتخایەن دەبێ... تورکیا بە یارمەتییەکی بلیۆنەها دۆلاری ئەمریکا و ئەو پارەیە خۆی ڕاگرتووە کە تورکە موهاجیرەکان لە ئەورووپا دەیرێژنە ناو ئابوورییەکەیانەوە... تاقە ڕێگا بۆ تورکیا ئەوەیە کە یان بەڕاستی دیمۆکراتی بێت و کێشەی کورد حەل بکاو حوکمی عەسکەری تەنک بکاتەوەو پێوەندی باش و لەگەڵ دەوڵەتە عەرەب و ئیسلامییەکان ببەستێ و وەک دەوڵەتێکی دیمۆکراتی مودێرن بچێتە ناو یەکێتی ئەورووپییەوە، یان هەروا لەلایەن ئۆلیگارکی عەسکەری خۆی و سەرمایەداریی جیهانییەوە وەک بازار چەک و مافیا بەکاردێ تا تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێ و لە سەر چۆک دەکەوێ..تورکیا ناتوانێ دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی فاشی بمێنێتەوەو بە بیرو فەرمانی ئەتاتورک

تەعامول لەگەڵ سەدەی بیست و یەک بکات.. بەرای من چاوەدێری ئەم وەزعەی تورکیاو خۆ ئامادەکردن بۆ هەردوو ئیحتیمالاتەکان گرنگترین گۆشەیەکن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان زیرەکانەو هۆشمەندانە مامەڵە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانیی بکات..
سیستمی نوێی جیهان، جیهانیبوونی لە شێوەی زاڵبوونی دۆلارو کاڵاو کەرەسەی بازاڕی سەرمایەداری وگەورەترین شۆڕشی تکنۆلۆجی لە مەیدانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی زانیاری و دەستراگەیشتن بە زانیاری و میدیا بەهۆی سەتەلایت و ئینتەرنێتەوە، کردۆتە دیاردەیەکی گەردوونی و هەموو گەلان و تەنانەت تاکەکەسانیش دەتوانن بە شێوەیەکی ئازاد گەر هۆشیاری و ئیمکانیاتیان هەبێ کەڵک لەم جیهانیبوونە وەربگرن. ئەم حاڵەتە لایەنە شۆڕشگێڕی و دەرفەتە ئینسانی و زانستی و زانیارییە مەزنەکانی، زۆر لە حەقیقەتی تەبعیە بوون گەورەترن و بۆ گەلی کوردستان مەجالێکی فراوانی دروست کردوە کە لەم رێگایانەوە کەسێتی و یەکبوونی نەتەوەیی خۆ ی بسەلمێنی و دەنگو رەنگ و خواستی ئازادیخوازانەی خۆی بە دنیا بگەیەنێ.بۆیە بەرای من جیهانیبوون و یەک سیستمی دەرفەتە بۆ کورد بۆ فڕێدانی باری پاشکۆیەتی کۆلۆنیالی. ئەمەش بەستراوەتەوە بە ئیرادەی کورد خۆیەوە چۆن ئەو میدیا تازانە بەکاردێنێ و بۆ چ مەبەستێک؟ ڕۆشنبیری کورد گەر مێشک و خواستی سەربەخۆی خۆی هەبێ دەتوانێ دەورێکی مێژوویی شۆڕشگێڕانە ببینێ، بەوەی کە لە بە پاشکۆبوونی بۆ دەسەڵاتی سیاسی نادیمۆکراتی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی خۆشی، خۆی ئازاد بکاو ببێتە بکەرێکی ئیجابی لە کایەکانی ئاخاوتنی سەردەمدا و بەبیرو قەڵەم و تێکۆشانی خۆی ئاخاوتنی سەربەخۆی کوردیی کەڵاڵە بکات.

## ڕۆشنبیرو رەخنەگرتن لە دەسەڵات

پرسیار: کاک دکتۆر ، دەمەوێ هەر لە پرسیاری یەکەمەوە دەست پێ بکەمەوە،ئەوەی کە دواتر لێکت دایەوە مەسەلەیەکی گرنگەو پێویستی بە وەستانی زیاتر هەیە.وەک ئاگاداریت ئەدوارد سەعید لەو محازەرانەدا کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە بی بی سی بڵاوی کردونەوە و بە محازەراتی (ریث) بە ناوبانگن و دواتر کراوەتە کتێب بە هەمان شێوە باس لە ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەکات لە دنیای ئەمڕۆدا ، بەو شێوەیەی کە ئەو پێی دەڵێ« نەقدی سوڵتە ». بە لای میللتی کوردیشەوە جەنابت هەر وای دەبینی،واتە ڕۆشنبیری کوردیش دەبێ هەڵوێستی خۆی ڕوون کاتەوە : یا ئەوەتا لەگەڵ دەسەلاتداران وەیان ئەوەتا ڕەخنە لە دەسەلات...بەلام گرێیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان نە ئەوەتا دەسەلاتداری تەواو بن وە نە ئەوەتاش بێ دەسەلات، واتە وەزعەکە لە ڕووی مێژووییەوە ڕوون نییە ؟ واتە چەمکی دەسەڵات لای تۆ چییە کە پێویستە ڕووناکبیری کورد لێێ ئاگادار بێ؟

وەڵام:- هەموو میللەتێک بۆ وەرامدانەوەی هەر پرسیارێکی گرنگ سەرەتایەکی هەیە کە دوایی دەبێتە سەرەتاگەو بنەمای ئارکیۆلۆژی ئەو ئاخاوتنەی لێیەوە سەر هەڵدەدات..خۆش بەختانە سەبارەت بە دەوری ڕۆشنبیرو پێوەندی بە سوڵتەو دەسەڵاتەوە، ئەحمەدی خانی ئەمر، وەک لە زۆر کایەی ئاخاوتنیی دیکەدا کردوویەتی، سەرەتایەکی گرنگی بۆ داڕشتووین. ئەو توێژی ڕۆشنبیر، کە بۆ ئەوسا تەنیا شاعیر بوو، لە خانەی دەسەڵات جیا دەکاتەوەو شوێنی ئەو لەناو میللەتدا، لەناو فەقیرو هەژارانی میللەتەکەیدا، دادەنێ.. شاعیری کورد لای خانی شاعیری میرو دەسەڵاتداران نییە، گۆرانی بۆ میران ناڵی و نابێتە دەستو پێوەندو سەنابێژی گزیران، بەڵکو شاعیری قەزیەیە، قەزیەی نیشتیمانیی، و شاعیری هەژارانە.. ئەمە سەرەتایەکی مەسەلەی پابەندیش یا ئیلتیزام دەدرکێنێ..دیارە مەسەلەی پابەندیش وەک زۆر مەسەلەی دیکە بە کردنی بە مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژی رەش و سپی، شێوێندراو لە ناوەرۆکەکەی بەتاڵ کرایەوە.. بەڵام پابەندی بە گەل و هەژارانەوە، کە خانی ئیشارەتی بۆ کردووە، سەرەتاگەو پرینسیپێکە کە هەمیشە زیندووەو کاریگەری خۆی دەپارێزێ.. بە تایبەتی کە لەروانگەی پێوەندی نێوان

زانین و دەسەڵاتەوەو ئاخاوتنی هێزو بێهێزکردنەوە بۆ ئیلتیزامەکە بچین، ئەوا مەسەلەی هەژار، برسیکراو، زەلیلکراو، زیندانیکراو، دەربەدەرکراو، راونراو، ئاوارەکراو، رەپێکراو، بێوەژنکراو، زەلیل و زەبوونکراو، بیشەخسیەتکراوو کەرامەتشکێنراوو، ژێردەستکراوو، زمانبەستراوو ئازادی لێسەندراوو،هتد ئەمانە لە هەموو کۆمەڵێکداو لە هەر شوێنێکدا هەر هەن و لە کۆمەڵی چەند قات ئەنفالکراوی خۆماندا هەر زۆر زۆرن و رۆشنبیری مرۆڤپەروەرو وێژدان زیندوو، دەکرێ و پێویستە پابەندی دیفاعلێکردنیان بێ...بۆیە ئەم سەرەتاکەیەی خانی زۆر گرنگە، بەڵام وەک هەر لە دایکبوونێکی دیکە، دیرۆکییەو زەمەنییە. واتە مەسەلەی رەوشی بوون و پراکتیسی دەسەڵات و دەسەڵاتداران لە سەردەمی خۆیدا، ئاشکرا دەکات.. کە ئەمەش ، گەر درێژەی پێنەدەین و پرۆسەی مێژوویی باس نەکەین و تەنێ بەراوردی ئەو تێگەیشتنەی خانی لەگەڵ توێژی رۆشنبیری ئەمڕۆی کوردا بکەین، جیاوازییەکی ئەرزوئاسمانیی دەبینین. ئەوە بۆ وایە؟ خانی شاعیر(رۆشنبیر) وەک مەفهومێ /چەمکێ جیای دەکاتەوە لە مێژووی کوردا ،لەسەرەتای دروست بوونی ڕۆشنبیریی سەربەخۆی کوریدا، بەڵام ڕۆشنبیری کورد لە سەردەمی خانیدا، بە شێک نییەلە دەسەڵات، بەرهەمەکەی بەشێک نییە لەسیاسەتی دەسەلاتدارەکان و دەسەڵات هەلومەرجی ئیمکانبوون و بڵاوبوونەوەی فەراهەم ناکات..بەڵکو تەو نامۆیە لە دەسەڵات، تەنیایە، روانگەو ئایدیۆلۆژی رۆشنبیر، کە لە خانی خۆیدا بەرجەستە بووبێ، پێچەوانەی پراکتیسی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیی میرانە..واتە لەو کاتەدا گەر لێکدانەوەکەی (گرامشی) بەکاربێنین، رۆشنبیری ئۆرگانی کورد ، رۆشنبیرێک کە دەسەڵاتێکی کوردیی بۆ پاکانەبۆکردن و سەلماندن و بەردەوامکردن و بەرهەمهێنانەوەی خۆی وەک بەشیک لە ستراکتوری چینایەتی/کۆمەڵایەتی/ئابووری و دامودەزگاو دامەزراوەی دەسەڵات ، دروستی کردبێ، لە دایک نەبوو بوو. خانی لە دایکبوونێکە لە دەرەوەی بەڵام نزیک لە مناڵدانی دەسەڵاتی میرنشینی کوردییەوە..خانی رەقیبێکە بەسەر ئەو دەسەڵاتەوە، نەک شەریکێک لەگەڵی، دەیەوێ رێبەرێتی بکانەک پاشکۆی بێ، فێری بکات نەک فەرمانی لێ وەربگرێ.. چونکە خانی سەربەخۆیە، لە رووی ژیان و لە رووی بیرکردنەوە، میر نایژێنێ، لە دەرباری ئەویشدا ژیان بەسەر نایاو بە سێبەری ئەویش گەورە نابێ.. بەڵی خانی ئامادەیە میری خۆشبوێ و شانازی پێوە بکات بەڵام تەنیا کاتێ و ئەگەر بەرامبەر داگیرکەری تورک (رۆم) بوەستێ و دابەشبوون و پارچەبوون نەهێڵی و، نەهێڵی مەرگەوەڕان بە یەکگەیشتنی مەم و زین، کە بە بڕوای کاک ئەمیری حەسەنپوور، مەبەستی پێکگەیشتنی باکوورو باشووری کوردستانە، مەحاڵ بکەن... ئەمڕۆ دەبینین پرینسیپەکەی خانی لای زۆر (رۆشنبیر) بەراوەژوو کراوەتەوە..ئەمەش دوو هۆی سەرەکی هەیە:

١. یەکەم: ئەو راستییەی کە کوردستان پارچە پارچە کراوەو کورد تا ئێستا دەوڵەتی خۆی نەبووە، ئەو رۆشنبیرانەی کە دروست بوون وەک بەشێکی ئۆرگانی یان پەراوێزیی دامودەزگای گەلانی سەردەست و داگیرکەر دروستبوون. ئەمەش کۆنتێکستی (دەرگیری، چوارچێوەی) بوون وبیرکردنەو بۆچوونی ئەوان دیاری دەکا. هەروەک چۆن هەر دەوروبەرە (شاخ، دەشت، دارستان، بیابان) جۆرە گژوگیاو دەعباو گیانلەبەری تایبەت بە خۆی دەخولقێنی، هەر ئاواش هەر دەوروبەرە جۆرە مرۆڤێکی تایبەت لەرووی رەوش و رەوشت و بیرکردنەوەو دنیابینییەوە، دەخولقێنێ... رۆشنبیرانی سەرهەڵداوی ناو کولتوورو دامودەزگای گەلانی سەردەست زۆر جار بە زانینەوەو زۆر جاریش بەبێئاگایی یەوە، هەڵگری هەمان دیت و دنیابینی و رەوشی ئەو سیستمانەن، زۆر جار گەر لە رووی ئایدیۆلۆژی و دروشمیشەوە جیاوازییەک ئیددیعا بکەن، لە روی پراکتیسەوە، هەمان فانکشن و ئەرک دەبینن. ئەمە بە تایبەتی بۆ رۆشنبیرانی ئێران و تورکیاو سوریا بەراست دەگەڕێ ، کە لەوێدا دامودەزگاو زمان و کولتووری گەلانی داگیرکەر، زیاتر پراکتیسی دەسەڵاتییان کردووەو پێوەندی خۆسەلمێنەرانەو یەکترسەلمێنەرانەو یەکتر بەرهەمهێنەرەوانەی نێوان زانین و دەسەڵات پتر

کاریگەربووە. بەداخەوە تا ئێستا ئێمە دیراسەیەکی مەیدانی و شیکردنەوەیەکی زانستی تەجریبی ئەو ریالێتییەمان نەکردووەو رادەی ئەو زیان وشێواندنە مێژوویی و سەرلێشێوانەمان رووننەکردۆتەوە کە لەم ریالێتییەوە ئەنجام هاتوون. رووی زەقی ئەم چلۆنایەتییە گومبوونی ئایدێنتیتی و دۆڕانی کەسێتیی و بیرکردنەوەی سەربەخۆیە، وەک رۆشنبیری تاک و، وابەستەیی و پاشکۆیی دەزگاو ستراکتورو کولتوورو رێکخراوی سەردەستی گەلانی داگیرکەر، وەک رێکخراوی حیزبی و سیاسەتمەداران..لە تورکیا، دەبینین تەنانەت ئاشکراکردنی ئایدێنتیتی کوردیی لای زۆر رۆشنبیری کورد بڤەبووەو کەم توانیویانە ئەو ئایدێنتیتیە ئاشکرابکەن،ە جا چ جا بە کوردی بنووسن و کوردایەتی بکەن، گەرچی خەباتی پەکەکەی تا راددەیەکی زۆر وەزعەکەی گۆڕی.(.بەبێ ئەو خەباتەو دەستکەوتەکانی دەشێ کەسێکی وەک یەشار کەمال کوردێتی خۆی جاڕ نەدایە. دیارە کەسانی تێکۆشەرو کوردایەتیکەری وەک شەهید موسا عەنتەریشمان هەن کە خۆتواندنەوەیان لە ناو سیستما، چ وەک زمان، چ وەک ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆژی دەسەڵات قبوول نەکردووە.) بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لەبەر تایبەتێتیی سیستمی کۆلۆنیالی تورکی، دەستەی رووناکبیرو وردەبۆرژوازیی کورد لە تورکیا، گەر لە رووی سیاسیشەوە کەمپێکی جیایان هەڵبژاردبێ، لە رووی بیرکردنەوە پراکتیسەوە، هەمان فانکشنی سیستم دووبارە دەکەنەوە،، هەر لە قسەکردن بە تورکی، یا بیرکردنەوە بە تورکی گەر بەکوردی بدوێن و ئاواتخواستن بەوەی لە ناو سیستما وەک کورد، گەر شکڵیش بێ، جێیان ببێتەوە، لەوەی بەراستی بەرهەڵستی بکەن و ئەجندای ئۆلتێرنەتیف، داڕێژن. تەنانەت، پەکەکەش. وەک گەورەترین پارتی رادیکاڵ، لە ئایدیۆلۆژی و پراکتیسا، هەر سیستمی تورکییە بە بەراوەژووکردنەوەو بەکوردیکردنی..رادیکاڵییەکەی لە بەکوردیکردنەکەی، تەنانەت بە کوردستانیکردنەکەیدا بوو، لەوەدا بوو کە سیستمەکەی وەک دەسەڵاتی گەلی سەردەست کە تواندنەوەی ئایدێنتیتی خۆی تێدا بێ، قبوڵ نەکرد، بەڵکو سیستمەکەی کردە (ئەویدیکە) ی خۆی، ئەمجا بە وریایی یەوە بێ یان بەبێئاگایی ، میکانیزم و تاکتیکی وەرگیراو لەو سیستمەی بۆ بەرەنگاریکردنی بەکار دێنا تا دژەسیستم بسەلمێنێ. بە کورتی عەبدڵڵا ئۆجەلان وەک ئەتاتورکی کورد، ئەتاکورد ، خۆی دەنواند و سیستمی ئینزیباتی عەسکەریشی، لە سەر سیستمی سووپای تورکی مودێل دەکرد، تا بتوانێ بیگەێنێتە ئاستێک، بتوانێ بەرەنگاری ئەو سیستمە سەختو دڕندەیەی تورکی بکات...ئەو رۆشنبیرانەی دەرەوەی پەکەکە، بە تایبەتی ئەوانەی حیزبین و سەر بە حیزبەکانی ناحەزی پەکەکەن، گەرچی دەعوای دیمۆکراتی و کوردایەتی دەکەن، راستی زۆربەیان کوردایەتییان بۆ ئەوە دەوێ ئیمتیازێک لە سیستم بەدەست بێنن. کوردایەتی ئامانج نییەو هیچ ستراتیژو پراکتیسێکی کوردستانیبوون شک نابەن و ناکۆکی سەرەکیی خۆیان لەگەڵ سیستمدا نابینن وەک لەگەڵ پەکەکەی و رەنگە هەر حیزب و رێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانیی سەرانسەری تر..لە کاتێکدا ئەوان، بە هەق یان ناهەق، رەخنە لە پەکەکە دەگرن، ئەلتەرناتیفێکی باشتریان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەلتەرناتیفێک کە رەچاوی بکەن لەسەر حسێبی کوردو بۆ خزمەتی سیستمە..هاوڕێیەکی خۆشەویستم کە نزیکی و ئاگاداری لە و جۆرە رۆشنبیرانەی باکووری دژ بە پەکەکەی هەیە، گوتی: بەراستی لەلایەکەوە تورکیا ئەوەی باشە کە بەهیچ جۆرێک دان بە کوردا ناهێنێ، ئەگینا هەر ئامادەبووایە بە ناوی کورد-دوە ئەو حیزبانەو "رۆشنبیرانە" قبوڵ بکات، ئەوا زۆر بە شانازییەوە دژی پەکەکەی جاشێتییان بۆ تورکیا دەکرد..هەڵبەت من ئەو رایە زۆر بەراست دەبینم و موبالەغەی تێدا نییە.. ئێستا زۆر لەوانە کە راستەوخۆ لە رێگای سیستمی تورکییەوە ئەو دەورەیان دەستناکەوێ لە رێگای پارتییەوە ناراستەوخۆ ئەو دەورە بۆ تورکیا دەبینن..لە کوردستانی رۆژهەڵاتیشدا لە ئاستی حیزبەکان و رۆشنبیری سەر بە حیزبەکان خۆساغکردنەوە بۆ سیستم و کولتووری بە ئێرانیبوون بە خەستی لە کاردابووە بەبێ ئەوەی ئەمە لە سەر بنچینەی

سەلماندنی مافو کەسێتی سەربەخۆو یەکسانی کورد بێ..بەڵکو وەک پاشکۆیی...گەرچی لەبەر یەکبنچینەیی زمانی کوردی و فارسی و لەبەر هەبوون و بەردەوامبوونی زمان و فۆلکلۆری ساغی کوردی و لەبەر قەدەغەنەبوونی زمانی کوردی لە بەر دەوری کۆماری کوردستان و پێوەندی و تەئسیری نزیکی باشوور، شاعیرانی کوردستان پەروەر هەر هەبوون و ژمارەیەکی باشی رووناکبیر و نووسەری سەربەخۆش دروست بووە کە هیوای زۆریان لێدەکرێ. بەڵام لە چوارچێوەی حیزبەکاندا، حاشاکردن لە نیشتمان و هەوێتی نەتەوەیی کوردستانی هەمیشە لە برەودا بووە. دەبینین نووسەرێکی گەورەی وەک حەسەن قزلجی کە لە زمانزانی و ئەدیبێتیدا عەبقەرییەت و شارەزاییەکی بێوێنەی هەبوو- و دەیتوانی لە ئاستی کوردستانی مەزندا دەورێکی گەورەو رێبەرانە ببینێ، بەداخەوە بۆ ئایدیۆلۆژییەتی ئێرانچێتی تودەیزم ژیاو مرد، بەو تێگەیشتنە ساوێلکەی کە توودەگەری خزمەتی پرۆلیتاریای کورد دەکا!!( لە کاتێکدا دوای هەرەسی سۆڤێت ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەو حیزبە بەناو مارکسیو کۆمۆنیستانە لە ئاستی سەرکردایەتی و ستراتیژیدا راستی لە دەزگایەکی بیرۆکراسی تەبلیغاتی سیاسی و جاسووسی رژێمی سۆڤیەت و کەی جی بی زیاتر نەبوون و رابەرەکانیشیان مووچەخۆرێکی لەو چەشنەی گەل و مێژو هەڵخەڵەتێنەر بوون لە کاتێکدا سەدان رووناکبیر و نیشتمانپەروەریان بە ناوی خەبات بۆ سۆسیالیزمەوە بە زیندانیکردن و سێدارەدان دەدا. ) تەنانەت لە رووی بابەت و ناوەرۆکی چیرۆکەکانیشیەوە، دەبینین قزلجی ئەوەی بە لاوە گرنگترە کێشەیەکی سادەی ئاغایەکی کورد لەگەڵ فەللاحێک قەبە بکات لەوەی تەئسیری کۆلۆنیالیزم لە سەر کوردستان و واقیع و کارەکانی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی وێنە بکات. یان کەسێکی وەک مام غەنی بلوریان کە بەراستی دوای٢٥ ساڵ زیندان دەبوو جۆرە ماندێلایەکی کوردی لێ پەیدا ببایە، کەچی بە هەمان عەقڵی توودەیی ئێرانچییەوە هاتە دەرو کەوتە کارو کەوت.

دوای راپەرینی گەلانی ئێران و روخانی شا، میللەتی کوردی تامەزرۆی ئازادیش راپەڕی و زۆربەی کوردستانی رزگار کرد..حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە هەلێکی گەورەیان بۆ هەڵکەوت کە لەبەر نەبوونی شارەزایی و ئەزموونی پراکتیکی خەبات و لە بەر نەبوونی بیرو ستراتیژی کوردستانی و یەکێتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی بڕیارو لەبەر منداڵبازاڕیی و دروشمی ناسازو ناقۆڵای دوور لە ژیان و چلۆنایەتی کوردەواری، بە شێوەیەکی زۆر ناشیانەو ناشیرین، ئەم راپەرینایەن لە هەموو ناوەرۆکە کوردایەتییە جەماوەرییەکەی بەتاڵ کردەوە، تا وای لێهات کۆمەڵە بگاتە ئەو رادەیە لە هیچ و پووچی و بۆشی و گاڵتەکردن بە عەقڵ و بە کەرامەتی کورد، کە خۆی بکاتە پاشکۆیەکی زەلیل و تافیهی چەند فسفسپاڵەولێتکی ئێرانی و ناوی خۆشی بگۆڕێ بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (نەک کوردستان !! ) دواییش هەمان مودێلی حیزبی لە کوردستانی خواروو کۆپی بکەن بە ناوی حیزبی کرێکاری کۆمۆنیستی عێراقەوە - دیسان نەک کوردستان!) لە کاتێکدا ئەو حیزبە نەیتوانی لەو هەلومەرجە زێڕینەی دوای نەمانی شا، شتێک بۆ کورد بکا جگە لە تەبلیغاتی ئایدیۆلژی و کردنی کورد خۆی (لەو وەختە ناسکەدا) بە دوژمنی کورد بە هۆی دروشمی چینایەتی ئێکستریم وناریالیست و نازانستییەوەوە و دانانی حیزبی دیمۆکرات بە بۆرژوازی و دوژمنی سەرەکی پلە یەک و دەستپێکردنی براکوژی، دەبینین دێن ئیددیعای رزگارکردنی هەموو پرۆلیتاریای دنیا دەکەن ..بە هۆی کێوە؟ هەڵبەت بە پلەی یەکەم بەهۆی پرۆلیتاری کوردەوە کەچی تا ئێستا عەبقەرییەتی زانستانەی خۆیان نەخستۆتە کار پێمان بڵێن ئەو پرۆلیتارییە کوردە کێیەو لەکوێیەو دەوری چییە جگە لە خزمەتی نەرگزێتی و ئیگۆیزمی چەند کەسێکی نەخۆش و بازرگانانی بیر کە هەڵبەت بە پارەو پیتاکی ئەو پرولیتاریانە، یان بە سۆسیالی ئەو وڵاتە ئیمپریالیستانەی دەیانەوێ بیانرووخێنن و پەنایان تێداگرتوون!!، یان بە بەخشیشی حاتەمییانەی سەددام، دەتوانن خۆیان بژێنن و لاپەڕە زەردەکانی رۆنامەکانیان پڕ بکەنەوە!! و جەماوەری کوردیش لە تەنانەت

خۆشەویستی خاک و زێدو زمان و کولتووری خۆی دوورخەنەوە و بیکەنە قوربانی شەڕی فانتازیا، شەڕی فسفسپاڵەوانی پرۆلیتاریانە. ئایا چ عەقڵێکی کورد کە تۆزێ چ ویژدان چ مەعقولیەتی تێدابێ دروشمی "نەمانی جمهوری ئیسلامی" بەرز دەکاتەوە؟ کورد چ ئیشی بەو کارەیە؟ یان جمهوریەتێک کە خەڵک خۆی دەنگی بۆ بدا، تۆ بۆ دەبێ بتەوێ بیروخێنی، یان روخاندنیشی نابێ لە پێشەوە بەرپرسی و ئەرکی هەموو خەڵکی ئێران بێ، یان رژێمێک بە دەساڵ شەڕی عێراق و ئێران و دوژمنایەتی هەموو رۆژاوا نەرووخێ، چۆن بە تۆ دەڕوخێ، یان گۆڕینی هەر رژێمێک لەم سەردەمەداو جێگەگرتنەوەی بە رژێمێکی دی هیچ چارەسەری گرفتی و مەسەلەکان دەکا؟ ئایا ژیان و مێژوو نەیسەلماند کە تەنیا دیمۆکراسی و پلورالیزم و ئازادی موتڵەقی بیروراو برەوپێدانی کۆمەڵگای شارستانی دامەزراو لەسەر بنچینەی لیبرالێتی بیرو حوکمی دەستووری یاسای بڕیاردراو لەلایەن نوێنەرانی گەلەوەو فەراهەمکردنی هەلو دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکێک و هەموو گرۆیەک بێ جیاوازی زمان و سێکس و رەنگ و رەگەز، ئەمەتاکە رێگای راستی گۆڕینی کۆمەڵە ؟ بۆچی کوردیش نەبێتە بەشێک لەم حەقیقەتە جیهانییە؟ بە تایبەتی کە هەر نەبێ سەرەتایەکی باش بۆ ئەمە لە ئێراندا دروست بووە؟ تاکەی توجارەت بە عەقڵی کوردوخوێنی کوردو دواکەوتوویی کۆمەڵەکەمانەوە بکرێ؟

با بێینە سەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران؟ بەداخەوە ئەو حیزبەش وەک هەر حیزبێکی کۆنەپارێز (موحافیزەکار) لە سەر میراتی رابردووی دەژێ بە تایبەتی ماوەی کۆماری مەهاباد لەوە بەو لاوە شوێنپەرێزێکی وای نییەو لەگەڵ ئەو عەتفە جەماوەرییە گەورەیەش کە گەلی کوردستان بەرامبەر ئەو حیزبە هەیبوو، رێبەرانی ئەو حیزبەش نەیانتوانی کەڵک لە دەرفەتی رووخانی شا و پشتگیری جەماوەر وەر بگرن و تەنانەت نەیانتوانی لەو هەموو ئێرانە زەبەلاحەدا شوێنێک پەیدا بکەن خۆیانی تێدا پەنا بدەن و خەباتی نهێنی تێدا بکەن و پەنایان هێنا بۆ فاشیستێکی کوردکوژی وەک سەددام یان دوایی لە کوردستانی باشووردا بارەگایان خست تا سەدان رووناکبیرو گەنجی هۆشمەند و نیشتمانپەروەر راکێشن بۆ کوردستانی بێ نیزام و بێ ئەمان و بیانکەنە قوربانی پیاوکوژانی رژێمی ئێرانی...عەقڵی ناوچەگەرێتی و ئێرانچێتی و ترسان لە هەر بیرێکی کوردستانی و پەڕپووتی و بێدەسەڵاتی لە دارشتنی ستراتیژو شێوەی مودێرنی خەبات و کردنی مەسەلەی مان و خۆژیاندن بە مەسەلەی یەکەم و سەرەکی، وایان لە سەرکردایەتی ئەو حیزبەش کردووە نەک هەر لەجێی خۆی بچەقێ بەڵکو هەنگاوێ بۆ پێشەوەو دە بۆ دواوە بنێ بەتایبەتی دوای شەهیدبوونی قاسملۆو شەرەفکەندی.... ستراتیژی مان و خۆ ژیاندن و بەدواکەوتنی ئەو پرینسیپە ترسناک و ئاشبەتاڵچییەی بارزانی دایمەزراند (پشتبەستن بە داگیرکەرێکی کوشندە بۆ شەڕکردن لەگەڵ داگیرکەرێکی کوشندەی ترو لە ئەنجامدا ئاشبەتاڵ و بە فێرۆدان و فرۆشتنی خوێنی میللەت) وای لەو پارتییە کردووە بێ سلکردنەوە خۆی و ستراتیژییەکەی تەسلیمی رژێمی فاشی بەعس بکات و لە جوغزی بەرژەوەندی راستەوخۆی ئەو رژێمەدا بخولێتەوە.. لە کاتێکدا هەر لەو کاتدا ئێرانچێتی و دروشمی بێناوەرۆکی خودموختاری بۆ دژایەتی هەر بیرو پرۆژەیەکی کوردستانی (وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ) بەکاردێنێ، دەبینین خەباتی چەکداریش بۆ بە ئەنجامگەیاندنی خودموختاری رەچاو دەکا: واتە خەباتی بە وێرانکردنی کوردستان و قڕانکردنی میللەت لە پێناوی هیچ. بەراستی وەک تەجرەبەی تاڵ بۆی دەرخستین ئەمەیە مانای خەباتی چەکداری بۆ ئۆتۆنۆمی!! کەچی دوای خەباتی چەکداری باشوور کە بووە هۆی ئەنفال و کیمیاوی و ئەپەڕی وێرانی و فەوتان، دوای خەباتی چەکداری پەکەکەی کە بووە هۆی وێرانبوون و چۆلکردنی زیاد لە سێ هەزار گوندی کورد، حیزبی دیمۆکرات تازە دەیەوێ بە تفەنگی برنەوو کوشتنی پاسدارێک لێرەو لەوێ، حوکمی زاتییە حەیاتەکە بەدەست بێنێ، کە راستییەکەی ئەم کارە کە یەک زەڕڕەش رژێمی ئێرانی بێهێز ناکاو ناترسێنێ، تەنیا پیلانێکە بۆ ئەوەی

کوردستانی رڕۆژهەڵاتیش وێران بێ و میللەتەکەشی ئاوارەو سەرگەردان بێ. ئێستا کە سەرانی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە ئەزموونی پرۆسەو ئاکام و چارەنووسی خەباتی باشوورو باکووریان لە بەرچاوە، رەچاوکردنی هەمان چەشنی تاوانبارانەی شەڕی چەکداری شاخ و گوند، تەنیا مانای بێبەری بوون لە عەقڵ و ویژدان و تەنانەت ئەخلاقیش نییە ، بەڵکو مانای خیانەت و ئیرتیزاقێکی ئاشکرایە...ئەمڕۆ کەسێک کە دڵسۆزبێ و بتوانێ و بیەوێ خەبات بکات، مودێلە راستەقینەکانی خەبات ئاشکران: خەباتی سیاسیی بۆ کۆمەڵگای شارستانی، خەباتی رێکخستنی جەماوەری و نارەزایی سیاسیی جەماوەری (راپەڕین، ئینتیفازە)، خەباتی شەڕی شار - گەر هیچ کام لەوانەی پێشوو لە بەر زۆری ستەمی اگیرکەر مومکین نەبوون - .گەر هێزێک نەتوانێ هیچ کام لەوانە بکا با ئاشبەتاڵی لێ بکا، یان راشکاوانە ناوی راستەقینەی خۆی وەک مورتەزەقەی هێزێکی دیکەی داگیرکەر قبوڵ بکات و واز لە ئیددیعای سیاسەت و کوردپەروەری بێنێ.

لە کوردستانی باشووریشدا دەبینین دیسانەوە کۆمەڵە لە سەر بنچینەی کوردایەتی و شیکردنەوەی زانستی واقیعی کوردستان دروست نەبوو-و دوای ئاشبەتاڵ نەکەوتە کار، گەرچی بە رواڵەت خەباتیان بۆ کوردستان بوو، راستی خەباتەکەیان بۆ مارکسیزم لینینیزم بوو لە کوردستاندا!! هەر ئەمەش بوو وای لێکردن هێندە ئایدیۆلۆژیاوی ببن و بۆ خۆ سەپاندن ئامادەی شەڕی براکوژی بن.. لە رووی رۆشنبیرییەوە ئەوە گرنگ نەبوو گوندی کوردو جووتیاری هەژاری کورد دیراسە بکرێ تا بزانرێ لە چ حاڵێکدایەو ئایا ئەو شەڕە ئایدیۆلۆژییەی ئەوانی پێ بەرێوە دەچێ؟ نا، ئەوە گرنگ بوو کام مەقولەی مارکس و لینین و ماو راست و کاریگەرن و کێ لە مارکسیزمی راستەقینە لای داوەو بۆتە تەحریفی و چۆن جوتیاری کورد لە دەست دەرەبەگی کورد رزگار دەکەن و سۆسیالیزمی پێ دروست دەکەن؟ پەکەکەش بە هەمان شێوە وەک بەکارهێنانی مارکسزم (ستالینیزم) ی نەتەوەیی بەرامبەر .سۆسیالیزمی شۆڤێنی تورک) دروست بوو بەڵام لە پێشەوە نەک بە مەبەستی یەکێتی کورد بەڵکو دروستکردنی کۆمەڵگای کوردیی سۆسیالیست و کۆمۆنیست.. ئەمە تا ماوەیەکی زۆر ستراتیژی حیزبەکە بوو..گەرچی پەکەکە یەکەم حیزب بوو مارکسیزم کوردیی بکاو بەرامبەر بە سۆشیال شۆڤێنیزمی تورک وەک چەکێکی نەتەوەیی بەکاری بێنێ.

خۆ پارتی ئەوە هەر ناوهێنانی بۆگەنی خیانەت و خۆفرۆشتن و کوردکوشتنی لێ دێت.. فرێ بە سەر کوردو کوردایەتییەوە نییەو پرۆژەیەکی موقاوەلاتی خوێنی کوردەو داگیرکەران بەکاریان هێناوەو بەکاری دێنن.

رەنگە بپرسی ئەم باسانە چییان بەسەر رۆشنبیری و دەوری رۆشنبیرەوە هەیە؟ راستییەکەی ئەم باسە جەوهەری مەسەلەی واقیعی رۆشنبیری و پێوەندی بە دەسەڵاتەوە نیشان دەدا..دەبینین لەگەڵ جیاوازی رواڵەتی (گوایە ئایدیۆلۆژی کە ئەم جیاوازییەش بە مانا زانستییەکەی نەبووە) هەموو ئەو حیزبە گوایە جیاوازانە لە پراکتیس و ناسنامەدا یەک دەگرنەوە..یەکەم: هەمووی لە چوارچێوەی رۆشنبیرو (شۆڕشگێڕی) پەروەردەی دامودەزگای (مۆسساتی) گەلانی سەردەست و داگیرکەردا سەریان هەڵداوە ٢. هیچیان خاوەن بەرنامەیەکی کوردایەتی و کوردستانی نەبوون، بەڵکو بەرکار (ئەیجنت) و خزمەتکاری بیرێکی دەرەکی بوون کە چەند کەسانێک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان ئەو بیرە دەرەکییانەیان بە شێوەیەکی نامێژوویی نازانستیی ناقۆڵا و لە سەر حسێبی خوێن و بەرژەوەندی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بەکار هێناوە..بۆ نموونە: دەبینین لە ناو ئەندامانی یەک خێزاندا یان یەک بنەماڵەدا یان خەڵکی یەک گەڕەک و یەک گوندا، ئەو مرۆڤە کوردانەی بەیەکەوە گەورە بوون و خەونیان بەوەوە بینیوە براو دۆستی هەمیشەیی بن و هیچ جیاوازییەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی نەبووە لێکیان جیا بکاتەوە، لە نەکاوێکدا بە هۆی خیلافاتی ئایدیۆلۆژی/حیزبی دروستکراو (شیوعی، پارتی، کاژیک، کۆمەڵە، سۆسیالیست، ئێستا ئیسلامیشی لێ زیاد کراوە) هەزاران لەم جۆرە کرانە

دوژمنی خوێنەخۆری یەکتر یان قوربانی شەڕی براکوژی. ئێمە پێویستە ئەم واقیعە تێبگەین بۆ ئەوەی بتوانین لێی دەرچین و دووبارەی نەکەینەوە... جیاوازی حیزبی لای هەموو میللەت و کۆمەڵێک هەیە.. بەڵام ئەو جیاوازییە تەبیعین و لە پێداویستی کۆمەڵەکانەوە دروست دەبن و لە فۆرمیولەبوونی سیاسی دروستدا شێوەی پلورالیزم وەردەگرن: واتە پێکەوەژیان و مونافەسەی سیاسیی بۆ خزمەتی نەتەوەیی خۆیان.. لای ئێمە هەمیشە جیاوازی و دژایەتی هەبووە نەک پلورالیزم چونکە زۆربەی حیزبەکان لە ئەنجامی وەرگرتنێکی ساوێلکانەو ناشییانەی بیری دەرەکیدا دروستبوون، یان وەک لەم ساڵانەی ئاخردا، هەن وەک پرۆژەیەکی دەرەکی دژ بەکورد دروست بوون. بۆ نموونە: هەموو حیزبەکانی تورکیا چ چەپ، هەرە چەپ، ڕاست، هەرە ڕاست، ناوەڕاست و قەراغ، وردە کۆمۆنیست و خەستە کۆمۆنیست، ئیسلامی و عیلمانی، هەمووی کە دێتە سەر بەرژەوەندی تورکیا، هەمووی هەرە قەومین، بەڵکو نەتەوەیی شۆڤینیستن و جیاوازی و دوژمنایەتی خۆیان لە ئاست (ئەویدیکە) دا کە لای ئەوان ڕەگەزی غەیرەتورکەو قەت تورک نابێ بە (ئەویدیکە)ی تورک، یەکدەگرنەوە. ئەوەتا ئەجەویدی سۆسیالیست لە هەموو یەمینییەکان (تا ئەم لەحزەیە) فاشیترە بەرامبەر کورد، ئەو تورکستانچێتی دەکاو قوبرس داگیر دەکا، یان ئەوەتا ئیسلامییەکانن ئێستا داوا لە حکومەت دەکەن نەهێڵێ کورد لە باشووردا دەوڵەت دروست بکات! خۆ کۆمۆنیستە هەرە ئینسانییەک؛انیشیان ئەوە تورکە هەرە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستەکانیانن بە تایبەتی کە مەسەلە دێتە سەر مافی چارەنووسی کورد... دەمەوێ بڵێم لە ناو کوردا نەبێ لە ناو هیچ گرۆو نەتەوەی دنیادا نییە حیزبێک، گرۆیەک هەبێت پێی شەرم بێ باسی وڵات و یەکێتی نەتەوەیی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی خۆی بکات. ئایا بە خەونیش دەتوانی بیهێنیتە ناو زەینی خۆت کە حیزبێکی تورکی هەبێ باسی تورکیا نەکات و پێی شەرم بێ ناوی تورکیا بۆ حیزبەکەی بەکار بێنێ و یان بەناوی ئیسلامەوە بڵێ با باسی تورک و نەتەوەی تورک نەکەین! تەنیا لە ناو کوردایە کە شتی وا سەخیف هەیە، حیزبێک پێی شەرم نەبێ و بێنابڕوانە ناوی ئەو وڵاتانەی لەسەر خوێن و ئێسقان و داگیرکردنی خاکی ئەو دروست بوون (تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا) کە نە شەرعین و نە دیموکراتین و نە سۆسیالیستین (وەک تورکیا، ئێران، عێراق) وەک ناوی حیزبەکەی بەکار بێنێ بەڵام پێی شەرم یا هەڵەو تاوانی ئایدیۆلۆژی بێ کە ناوی کوردستان بەکار بێنێ!!!! هۆی ئەم داڕزانە فیکری و ئەخلاقییەش دوو شتی سەرەکییە:

یەکەم: لە بەر دواکەوتنی شارستانی و کاریگەری مێژووی داگیرکردن و چەوساندنەوەو چەزرەبەدان و پاشکۆیی ئابووری و کولتووری و بەتایبەتی دامودەزگایی (مۆسساتی)، و بە تایبەتیتر لە بەر دابەشبوونی جوگرافی، کۆمەڵگای کوردیی مەودای پێشکەوتنی تەبیعی و دروستبوونی ژێرخانی ئابووری نوێ و دامودەزگای نەتەوەیی خۆی نەبووەو لەمەشەوە نەیتوانیوە دەستەیەکی ڕووناکبیری ئۆرگانی خۆماڵی و خۆڕسک، واتە لە کولتووری کوردییەوە سەریان دەرهێنا بێ، دروست بکات کە بتوانێ ڕێبەرایەتی فیکری بزوتنەوەیەکی کوردستانی بکا و ئایدیۆلۆژیەتێکی نەتەوەیی (تیئۆری و پراکتیکی) دابڕێژێ.. شەخسییەتی ڕۆشنبیری کورد بە شێوەیەکی زۆر ناکۆک دروست بووە: لە لایەکەوە، کە ڕواڵەتە، زۆر قەبەو خۆ بەشت زان (لە ئاست خۆ دا) و هەر لەو کاتدا وەک شەخسییەتێکی هەزیلو بۆش و نائارام و باوەڕ بەخۆنەبوو-و چاو لەدەرەوەو دروست بوە، شەخسییەتێک کە نێگەتیفە بەرامبەر هەر شتێ هی خۆی بێ و بۆ خۆی بێ و گوێڕایەڵ و سەر شۆڕە بۆ هەر شتێ بێگانە بێ.. دووەم: داگیرکەران هەموو چەشنە نەخشەو پلانێکی کورتخایەن و درێژخایەنیان بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی و کولتووری نەتەوەیی کورد داڕشتووە بە تایبەتی لەڕێگای بەکارهێنانی کورد خۆیەوە. بە تایبەتی تر لە ڕێگای بەکار هێنانی سەران و هێزی سیاسی کوردییەوە، وەک لە تەجرەبەی ئاشبەتاڵ و خیانەتەکانی ئەمڕۆدا دەیبینین.

بەکورتی قەیرانی کورد، قەیرانێکی مێژوویی -سیاسیی-کولتوورییەو زۆر زەحمەتە ئاستی ڕۆشنبیری لە ئاستی سیاسی و حیزبی جیا بکەینەوە.. چونکە دواکەوتنە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکەیە ئەم جۆرە هێزو حیزب و پراکتیسانە ی دروست کردووە کە دوژمنانیش تا ئەوپەڕی سوودیان لێوەرگرتووەو بەکاری دێنن...لە مەدا جیاوازی ئایدیۆلۆژی نییە مادام هەموو بە ئاقاری دابەشدابەشکردنی زیاتری کۆمەڵگای دابەشکراوی کوردا دەڕۆن و هەر دروشمێک بەرزکەنەوە بەم پراکتیسانەیان کوێرەوەری و ئازاری مرۆڤی کورد و خێزانی کورد زیاتر دەکەن.. ئەو پەڕی ڕاستی ئیسلامی (کورد) و ئەو پەڕی چەپی مارکسی (کورد)، با هەر شەڕە دەنووکەیەکی ئایدیۆلۆژییان لە نێو دا هەبێ لە دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردو لاوازکردنی بۆ بەرژەوەندی بێگانەو بێهێزکردنی هەست و شەخسیەتی نەتەوەیی کورد بە بیری دەرەکی پشتگیریکراو لە لایەنی گومانلێکراوی بێگانەوە یەکدەگرنەوەو لە ئاکامیشدا هەر دروشمێک بەرزبکەنەوەو بانگەشەیەیک بکەن، هەر دەبنە داردەستی بێگانە بۆ ڕێگەگرتن لە سەربەخۆیی و یەکێتی کۆمەڵگای کورد.

بە کورتی قەیرانی ڕۆشنبیری حیزبی کە ڕۆشنبیرە ناحیزبییەکەش پاشکۆی بووە (یان بە لای کەمەوە هاودەنگ یان بێدەنگ بووە بەرامبەری و هیچ کات توانستی شیکردنەوەو رەخنەگرتن و لێدەرچوونی نەبووە) لەوەدایە کە هەرگیز نەیتوانیوە ناسنامەیەکی نەتەوەیی دروست بکا کە (ئەویدیکە)ی داگیرکەران بن، نەک تاقمێکی کوردی ترا!!! واتە لەو پرینسیپە نەتەوەیی یە ئینسانییە ڕاست و مەوزوعییەوە دەست بەکاربێ کە کورد نەبێتە دوژمنی کورد، کورد کورد نەکوژێ، هەروا کورد تابتوانێ غەیرە کوردیش نەکوژێ غەیرەکوردیش نەیکوژێ و هەوڵ بدا بەرلەوەی سیراعی لەگەڵ ئەوەی ناوی دەنێ دوژمن چارەسەر بکات، سیراعی نابەجێ و نائینسانی نێو خۆی چارەسەر بکا، ئەوسا دیارە چەندین هەنگاوی گەورە لە چارەسەری کێشەکەی لەگەڵ (ئەوی دیکە)دا نزیک دەبێتەوە...بەڵام شەڕی کورد شەڕی پاوان بووە، شەڕی خۆسەپاندن بە سەر ئەویدیکەی کوردا تا لای هەندێ لەم ئاخرەدا گەیشتۆتە ئاستی نۆکەری و جاشێتی کردن بۆ داگیرکەر بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە.. واتە بێ ئەوەی داگیرکەر سەرکەوێ و کورد شکست بێ.

تەنانەت لە ئاستی ئایدیۆلۆژی و ڕاگەیاندنیشدا، (گەر بڵێین لەڕووی پراکتیکەوە ئەمە زەحمەت بوو بێ) بیری دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیی کوردستانی و دانانی ستراتیژو تاکتیک لە سەر بنچینەی ئەم پرینسیپەو ئیشکردن بۆی وەک پرۆژەیەکی درێژخایەن، هەرگیز لە ئارادا نەبووە.. بیری ئەویدیکە، دوژمن، ئەوەی کە دەبێ پێشتر بشکێنرێ و ژێر دەست بکرێ، هەر کوردەکە خۆی بووە..ئەمەش هێشتنەوەو بەهێزکردن و مودێرنکردنی جەوهەری خێڵچێتی و ناوچەگەرێتییە لە بەرگی مودێرنی ئایدیۆلۆژیدا کە داگیرکەران بە هەموو شێوەیەک لە ڕێگای دروستکردنی چەندین حیزب و تاقمی دینی و ئایدیۆلۆژی جیا جیاوە هەوڵی هێشتنەوەو بەهێزترکردنی دەدەن...

ڕاستە تا ئەمڕۆش (گەرچی ئێستا کەمتر یا دەبێ کەمتر بێ) ئەو کێشە گرنگە یان گرێبەندییە (ئیشکالە) گرنگە هەبووە کە ئایا کورد خۆی دەسەڵاتێکە یان دەسەڵاتێکە کە شایانی ڕەخنەلێگرتن بێت لە کاتێکدا هەمیشە لە سەرووی ئەوەوە دەسەڵاتی داگیرکەرێکی گەورەترو کوشندەتر کە تەڕو ویشک پێکەوە دەسووتێنێ هەبووە؟؟ ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە.. چونکە لەم خاڵەدا مەهزەلەی کارەساتخولقێنەری ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی شاردراوەتەوە..وەهەمەکە هەمیشە (شەڕی کورد بووە لەگەڵ ئەویدیکە)یەکدا کە کورد خۆی نەبووە بەڵکو ڕژێمە داگیرکەرەکان بوون: شەڕی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ عێراق، شەڕی یەکێتی و کۆمەڵە لەگەڵ بەعس، شەڕی حیزبی دیمۆکراتی ئێران و کۆمەڵەی ئەوێ لەگەڵ ڕژێمی ئێرانی، شەڕی پەکەکەی لەگەڵ ڕژێمی تورکی. .بەڵام لەبەر کوردینەبوون و کوردستانینەبوونی ئایدیۆلۆژییەتەکان و ڕێبەرەکان،، ئەمە تەنیالە ئاستی وەهم دا کاری کردووە گەرچی ئەو وەهمە لە حەقیقەتی خوێن و قوربانی و شەهیدبوون و وێرانیشدا خۆی

بەرجەستە کردووە..لێرەدا گرنگە بۆ ئەوەی زوڵمێکی مێژوویی و فیکری گەورە لە شەهیدەکانمان و لە گەلەکەمان نەکەین، ئەو راستییە بسەلمێنین کە لە ئاستی جەماوەری خەڵکی کوردا، هەمیشە مەسەلەکە کێشەی سەربەخۆیی بووە، ئەو بۆ کوردستان یان نەمان جەنگاوە، یەکێتی نەتەوەیی ویستووە، شەڕی ناوخۆیی پێناخۆش بووە... بەڵام مرۆڤ بەپێی ئەو جوغزە ژیانییەی بۆی دروست دەکرێ ، چانسی ژیان و رەفتارو کرداری دەگۆڕێ..هەر وەکو چۆن هەندێ گیانلەبەر دەبێ بە پێی دەوروبەرەکەیان رەنگو رەفتاریان بگۆڕن..واتە گەر تۆ لاوە کوردێکی گەنجی و خۆت لە رژێم قاچاغ کردووەو چوویتە شاخ تا کوردایەتی بکەی و بۆ رزگاری کوردستان شەڕبکەی یان شەهید بی و هەرکەس لە شاخ بێ پێت پێشمەرگەن و وەکو یەک دڵسۆزن، بۆیە یەکەم دەستەی پێشمەرگە لە دەرەوەی شار تووشیان دەبی، دەچیتە ناو ریزەکانیانەوە..دەبی بە هاوڕێ و هاوەستیان.. کەچی بەخۆت دەزانی تاقمی دیکە هەن کە ئەو لایەنەی تۆ بە ناراست و ناحەز دەزانن، دێنە سەرت: دەتەوێ ناتەوێ شەڕی براکوژی!! لێرەدا وەهمەکە لەخوێنی خۆتدا نوقم دەبێ، راستییەکە دەردەکەوێ کە ئەوانەی (ئەویدیکە) ی کورد لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە هەر بە کورد دادەنێن، ئەوانە ئەندازیاری رووباری خوێنی کوردن..کەواتە دەسەڵاتە خۆماڵییەکە چەند قات قەباعەتترو تاوانکارانەترە لە دەسەڵاتە بیانییەکە..هەزاران پێشمەرگەی ئازا قەت دوژمن نەیدەتوانی بیانکوژێ گەر کورد خۆی نەیکوشتبان، سەدان کارەسات دروست نەدەبوون گەر بیرکردنەوە و بەرژەوەندی نەتەوەیی فراوان هەبووایە... ئەو دەسەڵاتە لاوەکییە بێگانەخوازو کوردکوژە چەند قات لە دەسەڵاتی بیگانە خەتەرناکترە..چونکە ئەو چەقۆیەکە باشتر قورقوراگەت دەناسێ .. لێرەدا دەوری رۆشنبیرو نووسەرە بوێرو بیردارەکان ئەوەیە ئەو وەهمە برووخێنن ، حەقیقەتی ئەویدیکەبوونی (حیزبە ئایدیۆلۆژی و ناوچەیی و نانەتەوەیی یەکان) بۆ گەل روون کەنەوە...ئەوانەی کە ئەوەندە غەیرەن بە کورد باوەشی گەرمی داگیرکەرانیان زۆر لە کوێستانی فێنکی کوردستان پێخۆشترە..قبوڵکردنی ئەو وەهمە ئایدیۆلۆژییەی کە ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتی ئەو جۆرە حیزب و تاقمە نانەتەوەییانەو دەسەڵاتی رژێمەکاندا هەیە، نەک تەنیا نیشانەی بۆشایی فیکری و نەتوانینی تێگەیشتن و شیکردنەوەیە، بەڵکو نیشانەی دارزانێکی ئەخلاقی و کولتووریشە..فانی ئەمر لە چلەکاندا (ئەویدیکە بوونی) خۆ ماڵی دەردەخاو بەشێتیی دەزانێ کە چاو لە تاوانی خۆماڵی بە بیانووی جەوری ئەجنەبی بپۆشرێ و دەفەرموێ:

گورگی ماڵی خوێنی رشتین بۆ خەتای بێگایەنە؟
گەر بناڵێنم لە جەوری ئەجنەبی شێتانەیە
ملک و میللەت کوشتەیی ئەو جۆرە میکرۆبانەیە.!!

واتە نیشتمانکوژو میللەتکوژ گورگە خۆماڵییەکانن ئیدی بۆ هۆی ناڵینەکانمان بدەینە پاڵ جەوری بێگانە..
بەڵام رەخنەگرتن لە دەسەڵات لە چوار چێوەی ئەو ریالیتییە کوردییەماندا چ دەگەیەنێ؟ ئایا دەبێ هەموو حیزبەکان بەجارێ رەفز کەین؟ بەلای منەوە رەخنەو رەفز جیاوازیان هەیە. شتێ بوو بە واقیع رەفز ناکرێ.. دەکرێ چۆنێتی بوونەکەی رەفز بکرێ بەڵام بوونەکەی رەفز ناکرێ مادام هەیەو کاریگەری سیاسیی و کۆمەڵایەتی هەیە..لێرەدایە توندترین رەخنەش دەشێ رەخنەیەکی دروستکەرانە بێ، رەخنەی هەڵوەشاندنەوەی چۆنێتییەک و گۆڕینی بە چۆنێتییەکی دیکە..ئەم رەخنە دروستکەرانەیە بەلای منەوە سێ شت دیاری دەکا:
یەکەم: دەستنیشانکردنی هێڵی سوور: هێڵی خیانەتی نەتەوەیی هێڵی شکاندنی کەرامەتی نەتەوەو نەمانی نرخی مرۆڤە وەک مرۆڤ..بۆیە چاوشۆڕکردن لە ئاست خیانەتدا، مانای هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەهاکانی بیرو نووسینە..لەو دیو خیانەتەوە، نە شەرەف هەیە. نەویژدان، نە مرۆڤایەتی..بۆیە ئەوەی نیشتمان بفرۆشێ ئامادەیە هەموو شتێک بفرۆشێ..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم بە رەفزو لە ناوبردنی فیزیکی (واتە توندوتیژی و کوشتن و برین نییە)، باوەڕم بەوەش هەیە کە بەداخەوە لە بەر هەلومەرجێک کە پێشتر بریکیانم لێ باس کردن، خیانەتیش بۆتە واقیعو شێوە بوونی هەندێ حیزب و

تاقم..بۆیە دەبێ هەم شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلیۆژی و جیۆپۆلیتیکی ریالیتی کوردی بکەین، هەم کارکردنی بیرو ئایدیۆلۆژییە دەرەکییەکان و جوغزی داگیرکردن و دواخستن، لە سەر مێشک و بیرو کەسێتی مرۆڤی کوردو رۆشنبیر یکورد دیاری بکەین. دەبێ ئەلتەرناتیڤی فیکری دابمەزرێنین. ئەلتەرناتیڤێک کە پشت بە چەکی کلاشینکۆف و دەبابەی داگیرکەر نابەستێ بەڵکو پشت بە دایەلۆگ و دیمۆکراسی و دامەزراندنی کۆمەڵگای شارستانی دەبەستێ..

دووەم: دەبێ وەک روناکبیر هەوڵی دروستکردنی کۆخوازی کوردی و خۆیبوونی کورد دروست کەین و هەر جۆرە چەمک و ئایدیۆلۆژیەتێک و سیاسەت و پرۆپاگەیەندەیەک کە کورد بکا بە دوژمنی کورد، بە ئەویدیکەی کورد، قاو بدرێ و توور هەڵبدرێ..(دیارە جگە لەوانەی کە لە خەتی سوور لادەدەن و دەبنە داردەستی دوژمن کە دەبێ بە شێوەیەکی موتڵەق جیابکرێنەوەو رووڕەش بکرێن)...

سێیەم: دیاریکردنی خۆیبوونی کوردو دیاریکردنی (ئەویدیکە) یکورد وەک رژێمە داگیرکەرەکان نابێ ببێتە هۆی چاوپۆشین لە گورگی خۆماڵی بە بیانووی جەوری بەزەبرتری ئەجنەبییەوە..لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو چەمکەی دەسڵات کە لە روانگەی بیری فوکۆوە دەستنیشانم کرد بێنمەوە یاد..دەسەڵات تەنێ شتێکی مەرکەزی نییە لە سەرکردایەتی حیزبەکاندا چەق بوو بێ..دەسەڵات تەنیا پراکتیسی عەسکەری و سیاسیی نییە.. دەسەڵات پراکتیسیکی بەربڵاوو فراوانە لە هەموو کونو کەلەبەرێکی ژیاندا لە شێوەی چەوساندنەوەو ئیستیغلال کردن و خراپ بەکار هێنان و ژێردەستکردن و زەلیل کردن و ئازادی زەوتکردن و کەرامەت و کەسێتی شکاندن، هتد هەیە.. دەوری رووناکبیر و نووسەری راستەقینە دۆزینەوەو شیکردنەوەو وێنەگرتن و درامی کردن و گێڕانەوەو بەدەرخستنی هەموو ئەو جۆرە پراکتیسانەی دەسەڵاتە لە دەرکەوتن و کاریگەرییە رۆژانەو کۆنکریتییەکەیاندا، واتە تەنێ فەلسەفاندن و تیۆراندنی پێوەندییەکانی دەسەڵات بەس نییە..بەڵکو گرنگ ئاشکراکردن و ئیدانەکردنی جۆری کارکردنی دەسەڵاتە لە سەر ژیان و کەرامەت و ئازادی مرۆڤ لە هەر ئاست و شوێن و چوارچێوەو ناواخنێکدا..شیکردنەوەی یەک بە یەکی رووداوەکانی خیانەت و چەوساندنەوەو داپڵۆسین و دەستبەسراگرتنی دەرفەتی ژیان و کارو سەربەخۆبوونە وەک تاکە کەس..بە کورتی گرنگ تێگەیشتنی پیوەندی نێوان نووسین و زانین و دەسەڵاتەو تێگەیشتنی دەسەڵاتە وەک پراکتیس..هەروەها تێگەیشتنی دەسەڵاتە وەک فەزایەک کە زانگەی زانیارییەکان و مناڵدانی راگەیاندنەکان پێک دێنێ.. بەم جۆرە هەر راگەیاندنێک، هەر نووسین و دەربڕینێک، هەر جۆرە بەرهەمهێنانێکی زانین، وەک فوکۆ روونی کردۆتەوە:

١. فەزای بوونی هەیە لەچوارچێوەی کاریگەری دەسەڵاتدا

٢. هەلومەرجی ئیمکانی بوونی هەیە: واتە هەلومەرجێک کە وا دەکا نووسینێکی تایبەتی یان زانینێکی تایبەتی لە سەردەم و کاتێکی مێژوویی تایبەتیدا دەرکەوێ..

٣. هەر نووسین و راگەیاندنێک ئەرکی (وەزیفەی، فانکشنی) بوونی هەیە.

تێگەیشتنی جەوهەرو کارو تەئسیری هەر نووسینێک لەمەی دواییدا دەردەکەوێ..چونکە ئەمە فانکشنی نووسین/زانین بە پێوەندی بە دەسەڵاتی باوەوە دەر دەبڕێ..جیاوازی زۆریش لە نێوان رووکەشی نووسینەکە (وشەریز کردنەکە و مانای نووسینەکە( ئەو ناوەرۆک و مەبەستانەی تێدان و بە راڤەکردنی فەرهەنگی ماناکەیان لێک دەدرێتەوە) و ئەرکی بوونی نووسینەکە function of existence هەیە .... گرنگ ئەمەی دوایی یە کە مانای نووسینەکە، کاریگەری نووسینەکە بە پێوەندی بە دەسەڵاتەوە لێک دەداتەوە..... واتە: وشەکان خۆیان لە خۆیاندا بێ مانان..تەنێ رەمزو نیشانەن،، یان تەنێ مانای باون کە بە حوکمی دروستبوونی مێژوویی و کولتووری دروست بوون بەڵام مەرج نییە ئەو مانا حەرفییانە یان وشە بە وشانە، یان ئایدیۆلۆژییانە، حەقیقەتی وجودی نووسینەکە دەربڕن..ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی زمان خۆی کە کۆمەڵە رەمزو نیشانەیەکە لە ناو جوغزی نیسبیەت و تێگەیشتنی زاتی

و پێوەندی تێکستاوتێکستیدا گیر بووە..مانای سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر نووسینێک لە مانا زەق و وانیشاندراوەکەیدا دەرناکەوێ، بەڵکو لە شوێنی ئەو نووسینە لە ناو تۆڕێ پێوەندییەکانی دەسەڵادا دەردەکەوێ..ئایا لە روانگەی ئەو پێوەندییانەوە و لە ناو فەزای بوون و چوارچێوەی هەل و مەرجی لوانی بوونیدا، خزمەتی چ دەسەڵات و چ مەبەستێکی سیاسی دەسەڵات دەکات؟ نووسینێکی پڕ لە دروشم و هەستی و هەڵچوونی نەتەوەیی، هیچ مانای وا نییە کە خزمەتی ئامانجی نەتەوەیی دەکات، بەڵکو لەوانەیە تەواو بە پێچەوانەوە بنکۆڵ و تێکدەری ئامانجە ییەکان بێت.. دەشێ گروپێکی ئایدیۆلۆژیی ،ئیسلامی یان چەپ یان راست، کە بە پارەو پیلانی دەوڵەتێکی دژ بە کورد دروست بووبێ، لە نووسین و ئەدەبیاتیدا بانگەشەی یەکبوونەوەو رزگاری هەر پێنج پارچەی کوردستان بکات !! یان گروپێک کە بەوپەڕی ئێکستریمییەوە دیفاع لە ئیسلام بکات، یان گروپێکی چەپ کە بانگاشەی رزگارکردنی هەموو پرۆلیتاریای دنیا بکات، بەڵام ئەمە مانای وا نییە مانا وشەییەکان لەگەڵ مانا سیاسییەکان جووت دەبنەوە، کە ئەوانە بۆ ئیسلام یان چەپ کار دەکەن ( ئەو چەمکانە خۆیان گشتی و تۆتالیتاری و رۆبلەماتیکن و شایان سەدان یکدانەوەو دروستکردنەوە،و دارشتن)... بەڵکو دەشێ سەداسەد دژەکار بن..چونکە ئەمەی دواییان تەنیا یە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەرکی بوونی راگەیاندنەکان لە ناو تۆڕی دەسەڵاتە باوەکاندا، ئاشکرا دەکرێ..ئەمەش کارێکی سادە و سانا نییە..بەڵکو پێداویستی بە هۆشیاری سیاسیی هەیە، هۆشیارییەک کە هەم لە تێگەیشتنی رۆحی سەردەم و هەم سیستمی جیهانی و ئیپستیم و شێوە ئاڵۆزو تێکچرژاوەکانی دەسەڵات و هەم لە شیوەی بەرهەمهێنان و ئۆردەرکردن و بەکارخستنی لەحزەیی راگەیاندنەکان ، سەرچاوە بگرێت..

**کتێبخانەی رابوون**

لەم دواییانەدا ئەم کتێبانەمان پێ گەیشتوون زۆر سوپاسی نووسەرەکانیان دەکەین:

* عەبدولقادر سەعید
نامەکانی تاراوگە، ئاوێنە ژەنگاوییەکان، دوو کۆمەڵە هۆنراوەی نوێی شاعیرن، یەکەمیان لە سلێمانی و دووەمیان لە بەرلین چاپکراوە.

* شێرکۆ بێکەس
بۆننامە، هۆنراوەیەکی درێژی شاعیرە، کە لە لایەن بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

* عوسمان مستەفا خۆشناو
مەرگ و لەدایکبوونەوەیەکی نوێ، گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی شاعیر، لە هەولێر چاپکراوە.

* شێرکۆ
پەتای خەون، کۆمەڵەچیرۆک، ئەلمانیا.

* جەزا چنگیانی
چوارنان، کۆمەڵەچیرۆک، چۆن گەیشتمە لای خوا، رۆمان، کە یەکەمیان لە سلێمانی و دووەمیان لە ئەڵمانیا چاپکراوە.

* سیروان کاروانی
یەک ساتە شەنگوڵ، کۆمەڵەهۆنراوە کە بە کۆمەڵێک نیگاری هونەرمەند رێبوار سەعید رازێندراوەتەوە. هەزارساڵ، کورتەچیرۆک. فەرهەنگی ناوی کوردی، بەشی یەکەم و دووەم، لەگەڵ نامیلکەی تۆ هەر خۆتی، کە کتێبی پەروەردەیە بۆ مۆخی پشتبریندااران و، نووسەر لە سویدییەوە کردوویەتی بە کوردی. دەکرێت بەم ئادرێسە داوای کتێبەکانی کاک سیروان بکرێت:

Sirwan Karwani
Ladugatan 17
702 26 Örebro, Sweden

چیرۆکەکە لە ژێر چاپدا بوو
نووسەرە مەزنەکەی کۆچی دوایی کرد



# ژیانە ڕاستینەکە

## *Göran Tunström*

حەسەن نوور لە سویدییەوە کردوویە بە کوردی

**وتەیەک لە وەرگێڕەوە**

پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە فرۆشگەیەکدا کارم دەکرد بە ڕێکەوت ڕۆماننووس یۆران تونستڕۆمم چاو پێکەوت. بیرم دێتەوە کە لە بارەی تەندروستییەوەی پرسیم وتی: "بە تاکە سیپەلکێ، ئێر، هەناسەم بۆ هەڵناکێشرێ و دڵیشم زۆری بۆ هێناوم." وتم: کەسێکی جیهانگەڕ و دنیادیدەی وەک ئێوە چ پێویستی بە گلەیی هەیە؟ پێکەنی.
دوای ئەو ڕێکەوتە چەند جارێکی دیکە چاوم پێ کەوت و لە زۆر شتەوە دواین و ئاکام لەسەر هەڤپەیڤینێک ڕێککەوتین، کە لە ژمارە (١٨-١٩)ی ساڵی ١٩٩٦ی گۆڤاری ڕابووندا بلاو کرایەوە.
ساڵی ڕابردوو کە چیرۆکەکانی "ژیانە ڕاستینەکەم" خوێندنەوە، بۆم دەرکەوت ، یۆران لە نووسینی کورتەچیرۆکیشدا هەڵکەوتەیە. بەباشم زانی دەست بدەمە وەرگێڕانی "ژیانە..."کە. ئاسان نەبوو. مانگی دیسەمبەر، لە قاوەخانەیەکدا -بەدەست سەختی وەرگێڕانەکەوە دامابووم- یۆرانم دی، چەند مێزێک لەولامەوە، دانیشتووە. چووم خۆم پێی ناساندەوە و مەبەستمم بۆ ڕوونکردەوە. ڕێککەوتین دوای هەفتەیەک سەردانێکی بکەم.
زۆری چیرۆکەکەی لە یاد چووبوو، بۆیە پێشنیاری کرد سەردانی خانمە نووسەرێکی -جوولەکەی پۆلۆنیا- بکەین بەڵکو ئەو بتوانێ ئەو چەند دەستەواژە عیبریەی لە چیرۆکەکەدا هاتوون ڕوون بکاتە. چووین و ئەو دلاوەرانە هاتە پێش. ئیتر لە گەڕانەوەدا پێشنیارم کرد پێشەکییەک بۆ چیرۆکەکە بنووسێ. دووجارێک پێوەندیم پێ کردەوە. تێگەیشتم نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێناوەو وتی "پێم وا نییە مۆڵەتم بدا شتێ بنووسم."
٢٨ ی مانگی یانوەری، سەعات نەختێ لە هەشت لایدابوو، زەنگی تەلەفۆنەکەم وەئاگای هێنام. یۆران بوو، وتی: دوێنێ برێک حاڵم باش بوو، بە دەرفەتم زانی پێشەکییەکە بنووسم. کەی دەکەیتە ئێرە." وتم: پانزە.
پانزەی ئەو ڕۆژە کە دانیشتم ، چووە ژووری نامەخانەکەی. گەڕایەوە و لە نزیکمەوە دانیشت. کاغەزێکی لەسەر مێزەکە دانا. سەری وەلارەوە نا و وتی: بیخوێنەوە. بەدڵت بوو باشە، ئەگەر نا بیدرە شتێکی تر دەنووسم." کە ویستم بیخوێنمەوە، نەمکرا. خەیاڵ بۆ بەراوردکردنێک بردمی. ١- خاکیەتی ئەم نووسەرە مەزن و مرۆڤە هەڵکەوتەیە
٢- گرنگی نووسەرانی بەرپێ خۆنەدیدە کە تەنانەت تیبینییەکی دلسۆزانەشیان پێ فووت نادری.
سەیری دەکردم. کە پرسیم چۆنی؟ وتی: "دکتۆر زۆر شتی لێ قەدەغە کردووم، چای، قاوە، شەراب و مەی. چۆن بەم جۆرە ژیان بەسەر دەبرێ." کە هیچێکم پێ نەوترا، وتی: "بەهەرحاڵ گلەییم لە بەختی خۆم نییە." پێکەنیم. سەر لە نوێ نووسراوەکەم خوێندەوە و لە خۆشیان هەر هێندەم پێکرا بڵێم: دەست خۆش.
کە هەفتەیەکی بەسەردا گەڕایەوە. ئێوارە لە گەڵ هاوسەرەکەیدا دەچنە سەر خوان. دەست بۆ تیکە نانێک دەبات. بەر لە دەستی سەر دەنێتە سەر مێزەکە و بۆ دواین جار سەردەنێتەوە.
یۆران بۆ ئەم کۆچە ناوەختەت کرد ، ٦٢ دوو ساڵ زوو بوو !!

## نامەیەک لە یۆران تۆنسترۆمەوە لەمەر چیرۆکی ژیانە ڕاستییەکە بۆ وەرگێڕ

لە ژووری ئوتێلێ لە ئیسرائیلدا گوێم لەو حەکایەتە بوو کە لە نووسینی "ژیانە ڕاستینەکە"دا چوارچێوە گەورەکەیم بە وردی ڕەچاو کردووە. یاوەر و دیلمانجی هەناردەیەک لە (pen-club) ی سویدی بە شێوەیەک سەربووردەی خۆی گێڕایەوە، لای من بوو بە شتێکی زیندە. بەڵام بۆ تەنیا من؟ خۆ ئێمە نووسەرێکی زۆربووین لەو ژوورەدا. بۆ یەک دوای یەک هەڵنەستانە سەر پێی و نەیانگوت: "ئەمە چیرۆکی ئێمەشە".

هەڵبەت: کەسێک لە ئێمە ناچاری هەڵاتن نەکرابوو. نەک بە مانا بەرینەکەی. کەسمان ناچار نەکرابوو دوو ساڵ و نیو، پەلی برا بچکۆلەکەی گرتبێ، بیابان و هەرێمێکی دژە ببڕێ. نەک بە مانا "ڕاستینەکەی". کەسمان بە پارمەتی قاچاخچییەکی گومانلێکراو لە سنوور نەپەڕێندرابووەوە و قوتار نەکرابوو. بەهەرحاڵ نەک بەو جۆرە.

ڕاستە ئەم چیرۆکە تەنیا یەکێکە لە هەزاران چیرۆکی پەناهێنان، کە لە هەر کوێیەکدا مرۆڤ کۆ ببنەوە، ئیتر یان دەگێڕدرێنەوە یان دەشاردرێنەوە چونکە هەرگیز سارێژ نابن. هاوکات هیچێکی تیا نییە نەچێتەوە سەر بۆماوەی هاوبەشی ئێمە: خەون بە ئازادییەوە، خەونبینین بە شارێکی چراخانەوە دوور لە هەموو سنوورەکان، کە مرۆ هەڵبەت باجی ئەم جۆرە خەونانە دەدا.

ئەمە ئێمەش دەگرێتەوە کە "تەنیا" حەکایەتی ڕاپەرینێکی یان هەڵاتنێکی بچوک بۆ گێڕانەوە شک دەبەین: لە جیهانی منداڵییەوە، لە جیهانی هاوسەرێتی و چینایەتییەوە.. جا ئەگەر وا نەبێ هەرگیز یەکتر ناناسینەوە. ئەگەرچی ئەو نەقشانەی ئەزموونەکان لە توێژی مێشکماندا هەڵیان کۆڵیون و ڕێچکەکانیانمان گرتوونەتە بەر، زۆر لێکتر جیاوازن.

ئیتر، وەک تیرێک نیشتبێتە سەر دڵ و پێویستە دەر بکێشرێت، دەبوو لە ڕێی خۆ خوێندنەوەوە، نزیک لە کات و شوێن و ئەو کەسانە ، خۆم بنووسمەوە کە تەنیا ستروکتوری کورتەچیرۆک خۆی لە قەرەیان دەدا ، دەبوو ئەم چیرۆکە لە ناخی خۆمەوە دەر بکێشم.

من خۆم ڕەنگە شینە بریقەدارەکەی ماسیگرە و چاوە پیرۆزەکانی (دایک)م لە کاتی جودا و شوێنی جیاجیای سەر زەویدا دیوە. بەڵام بە گشتی؟ تیۆدۆر هرزل چی فێر کرد؟ بیروبیجان چی بوو؟ ئەو هەموو ستایشانەی دیلمانجەکەمان بە دەورووبەری خۆیدا دەیبرژاندن هەڵگری چ مانایەک بوون؟ ئاسیاباد، مەشهەد کەوتووەتە کوێوە؟ سروشتی ئەو ناوچەیە چۆنە؟ کوردەکان چۆن دەژیان؟ کام زمان دەدوان؟ مرۆ خۆی دەخوێنێتەوە، مرۆ لە خۆ نووسین نزیک دەبێتەوە.

مرۆ چ جۆرە گۆرانییەکی پێ دەگوترێ کە لە ترس ڕەها دەبێ؟

ئەرێ، ئەوسا مرۆ کام گۆرانی پێ دەگوترێ.

# ژیانە ڕاستینەکە

فڕۆکە فیشکەدارەکان لە نزیکەوەی مێوانانی (شێوی نهێنی)ی (١) ئێو سەوزایی سەر کێوی تووردا کشان و بە سەر رووبەری (جێنێسارێت) دا داکشان. ئێوارە بوو. من هاوسەفەرەکانم لە مەیخانەی (کیبوتز)دا(٢) جێ هێشتبوون و چووبووم ە ئەو باخەی داوێنی چەمێکی لێخن، بۆگەن و قامیشەڵانی پڕ بوو.

لە ژێر یەکەمین هۆی هەر کردەیەک لە ژیاندا هەمیشە هۆیەکی تر و دووان هەن. ژێرووترین هۆی بوونی منیش لێرە دیتنی ماسیخۆرە بوو، ئەو خشڵەی ، جارێکیان لە سەفەرێکی زۆر خەمۆکتردا دیتبووم لە ناخی باوە بەر ببێتەوە، وەک لە ناخی ڕەهەندێکی ترەوە. نەمدەویست بگەڕێمەوە تا چاوم پێ نەکەوتایە و ئەم شوێنەش بۆ هاتنەدی زۆر لە بار بوو. لە گۆمەکەوە پۆلێک باڵندە هەڵفڕین، بەرزاییەکانی جۆلان دەمەو خۆرئاوا سوورییان هەڵ دەدا، پۆلە فڕۆکەکە بەرەو باشوور کشا.

لەوسەری توولەڕێیەکی باخەکەوە پیاوێک دیارکەوت، بە ساڵداچوو. کورسییەکی دووپێچکەیی بەر خۆی دابوو، بە نیگەرانییەوە سەیری لای سەکۆکەی منی کرد و پرسی: "دانیشتون و لە بیردان؟"

– "کەم تا زۆر" ، وەڵامم دایەوە و جێم بۆی کردەوە.

کورسییە پێچکەدارەکەی لە تەنیشت خۆیدا ڕاگرت، دەستێکی خستە سەر جەستە پەتو لێپێچراوەکە و ئارام ڕووی کردە ئاوەکە.

– یاقوب، تاوێ لێرە دەمێنینەوە.

دەستی بەسەر شانیدا کێشا و پاڵی دایەوە. ڕووخساری پڕ بوو لە هێز: لە ژێر برۆی چڕدا دوو چاوی زۆر ڕەش، لوتێکی داژەنراو، سمێڵێکی بچووک نیشتبووە سەر لێوی. هەناسەیەکی هەڵکێشا و دەستەکانی نایە بنهەنگڵی. قامیشەکان دەلەرینەوە. شنەبای شەو بەڕێوە بوو. من تەنیا بەشێکی دەموچاوی کەسە شەتەکدراوەکەم لێ دیار بوو: لاو یان بە تەمەن؟ ڕوومەتێکی بێ گنج، نەدەکرا بڕیار بدرێت.

ئیتر خامۆشی داهات و ماسیخۆرە لە قامیشەڵانەکەوە هەڵکشا، لە بەرگە شینە نایابەکەیدا، بە سەر چەمەکەوە

لەنگەری گرت. خۆی ڕاست بەردایەوە و بە ماسییەکی خۆراتڵەکێنەوە دەرکەوتەوە و دیار بوو.

– ماسیخۆرە.... بینیتان ؟

– ئەو باڵندانە، کابرای تەنیشتم ئەمەی گوت و هێشتا سەیری گۆمەکەی دەکرد. پۆلێک فڕۆکەی نوێ – یان هەمان؟ – بەگرمەگرم تێکشا.

– کە (سیناء) مان دایەوە ئیتر شوێنێک لەم مەڵبەندەدا نەما ئەو باڵندانەی بۆ بگەڕێنەوە.

من لەم سەفەرەمدا بە نیاز گەیشتبووم. بە هیواکانمدا ڕۆچووبووم و خۆم ئامادە کردبوو بچمەوە لای هاوسەفەرەکانم، بەڵام کابرای هاوسەکۆم باڵی گرتم:

– هەر ساڵێکە و دەتەقێتەوە. ئەو بەر چەکرێژ کراوە. بەهەرحاڵ ئەم بەریش. بەڵام بۆ ئێمە هیچ جیاوازییەکی نییە ، یاقوب ، وایە؟

نە وەڵامێک لە نێو کورسییەکەوە هات نە جوڵەیەک. کابرا پەنجەی بۆ لاجانگی خۆی درێژ کرد:

– هیچ تێناگات. قەت چار نەکرا.

– چی قەت نەکرا...؟

– بێچارە

– زۆر لەمەوبەر ڕووی دا؟

– زۆر لەمەوبەر یان هەر ئێستا. شانەکانی هەڵتەکاند. من ئیتر بە ئاستەم لەم جۆرە قسانە دەگەم. جۆسوا دەنووسێت: "هەر جێیەک پێی لەسەر دابنێیت دەمەوێت بە تۆی ببەخشم، هەروەک گفتم بە موسا داوە". ڕەنگە لێم تێنەگەن.

– بیستنی ئەو قسانە ماندووی کردووم هەمووتان بەسەر چاومانیاندا دەدەنەوە.

– ئاوا دەکەین، بەڵێ... ئەوە تاکە خۆپارێزیمانە.

– هەوڵێ بدە. من بۆ گوێگرتن لێرەم.

تاکو ١٩١٠ لە بوخارا دەژیاین. ئەوسا مامەم وەک ڕاوێژکار بۆ لێنینگراد نێردرابوو و باوکیشم بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی دنیاوە نامەی پێ دەگەیی. مامەم لەمەڕ خەونەکانی تیۆدۆر هیرزلەوە دەینووسی، سەبارەت بە دەوڵەتی جوولەکە و یەکەم (ئەلیان) (٣) و ئەو جووانەی بەرەو فەلەستین ڕێیان گرتبووە بەر. باوکم دەیویست لەگەڵ زایۆنیستان بکەوێت. لە ڕێی ناوبانگییەوە وەک دکتۆری ئەمیر بۆی لوا بوو لە دەورانی تسار نیکۆلایچ دا بۆ مۆسکۆ بگوێزێتەوە. تەنیا بە جوولەکەی زۆر دارا ڕەوا دەبینرا نیشتەجێی ئەو شارە ببن. باوکم دەوڵەمەند بوو بۆیە ڕێی پێدرا بارگەی لێبخات. کارگەیەکی پەمووی دامەزراند. پەرەی سەند چونکە زرنگ بوو. کرێکاری زۆری هەبوون، ئەوەی من بیستبووم باوکم ڕێزی لێدەنان و چاکەی لەگەڵ دەکردن. پەرستگەیەکی جوولەکانی لێ وو، سەرەڕای هەموو چەندوچۆنێک هەڵستێکی زۆری لەسەر بوو. گوزەرانی خێزانەکەی ئێمەیش، تا هاتنی بولشیڤیکەکان، باش بوو. دەمەوێت بڵێم، سەرەتا زۆر هەستمان بە هاتنیان نەکرد. جووەکان چالاکانە بەشداریان لە شوڕشەکەدا کرد، زۆربەیان کۆمۆنیستی دەمارگیر بوون و دژ بە بیرە زایۆنیستییەکان و ئەو شێتییە ئاینییە تێدەکۆشان کە ئەوان، بە هەموو مافێکەوە، پێیان وابوو، لە نێو جووە هەژار و دواکەوتووەکاندا برەوی سەندووە. دەزانی پرۆژەی -بیروبیجان چییە؟

بیروبیجان دەکەوێتە پاڵ سنووری چین، لە نزیک شاری ڤلادیڤۆستۆک دا. ساڵی ١٩٢٧ هەناردەیەک بۆ دیارکردنی نەخشەی کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی بۆ جوولەکان چوون بۆ ئەوێ. ڕابەرە جووەکان، پێش شۆڕش، دەیانویست لە کڵۆڵترین کەش و هەوادا بووێک بۆ خۆیان دابێنن. ترۆتسکی خۆیشی جوولەکە بوو. کێشەی ڕزگاربوونی جوولەکان ئیتر کێشەیەکی سەربەخۆ نەبوو: دەبوو سەرلەبەری هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە ئەورووپاییەکە و بە تایبەتی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکە لە چنگی سەرمایەداری تەرخان بکرێت. ئاشکرایە کە جۆرە ئێرەییەک بە جووە سەرمایەدارەکە دەبرا. ئەو کەسەی لەسەر پارەپێکەوەنان دەژیا، چونکە قەت زەویکێڵانی پێ ڕەوا نەدەبینرا. بەڵام دیارە ئێوە لەم هەمووە بەئاگان. لە ١٩٢٤ کە لینین مرد من چوار ساڵان بووم. ئەوساڵە یاقوبیش لە دایک بوو. لێمان قەدەغە بوو مۆسکۆ بەجێ بهێڵین.

بەڵام یەکێکمان بەخت یاری بوو. برا گەورەکەم ئاشەر، بە پاسپۆرتی ساختە، کە تێیدا وەک کوڕی کەسێکی ناجوولەکە ناودێر کرابوو، سەرەتا توانیبووی بگاتە پاریس- ئای، ئێمە ئەو نامانەمان لەبیرە کە لەوێوە دەیناردن. لە بارەی کارەبا و ئەو جادانەی لە ڕووناکیدا ژاوەیان دەهات، دووبارە و دیسانەوە دەمانخوێندنەوە و پاریس و ئورشەلیم، کە دواتر گەیشتە ئەوێ، لێمان تێکەڵ ببوون. گەشتی ئێمەش پیاسەکردنی نێو ڕووناکی گڵۆپەکان بوو. لە وڵاتێکدا شەوی وەک ڕۆژ ڕۆشن بوو، کۆڵانی تاریکی تیا نەبوو. لەوێ کەس، لە پشتەوە، لە نێو داڵانە تاریکەکانەوە هاواری لێت نەدەکرد. با جارێکی تر لێت ئاشکرا بێت کە لە سەرەتادا دژوارترین دوژمنی زایۆنیزم لە نێو جووەکانی خۆماندا بوون. ئەو کرێکارانەی بە زمانی (جیدیش) (٤) دەئاخاوتن سەرسەختترین بەرهەڵستکاری بیری "وڵات" بەجێهێشتن بوون. پێیان وابوو ئەم کارە دەسهەڵگرتنە لە مافەکانیان، چۆکدادانە لە ڕووی فشاری دوژمنانەی دەرەکی و تێشکانە لە بەر ئەنتی سامیتیزمدا. بڕوایان وابوو ئەنتی سامیتیزم لەو زایۆنیزمەدا سەرکەوتنی بە

دەست هێناوە کە بانگەوازە کۆنەکەی: "ئەی جوولەکەینە، بکەونە ڕێ!" ڕەوا بینیوە. زایۆنیستەکان کەوتنەڕێیان پەسەند کرد.
باوکم خەونی بە ئێمەی ئەوێوە دەبینی. ئیتر باوکم پیر ببوو. ڕیشە سپییەکەیم لەبیرە، دەستە لەرزۆکەکانیم لەبەر چاوە کە لە بەر ڕۆشنایی مۆمەکاندا(هەگگەدانی) (٥) دەخوێندەوە. ماڵێکی گەورەی ئاوەدان کردبووەوە، میوانی زۆرمان دەهاتن و هەمیشە گوتووێژەکان دەگەیشتنە ئورشەلیم. ئێمەی منداڵ مامۆستایەکی زمانی عیبریمان بۆ تەرخان کرابوو - پیاو بوو، هێند پشتکۆڕ بوو قەت چاوانیمان نەبینی. سەرداژەنراو بەسەر پیتە عیبرییەکاندا من و یاقوب لە پەنایدا دادەنیشتین و بۆنی شیرینی ئەو وشکەهەنجیرانەمان هەڵدەمژی، کە بە دەستێک هەڵیدەگۆلفین و بەردەوام دەیخستنە دەمییەوە. ڕۆژێکیان، پێم وایە ئاهەنگی (خانوکا) (٦) بوو، لەگەڵ خۆیدا بتڵێک شەرابی فەلەستینی بۆ پەرستگەکە هێنابوو. بەشی ئاپۆرەکەی نەدەکرد، بەڵام حاخامەکە تکای لێکردین پەرداخەکانمان پڕ بکەین لە ئاو و ئنجا دڵۆپێکی تکاندە ناو هەر پەرداخێکەوە. باوکم بادەکەی خۆی لە لێوەکانم نزیک کردەوە:
- بخۆرەوە، ئیسحاق! ڕۆژێک دادێ بتوانی، لەوێ، پەرداخەکەت بەم جۆرە شەرابە لیپولێوان بکەیت.
ئێمە ئورشەلیمیمان دەخواردەوە، ئورشەلیممان دەخوارد. باوکم ئورشەلیمی لە ئێمەدا دەبینی، بۆیە هەرچەند دوای کار ماندوو بوایە و چەندین سەختی تووش بهاتایە ، بەڵام چاوەکانی دەدرەوشانەوە و وێنەکان لە بەردەمیدا کۆگا دەبوون. ئاشەر کە گەیشتبووە ئورشەلیم پۆستکارت و کتێبێکی پڕ لە وێنەی بۆ ناردبووین. باوکم خەیاڵ دەیبرد: لەوێ خانوویێ بۆ خۆتان ئەکڕن، تا چیاکانتان لێوە دیار بێ. لەوێ ئێواران کە خۆر ئەنیشێ، تۆ و یاقوب پێکەوە، پیاسە ئەکەن. لەوێیش دوای کارکردن دائەنیش و ئەحەسێنەوە و بە عیبری ئەدوێن، دەی با بزانم ئەیزانن. ستایشەکانی خۆمان لەبەر خوێندنەوە، کتومت وەک پیرە فێری کردبووین. باوکیشم دەستی بەسەرماندا هێنا و بۆ ناو جێی بردین.
بەم جۆرە ماڵەکەی ئێمە ماڵێک بوو لە ئورشەلیمدا، بەڵام جادەکەی بەرماڵمان نەء .
ئێمە لە فێرگە بووین کە ئەو مرد. دایکم لە دەوری خۆیدا خڕی کردینەوە. گوتی: " - ئەبێ مناڵەکان بچنە ئورشەلیم- دوا قسەی باوکتان بوو.
ئەمە ئاوات و دوا قسەی ئەو بوون. دایکیشم دەبوو گوێڕایەڵی ئەو ئاواتە بێت. وا فێرکراوین. نەیتوانی خۆی لێبپارێزێت. بەڵام چیتر نەچووە سەر ئەم باسە.

برایەکی کەشان هەبوو، ئەبرەهام. بیست و هەشت ساڵان بوو کە باوکم مرد و دەسبەجێ بوو بە بەرپرسی کارگەکەمان. ئەبرەهام خووی دابووە ژن و مەیخواردنەوە و سەرەدەری لە سەوداگەری نەدەکرد. خەفەتی بۆ دایکم ساز دەدا و دەیهێنایە گریان. نەیدەویست فێری عیبری ببێت، تێکەڵاوی کاتینکە و سونیاکان(٧) بوو، بەدەگمەنیش لە ماڵ دەبوو. دوو ڕۆژ پێراگەیی بچێت بۆ کار. بۆلشێڤیکەکان گەلێک چاوەڕێی مەرگی باوکمیان کردبوو. دەیبینم لە سەر کورسیی نامەخانەکەی باوکم دانیشتووە و باوێشک دەدات و بێ ئەوەی هیچ تێبگات دەفتەرەکانی کار هەڵدەداتەوە. دەیبینم لە بەرامبەر ئاوێنەدا دەوەستێت و پرچ دادەهێنێت، سەیری لارووەتی خۆی دەکات و پێکەنین بۆ ژوانی ئێوارەیەک لە لۆقنتەیەکدا پراوە دەکات. دەتوانم بیهێنمە بەر چاوم چونکە تکای لێدەکردم لەگەڵی بڕۆم. ئەبرەهام بەد نەبوو. بەڵام قەت خۆشەویستیی چ لە ڕووی من یا لە ڕووی یاقوبدا دەرنەدەخست. کەچی یەکەم ڕۆژی چوونی بۆ کار کە دایکم، سەرەڕای مل نەدانی ، بۆینباغی کردە ملی، لەپڕ لێمی پرسی گەر حەوسەڵەی چوونە سەرکارم لەگەڵی هەبێت.
من خۆم زۆر جار دەچووم و سەرێکم لە کارگەکە دەدا. کەوتبووە سەر ڕێی فێرگەکەم. سەرەتا زیاتر لەبەر ئەو شیرینییانە بوو کە باوکم لە چاوێکی مێزەکەیدا هەیبوون و دەمی پێ شیرین دەکردم، دواتر لەبەر بۆن و بەرامەکەیان بوو کە نامەخانەکەی نوقمی بۆنخۆشیی و تێکەڵ بە بۆنی چەرم، بەفری تواوە لە چەکمەکانییەوە، گەرمای ئاگردانەکە لە سوچێکدا، جیڕەی پێڵاوەکانی سەر تەختەبەندی عەردەکە کردبوو. لە سەر کورسییەک دادەنیشتم و پشتم لە باوکم دەکرد و دەرسەکانم دەخوێندن، کە شتێک تێنەدەگەیشتم جاروبار پرسیارم لێیدەکرد و ئەویش هەمیشە هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدا. من ، وا بە خەیاڵمدا دێت، هاوەڵێکی چاکی زۆربەی کرێکارەکان بووم، لە ڕێسگە و عەمبارەکەیش کە پڕ بوون لە تەپوتۆزی پەموو.
ئەو ڕۆژە سارد و بەفرانبارەی لەوێ ڕاوەستاین، ئەبرەهام "ئاها"یەکی کرد و گوتی: کەواتە باوکم لێرە دائەنیشت؟
ئەوسا هەشت ساڵان بووم، بەڵام دەسبەجێ ئەبرەهامم بۆ دەرکەوت، کە دانیشت نیگا پڕ لە پرسەکانیم بینی. ناشارەزا بوو. لە پشت خەندە فیزاوییەکەیدا دەرکم بە ئەبرەهامێکی نیگەران کرد. من وەک چاوساغ و ناسێنەر لەگەڵیدا بووم. دەستێکی نارەزایی بە ژوورەکەدا بادا. ئێرە تا ڕادەیەک کۆنە. باشتر وایە ناوماڵەکەی بگۆڕین و بیرازێنینەوە. بە کورتییەکەی

نوێی بکەینەوە. بیستنی ئەم قسانە دڵی ئێشاندم. بۆن و بەرامەی شیرینییەکە نەدەما.
بە دەم گوتنی: "بۆ ناردنی ئەو کوتاڵە هاتووم"، یەکێک لە سەرکارەکانی باوکم هاتە ژوورێ و هەرکە بۆی دەرکەوت دانیشتووەکە باوکم نییە، بێدەنگ بوو. ئەگەرچی ئەو و تێکڕای کرێکارەکانیش دەیانزانی کۆچی دوایی کردووە. لە پشت ئەبرەهامەوە وشک ڕاوەستا و چاوی تێبڕی. دەستی بە سەرمدا هێنا، سەری بادا و گوتی: با بمێنێ! کە چووە دەرێ، ئەبرەهام گوتی: ئەم خەڵکە ئاوا بەبێ پرس دێنە ژوورێ؟ گوتم، ئاء، دەرگاکە باش داناخرێت. گوتی: بەم دەرگایە دەست پێدەکەین. کە پەنجەی بەسەر مێزەکەدا بزواند و بە بێزێکی دیارەوە فووی لە تۆزەکە کرد، وەک لەگەڵ منی نەبێت پرسی: دارتاشەکەی ئێرە کێیە؟ گوتم: مەگەر ساشە نییە. ئەکرێ بچی بەدوای؟ ڕەنگە هێشتا نەهاتبێ. ئەو... خەریک بوو بڵێم ساشە عەرەقخۆرە و هەمیشە درەنگ دەگاتە سەر کار و سەرئێشەدارە. باوکم ساشەی زۆر خۆش دەویست، لە سەرەتای دامەزراندنی کارگەکەوە کاری تیادا کردبوو. دەردیسەرییەکانی دوای مەرگی کوڕە گەورەکەی لە شۆڕشدا سەریان هەڵدابوو. لە کۆبوونەوەدایە... لای هێڵی ئاسنینەکە. بۆم زیاد کرد و گوتم نەقابەی کرێکاران. لە کاتی کاردا؟ ئەبرەهام هەستایە سەر پێ و دەستەکانی نایە پشتی و لە پەنجەرەکەوە چاوی بڕییە دەرێ. کلووەبەفری قورس و گەورە بە تەوژم لە شووشەکەی دەدا. گرمەی مەکینەکان دەهات و منیش وەک حەوت ساڵەیەک، شەش ساڵەیەک، پێنج ساڵەیەک خۆم نواند. هەوڵم دا بچمە دۆخی منداڵییەوە تا چیتر درۆی بۆ نەکەم. زۆر بوون ئەوانەی لە کارگەکەدا ئەو یاسایانەیان ڕەچاو نەدەکرد کە ئەبرەهام، ناشارەزا، بڕیاری دابوو پێڕەویان بکا. بەڵام ئەو تەنیا دوو ڕۆژی بێتاوانیی مابووەوە. ڕۆژی سێیەم بۆلشێڤیکەکان هاتن و کارگەکەیان داخست، ئەبرەهامیشیان بۆ گرتووخانە برد و دەستیان بەسەر هەموو شتێکماندا گرت: کاغەزی بانک، پارە، خانوبەرە. لە دادگادا گوترا: ئێمە زێرمان نەدۆزییەوە، بەڵام دڵنیاین کە هەتە. بەکارهێنانی زێڕ لە رووسیادا قەدەغەیە. کەواتە دەتەوێت بە قاچاخ دەری بکەیت و خۆیشت بۆیدەرچیت. باشە پارەکەیت بە چ مەبەستێک خەرج دەکرد. ئا، تۆ دەبوویت بە جاسووس و حوکومەتەکەمانت دەروخاند. سزای ئەم تاوانانەش مەرگە. بەڵام چونکە زێرەکەمان نەدۆزییەوە بۆیە بە پێنج ساڵ کارکردن لە سیبیریا حوکمت دەدەین. کە ساڵێکی بەسەردا گەڕایەوە دایکم من و یاقوبی لەگەڵ خۆی بۆ سەردانی ئەبرەهام برد، کە لە کەنالی بێلامۆر کاری دەکرد.
ئەبرەهام ئەو ئەبرەهامەی جاران نەبوو کە بەرامبەر ئاوێنەکانی مۆسکۆ دەوەستا. نەیمانناسییەوە کە بە ناو بەفرەکەدا لارەلار لەو کوڵیتەی دەبوو بیبینین، نزیک بووەوە. قەدوباڵا باریکەکەی جارانیمان لەو جەستە تێکسمڕاوەدا نەدیتەوە، کە هەنگاوی بەسەر ژێردەرەکەدا هەڵگرت و هاتە ژوورێ. دایکم سەری وەلاردوە نا، یاقوب چمکی کراسەکەی دایکمی گرت کە ویستی بیگرێتە باوەش. دایکم گریا. بەڵام ئەبرەهام گوتی:
– ئەمەوێ لە ژیانی جارانم ببوری و بۆ ئێستاشم پەرێشان نەبی. ژیان زۆری فێر کردم. کە ئازادئەبم ئەچمە ئورشەلیم.
لەو دەموچاوە گۆشتنەدا ئەبرەهامێکی دلێر و جوامێر دەبینرا، دایکم دواتر ئەمەی چەند جارێک دووبارە کردەوە.
– ئێستا خۆم فێری عیبری ئەکەم. ئێرە جووی زۆر لێیە.
– چ خواردنێکت ئەدەنێ؟
– پەتاتە. تەنیا پەتاتە. سەرەتا سەخت بوو. لە مۆسکۆ چ باسە؟
دایکم سەری بادا.
– زۆر کەس سەرکوم ئەکرێن.
پێم وایە هەر ئەوەندەم لەو چاوپێکەوتنە بیر دێتەوە. بەڵام بە قەتار گەڕانەوەکەی نێو دەشتاییە بە بەفر داپۆشراوەکەم لەبیرە. کە لەوێ ئەبرەهام دیار نەما. چووە خۆ و زۆری نەبرد ڕەنگی ئەو کوڵیتە بۆیاغ نەکراوەی گرت، کە کەوتینە ڕێ، لە پەنایدا وەستابوو. بەڵام رووخساری دایکم لەو ڕۆژانەدا: زۆر گەش وگوشاد بوو. گەشی و گەورەیی چاوەکانی بوو، سەیرترین ئەو چاوانەی کە هەبن.

چاوەکانی دایکم سەوز بوون. کەس نازانێت کام سوار، جارێک لە ڕابردوودا، ڕێی کەوتووەتە لایان و ئەو ڕەنگە مەنگە سەیرەی ڕژاندووەتە ناو بنەماڵەکەیان. شاناز و ناشارەزا نیگای لە هەموو کەسێک دەگرت لە ئاستیدا ئێستی بکردایە. هەرکەسێکیش چاوی دیتنی هەبوایە ڕادەوەستا تا تێر تەماشا بکات. لە سەریاکی سەمەرقەندا ناویانگیان دەرکردبوو. باوکم جارێکیان، کە باسی یەکەم ژوانی خۆیانی کرد، گوتی دڵنیام لەم بەری ئەتلانتەدا قەت چەشنی ئەو چاوە جوانانە نەبووە. یەکەم جار کە باوکم ئەو چاوانەی دیتبوو دایکم تەنیا پانزە ساڵان بوو، دوای ئەو تروکەیە ئیتر نیگای خەڵک ببوو بە هیچ. ژنێکی سەنگین و مەند بوو بەدەگمەن پێدەکەنی. قەد باریک و ناسک. زۆر جار دەتگوت تەنیا لەو چاو پیرۆزەیە بڵێسەدارانە پێک هاتووە.
من لە دەرەوەی ماڵە خەفەتخانەکەماندا دانیشتبووم. چاوم بڕیبووە ئەو چەرچەفە شۆڕداوانەی دایکم لە

تەناڤەوە دایدەگرتن. چەرچەف دوای چەرچەف لە باوەشیدا ون دەبوون و چاوەکانی ڕەنگی کۆکەنارە سووورە گوڵدارەکانیان گرتبوو. سەرپاکی بێشەڵانەکە لە سوووریدا مەلەی دەکرد، تا دەگاتە چیا دوورەکان کە بەفری سەر لوتکە بەرزەکانیان دەبریسکایەوە. وشکە بایەک کە تەبای هەناسەسواریم بوو خستیانییە شەپۆڵدان. گریانی خۆم خواردەوە. ئەوسا چواردە ساڵان بووم - ساڵی ١٩٢٤ بوو لە مۆسکۆوە بۆ سەمەرقەند بارمان کردبوو- ناچاربووین لەماڵی خاڵۆم ناتان و شیمۆنی خاڵۆمدا ، کە بە پاسەوان ناودێر کرابوو، نیشتەجێ ببین. ساڵێک بوو ئەبرەهام گەیشبووە ئورشەلیم. پاش سێ ساڵ و نیو زیندانیی لە سیبیریا، بیستبووم لەبەر ڕەفتارچاکی، ئازاد کرابوو، ڕێگاکەی، بە تورکیادا، تاکو ئەوێ بڕیبوو . شەش مانگ دوای ئازاد بوونی لێرە لە ماڵی ناتانی خاڵۆمدا مابووەوە و ڕێی هاتنمانی خۆشکردبوو. من دەچوومە قوتابخانەی رووسی و دەمویست بۆ مۆسکۆ بگەڕێمەوە. تێگەیشتنی ئەو دیالێکتە سەیرەی خەڵک پێیدەئاخاوتن، بۆ من، سەخت بوو. سەختیش بوو ئاشنای هاوتەمەنەکانمان ببین، هەڵبەت بۆ من سەخت بوو. دایکم گوتی: " یارمەتیم بدە چەرچەفەکان کێش بکەم". هەستام و فرمێسکەکانم سڕینەوە و دەستم بۆ چەرچەفە خۆشبۆکان برد. هەریەکەمان لۆیەکی چەرچەفەکانی دەگرت و ڕامان دەکێشان تاکو لەبەر یەک دەکشانەوە. بەرەو دوا تەکانمان دەخوارد و بەژێر چەنەوە دەمانگرتن و ڕێکوپێک قەدمان دەکردن و دایکم دەیخستنە سەر دوولکانەی دار سێوەکە . یاقوب لەوێ دانشتبوو بە پێکەنینەوە پەنجەیەکی بە بەر دەمەوە ڕاگرتبوو، تاوەکو حەشارگاکەی بۆ هیچ لە هاوەڵەکانی گەمەی ئاشکرا نەکەین. هێشتا خۆی لە گێژەنی گەمەدا دەبینییەوە. من وەک بڵێی لەو گێژەنانەوە دەرپەڕێندرابووم و کەوتبوومە ناو چاڵە قووڵە ڕەشەکەی جەستەم. بێتوانا و سەرم لەو ژیانە نوێیە و ئەو خوازە نوێیانە دەر نەدەکرد کە مەرجی ژیانی گەورەساڵان بوون. یاقوب، هەروەک دارەسێو لە کاتی گوڵپشکوتندا هەنگ لە خۆی کۆ دەکاتەوە، توانیبووی هاوەڵ کۆکاتەوە. یەکێکیان لە پشت ئەژنۆی خاڵۆم شیمۆنەوە، لای کولانەی مریشکەکان چیچکەی دابوو.

ژیان بۆ شێت چەند خۆش دەگوزەرێت! خاڵۆم شیمۆن، ناسراو بە "پاسەوان"، هیچی لە بارەی پۆگرۆمەوە نەدەزانی تاکو بە تەور سەری پەڕێنرا. خاڵۆم شیمون گسکی دەدا. جادەکەی بەر دەرماڵی خاڵۆم ناتان، کە تیایدا نیشتەجێ ببووین، گسک دەدا. بە گسک و سەتڵ و پارچە پەڕۆیەکەوە دەهاتە سەر دەست و ئەژنۆ و ئەو ناوەی خاوێن دەکردەوە. کە بەفر دادەکەوت شێرەبەفرینەی جوانی تیادا دروست دەکرد. ریقنەی مریشکەکانی نێو گیاکەی ڕادەماڵی، پەڕەکانیانی هەڵدەچنی. کە خۆر دەردەکەوت، وەک ئەمڕۆ، باوەشێنێکی بە بەر چاوەوە دەگرد، سەعاتێک و دووان، دادەسرەوت و دیقەتی لە زەوییە خاوێنەکانی خۆی دەگرت. هەرکە عارەبانەیەک بە جیڕەجیڕ تێپەڕ ببوایە دەرگاکانی ڕنەک دەکرد. ئا، زەوی تەخت دەکرد: تەختەی چوارگۆشە، چیمەنتۆ و خشتی دەهێنا و پێیانەوە خەریک دەبوو تاکو بەرهەڵستی پشێوییەک لە مێشکیدا بکات. کە دەچووە سەر خوان دەتگوت بیر لە زەوییەکانی دەکاتەوە و کەسیش نیگەرانی نەدەکرد. لە ئاوهێنان و دارەکردندا بە دەست و دڵ بوو، کۆتەرەکانی لەسەر یەک لێژنە دەکرد، پەلکەکانی هەڵدەپاچی، چیلکەکانی مشتەچین کەڵەکە دەکرد و بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە.

من و دایکم چەرچەفەکانمان دەکشاند. لە ناکاو گوتی: " ئیسحاق پێویست ناکات دڵگیر بی. ئێرە شوێنێ نییە شیاوی منداڵ بێ. ئێوە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لێرە ئەمێننەوە". " مەبەستت چییە، دایە"، چەرچەفێکی تری هەڵگرتەوە و بۆ منی فڕێ دا، تا پڕ بوو لە با:

- بەم زووانە بۆ ئورشەلیم سەفەرئەکەن.

یەکەم جار بوو دوای مەرگی باوکم ئەو وشەیەی لە دەم دەربێت. کەواتە تەنیا کاری جل شۆردنە قورسەکەی نزیک چاڵاوەکە نەبوو، ئیتر تەنیا ئەو ئیشە سەرکزەڵکەرە نەبوو تاکو تێر و پۆشتەمان بکات. لە پەنای ئەو هەمووەدا چالاکییەکی دز بۆسە درابوو.

وەک درزی خستبێتە چیایەک و لەو درزەوە پەپولەیەک دەربپەڕیبێت.

ساڵانی دواتر زۆر تۆکمە بوون. ئێمە ڕابردوومان هەبوو، بەڵام مرۆڤ خاوەن داهاتووی خۆی نییە. لە ئێستاشەوە تاکە شتێک بوو بۆ ئێمە مابووەوە.

- کەی بکەوینە ڕێ؟

- بەم زووانە. بەڵام تا پشووی فێرگە دەست پێ نەکا، ناکرێ ڕێ بگرنە بەر. نەوەکو کەس پێتان بزانێ.

- ئێمە ، ئەی تۆ دایە؟

سەری بادا.

- تۆ و یاقوب سەفەر ئەکەن. من لێرە ئەمێنمەوە. دەی چەرچەفەکە بگرە.

چەند وشەیەکی کەم بۆ شتێکی هێندە زۆر.

- بەری نەدەیتەوە. تەماشا تۆ ئائەم کارانەم پێنەکەی چەرچەفە تازە شۆردراوەکە کەوتە قوڕاوێکەوە. بە دەستمەوە گرتبووم و سەیری دایکم دەکرد.

- دوای ئێوە دێم.

- باشە، کەی؟

بیرم نایەتەوە چی وەڵام دامەوە، بەڵام شتێک دەزانم،

وەڵامێکی ئەوتۆی نەدامەوە سەر بە ڕاستییەوە بنێت. بیست و سێ ساڵ وەڵامی نەدایەوە.

پێدەچێت گوتبێتی:

– ئێستا ئەبێ ئەم چەرچەفە بشۆرمەوە. وازم لێبهێنە بچمەوە لای کارەکەم!

لە ماڵی ناتانی خاڵۆمدا مێز بۆ داب و نەریت رازێنرابووەوە. من لە نێو پیاوان دانیشتبووم. تازە خەتم دابوو و ئاهەنگی (بار–میزڤاھ)م (٨) گێڕابوو. یاقوبیش کە بەو زووانە دەبوو بە دە ساڵ، لەو سەری مێزەکەدا دانیشتبوو. لە ژووری مێواندا، بە سەر مافوورە ئەستوورەکانەوە، پاڵشتی ڕەنگاوڕەنگ، بۆ ژنان دانرابوو. خاڵۆ ناتانم پیاوێکی کزۆڵ و هەمیشە مات و مەلوول بوو. دەنگە گڕەکەی وەک چەقۆیەکی کول ژوورەکەی لەت دەکرد و قورقوڕاگەی بە ئاشکرا ژێرەوژوور دەبزوا. کە هەگگەدانی دەخوێندەوە پەنجە باریکەکانی بە دوای دەقەکە دەکەوتن، سەرەتا بە عیبری و دوایی بە زمانی تاتی. من چاوم لێک نابوو و موسام لێدیار بوو لە میسرەوە دەری پەڕاندین، تێشکانی فیرعەونم بینی، کۆڕەوەکەی بیابان، دیمەنەکە لە چیاکەوە، کە ئیسرائیلم لەو سەری دەشتاییە ڕووتەنەکەدا دیت. سپیایی چەرچەفی سەر مێزەکەم لەبیرە. (مازۆت)ە (٩) خۆماڵییەکەم بیردێتەوە – لە سەمەرقەند بۆ کڕینی ئارد و بەکارهێنانی فڕنەکان سەغڵەت نەدەکراین ، وەک لە مۆسکۆدا کە دەسەڵاتداران بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا ڕێ لە جووەکان بگرن تاکو جەژنەکانیان بەسەر نەکەنەوە. بتڵە پڕ لە شەرابە خۆماڵییە ڕەنگ هەنگوینییەکان لە بەر ڕۆشناییدا دەدرەوشانەوە، بیبەرەکان هێند لێمەوە نزیک بوون ئاویان زایاندە چاوم، چاوە سەوزەکانی دایکیشم بەسەر منەوە حەوابوونەوە. هەڵبەت دایکم بۆ خاڵۆم ناتانی درکاندبوو، چونکە لەسەر خوان گوێم لێبوو لەبەر ئاستەمبوونی هەموو شتێک پرتەوبۆڵەی بوو.

– کەم کەس لە رووسیا دەربازی بووە. ناکرێ.

خاڵۆم ڕاستی دەکرد. ١٩٢٤ ساڵێکی سەخت بوو، بەڵام دایکم بڕیاری خۆی دابوو. دەستی دابووە ئامادەکردنم: ڕۆژێکیان بۆ لای تەلەگرافەکەی بردم و فێری کردم بروسکەیەک بنێرم. "ڕۆسە منالی بووە." کە ئەگەیتە ئێران ئەبێ شتێکی ئاوام بۆ بنێری. قەت لە بیرت نەچێ!

– پێم وایە پەلە نەکەی باشە. منداڵەکان زۆر وردن! سەردەمێکی باش سەری بادا ، دەتگوت پێش و پاش بەسەر ملە باریکەکەیەوە بەر دەبێتەوە.سەیرێکی یاقوبی کرد لە و سەری مێزەکە: ورد و ناسک، بە چاوی درەخشانەوە گوێی بۆ چیرۆکەکانی کۆڕەوەکە هەڵخستبوو. کە موسا وڵاتەکەمانی دیار کرد بە دەنگێکی بەرز پێکەنی و ئیتر دانیشتبوو گوێزی لە هەنگوین هەڵدەژەنی و دەخوارد. ڕووی لێم کرد و پەنجە شیلاوییەکانی نیشانم دا. برۆی شادی لێکنا و زمانی لێدەرهێنام. منیش دەستم بە ژێر چەنەمدا دەهێنا و دەبرد تا هەست بەو گەندەمووە تازە دەرکەوتوانە بکەم کە هەر خۆم بە بوونیانم دەزانی. من لێوم بە شەرابەکەوە دەنا و سەر بە کۆڕی گەورەساڵان بووم، دیار بوو ملی ڕێمان دەگرتە بەر، ئەگەر دایکم فرمانی بدایە.

خاڵۆم ناتان بە مەلوولییەوە گوتی:" هەموومان بۆ ئورشەلیم کۆچ ئەکەین، بەڵام نابێ ئەو ڕۆژە پێش بخەین." قەت خەندە بە ڕووی ئەو کابرایەوە دەرنەدەکەوت، بەو ئەندازەیەش بە سەر لێوەکانی دایکمەوە دەبینرا.

– سەدان ساڵ بەر لە ئێستا لە ئورشەلیمەوە ڕاگوێزراین و خۆمان لە قەفقاس گرتەوە. کە یەکەمین پەناهێنەکان بۆ لە دەستدانی پەرسگە و ڕاگوێزانەکە داخیان هەڵئەڕشت پێشەواکەمان گفتی پێدان کە (مێسیاس) بۆ جارێک لە داهاتوودا دێ، ئەم کارە ئەکا. ئەوسا گشتمان ئەگەڕێینەوە. بەڵام گەڕانەوەکە بە سێ قوناغدا تێپەڕ ئەبێ. لە یەکەمدا، ئەو قوناغەمان زووتر بڕیوە، ئەبوو لە دامێنی چیاکاندا نیشتەجێ ببوایەین. ئەگەر داب و نەریتی خۆمان بپاراستایە ئەگەیشتینە قۆناغی دووەم – پەنا بە یەزدان، ئەویشان کرد. ئێمە لە شارە گەورەکاندا کۆ ببووینەوە. ئەوە نییە لە سەمەرقەندا نیشتەجێین؟ لە قۆناغی سێیەمدا کەشتی لە ئورشەلیمەوە ئەگاتە دەریای کاسپیسک و بۆ وڵاتی باوانمان ئەگێڕێتەوە. پتی لە پەرداخەکەی دا و بەرزی کردەوە! پێکەکەی بە سەلامەتی ئەو کەشتیانە هەڵدا چاوەکانی دەبریسکانەوە، چونکە ئەو ناتانە بەدبەختە، بە ڕاستی بڕوای بە پێوەندییەکان هەبوو! یان باسی کەشتی بیابانی دەکرد، وشترەکان؟ باوەڕ ناکەم.

بە نێو کۆڵانە تاریکەکاندا ، بەرەو ماڵ پەلی یاقوبم گرتبوو. دایکم بە چرایەکەوە پێشمان کەوتبوو.

بەدەم ڕێوە بەرەو وێسگە و قەتارەکە دایکم گوتی: هیچ خراپییەکتان پێش نایەت. بەسەلامەتی ئەگەنە بەرەوە.

من چوارده و یاقوب دە. دایکم بلیتەکانی کڕی و کیسەیەک پڕ لە گێلاسی ڕەشیش. دەستە باریکەکەی یاقوب لە کیسەکەدا نوقم بوو. دایکم گوتی:

– یاقوب، گلیان بدەرەوە. سەفەرێکی دوورە. بەمنیشی گوت: ئەم بلیتانە تا وێستگەکەی بەر لە ئاسیاباد بەش ئەکا. دوا بەشی ڕێگەکە هەوڵ بدەن خۆتان جۆری بکەن. گەر تا ئاسیاباد بلیتم بۆتان بکڕیایە لێتانیان ئەپرسییەوە.

لە کۆڵە پشتییەکەمدا مریشک، نان و مەتارەیەک ئاو هەبوون، دەرپێ و ژێرکراسیش بۆ هەردووکمان. قەپلاخەکانمان زۆر گەرم بوون، بەڵام دایکم گوتی: کەش و هەواکە بەردەوام گەرم نابێ. ملپێچەکانمانی ڕێکخست، وەک ئەو جارەی دیتبووم بۆینباغ بکاتە ملی ئەبرەهام. ئەگینا دەستی بۆ نەبردین. نە ئەو کاتەش قەتارەکە کەوتە گەڕ. بە سرنج خستمانییە ڕێ و نیگای بە سەر چەند کۆکەنارێک دادایەوە کە لە کەنار هێڵی ئاسنینەکەدا ڕوابوون. بایەک لمی برد و لە دووری شۆستەکەدا لوولی خوارد.
ئنجا قەتارەکە بە سڵاوی ماڵئاوایی خرایە ڕێ. هەر لەو تروکەیەدا دایکم بێ ئەوەی چاوی هەڵبهێنێت پێچی دایەوە و دیار نەما ، ئێمە سەرمان ڕاکێشایە ناوەوە و لە ژوورێکی نیمچە چۆڵی قەتارەکەدا لە جێگە گەڕاین. تەنیا پیرەپیاوێک لەوێ دانیشتبوو. سەعاتێک خەو چووە چاوی، کە باجگرەکە هات و بلیتەکانی بڕی لە خەو بووەوە.
ئیتر دانیشتبوو و تەماشای یاقوبی دەکرد، یاقوب خۆهەڵقووتێن و دڵ پڕ لە هیوا بوو، بەدەم گێلاس خواردنەوە چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا.
دایکم، سوور، پێی گوتبوو نابێت بۆ هێچ کەسێکی بدرکێنێت کە بۆ ئورشەلیم بەڕێوەیە، تاکو رووسیا بەجێ نەهێڵن. بەڵام کە پەنجەی لە پلاکێک بزواند بیری لای خۆی نەما.
– کە ئەگەمە ئۆرشەلیم...
نووکەشەقێکم لە قولەپێی دا، بەڵام زۆر بەرچاو بوو پیرەکە هەستی پێکرد.
گوتی: "بەڕاستتە"، نان و خواردنی دەرهێنا و فەرمووی لێکردین.
کە لە ئاسیاباد نزیک بووینەوە ترسم لە هاتنی باجگرەکە و تێبینیکردنمان بوو. هەر وەهایش کەوتەوە. بلیتەکانی لێوەرگرتین و گوتی:
– ئێوە زۆر هاتوون. ئەم بلیتانە لە وێسگەکەی پێشوو زیاتر بڕ ناکا. باشە بۆ بەردەوامن؟ پیاوە پیرەکە لە باجگرەکەی وەرگرتنەوە و هەردوو دیوی سەیر کردن.
– سەیرە، ئەبێ لە بلیتکرییەکەدا بە هەڵە چووبن. ئێمە پێکەوە سەفەر ئەکەین. فەرقەکەی چەنە؟
بێ ئەوەی تەماشامان بکات پارەکەی دا و باجگرەکە چووە دەرێ. گوتم:
– سپاس.
– "ئەه" یکی کرد و لە جوینی کوتە نانەکانی بەردەوام بوو. بێشەڵانەکە لە دەرێ بە کۆکەنار سوور هەڵگەڕابوو. سەرەتای هاوین بوو، تا لە ئاسیاباد نزیک دەبووینەوە گەرما بە تینتر دەبوو. ڕەنگە کابراکە جوو بووبێت. نازانم. لە ئاسیاباد، بێ ئەوەی هیچێک بڵێت ڕۆیی و دیار نەما. ئێمە دابەزین و لەوێ مەحموود ناوێک، هەروەک دایکم گوتبووی، چاوەڕێی دەکردین. قاچاخچی بوو و هەر بە قاچاخچیش دەچوو، بەنگ، چەک و لەم جۆرە شتانە. دەبوو لە سنوور بمانپەڕێنێتەوە. نازانم دایکم چۆن و کەی مەحموودی گیر کەوتبوو و لە سەر چەندێک لەگەڵیدا ڕێک کەوتبوو. بەڵام پارەکەی پێدەدرا هەرکە لە مەشهەدی ئێرانەوە بروسکەمان بناردایە.
– ئەگینا دەیکوشتین. یان لەو دەشت وکێوانەدا بەڕەڵای دەکردین. دایکم ئەمەی پێگوتبووم. مەحموود کورد بوو. رووسییەکی زۆر خراپی قسە دەکرد. کە لێمان نزیک بووەوە گوتی: ئێوە کوڕان، وەرن لەگەڵ!
کەڵەگەت و چوارشانە بوو. مێزەر لەسەر، سمێڵیکی زل بە هەردوو شتاقەی لێویدا شۆڕ ببووەوە، دوو چاوی زیتی ڕەش. ئێمە ماتەماتە بە نێو جادەکاندا دوای کەوتبووین و جزمە ڕەشەکانی هەنگاوی هەراویان هەڵدەهێنا، ناچاربووین گورج پێ هەڵگرین. خانوەقوورێک لە پەڕگەی شاردا هەبوو، لە پەنا دیوارێکیدا ئاگر جۆش درابوو، چەند پیاوێک کە بە مەحموود دەچوون لەوێ کۆمەڵیان بەستبوو. بەنگیان دەکێشا و عەرەقیان دەخواردەوە. بێشەڵانەکەی بەردەمیان زەرد، وشک و بە پەڵە کۆکەنارەوە بوو. بیست کیلۆمەترێک لە چیاکانی سنوورەوە دوور بووین، بەڵام سەربازێکی زۆر کەوتبووە نێوان ئێران و ئێمە.
– ئێوە خەوتن. ئێمە شەو ڕۆیشتن.

بەڵام ئێوارەی ئەو ڕۆژە یەکجار واڵا بوو. کە ستێبەرەکان بەسەر لمەکەدا دەکشان من لە پەنا دیوارێکی خانوەکەدا پاڵم دابووەوە و چاوم بڕیبووە چیا دوورەکان. یاقوب لە تەنیشتمدا نوستبوو. دەستی نابووە ژێر سەری، دەمی تا نیوەی داچەقابوو. هەستی بە متمانەیی دەکرد. متمانەی بە من هەبوو. لە دنیادا تەنیا من وەک پەنا لە نێوان ئەو و گوللەدا، لە نێوان ئەو و سنووردا، لە نێوان ئەو و برسییەتیدا هەبووم. تەنیا من. نەدەبوو بیرەنجێنم . دایکم ئاگری لە ناخمدا نێڵ دابوو: "هیچ خراپییەکتان پێش نایەت".
بڵێسەی ئەو وشانە بە گڕ بوو. سەرکڵی مەبەست بوو. ئەمە بە واتای ئامانجە. واتە ڕوونان لە یەک ئامانج بەو واتایەی جەستەی منی پاڵ ئەو ئاگرە تەنیا قاوغێکی پووک بوو. گرنگ نەبوو! کە خەڵکەکە سووریان لە ئاگرەکە دابوو، چاویان بڕیبووە ئێمە و سەریان بادەدا، هیچ گرنگ نەبوو – دوای ئەم هەموو ساڵە ئێستا دەتوانم بڵێم – ئەو پەنجانەی بەبەر ملیاندا دەهێنان و دەبردن هیچ مانایەکیان نەبوو. من باش لەوە گەیشتبووم، بەڵام وشەکان لێم نامۆ بوون. دەیانویست باوەڕ بە مەحموود بهێنن کاری بە ئێمەوە نەبێت و

پارەش بە شێوەیەکی کەمتر خەتەرناک دەس دەکەوێت. سەرچاوەی ئەم خۆشویستنە چییە؟ خوایە؟ باشە خوا چییە؟ ترووسکە لاوازەکە، بەڵام خۆراکدەری ناخمان؟ وزەکە خۆی؟ من بە حەزەوە لە شتێکی ئاوا ڕانامێنم، بەڵام بەهەرحاڵ.

لەگەڵ شەومان لێهات یاقوبم هۆشیار کردەوە. مەحموود سەیری پاڵتۆکانی دەکردین. بە پەنجە ڕایگەیاند دایان بکەنین. پێم وابوو بە تەمای دزینیان بێت، بەڵام لە بری ئەوە ئاوەژووی کردن و ئاستەر و تەقەڵەکانیان دیارکەوتن. پاڵتۆی چاک بوون و بە ئاسانی سرنجیان ڕادەکێشا. دواتر دوو چلەداری نایە سەر هەردووکمان و دەمانچەیەکی کرد بە پشتێنەکەی خۆیدا و کەوتینە ڕێ. ئێمە ڕاست ڕووە و سنوور نەڕۆیشتین بەڵکو بێشەلانی دۆڵێکمان گرتە بەر. لێرە و لەوێ ئاگر دەکرێ، توخنیان نەکەوتین، کەوتینە نێو خڕێک. بەردەکانی خڕ بوون و نەدەکرا لەو تاریکییەدا لەنگەری قاچەکانمان بەسەریانەوە ڕابگرین. بە درێژایی ئەو شەوە بەڕێوە بووین و کە بەرەو لای بەیان چاومان لێبوو خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوێت ، بارگەمان لێخست. یاقوب خەو بردییەوە. چاک بوو منیش سەر خەوێ بکەم، بەڵام پێم نەکرا. ئەو ئاسوودەییەی یاقوب هەستی پێدەکرد بەشی من نەبوو. یان بە هەڵە ئەو هەڵدەسەنگێنم؛ ڕەنگە خەون تاقە ئاسوودەیی بوویێت، لەو قوڵاییەدا دیسانەوە لای دایکم بوو، لە خەودا لەشە گەرمەکەی گرتبووی بە خۆیەوە. دەیلاواندەوە، شیرینیی پێدەدا، دەستی بە تەوێڵیدا دەهێنا. ڕۆژی دووەم کە شەو داهات کەوتینەوە ڕێ. یاقوب تاقەتی هەنگاوە هەراو و گورجەکانی مەحموودی نەبوو. مەحموودیش زۆر جار ئاوڕی دەدایەوە و بە تووڕەیی و لە ژێر لێوەوە دەیمڕاند گوڕ بدەینە خۆمان. ئاکام یاقوبی بەرزکردەوە و کردیە کۆڵ. میل دوای میل. بەم زوانە ئەگەینە بەرەوە؟ ئەمەوێ بۆ لای دایە بگەڕێمەوە.

سەرلە بەیانی ڕۆژی سێیەم مەحموود پەنجەی بۆ چیایەک لەو بەری بێشەلانە وشکەکەدا ڕاکێشا. "ئەوە سنووری ئێرانە. ئەگەر بگەینە ئەوێ..."

دواین شەو تریفەی مانگ و جریوەی ئەستێرە بوو. نەک بە هێز،، بەڵام بەس بوو تا مەحموود تەنگە بگرێت. کە لە پەنای تەپەیەکەوە ڕاساین، گوتی:

– ئەم شەو ئێمە زۆر ڕاکردن. سەربازان.

دووسەعاتێک کوتامان. یاقوب خۆی بە کۆڵی مەحموودەوە هەڵواسیبوو. سەعاتێک بەر لە سپێدە یەکەم تەقە هاتە بەر گوێ نوختەی پاسەوانیی یان پاسەوانێکی سەر چیایەک تێبینی کردبووین. مەحموود بە دەست جوڵەیەکی پێچاپێچی کرد و دەرپەڕین. لە تاشەبەردێکەوە بۆ تاشەبەردێک، لە تەپکێکەوە بۆ تەپکێکی تر. لە دوورەوە حیلەی ئەسپ دەهات، مەحموود دامی بە عەرزا و پەنجەی بۆ دەوەنێک لە نشێوێکدا درێژ کرد. بۆ ئەوێ گلۆر بووینەوە و گەیشتینە ژێر لکە چڕەکانی. دوای دوو دەقیقە سەربازە سوارەکان تەواو لە بەردەممانەوە تێپەڕ بوون. لمەکە داپژایە چاوە لە مۆڵەقچووەکانمان، کە لە تاریکیدا ڕاست و چەپ سەمایان دەکرد. تروسکەی ڕووناکییەکی دوور لە خۆرهەڵات دەرکەوت، کز و تا دەهات دەگەشایەوە. مەحموود سەرلەنوێ پەنجەی درێژ کرد.

ئێستا بۆ ژیان! گوریسێکی بە پشتی یاقوبەوە بەست، لەسەر سینگی خۆیدا گرێی دا. دەستی خستە سەر شانم، چاوی بڕیە چاوم و سەری لەقاند.

– تۆ، پیاو!

پیاو دواتر بۆی دەردەکەوێت ماوەیەکی درێژە هەناسەی نەکێشاوە. ڕووناکی کۆکەنارە سوورەکان نەدەبریسکایەوە. هەموو شتێک لە پەنای جەستەیەکی ناسکدا ، لە پەنای بەردێکدا چیچکەی دابوو. یەک دوای یەک پەلەکانم پێم گەیشتن، چونکە وەک بڵێیت تەنیا ڕۆحم گەیشتبووە پاڵ تاشەبەردێکی سەر مەرزی ئێران، کە تیرۆژەکانی خۆر بە شێنەیی گیانی وەبەر کردبووەوە. دەتگوت قاچەکانم، باڵەکانم و کۆتەرەکەم کە هەناسەی سواری ڕۆحم ڕێنمایی کردبوون، دەیانویست بگەنە ئەو پەنایە. سیپەلکەکانم دڕیان بە سینگم دا. من دەستەکانم لە شوێنی خۆیاندا دۆزینەوە. دامە تریقەی پێکەنین کە پێیەکانم دۆزیمیانەوە و دەم و لوتم و چاوەکانم شوێنی ڕاستینەی خۆیان پەیدا کرد. دەنگم گەڕایەوە و ئەم گۆرانییەم گوت:

Der tate iz geforn ken balte,
un az er is gekumn fun balte,
hot er mitgebrengt a bajke.

Un ver vet mir nejen di bajke?
Rejsl di modistke, mamedajke,
vet mir nejen di bajke.

Un ven vestu onton di bajke?
schabes nochn kugel, mamadajke,
wel ich onton di bajke.

ئێمە لە متبەقدا لە مۆسکۆ زۆر جار ئەم گۆرانییەمان گوێ لێببوو. بە بازووی بەهێز ڕاژێندرابووین. جێی تاسە و ئارەزووی ژنە ئاشپەزەکانمان گرتبووەوە. یاقوب تێیهەڵڕوانیم و بە ماندوێتییەوە پێکەنی، ئەویش بە دەنگە ڕۆشن و منداڵانەکەیەوە کەوتە چرین:

باوکم بۆ بەلتیک چووبوو
کە لە بەلتیکەوە گەڕایەوە
چاکەتێکی بۆ هێنابووم.

کێ بێ بۆمی بدروێ؟
ڕۆسای خاکی، دایکی خۆشەویستم
ئەو چاکەتەم بۆ دەدروێ.

کەی بێ لەبەر بکەم؟
ڕۆژی شەممە. پاش نوێژ
ئەو چاکەتە لەبەر دەکەم...

باوکمم دیت هاتە متبەقەکە و شانی دادایە لاشیپانیی دەرگاکەوە و بەفری سەر شانەکانی دەڕژایە سەر زەوییەکە. کە ئاشپەزەکە کپی لێکرد، ئەو گۆرانییەی گوتەوە کە ئێستا چڕیم:

Frajtik baj der nacht, as ich kum fun schul
ahejm
zu gejn,
sitst majn vajbl un lacht
un is gor mole chejn.
Tzvej chalelech tzugedekt,
mit a tischtachl tzugedekt.
Gib ich ir in piskele a kisch...
Oj frajtik ojf der nacht
Oj frajtik ojf der nacht
iz doch jeder id a melech,
un jeder vinkele lacht
un di gabze schtub iz frejlach.

( ئێوارەی هەینی، کە لە پەرستگەوە دەگەڕێمەوە،
ژنە چکۆلانەکەم دانیشتووە، تەلیسماوی و دەم بە پێکەنینە.
دوو کولێرەی سەر مێزەکە،
بە سەرەنداز داپۆشراون.
دەمی ژنە گچکەلانەکەم ماچ دەکەم و لە ئێوارەی هەینی دەپرسم
هۆ ئێوارەی هەینی
"مەگەر هەر جوولەکەیەک بۆ خۆی شایەک نییە
کە سەرپاکی ماڵەکەم شادە و
گشت گۆشەیەکی دەم بە پێکەنینە)

بەڵام جیهان، کە وەک ئێمە سەری لەو هەمووەی ڕووی دەدا سووڕ نەمابوو، بە ئاسانی خۆی لەو شەوە ئازاد کرد کە تەنیا یەکێکی شەوە بێشمارەکانی سەر زەمین بوو: زرنگەی زەنگۆڵەی بەرخێک لە شوێنێکی سەر ئەم خاکە زەردەدا. باڵندەیەک کە لە ناخی دەوەنێکەوە دایبێتە شەقەی باڵ. کەڵەکێوییەک لە دۆڵێکدا لوتی بۆ ئاسمانێکی بێگەرد هەڵبڕیبێت و فڕتکەی دابێت.

مەحموود لە سێبەری بەردێکدا سایووەوە منیش دەستم بە ڕوومەتی یاقوبدا هێنا:
قوتار بووین. ئێستا ئیتر لە ئێرانین.
- بەم زووانە ئەگەینە جێ؟
- نەء.
- چەندی ترمان پێ ئەچێ؟ دووسبەی ئەگەین؟
- نەء، نەک دووسبەی. بەڵام بەشە هەرە سەختەکەمان بڕیوە، ئەمەم گوت و بە دەست ئەو مێشەم تاودا کە شوێنمان کەوتبوو وەکە بۆ ماوەیەکی درێژ جێمان ناهێڵێت. چوارمشقی دانیشتبوو و سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، وەک ئەوەی لە ناخی تاشەبەردەکانەوە ئورشەلیمێک سەرباری هەموو شتێک خۆی ئازاد بکردایە.
- ئورشەلیم کارەبای هەیە؟
- پێم وایە. ئەگینا کارەبای بۆ دابین ئەکەین. تۆ ئەبیتە ئەندازیار و کارێک ئەکەی تەواوی ئورشەلیم لە ڕووناکیدا بدرەوشێتەوە، چییە ئەمەت لەبیر چوو؟
دەسبەجێ خەوێکی خەست زاییە چاوەکانی. شانی دا بە منەوە و پەنجەکەڵەی نایە دەمی. من ساڵانێک بوو یاقوبم بە پەنجە لە دەم نەدیتبوو. بە شێنەیی داکەوتە باوەشم. بە پاڵتۆکەم داپۆشی و خەو بردییەوە. نیوەی ئەو ڕۆژە بێ جووڵە خەوت و کە مەحموود ئۆقرەی لێبڕا گوتی دەبێت بکەوینەوە ڕێ نەمتوانی لە خەوی ببەمەوە. یاقوبم دا بە زەویدا، ماڵیم بە پاشەڵیدا و هاوارم لێبەرز بووەوە: یاقوب هەستە. بۆ خەبەرت نابێتەوە! وشک وەک تەختە لە سەر زەویەکە کەوتبوو، دەتگوت پەنجەی لە دەمدا گیری خواردوە و ئیتر کە مەحموود گوتی: ئەبێ گۆڕێ هەڵکەنین لێرە، گەر ئەو مردن، بانگم لێهەستا نەء، نەء، نەء، نازانم لە کوێوە هێزێکی ئاوەهام بۆ هات. لێرە نا.
-ئەبێ بچینە دێیەک، لە سەر نەخشەدا دیار کرابێ. تا بتوانم گۆڕەکەی دەستنیشان بکەم. دەگریام و تێم دەسرەواند. مەحموود شانەکانی هەڵتەکاند و یاقوبی نایەوە کۆڵ و گوریسەکەی لە سەر سینگی خۆی شەتەک دایەوە. بە درێژایی ڕێگاکە تا ناو یەکەم دێ بەدوایدا ڕامدەکرد و شەپازللەم لە پشت و سەری یاقوب دەدا. بەڵام چرچەی نەکرد.

ئەو دێیەی کەوتبووە دامێنی شاخ و شەو لێی لامان دا، شوێنیم لە هیچ نەخشەیەکدا هەڵنەگرتەوە. بەڵام ئیتر گرنگ نەبوو، چونکە لەو کۆخەی، لە ژیانمدا کۆخی هێند چلکنم نەدیبوو، کە مەحموود یاقوبی بەسەر زەویەکەدا بەردایەوە، گیانی هاتەوە بەر.

ئنجا بەناو لەپم زللەیەکم تێسرەواند.
– چۆن توانیت وا بکەی!
بە چاوی فرمێسکتێزاوەوە سەیری کردم و گوتی:
– خەوم ئەبینی لە قەرەوێلەیەکی گەورە، گەورەدا ڕاکشاوم. زۆر ڤێنک و خۆش بوو و دایەیش بە چای و کێکەوە لەوێ بوو. گریشەیشی لێبوو و وتی با بۆ گۆڕەپانەکە برۆین و گاڵتە بە سۆنیا پۆپۆڤا بکەین. چووین و سۆنیاش سەرەتا زۆر توڕە بوو، بەڵام دوایی خۆرمای پێ داین.
– گفتم ئەدەیتێ کە ئیتر قەت...
– بەڵام من هەستم بە هیچ نەکرد. دڵنیابە، ئیسحاق.
– وام زانی مردوی و خەریک بوو بتنێژین.
– ئەمەوێ بۆ لای دایە بگەڕێمەوە، زۆر برسیمە.
ناوەوەی کۆخەکە نیمچە تاریک بوو، لە تەنیشتماندا ژنێک دانیشتبوو، پارچە گۆشتێکی خوێناوی لە میانی پێیە ڕووت و چڵکنەکانیدا بوو. گۆشتەکەی دەجنی و دەیهاویشتە ناو مەنجەڵێکەوە. ژنە پەنجە خوێناوییەکانی دەلێستنەوە و منیش بەو بۆنە قێزەوەنەی لە مەنجەڵەکەوە سەری دەکرد خەریک بوو بڕشێمەوە. هەڵمێکی بەسامی لێوە هەڵدەستا و حەلاڵ نەبوو. چەند زەلامێکی سمێڵ زل ئاگرەکەیان دەور دابوو و ڕەنگە برای مەحموود بووبن. قلیانیان دەکێشا و بە زمانێک دەئاخاوتن تێی نەدەگەیشتم. نانێکی سەنگیی گەورەیش لە سەر بەردێکدا بوو، ژنەیش بەو چەقۆیەی گۆشتەکەی جنیبوو، نانەکەی تیکە تیکە جنی و دابەشی کردن. منیش لاسایی زەلامەکانم دەکردەوە، کە تیکە نانەکانیان لە مەنجەڵەکە هەڵدەژەنی و دەخوارد. باوەڕ بکە چێشتی وا خۆشم لە ژیانمدا نەخواردووە. ئاوناوێک بۆنێکی ئەو چێشتە بە ئاخمدا دێت، نازانم لە کوێوە، تەنانەت ئێستاش لەم پەککەوتەییەدا – دیسان لەو کۆخەدام. کەسانی ژێر پەتوەکانم لێدیارن و ڕووناکی سەر رووخسارییان دەبینم. ئێستا ئیتر دڵنیام کە مرۆ برسی بوو بەردیش دەخوا. کە کابراکان مەست بوون و کردیانە هەرا دەمبینی، زیاتر لەوەی گوێم لێبێت، مەحموود چۆن ڕێڕەوەکەمانی بۆ باس کردن، چۆن پەنجەی بۆ یاقوب درێژکرد و مردنەکەیی گێڕایەوە. ئێمە پێکەوە لەگەڵ سێ منداڵی تردا، کە لە تەنیشتمانەوە ڕاکشابوون و دەکۆخین چووبووینە ژێر پەتویەکەوە کە پڕ بوو لە کێچ و دەیانگەستین. ئیتر کە دوو کارپیان هێنایە ژوورێ و ڕێک لە نزیک جێیەکەی ئێمەوە بەستیانەوە، نەمدەزانی چۆن دان بە خۆمدا بگرم. یاقوب لە پەنامدا هەڵتورتکابوو. بە سووکێک گوتی:
– نامەوێ بیر بکەمەوە.
یاقوب چاودێری بێهێزی منی دەکرد و منیش تەنیا هێزم بۆ مابووەوە.
– ترست نەبێ. سبەی ئێرە جێ ئەهێڵین.
– بەڵام هەموو شتێ تا دێ خراپ و خراپتر ئەبێ.
– لە ئاکامدا هەموو شتێک بە چاک ئەکەوێتەوە.
دەتگوت بەنرخترین دیاری خۆیم پێدەبەخشێت. وەک کەسێک بڕیاری دابێت لە بێهێزیدا بژی تاکو منیش تا پێم بکرێت بەهێز بم. ئەو وشانە تین و تاویان پێدام، هۆی بە نەرمی ئاخاوتن و هەناسەهەڵکێشانی ئارامم بوون. باڵیشم بەسەر شانی یاقوبەوە ببوو بە پەناباڵێک.
زۆرجار بە بیرمدا هاتووە دنیا وەک مەودای نێوان سنووری رووسیا و مەشهەد وایە. ژیانی ڕاستینە ئاوەهایە. وڵاتێکی ڕەقەن و کرێن. تولەڕێی نێوان تاشەبەردەکان، لێرەولەوێ چنگەگیایەک شنەبا کەرۆشکەی پێدەکات. ئاسمان و ئاسۆ، ترۆپکی چیا. مەودای دووری نێوان بیرمکان. بەرزەولاخێکی سەر ڕێی دێیەکی دوور. دووکەڵی پاڵ کۆخێک. بەرخەڵی نێو پاوانێک. بەرخەڵەوانێک. بێجگە لەمانە ئەگەر هەر شتێکی ترم دیتبێت هەڵاوڕێردن بووە: ئەو کانیانەی لە نسێی دارسەرووەکاندا دەمم بە ئاویانەوە نابوو. ئەو شارە ڕووناکانەی بەسەرم کردبوونەوە. نوێنە نەرمەکان بە بەڕیۆش و بالیفەوە. مێزە ڕازاوەکان. هەڵاوێردن.
جیهانە ڕاستینەکە مەوداکەی ئەوێیە، کە بۆ بڕینی حەفتاودوو ڕۆژمان پێچوو. مەحموود دە هەنگاو لە پێشەوە، من لە ناوەڕاستدا. زۆرجار ڕادەوەستام تاکو ئاوڕێک بدەمەوە: ئەوەتا برا بچکۆلەکەم یاقوب بە ڕاکەڕاکە دێت تاکو پێمان بگات. مێش دەوری دەموچاوی داوە، ئارەقە لە ژێر قەپلاخەکەیەوە دەتکێت، بە لنگەلەرزە زەویە رەقەنەکە دەکوتێت، لم لە هەوا دەگەڕێنێت. پێڵاوەکانی! هەر چۆنێک ڕێگاکەیان بخوێندایەوە، شرِ و شارەزا دەبوون! حەفتاودوو ڕۆژ! بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەو ڕێڕەوە هێشتا بەردەوامە. هەموو ڕۆژێک هیچ نەبێت دوو جارێک ڕوو دەدات کە ئاشکرا بە ئەوێدا دەڕۆم، کەچی لە جادەیەکی تەل ئەبیب، ئورشەلیم یان لە ڕۆخی دەریادا پیاسە دەکەم: دەڕۆم و ڕوانینم بەر پێم خستووە و ئائەوە هەر هەمان لمە دەیبینم، هەر ئەو بێدەنگییەیە دەیبیستم و دەمگرێت. ئێستایش کە ناچارم ئەمەت بۆ بگێڕمەوە درێژەپێدانێکە . نە ڕابردوو و نە ئێستای بەردەوام ، چ بە عیبری یان بە ئەرمەنی، وێنەکێشی کاتێکی دیارکراو ناکەن بەڵکو لە بری ئەوە جووڵەی کات نیشان دەدەن. لە زمانی سامی پێشینیدا مرۆڤ پێش هەموو شتێک خوازیارە کردەیەک جیاوازی نێوان ئەنجام دراو و هێشتا ئەنجام نەدراوەکە دەرببڕێت. گرنگ جووڵەی کاتە، نەک قوناغە جیاکانی. ڕابردوو کردەیەک وێنەکێش

دەکات کە خەریکە ئەنجام بدرێت، کردەیەک کە هێشتا کراوەیە، کەچی ئێستای بەردەوام گەواهی کردەیەکی ئەنجامدراو دەدات. جۆسوا دەنووسێت: "هەرجێیەک پێی لەسەر دابنێیت دەمەوێت بە تۆی ببەخشم، هەروەک گفتم بە موسا داوە". ئەمە دووپات دەکرێتەوە، قەت ئەنجام نادرێت. من ناتوانم دەست لەو ڕێگەیە هەڵگرم. حەفتاودوو ڕۆژ، کە زایەڵەی ژیانی منە، ناتوانم تاک تاکی وەسف بکەم. نەک بە هۆی لێکچوونیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەمیشە پێش هەر پێشهاتێک "هات"ێکی تر پێش دێت. بەیانان ڕەنگپەڕیو وەک گوڵە ئازار، لە ژێر پەتوەکانەوە ڕادەپەڕین و هەوڵمان دەدا گیان بکەینەوە بەر پەلەکانمان. شەوان یەکجار سارد بوون. پیاڵەی پڕ لە چای. هەستکردن بە گەرمی کە چایەکە سەری بە دەست و پێماندا دادەگرت. سەردانی ئەو دێیانەی دامێنی چیا کە لە ترساندا سەریان بەسەر یەکەوە نابوو. ئائەمە وڵاتی مەحموود بوو. ئاسیاوی لە هەموو شوێنێک زۆر بوون. کاروباری دێهاتەکانی دەوروبەریی ڕادەپەڕاند. قسەهەڵبەستراوەکانی دێهاتەکانی پێشووی دەگێڕانەوە. لەرەی گەرمای نیوەڕۆان و فێنکییە تاسەکراوەکەی ئێوارانیش.

یاقوب! چۆن هەموو بەیانییەک چاوەکانیم دەپشکنی تاکو بۆم دەرکەوێت چلۆن پێشوازی لەو ڕۆژە دەکات: ئایا بە ترسەوە لەخەو ڕادەچڵەکێت؟ ئایا بە درێژایی ژیانی ئەم ڕۆژە برینەکانی دەکولێنێتەوە؟ ئایا لە نوێنێک لە سەمەرقەندا، لە مۆسکۆ ڕۆژ دەکاتەوە تا لەم بیابانە نامۆیەدا ناچار وەئاگا بهێنرێت؟ پشووی لەسەرخۆ بوو. کە شەکەت دەبوو مەحموود لە کۆڵی دەنا، کە گڕوی دەگرت توقڵێکی پێدەدرا، جاروبار لە پێش ئاگرێکدا دەمانخەواند بۆ ئەوەی خەبەری ببێتەوە.

ئێران وڵاتێکی دڵپەسەند نییە. بەڵام ئەو کەسەی بەرەو ئورشەلیم بەڕێوە بێت سرنجی ئەم جۆرە شتانە نادا. ئەو کەسەی ئورشەلیم، وەک کریستاڵێکی ئاوچاویەر، لە ناخیدا هەبێت دەوروبەر تاریک، وەک وڵاتێکی لە سێبەر پێکهاتوو، دەبینێت.

تاکو زیاتر بەرێوە دەبووین ترسەکەم لە مەحموود دەرەوییەوە. لەگەڵمدا قەت دڵنەرم نەبوو. کۆڵنەدەر و هیچ دواکەوتنێکی قبووڵ نەدەکرد. پێکەوە ڕاهاتبووین بەدەم ڕێوە یان کە لە پێش ئاگرێکدا دادەنیشتین و سویسکەیەکمان دەبرژاند یان هەرجۆرە باڵندەیەکی تری ڕاوبکردایە، کە بێدەنگ ببین. ڕێدەکەوت، لەگەڵ کاروانێک بەرەو دێیەک یان دێیەکی تر ڕێمان دەبڕی. ڕووی دەدا سواری پشتی والاخێک دەکراین، کەسێک تیکە نانێکی پێدەداین، چەند گوێزێک، هەنجیر. بەڵام قەت نەماندیت بسکە بە ڕووی کەسێکەوە دەرکەوێت: ئێمە لە وڵاتێکی دژواردا بووین.

بەم جۆرە و لە کۆتاییدا گەیشتینە مەشهەد. بۆ دەڵێم " لە کۆتاییدا"، هەڵبەت مەشهەد تەنیا یەکێک بوو لەو شارە بێشمارانەی دەبوو پێیاندا تێپەڕ ببین، بەڵام ئەم شارە ئێستا زۆر گرنگ بوو. مەحموود دەسبەجێ بۆ تەلەگرافەکەی بردین، منیش بروسکەکەی خۆم نارد: ڕۆسا منداڵی بووە. سێ ڕۆژ دواتر پارەکەی مەحموود لە بانک ئامادەبوو دەریبهێنرێت. کە دەیژمارد چاوێکی لە ئێمە بوو، چونکە لەم شارەدا زۆر ڕژد بوو بۆ ئەوەی لەبەر چاوی ون نەبین. ئێمە لە ماڵی چەند ئاسیاوێکی مەحموودا بە دیل دەچووین. بەشێکی پارەکە بۆ بەردەوامبوونی سەفەرەکەی ئێمە بوو. دڵم لێیدا: مەحموود ئەو پارەیە دەبات. بەڵام نەیبرد. پارەکەی نایە مشتم و دەستە گەورەکانی خستە سەر شانەکانم و گووشینی:

– تۆ، پیاو! و لە بانکەکەوە چووە دەرێ و ناو جادەکە، لەوێ بوو بە یەکێک لە خەڵکەکە.

پەرستگەیەکی جوولەکان لە مەشهەدا هەبوو، ناچار بووین ڕووی تێبکەین. لەوێ خۆراک و خەومان دابین کرا، بەڵام هەر لەوێیشدا یاقوب بۆ یەکەم جار لاساری نواند. کە لە بەر هەیوانی پەرستگەکە دانیشتبووین و سرنجمان خستبووە سەر ئەو کۆڵانە تەنگ و باریکەی لەوێ تاوس و کۆتر تێکەڵ بە ژنە ڕەشپۆشە پەچەدارەکان ببوون. یەکجار تووڕە بوو – پاش ئەوەی لە دوایین هەفتەکانی ڕێڕەوەکەماندا زۆر خاویلکە و نەختێک بێدەربەست بوو.لەوێ وەک بزەڵەورچێک بەسەر شانی مەحموودەوە شۆڕ ببوەوە، لەپڕ هەستایە سەر پێ و پڕ بە مشت بەردی سەر ستارەکەی کۆکردەوە و تێکڕای شەبەنگە ڕەشەکانی بەردباران کرد. " ئەگەڕێمەوە بۆ لای دایە" ، پڕ بە دەنگ هاواری دەکرد "ڕێگاکە شارەزام". خەڵکەکەیش لایان لێدەکردینەوە و مستە هەڕەشەیان لە ڕوو بەرز دەکردینەوە، چەندێکیان لە دەروازەی پەرستگەکەوە بۆ تەمێکردنمان دەهاتنە ژوورێ. کە خەڵکی دەدایە بەر بەرد برۆی لێک نابوو و فرمێسک بە ڕوومەتیدا دەچۆڕا. ئاکام توانیم بەرەو خۆمی ڕابکێشم ، بە سەریانەکاندا ڕامان کرد و گەیشتینە وێستگەی پاسەکان، لەوێ پاسێک بۆ تاران ساز بوو.

تاران شارێکی قەشەنگ بوو. بە شارێکی خاوێن دەچوو. دەتگوت لە قوڕاوەوە هەستاوەتەوە و توند خۆی بە شتێکی پتەوەوە گرتووە. پەرستگەکەی تاران نەدار بوو بەڵام خاوێن. رابینەکە ئەو جیدیش و رووسییەی دەیزانی بەس بوو تاکو لێمان تێبگات، گوتی:

– بۆ ئەوەی بگەنە فەلەستین پێویستتان بە ڤیزەی بەریتانیایە . ڕێ و شوێنی بۆ دانایین. خواتان لەگەڵ، منداڵەکان.

من ئینگلیزیم نەدەزانی، فارسیش. باڵیۆزخانەکە کەوتبووە ناوچەیەکی باڵا و قەشەنگ. داخرابوو. لە سەر شۆستەی بەر دەرگاکەی دانیشتین. باڵیۆزەکەمان لە ئۆتۆمبیلێکی ڕەشدا دیت، لە دەروازەکەوە چووە ژوورێ و پێی ڕانەگەیشتین. کە چەند جارێک زەنگەکەمان لێدا، ئەو پاسەوانەی بە ڤیزوێژەوە سرنجی داین و لێمان تێنەگەیی، ڕێی چوونەژوورەوەی پێنەداین. هەموو ڕۆژێک پێشی دەروازەکەمان پێدەگرتن و هەمان دیمەن دووبارە دەبووەوە. رابینەکە گوتی: مرۆ نابێ کۆڵ بدا. ڕۆژێکیان کە وەروخاو پشتمان لێ سارد کردبووەوە، شۆفێرەکە جامی دەرگاکەی خۆی کردەوە تا جگەرەکەی توڕ بدا. بە ڕووسی پرسی:

– چیتان لە باڵوێزەکە ئەوێ؟

– ئەچین بۆ فەلەستین. پێویستمان بە ڤیزەیە.

قسەکردنم لەگەڵی مایەی دڵخۆشیم بوو. ئەرمەنی بوو.

– ئەتوانی یارمەتیمان بدەی؟ سەعاتێکی ڕووسیم هەیە، گەر یارمەتیمان بدەی سەعاتەکەت ئەدەمێ.

گوتی: هەفتەیەکی تر وەرنەوە. هەفتەی داهاتوو لەوێ بووین.

گوتی : ناوتانم بدەرێ.

بۆ سێ مانگ، هەفتەی جارێک، دەچووینە خزمەت ئۆتۆمبیلەکە کە لە سووچێکی جادەی بەر باڵیۆزخانەکەدا ڕای گرتبوو. هەموو جارێکیش شانی هەڵدەتەکاند:

گوتی: نالەبارە. چی ئەکەن لە فەلەستین ؟

– ڕاسپێریی باوکمە. دوو برامان لەوێ هەن، ئەوان چاویان لێمان ئەبێ.

– لێرەوە دوورە.

– چەند ؟

گوتی: هەزاران میل، چەتە و بکوژی سەر ڕێگایش زۆرن. چییە نەخشەشتان پێ نییە؟

نەخشەیەکمان کڕی.

– ئێرە فەلەستینە، بە یاقوبم گوت و پەنجەم خستە سەر.

ئیتر یاقوب، هەموو ڕۆژێک پەنجەکەڵەی دەمژی. نەک لە برساندا، چونکە لە پەرستگەکە نان دەدراین. قەرەوێڵەیەک و پەتویەکیان بۆ تەرخان کردبووین. وێنەیەکی فەلەستینم پێبوو، کە یاقوب زمانی نەدەگەڕا لە گیرفانمەوە دەرم دەهێنا و حەکایەتم بۆی دەگێڕایەوە. لەبارەی ئەو کارەبایەی کە قەول بوو ئەو ڕێکی بخا. لە حەکایەتەکانمدا گومەزە زێرینەکە دەبریسکایەوە. ڕووناکی ناوەوەی هێند پرشنگی دەدا، جارویار کە یاقوب خەوی لێدەکەوت، دەبوو بچم بۆ هەیوانەکە و سرنجی لای خۆرئاوام بدەم. زۆر جار پێم وابوو، لە تاریکی دووری دوورەوە، ترووسکەیەکی کزم لێ دیارە.

کەس بۆی نەبوو لێمی زەوت بکا: ئورشەلیمم بە ئاشکرا لێ دیار بوو.

بەڵام ئەو شەوەی پەنجەم خستە سەر نەخشەکە، یاقوب ڕووی لە دیوارەکە کرد و تێوەی ڕاما.

– نەخشەیەکی جوان نییە؟

چەند هەوڵم دا سوودی نەبوو. نەیدەویست سەیر بکات. نە ئەو ڕۆژەیش کە لە ئۆتۆمبیلەکە نزیک بووینەوە و شۆفێرە ئەرمەنییەکە بە دەست بانگی کردین -قەت خەیاڵم بۆی نەچووبوو.

گوتی: وەرنە ناو ئۆتۆمبیلەکە و دانیشن، یەکەم جار بوو. تێگەیشتم شتێک ڕووی داوە.

– ئەمە ڤیزەکەتانە.

سەعاتەکەم لە مەچەکم کردەوە و بۆم درێژ کرد.

– پێویستم پێی نییە.

کاغەزەکەم هەڵگێڕا و وەرگێڕا. بە پیتی سەیروسەمەرە پڕ کرابووەوە ، مۆرێکی پێوە بوو.

– چی نووسراوە؟

– نازانم. بەڵام باڵیۆزەکە وتی پێویستان بە ڤیزەیەکی تر ئەبێ تا بە عێراقدا تێپەڕبن.

کاغەزەکەمان لە پەرستگەکە نیشان دا. پیرەرابین پەنجەیەکی لێخشاند و بە پیرەکاندا گێڕای. هیچ کامیان ئینگلیزی نەدەزانی.

رابینەکە گوتی: کاغەزێکی چاکە، ئەگەنە ئورشەلیم. منیش کە گەنج بووم کاغەزێکی وام پێویست بوو. جارێکیان...

لە باڵیۆزخانەی عێراقیدا وەدەرنراین. " ئێستا لەوێ شەڕە. کەس بۆی نییە بە وڵاتەکەماندا بگوزەرێ".

لە کەناری شۆستەکەدا دانیشتین و نەخشەکەم دەرهێنا.

هەوڵێکم لەگەڵ یاقوب دا: ئێرە فەلەستینە. ئەگەر ڕێمان نەدەن بە عێراقدا تێپەڕ ببین، دەبێت بە سواری کەشتی ڕێگاکە ببڕین. دڵنیام لێرەوە کەشتی دەڕوا.

دواسڵاومان لە پەرستگەکە کرد، کەسێک یارمەتی داین بەندەرێکی باش هەڵبژێرین کە ناوی بەندەر بوشەهر بوو لە خوارووی ئێراندا. کەشتیێکی نالەبار بوو. یاقوب ڕشایەوە ناو شەپقەی کاپتنەکە کە لە سەر کورسییەکەی تەنیشتییەوە دانرابوو. ناچار بۆ ڤاگنێکی تر هەڵاتین. یاقوب بوغزی گرتبوو نان نەخوا. لە بەندەر بوشەهردا سەهۆڵمان کڕی و نامانە سەر سەرمان و ژێر قەپلاغەکانمانەوە. دەم دەم پارچە سەهۆڵەکانمان دەمژی. قژ پێیانەوە نووسابوو. پەنادیوارێکی نزیک بەفرفرۆشییەکە ببوو بە داڵدەمان. لەبەر دوکانەکەدا دادەنیشتین و وردەی ئەو قاڵبە سەهۆڵانەمان کۆدەکردەوە، کە بەفرفرۆشەکە بۆ مشتەرییەکانی هەڕەدەکرد و دەڕژانە سەر زەوییەکە. بەیانییەک –

ئەوسا مانگێکمان لەو بەندەرەدا بەسەر بردبوو – کەشتییەکی سپی، گەورە، لەنگەری دانابوو. کابرایەک بەمێزەرەوە لە سەراوانی کەشتییەکەدا وەستابوو.

– فەلەستین؟ لە کابرام پرسی و کە دڵنیا بوو پارەمان پێیە سەری لەقاند، زۆر دڵاوەرانە پێکەنی و ڕێی سەرکەوتنی پێداین. پیاوێکی لێبوو بە جلکی سوپاییەوە چەند دولارێکی لێوەرگرتین و پەنجەی بۆ سەرەوانەکە درێژ کرد،کە لەوێ دەتوانین بنووین. لەو جێیە خەڵکێکی زۆر هەبوو، زۆربەیان گەنم ڕەنگ بوون، بە جلکی سپی و مێزەری سپییەوە. لەگەڵ هۆشمان هاتەوە بەر ملی دەریامان گرتبوو.

دەریا! من تاکو ئەوسا دەریام نەدیتبوو. شەپۆلەکان بەرز هەڵدەشاخان، لوتیان کەفی دەچەراند، بەخەیاڵمدا دەهات پەڕەکەیەک و دووانی نەهەنگم دیتبێت. کەشتییەکە وەک سۆنیا پۆپۆڤا، لابەلا، دەلەنگی. سۆنیا پۆپۆڤا لە سەمەرقەندا مریشک و هێلکەی بە دایکم دەفرۆشت. سمتی یان قاچێکی عەیبەی هەبوو و ڕەوتێکی سەیری پێدابوو. تا دەگەیشتە گۆڕەپانەکە هەپروون دەبوو. بەو دالنگانەی شوێنی زۆری داگیردەکرد. مێردەکەی لە بیروبیدجان بێ سەروشوێن ببوو. سێ منداڵی بەخێو دەکرد.
– سۆنیا پۆپۆڤات لەبیرە؟
یاقوب لە نزیکمەوە لە سەراوانی کەشتییەکەدا وەستابوو و پەنجەی نابووەوە دەمی. وەڵامی نەدامەوە، نیگای پرسینی گرتبووە چاوم.
– ژنە ددان تاخمەکە؟
زەردەیەکی کورتخایەن بە لێوەکانییەوە دەرکەوت، بەڵام خۆی لە چاوەکانی نەدا. شانی دادابوو بە پاساری کەشتییەکەوە .
– کە تۆ و کریشە بردتان؟ ئەو ڕۆژەی مریشکەکانی بە پەتێک تێکخراندبوون و بە گەردنییەوە شۆڕ ببوونەوە، هات بۆ ماڵمان و لە مەتبەقەکە دانیشت و چایی خواردەوە. بیرم دێتەوە چۆن ددانەکانی دەرهێنان و لە نزیک خۆی و لەسەر مێزەکەدا داینان. ددانی خۆی نەبوون. ددانی مێردەکەی بوون. مێردەکەی چی ناو بوو؟ جۆزێف؟ جۆرجی؟ لەبیرم نەماوە. یاقوب ،ناوی چی بوو؟ لەبەر فەرامۆشی دەتگوت قوڕگم وشک بووە. دەڵێی لەبیرچوونی ناوی کەسێک کە کەوتبێتە نێو ناوانەوە لەگەڵ خۆی پارچەیەکی ڕابردووی بۆ ناو چاڵێکی تاریک دەبات، لەوێ قوڕەی دێت و ون دەبێت.
یاقوب تەماشای شەپۆلەکانی دەکرد.
چی ترم لەوەودوا فەرامۆش بکردایە ؟ قوربانییەکی تر ؟
– مەگەر هاوەڵەکەت کریشەی ناو نەبوو؟ کریشە و نادیە و ... بچکۆلەکەیان؟ ئەو کچۆڵەیەی قاچێکی گیر بوو؟ یاقوب؟ ناوی چی بوو؟ ئێوە هەمیشە پێکەوە جووتتان گرتبوو. تۆ دڵت پێوەی بوو. تۆ... بەڵام یاقوب چیتر لە نزیکمەوە نەوەستابوو. بە شێنەیی بە سەراوانی کەشتییەکەدا ڕۆیی و لێم دوور کەوتەوە و بە نێو ئەو گەشتیارانەی خەریکی شێوخواردن بوون پێچاوپێچ تێپەڕ بوو. لە پەتوەکەماندا کڕ بوو، لەسەر زگ ڕاکشاو سەریشی بە پاسارەکەدا دەکێشا. سەرەڕای ئەمە نازانم بۆچ لەسەر قسە ڕۆیشتم؟
بەهەمان دەنگی برێک بەرزەوە بۆ شەپۆلەکان دەناخاوتم کە سەوز و شینیان دەپرژاند. بۆ جووتێک باڵندەم گێڕایەوە کە شوێنی کەشتیەکەمان کەوتبوون.
– مێردەکەی سۆنیا ،ئەو ڕۆژەی بۆ بیرۆبیجان دەچوو، مەست بوو. بە درێژایی ئەو بەیانییە ڕشابووەوە. لە کەوتنەڕێشدا ، لەگەڵ چوار کەسەکەی سەمەرقەندا کە دەیانویست بە پانایی سیبیریادا تێپەڕ بین و کۆمارەکە بنیات بنێن لە وێستگەدا کۆببوونەوە، یەکێک لە هاورێکانی پرسیبووی، چونکە ئەوانەی دەچوون بۆ ئەوێ هاوڕێ و کۆمۆنیستی پڕ باوەڕی ڕاستینە بوون و نیمچە جوولەکەیش، بەبێ ددانەکانت سەفەر دەکەی جۆزێف؟ بەڵێ، ئاوەهای ناو بوو. جۆزێف پۆپۆڤ. بەڵام لە ڕاستیدا ناوێکی تری هەبوو، باوکی جوولەکە بوو. بەخۆزگەی خۆی نەبوو، ئەو سەردەمە وای پێویست دەکرد. دەستی نایە سەر دەمی و ئای خوایە، سۆنیا، ڕابکە بۆ ماڵ و تاخمەکە بهێنە، پێڕادەگەی. چونکە بەنرخترین سامانی و جێی پێنازینی بوو ئەگەرچی باش لێی نەدەوەشایەوە. سۆنیاش تا پێیکرا ڕایکرد، بە نێو کۆڵانەکان گلۆر بووەوە گەیشتە ماڵ و نادیە، با نادیەی ناو بوو، نادیە، جوانکەلە و ورد، گڕی ئاگری تەباخەکە گرتبووی و هاواری لێهەستابوو ، چی بکردایە، سۆنیا. جۆزێف بۆ دوو ساڵ چوو بوو بۆ ئەوێ. ئەگەرچی تا ئێستایش گەڕانەوەی نەبوو. کچە بچکۆلانەکەیش دەگریا چونکە نادیە دەگریا و کریشەیش دەیویست تێکڕای پێشهاتەکە، کە چی و چۆن ڕوویدابوو، بۆ دایکی بگێڕێتەوە. توڕە ببوو چونکە گوێی لێنەگرتبوو. ئیتر کە گەیشتبووە وێسگەکە هەر ئەو تاوە قەتارەکە کەوتبووە جووڵە، جۆزێف دەستەکانی لە پەنجەرەیەکەوە دەرهێنابوون و هەوڵی دابوو چنگی لێگیر بکا، توڕی بدە، هاواری کردبوو، بۆ خاتر خوا، توڕی بدە! سۆنیایش، کە مەچەکی نۆبەرەکەیی گرتبوو، توڕی دابوو، بەڵام کەوتبووە کەناری شۆستەکە. جۆزێف بەدەنگی بەرز گوتبووی: بە پۆست بینێرە. ئەمە دوا قسە بوو لە جۆزێفی بیستبوو.
بەڵام نە سەری پەیدا بوو نە شوێن. ئەگەر جۆزێف ماوەیەک بوو مردبوو یان لەوێ تاخمێکی تری کردبوو،

ژنە نەیدەزانی.
ددانەکانی لەگەڵ خۆی بردبوونەوە و لەسەر دۆلابێک داینابوون. جارجار دادەنیشت، بە دایکمی گوتبوو، و سەیری دەکردن، دەستی پێدەهێنان. دەیکردنەوە چونکە بەتەما بوو پێکەنینەکەی جۆزێف لەو دەمە داچەقاوەدا ببینێتەوە.

کە ددانەکانی خۆی وەرین تاخمەکەی جۆزێفی بەکارهێنا. بۆ ئەوەی تاکو گۆڕەپانەکە پێیبڕوا، ئەوەکو نانیان پێبخوا. تاخمەکە گەورە بوو، شەویلکەکانی دەرپەڕاندبوون. بە ئاستەمیش قسەی بۆدەکرا، بە جۆرێک خەڵکەکە لێی تێبگەن. بەڵام لە ماڵ لای دایکم دەری دەهێنا و لە پاڵ پیاڵە چایەکەدا دایدەنا. دادەنیشت و خەیاڵبڵاو پەنجەی بە پووکە سوورەکانیدا دەبزواند.
ڕۆژێک لەوێ تۆ و گریشە تاخمەکەتان فڕاند و لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا خستانە دەمتان و پێکەنین و پەنجەتان بۆ یەکتری ڕاکێشا.
تۆ...

تۆی دەریا، لەوانەیە. ئەی هاودەمی هەموو ڕۆژێکم کە بە لاپاڵی کەشتییەکەدا هەڵدەشاخایت. لە شەپۆلەکاندا سەمەرقەند و مۆسکۆم دەبینی و لە کەوانەی شەپۆلەکانیشدا باغی سێوی ڕابینەکە کە دەمەو خۆرنشینە نەرمەکان بەدەم کانەکردنەوە لەوێ دادەنیشت و لەگەڵ دایکم دەدوا. بە سەر لوتی شەپۆلە کەفچەڕەکانیشەوە ماڵەکەی مۆسکۆمان باری دەکرد، ئەو ماڵەی بازرگانە غەوارەکان بۆ سەودا لەگەڵ باوکمدا بە سەفەر سەریان پێدادەکرد. ئەوێ ڕووناکییە شینە ساردەکەی سەر کریملن، ڕووبارەکە و ئەو بەفرەی بوو کە بە نێو ماڵەکاندا دایدەکرد. ئەمدەویست بیرم بچێت و دوو هێندیش دەمویست یاقوب بەشداری تێدابکات یان تیایدا بەشدار ببێتەوە. خۆی لێم دوور نەدەخستەوە، بەڵام ڕەنگ بوو قسەکانم پێینەگەن. بەدەم ڕۆژگارەوە بیرەوەرییەکانم دەنووسینەوە و هەستم بە ناتەواوی شتێک دەکرد کە پەردەی دەسەند و خۆی بەبیرم دەهێنایەوە. لە ئاکامدا بۆم ڕوون بووەوە: بۆ ئێمە خۆر لە شوێنی خۆیدا لەنگەری نەگرتبوو. کە بە ناو دەریای سووردا تێپەڕ بووین قەت وشکانییەکمان نەهاتە ڕێ. ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت، دەبوو ترووسکەیەکی شینمان لە ئاسۆدا بدیتایە. من خۆم ترنجاندە نێو کۆمەڵەی خەڵکانەوە و هەوڵمدا پەی بە تاکە کەسێکی ڕووسی یان جیدیشزان ببەم، بەڵام کەسم گیر نەکەوت. جارجار هەستم بە دڵڕەوینەوە دەکرد بەو هیوایەی بەزووترین کات فەلەستین لە پێشماندا دیاربکەوێت و هاوار لە یاقوب بکەم و بڕوانم چۆن ڕەنگی دەگۆڕدرێت. ترووسکە ڕووناکییەکەی نێوچەوانی پەڕی و بوو بە نیگەرانی و دواتر بە پەرێشانی. دەبوو خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوێت و کەشتییەکەش ڕووی لە خۆرهەڵات نابوو. خۆرئاوا لە پاشکۆی کەشتیەکەماندابوو. کە دەرکم بەمە کرد نەموێرا دیدەی گریەم لە ڕووی یاقوبدا هەڵبهێنم. هەڵبەت هێزەکە من بووم. بەڵام تێبینی کردم. شەویش کە چووینە ژێر پەتووەکە گوێی لە نووزەم بوو، دەستی بە دەموچاومدا هێنا. چەندین جار، بەڵام نەمویست لای لێبکەمەوە. لە ناکاو گوتی:
– گرنگ نییە، ئیسحاق. سەردەمێکی باش قسەی لە دەم دەر نەهاتبوو.
– چی گرنگ نییە؟
– کە کەشتیەکە بەرەو هیندوستان بەڕێوەیە.
– هیندوستان. چوزانی...
– بیستم. بەڵام چیتر گرنگ نییە. ئێمە ئیتر ناگەینە بەرەوە.
پەنجەکەڵەی نایە دەمی و پشتی لێکردم.

لە بۆمبای دەسگیر کراین. کارمەندەکەی گومرک سرنجی کاغەزەکانی داین و زۆر شتی لێپرسین و من بانگم لێهەڵسا: ئورشەلیم، فەلەستین. بەڵام لەگەڵ خۆی بردیانین و کەوتینە بەندیخانە. لەوانە بوو پێیان وابێت ئێمەی مێرمنداڵ، چونکە خەڵکی ڕووسیا بووین، جاسووسی -بۆلشێڤیک بین کە بە تەمای ڕوخانی ڕژێمی بەریتانی بوون لە هیندوستاندا. هەموویشی خەتای من بوو، من لە ئاستی پێڕاپەڕموونی دایکمدا نەبووم. قەت هێندی ئەم جارە دوور نەکەوتبووینەوە.
ئای لە بۆنە شیرینەکەی هیندوستان! خەڵکی لە دەرەوەی بەندیخانەکەدا بە تەپاڵە ئاگریان دەکردەوە، شیریان دەکوڵاند و دوکەڵەکەی بەردەوام لە پەنجەرەی زیندانەوە وەژوور دەکەوت. مشک لە دەورووبەرماندا تەراتێنیان بوو. هیندییەک لە سووچێکدا چیچکەی دابوو و میزی دەکرد، هێڵنجمی هێنا. لەگەڵ هیچ کەسێکیاندا قسەمان نەبوو. بەڵام ئیتر ڕاهاتبووم: من و یاقوب پێکەوە ژوورێکی زۆر بچووکمان هەبوو، لەو ژوورەدا بە ڕووسی یان بە جیدیش دەئاخاوتین و خۆمان تیایدا گۆشە دابوو. گۆرانیمان دەگوت و بە سرپە حەکایەتمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. یان بە واتایەکی تر: من گۆرانیم بۆ یاقوب دەگوت و حەکایەتم بۆ ئەو زمانشکاوە دەگێڕایەوە. بیرم دەکردەوە: ئێمە تەنیا ئەو دوو کەسەین کە ئەو زمانانە شارەزان. لە دنیادا کەسێک نەماوە لێمان تێبگات. ئەوانی تر مردەن، دیوارەکان ڕوو لە دنیا قایم بوون. دەکرا ئەم زمانە

نهێنییه بۆ ئێمەی نێو ئەو هەموو خەڵکە بەسەرکەوتن بژمێردرایه ، بەڵام دووری کێشا. بێئومێدیی منیش لەبەر بێدەنگی یاقوب تا دەهات پەرەی دەسەند. هەستم دەکرد وشە دوای وشە لە یاقوب دەچێتەوە لە ئارادا نامێنێت، ڕێک وەک جەستەی کە دەتگوت خەریکە بچێتەوە. بیرم دەکردەوە، ئەگەر بمرم ئیتر ئەو تەواو لاڵ دەبێت و ئەگەر ئەو بمرێت ئیتر وشەکانم هیچ کوێیەک شک نابەن ڕووی تێبکەن. بۆیە خۆمانم ناچاری ئاخاوتن دەکرد، هەروەک لە کەشتییەکەدا تاکو وشەکان زیندوو بمێننەوە. بە حەکایەت و وشەئارایی و ڕستەی بێ سەرویەر لە نێو ئەو وشانەدا پێچم دەخوارد کە هەڵدەچوون و دادەچوون و تێکەڵ دەبوون و دەبریسکانەوە. بەهەرحاڵ نیازم وابوو. مەبەست و خەریکبوونم ئەمە بوو. ڕووم لێدەنا و تکام لێدەکرد وەڵامم بداتەوە، پرسێکم ئاڕاستە بکات و خۆیشی حەکایەت بگێڕێتەوە:

– لە بیرتە یاقوب، کە چووینە دەرمانخانەکە...

– بلێ، یاقوب، چۆن بوو دەرگای ژێرخانەکەت بەسەردا داخرا لەگەڵ ئەو پشیلەیەی...

– یاقوب، دێتەوە بیرت، کە ئاگر لە ماڵەکەی ڕێب دەیڤد بەربوو؟ یاقوب سەری داخستبوو و دەیڕوانییە بەرپێی خۆی. برینەکەی سەر کوڵمی هەڵدەکڕاند و خوێن فیچقەی کرد. پەنجەی نایەوە دەمی و مژی لێدا. من پانزە ساڵان بووم، لە گۆشە چەپەرەکانی بیرماندا لە وشە دەگەڕام تاکو درەخشان بیانبینم. سەرەڕای ئەمەیش یاقوب بوو ڕزگاری کردین. ڕۆژێکیان، نازانم بۆ جاری چەندەم بوو بەرێز، کە لە پێڵاوەکەمەوە وێنەکەی ئورشەلیمم دەرهێنا تاکو نیشانی بدەم و ئەو حەکایەتانەی بۆ بگێڕمەوە کە ئیتر خۆیشم باوەڕم پێیان نەمابوون، وێنەکەی پارچە پارچە دڕی. لەودەمەدا پاسەوانەکە بە قاپە چڵکنە پڕ لە برنجەکان و نانێکەوە، کە ناوی چەپەتی بوو، هاتە ژوورێ و چاوی بەو کارەی یاقوب کەوت . لەوانە بوو پێی وابێت ئێمەی هەناردەی بۆلشێڤیکەکان چەند بەڵگەیەکی تاوانەکەمان دەدڕین، پارچەکانی کۆ کردنەوە و سەری لەقاند، ئورشەلیم؟

–پەرستگە؟

دوو ڕۆژی بەسەردا گەڕایەوە پیرە رابینێک سەردانی بەندیخانەکەی کرد. جیدیشی قسە نەدەکرد، رووسیش، بەڵام پرسی: عیبری؟ جۆرە تاقیکردنەوەیەک.

منیش ئەمەم بۆ خوێندەوە:

Jitgaddal vejitqaddash shemeh rabbah uthe, vejamlikشalmah , di bere kire شbe malktuch, bechajjekon ubejomekon, ubechajje agala ubisman qarihشdekal bet Jisrael, ba _we imru: amen...

ئەمە بڕگەی یەکەمی ستایشی (کەددیشە):

با ناوی یەزدان بەرز و لەم دنیای کە بە خوازی ئەو ڕسکاوە
پیرۆز بکرێت
با مەملەکەتەکەی
دەس بەسەر ژیان و ڕۆژگارتانەوە بگرێت و لە هەموو خانەیەک و لە داهاتوویەکی نزیکدا ئیسرائیل بژێتەوە
ئامین...

و یەکەم بڕگەی (بیراکۆت) م خوێندەوە:
خوای میهرەبان ، سەروەرمان، شای جیهان کە ڕووناکی و تاریکیت خوڵقاند،
کە ئاشتی و هەموو شتێکی دیکەت داهێنا،
کە لە میهرەبای تۆدا ڕووناکی بەسەر زەوی و بوونەوەرانی سەر زەویدا دەردەکەوێت و
لە چاکەی خۆتە هەموو ڕۆژێک کاری ئادەمزاد نوێ دەکەیتەوە...

مشکێک لووتی بەو قاپەوە نا کە لە سەر زەوییەکەدا دامنا. چاوەکانی پیرەرابینەکە دەدرەوشانەوە، ڕیشی خوراند و داوای لێکردم ئەو وشانە ، جار دوای جار، دووبارە بکەمەوە. ئنجا سەری لەقاند و چووە دەرێ و پاش تاوێک گەڕایەوە و ئاماژەی بۆ من و یاقوب کرد دوای بکەوین. ئێمە بە نێو خانوەقوڕەکاندا، بە نێو سواڵکەر و شەلوکوێرەکاندا، بە نێو مانگا و عارەبانەکاندا تێپەڕ بووین.

ئەو ستایشانەی کە دەرگایەکیان بۆ کردینەوە و لە پەرستگەی بۆمبایدا بە خەو و خۆراکیان گەیاندین! پشتێنی فریاکەوتن بوون، کە لە تاریکیدا بۆ ئێمە هاوێشترابوون.

نەوایەک هەبوو سەر بە پەرستگەکە بوو. لە ژوورێکیدا کە چەند کەسێکی لێ بوو جێیان بۆ ڕێکخستین . هیندییەکان لە سەر پلیکانەکانی بەر دەرگاکەدا دەنووستن، کاری سەرناویان دەکرد و چێشتیان لێدەنا. کە ئێمە هاتین سرنجی کەسمان ڕانەکێشا، خەڵکەکە بە یەکتردا دەهاتن و دەچوون. بەشێکیان گەیشتبوون بە دوا وێستگەی ژیان. ئێمە ئازاد بووین ، بەڵام وەک ئازادی زبڵی نێو زبڵدان

یاقوب لێمی پرسی: بۆچی منت هێنایە ئێرە؟
سەری بە دیوارەکەوە و پەنجەکەڵەی بە دەمییەوە.
– لە فەلەستین حاڵمان باشترئەبێ.

– نەخێر هەر وا نەبێ. هەموو بەیانییەک، هەموو ڕۆژێک، هەر هەمان شتە.

یاقوب باشی بۆ چووبوو. شەش مانگمان لە ناو کێچ، گەزەند، زبڵ و گودا بەسەر برد. برسیمان نەبوو، لە پەرستگەکە شۆربا، سەوزە، نان، ماسیشیمان پێدەدرا. جارجار بۆ ژووری پیرەرابینەکە بانگ دەکراین تا گۆرانی بچڕین. منیش ئەمەم دەخوێند:

Kom aher, ingele, nenter tzu mir
un tu a kuck in di kleine ojs_ jelach...

وەرە ئێرە، کوڕە بچکۆلانەکە، نزیکتر
سرنج لەم پیتە وردانە بگرە.
پیتە بەنرخەکان، پیتە زێڕینەکان. – وەرە، خێراتر!
مەترسە، سڵ مەکە.
دانیشە و باش گوێ ڕابگرە
ۆ لەگەڵ ب: بۆ. ۆ لەگەڵ گ: گۆ، ۆ لەگەڵ د: دۆ..
ئاوا، کوڕە بچکۆلانەکە، مرۆ پێویستە ئاوا فێرببێ.

رابین و خێزانەکەی گوێیان لە زمانێک دەگرد کە تەنیا من و یاقوب دەمانزانی. رابینەکە بە ڕەزامەندییەوە سەری دەلەقاند تەنانەت ئەودەمەیش کە لە بارەی ( باوک) م دەچڕی کە چووبوو بۆ بەلتیک؛ ئەو دەقەشیان لەلا پیرۆز بوو. ئەو داوەی ئێمەی پێکەوە بەستبووەوە، ئەو داوەی من و یاقوبی توند لە تەک یەکتردا هێشتبووەوە زۆر باریک بوو. ئا دەتگوت دەقەکان منیان بەر لە ناوەکەم و لەبەر دەروازەیەکی تەسک و پەنامی ڕووەو ئەو مەملەکەتەی – ئەگەر بکرێت مرۆڤ باسی شتێکی ئاوەها بکات– کە مەملەکەتی من بوو، توند ڕاگرتبوو. زمانێک دەبێت بژێوی پێبگات، وشە دەبێت لەگەڵ وشەی تردا پێوەن بکرێن، ئەگینا لەناو دەچن papaya یەکەم وشە بوو هێرشی هێنابووە سەر ئاگاییم و بەر دەروازەکەی لێگرتبووم. لە بێستانی پشت پەرستگەکەدا، کە لەوێ کاری سەرئاومان دەکرد، درەختی بەرزی بێگەردی لێڕوابوو. ڕۆژێکیان بە چیچکە دانیشتبووم بەرێکی زەردی گەورە لەبەردەممدا بەربووەوە، شەقی برد و خۆشاوەکەی ڕژایە دەرێ.
میوەکەم بۆ رابینەکە برد:
گوتی: Papaya, goodeh, goodeh fruit، لەتە ساغەکەی قاش کرد و پەنجەی بۆ دەمم ڕاکێشا.
ئێستایش نازانم کامیان زمانی زگماکیی ئەو بوون، خەڵکی کوێ و سەر بە چ نەتەوەیەک بوو، بەڵام ئێستا یەکەم دەرسی زمانی ئینگلیزی لە ژیانمدا پێگوتم. بە دەمی پڕەوە دووبارەم کردەوە:

– Papaya, goodeh, goodeh fruit.
دەتگوت، پاش دەمێک ساڵ لە نێو دەریادا بەسەر خاکدا داکەوتووم.
– goddeh, goodeh fruit, Papaya. چەقۆکەیم گرتە دەست و لە دیوارێکی ژوورەکەدا وێنەی کەشتییەکم هەڵکۆڵی و بە عیبری نووسیم ئورشەلیم.
– boat, Jerusalem. سەری لەقاند و لەقاندەوە و کە ژوورەکەم بەجێهێشت دیسان گوتم:
– Papaya, goodeh, goodeh fruit.
وەک ڕستەیەک لە ڕووناکی دووبارەم کردەوە.
بەڵام کە ئەمەم بە یاقوب ڕاگەیاند و قاشە پاپایەکەیوەکەم بۆ درێژ کرد تەماشایەکی کردم، لە ژێرلێوەوە گوتی: " تێناگەم چ دەڵێی"، چەپۆکێکی بە دەسمدا کێشا و ڕووی لادا.
وەک کەسێک پێش وەخت و خێرا خۆی هاویشتبێتە ناو زمانێکی نامۆ و دەرگای بەسەر خۆیدا داخستبێت.
خوا ئاگای لێیە لە مانگەکانی دواتردا زۆر بیر بە مێشکمدا هات. ئەوەی، کە چاوم لە تابلۆ ئینگلیزیەکانی سەر دوکانەکان دەبڕی و وەک تاوانێک هەستیان پێدەکەم.
– TAILOR پەنجەم درێژ کرد.
یاقوب نووکەشەقێکی لە قولەپێم دا.
– TEAROOM, م لە شەقامی ئەنارکالی ،لە نێوان پەیتونە دووچەرخییە زەنگۆڵەدارەکان و گایە سپییەکاندا، بە گوێی یاقوبدا چپاند.
گوتی: نەخێر وا نییە، ئەوە... هیچ دەستەواژەیەکی گیر نەکەوت، یاقوب پەتی بوو، ئیتر نەیویست بەردەوام بێت.
– بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گوتم: SHIPPING..
هەموو ئێوارەیەک دەچوومە ژووری رابینەکە و لە بەرامبەر کەشتییە هەڵکۆڵراوەکەمدا ڕادەوەستام و چاوەڕێم دەکرد بکەوێتە جووڵە و کە ڤینشەکانیش دەخرێنە گەڕ گوێم لە جیرەی سەراوانەکەی ببێت.
زۆرجاریش رابینەکە دەهات، دەستی دەخستنە سەر شانەکانم و دەیگوت:
– Maybe to-morrow, my son. ڕۆژێکیان TO-MORROW بوو بە ڕاست. رابینەکە – چی بەسەر ناوەکەی هات؟– بۆ بەندەرەکەی بردین. کە پارەی بلیتەکانی داین و بوخچەیەک توێشو و هەر کەسە و پەتویەکی پێداین، داوای لێکردم و گوتی:
– You read qaddish.
سەری داخست و منیش دەستم بە خوێندنەوە کرد:

Jitgaddal vejitqaddash shemeh rabbah
uteh, vejamlik صalmah, di bere kireشba

سەفەرێکی هەراسان بوو ،بەڵام چونکە بەشە هەرە دژوارەکەی هێشتا ماوە بۆیە لە کورتی دەیبڕمەوە. ئێمە لەگەڵ هیندییەکاندا سەفەرمان کرد و، نەیان دەهێشت چای بۆ خۆمان لێبنێین. کە داوای مەنجەڵێکمان لێدەکردن تەنگەیان دەگرت. هێند خاوێن نەبووین تاکو دەست لە دەفری ئەوان وەردەین. دوو جار گژەبا هێرشی بۆ هێناین، چەند کەسێک مردن و فڕێدرانە ئاوەکە، کەسێک لەدایک بوو.

لە ئەسکەندەرییەدا کەشتیەکەمان گۆڕی. لە ئەمیاندا جوولەکەی زۆر لێبوو، لە پڕ دەورمان بە کڵاو و ڕیش گیرا. هاوارم لە یاقوب کرد:

– تەماشا قوتار بووین. بەم زووانە ئەگەینە جێ.

وەک شێت یاقوبم بەرز کردەوە و بە دەوری خۆمدا سووڕم دا. جوولەکەیەکی کەڵەگەت بۆ وشکەهەنجیرخواردن بانگهێشتی کردین، منیش هەڵمکوتایە سەر جیدیشەکەی و بە حەکایەت بێدەنگم کرد. بەڵام بە بڕۆلێکنانەوە تەماشای کردم، ڕایگرتم و گوتی:

– باش لێت ناگەم، لەسەرخۆ بدوێ.

تەکمدایە دواوە و تێگەیشتم: ئێمە دوو ساڵ و نیو بەرێوە بووین، بەڵام دوو ساڵ و نیوی تەنیایی لە ناو زمانی خۆماندا پەڕوباڵی ڕەنگاوڕەنگی زمانەکەی قرتاندبوو و جەستەیەکی ڕووتی سەرمابردەی هێشتبووەوە. لە وشەی "پاپایا" زۆرتر تێکەڵی وشەکانم ببوون.

ئەو پرشنگە کزەی پێموابوو لە چاوی یاقوبدا دیارە ماتی کردبوو. هێشتا دەرکم بە شتێک دەکرد: یاقوب لە گڕو و بەرگریدا بڕیاری دابوو گەشە نەکات، بەئاگا نەیەت تاکو ئورشەلیمی ڕاستینە نەبینێت. سەرەڕای ئەمەش هێشتا دڵم خۆش بوو، من کە لە هەنجیرەکەم دەخوارد کابراکە لێمی پرسی ئەگەر ڤیزەی فەلەستینمان هەیە . گورج کاغەزە بەنرخەکەم لە ئاستەرە شڕەکەی پاڵتۆکەمەوە دەرهێنا . ئەویش بە وردی خوێندییەوە؛ چاوی پڕبەزەیی لێهەڵێناین:

– قەت بەم جۆرە کاغەزەوە ڕێتان نادەن. لە دەستییەوە ڕامکێشا و سەرم بەم ڕاستییە ترسناکەدا گرت. من و یاقوب وەک باوک و کوڕ ناونووس کرابووین. هەستم بە چاوەکانی یاقوب دەکرد شوێنی ڕەنجانە پەرەسەندووەکەم کەوتبوون. دەمزانی ئێستا جارێکی تر، نازانم بۆ جاری چەندەم بەرێز، ناچاردەکرێت پاڵتۆی هیوا دابکەنێت.

کە ڕووم لە یاقوب کرد، وەک جاران چوارمشقی دانیشتبوو، پشتی لێکردبووم. مێش نیشتبووە سەر قەتماغەی برینەکەی سەر ئەژنۆی و چیتر باکی ئاودانیانی نەبوو. باوک و کوڕ؟

لە ڕاستیدا ئەم درۆیە ڕاستیش بوو، لەو ڕۆژەوە دایکم لە سەمەرقەندا بۆ تەلەگرافەکەی بردم ئاوەها بوو. کوڵمیم گرت بەدەستمەوە. بەڵام زۆر جار ئەمەم کردبوو، خۆی تێنەگەیاندم.

– گوتم: دەربازمان ئەبێ، برا بچکۆلانەکەم.

بەڵام کابراکە ئەم قسەیەشمی بێ مروت کرد:

– ئەتانگەڕێننەوە.

– بۆ کوێ؟ هیچ ... گەڕانەوەیەک ... نییە و بە ئینگلیزی گوتم:

– براکەم بەرگەی گەڕانەوە ناگرێت. He will die.

شەو بەسەر دەریای ئاویندا کشابوو. جریوەی کزی ئەستێرەکان بە رووخسای خەوتووەکانی سەر سەراوانەکە پەرش ببووەوە، دەریا بەشێنەیی لە شەپۆلاندا بوو. کابراکە بە چاو دەیپێواین:

– ڕەنگە شتێکم بۆ ئێوە پێبکرێ.

ڕاسا و پەنجەی بۆ پاشکۆی کەشتییەکە ڕاکێشا کە کەلوپەلەکەیی لێبوو... بێدەگ، تا کەس بەئاگا نەهێنێت، تورەگەیەکی پڕ لە مەنجەڵ و پەتو و کتێبی پەتی کرد: ئازووقەی تەواوی ماڵێک.

گوتی: بڕۆ ناو ئەمەوە و پەنجەی لە یاقوبەوە بۆ تورەگەکە گواستەوە. مەترسە، هەر شتێک تاقی دەکەمەوە.

یاقوبی بچووک و لاواز بوو بە تیلەکەیەکی سڕنج ڕانەکێشی ناو تورەگەکە. کابرا پەتوییەک و چەند مەنجەڵێکی نایە سەری و تورەگەکەی لە کۆڵ نا و چەند جارێک هات و چوو.

– باشە. بەڵام چی لە تۆ بکەین ؟

جلکەکانی خۆی پشکنی، گەلەبییەیەکی میسری سەرتاپای پەی کرد.

– ئەتوانی لە ژێر ئەمەدا بڕۆی؟ وەک من هەنگاو هەڵگرە؟ بێدەنگ بە و مەپژمە، گەرچی تۆزاویە؟ ڕووناکی گومرگەکە کزە، بەرەبەیان ئەگەینە بەرەوە.

سەرم بە بنهەنگڵییەوە و باڵەکانیشم بە ناوقەدییەوە، ڕەوتی تاقی دەکردینەوە .

– لالۆ، بۆ ئەم کارە ئەکەی؟ بۆ تۆیش پڕ لە مەترسییە.

کە پاڵمان دایەوە سەر خەوێک بشکێنین گوتی: دەمێک ساڵە هەموو شتێکم لە دەست داوە، بەڵام زیندووان ئەبێ پشتی یەکتر بگرن.

لەسەر گازی پشت ڕاکشاو چاوی بڕییە ئاسمان:

– کچەکەم هەشت ساڵان بوو، کوڕەکەم یانزە و ژنەکەم...PLINIUS ... لە متبەقدا شەڕمان بوو... گوتم: PINIUS... هەڵبەت ئەو ڕاستی نەکرد...PLINIUS، فەیلەسوفی گرێکی... هەر لەبەر ئەو تاکە پیتە... ئێمە خشتەی وشەوازیمان پڕ ئەکردەوە، کە چووم فەرهەنگێک بهێنم... کەسێک نارنجۆکێکی تووڕ دایە

ژووری..
هێشتا ڕۆژ نەبیووەوە کە کابراکە هۆشیاری کردینەوە و ئامـاژەی بۆ تولەوشکاییـەک کـرد: فـەلەسـتین، حـەیفـا. ئەمڕۆ کەپرەشینەیە ، سەعاتێکی دیکە دەگەینە بەرەوە.

– کە یاقوب لە ناو تورەگەکە خۆی نوشتانەوە و منیش لە ژێر گـەلەبیـەکـەیدا خـۆم بە بالایەوە نووساند گـوتی: ئەگەر هەر ستایشێک ئەزانی بیـخوێنە. کە ڕێگا بەرەو وشکانی ئـازاد کـرا کـەوتینە لنگ هـاویشتن. ئەو خـۆی ترنجـانـدە نـاو گـەورەترین ئاپۆرەوە و کـە چووینە ناو سـاختـمـانی گـومـرگـەکـە، کردییـە هـەراوهوریا و وەک شێتێک لە خەڵکی وڵاتەکە خۆی نواند:

بە دەنگێکی بـەرز هاواری دەکـرد: ئۆی، سـیـمـۆن، ئەمـەتام، سیمۆن، دیسـان هاتمـەوە بۆ نیشتیمـان، بەڵام خـەڵکەکـەش هاواریان بوو، هەرا و پاڵپـێـوەنانێک بوو نەبێتـەوە، "ورگن کـەم پاڵم بنێ" – "هەر تۆ نیت بۆ وڵات ئەگـەڕێتـەوە" و "سـارە، کـۆترەشـینکەکـەم، بەم زوانە ئەیەڵم میزەکەت بکەی". قەدەرێک لە بەردەم کـارمەندێکی خەواڵو سرەوتمان گرت، ئنجا کەوتینەوە ڕێ.

– ئۆف، سیمـۆن، بۆ کوێ چووی، هاواری دەکرد، ئەوە هاتمەوە ، و لەژێر لێوەوە گوتی: قوتارمان بوو. ئێستا لە فـەلەستینین. دە مەترێکمان بۆ جادەکە ماوە، وریا بن، دەورم بە کـارمەندی گومرک گیراوە، ئینگلیز. سیمۆن! ئۆف، ئەوە تۆی. لەبن لێـوەوە: وا لەسـەر جـادەکـەین، ئێستا جادەکە ئەپەڕینەوە، بەڵام نەختێکی تر ئەڕۆین، تا ئەو بێستـانەی ئێره... ئەئـاوا، لەسـەرخۆ، ئێستـا دائەگرم، کوڕەکە، پەلە مەکە... و گەلەبیەکەی هەڵدایەوە منیش ئیسـرائیلم بینی: دوکـانێکی پڕ لە پرتەقـاڵی گـەورەی زێڕین. باوەڕم پێدەکەی یان نا، یەکـەمین جار بوو پرتەقاڵ ببینم. من قـەت ناتوانم بیـر لە وڵاتەکـەمان بکەمەوە و هاوکات بیر لەو مێوەجاتە جوانانە نەکەمەوە.

یاقوبی لە تورەگەکە دەرهێنا، ئەملاوئەولای ماچ کرد:

– ئیسرائیلییەکی باش و ئاگاداری خۆت بە، ئێستا لێرە شەڕ باڵی بەسەر وڵاتدا گرتووە.

ئەویش، وەک زۆربـەی خـــەڵکەکـــە لە مـــاوەی سـەفـەرەکـەماندا، تـاوێک تێمـانەوە ڕامـا. دواتر لایدا و لاکۆڵانێکی گرتە بەر

ئەمـە لە کەپرەشینەی سـاڵی نۆسـەد و سی وشـەشـدا ڕووی دا.موفتی گـەورەی ئورشـەلیم، کە دواتر بۆ بەرلین دەردەچێت و بۆ تێبەرینی جووەکانی بۆسنیا کۆمەکی هیتلەر دەکات، مانگرتنێکی گشتی ڕاگـەیاندبوو. تیپە شـەڕکـەرەکـەی، کـە جـبـە و دراوی لە هیـتلەر و مۆسۆلینییەوە، لە عێراق و سوریەوە، پێگەیشتبوو ترسی خستبووە وڵاتەکەوە، شارییەکانی دەکوشت و ئاگری لە دێیەکان بەر دەدا. کە ڕێگامان خۆش کرد بروسکە بۆ ئاشەری برامان لە تەلئەبیب بنێرین، هیچمان لە بارەی ئەم شەڕەوە نەدەزانی

تاریکـایی خـەسـتی شـەو دەوری دابووین. گـۆمـاوی جـێنێـسـاریێت لە پرشنگی چرای چەند بەلەمـێکی مـاسـیگرەکـانـدا ژاوەی دەهـات، بـەرزچیـرەکـان دەیانخوێند، لە ژووره ڕۆشنەکانی کیبۆتزێندا کۆڕ گەرم بوو، بـەڵام هیچ دەنگێک نەدەگـەیشـتـە سـەکـۆی دەم ئاوەکە. ئێسحاق پشوویەکی دا و پەتووەکەی سەرشانی براکەیی ڕێکخستەوە.

– سـەرمـات نییـە، یاقـوب؟ نەخێر، نەء، کـە وەڵامی نەدرایـەوە هـەناسـەیەکی هـەڵکێـشـا. لەم وەرزەدا هیچ هۆیەک بۆ سەرمـابوون نییـە. کـەش وهـەواکـەی باشـە، بەڵام هەر ئـەمــەی باشـە. سـەرپاکی ئیـسـرائیل شێتخانەیە. خۆزگە دەتانزانی چەند کەس لە ئێمە بەدەم هاتن وچوونەوە هێـشـتـا شـەڕی لە ناخی خـۆیدا هەڵگرتووە: ئەوان لێـبوونەتەوە و ئەوانی تر هێـشـتـا دەستـیـان پێنەکـردووە. وێنەی سوپاگەکـان شـەو تیکە تیکە دەکات، ئەرێ خەڵکی کوێ بوویت؟

– سوێد.

– ئاهـا. توانای ژیان لە دەرەوەی مـێـژوودا، وەک ئێـوە، توانای هێنانەدی خـەونەکـان، توانای خـۆپێکهێنان لە ژیاندا ... دەمویست ببم بە چی، ئیسرائیلیـەکی باش، تێکۆشـــەرێک لە پێناوی وڵاتـەکـــەیدا. بەڵگەنامـــەی ئەندازیارییم وەدەست هێنا، لە نێوان جـەنگەکـاندا. من دەمـتـوانی ژن بهـێنم و منداڵمـان هـەبێت، کـەچی ئێستاش پاش ئەم هەموو ساڵە ،کاتێک بیر لە مناڵەکانی ئاشـەر دەکـەمـەوە، لەبەر خـۆمـەوە دەڵێم باشم کـرد نەمهێنا. کوڕەکـەی کوژرا و کـچەکـەی، شێیلە... لە شـەڕی شـەشـرۆژەدا بەشـدار بوو، حـەڤـدە سـاڵان، دەستەکەیان کەوتبووە بۆسـەوە، عەرەبەکان تەقەیان لەو گەنجـانە کردبوو ...ئا، ئەم شـەڕەی بەردەوامـە شـەڕی منداڵانە... لەسـەر شانی شاخەکانەوە دەسرێژ لە یەکە بە یەکـەیان کـرابوو کـە لە سی کـەس تـەنیـا حـەوت مـابوونەوە، وەکـو کـوژراو خـۆیان دابوو بە زەویدا. بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئاوەهـا مـابوونـەوە، تەواو بێجـووڵە، عـــارەبەکـــانیش بـەدەم شـــیـــوخـــواردنەوە لاشـــەی مردووەکانیان دابووە بەر گولله . کە تاریکی داهاتبوو لەگـەڵ زیندوویەکی تر ڕاپەڕیـبوو و فـریای خـۆی کەوتبوو... ئێستاش سەرداتی نەخۆشخانە دەکات. من ناڵێم ئێمە باشترین، مرۆڤدۆستترین، بەڵام هەڵەیەکی بنەڕەتی لە ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا هەیە، چ کارەی؟

– نووسەرم.

– ئاها، کـەسێکی ئاوەهاش دەناسم. ناخوێندرێتـەوە: تەواو تێکچـووە، بەڵام ئەمـیش هۆی خـۆی هەیە. کـە پێنج، شـەش سـاڵان بووە گـوێی لێـدەبێت چۆن

کۆزاکەکان – بەهەرحاڵ ئاوایان ناوی لێدەنێت – لە شوێنێکی پۆڵۆنیادا دێن بۆ ئەو گۆڕەپانەی خەڵکی بازاڕیان لێداناوە، تاک بە تاکیان سەردەبڕن: سەرەتا دایکی، دواتر باوکی. ڕاست خۆیان دەدەن بەسەریدا و لە جەللادەکانی دەشارنەوە. ئنجا هاوسێکان و غەوارەکان، هەرەمێک لە گۆشت، سەری پەڕێنراو و دەست و پێ. لە ژێر ئەو هەرەمەوە بەمەلە خۆی دەردەکێشێت. ساڵێکی تەواو لە دارستاندا ژیان بەسەر دەبات، بەرلەوەی کەسێک بەخۆیەوەی بگرێت. کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت هەمیشە بەم قسانە دەست پێدەکات: "داواکارم ڕێم بدەن خۆم بناسێنم – سەراپێ و بابەتیانە". بەڵام پاش پێنج دەقیقە وێنەکان دەردەکەون، لیکاوی دەڕژێت، سەرتاپای لەشی دەکەوێتە لەرزین. پیاو ناچار دەبێت ڕایبگرێت نەوەکو مێوانە شکۆدارەکان هەڵبێن. کە دەنووسێت، خۆی واتەنی، مەلە دەکات، وەک ئەو جارە، تا لەبەر ڕووناکی و بریق وباق دەرکەوێت، بەڵام قەت ناتوانێت. شێواوە، بەڵێ: یەکێکە لەو کەسانەی مرۆ شێتێتی هەموو دنیای تێئاخنیوە، چونکە دەسەڵات بەرگەی بڵاوبوونەوەی لە هەموو شوێنێکدا ناگرێت. چەند کەسێک بۆ لە کۆڵنانی ئەو شێتییە دیار دەکرێن و ژمارەی ئێمەش لە دێیەکی هێند بچووکدا یەکجار زۆرە. باشە تۆ چیت دیتوە، چیت هەیە لە بارەیەوە بنووسی؟

گرفتی هەر کەسێک هەمیشە گەورەترینە. هەرئێستایش من گەواهیدەری سەربووردەکەی تۆم.

– بڕوات هەبێت، بەڵام ببوورە، جارجار شەپۆلەکان لە... تەنیاییەوە... دێن... ڕەنگە ناو بنرێت. ئەو هەستەی کە ئێمە ئەو کەسە کەمانەی ڕاستیمان دیتوە. بۆیە بۆ ئاخاوتن لەگەڵماندا لە بار نین، و هەر ئێستا لێدەبیمەوە. بەسەرهاتەکەی ئێمە، ئەو بەسەرهاتەی ژیانمی ڕەنگ کردووە، گەیشتبووە جێ. خەیاڵی من وای بۆ چوو بوو. لەگەڵ گەیشتینە تەل ئەبیب، ئاشەر پێشوازیی لێکردین. سەیری بە زیندوومانەوەمان دەهات، وەک بڵێی شتێکی دزێوی دیتبێت. کە بروسکەکەی ئێمەی پێگەیشتبوو ئەو بەرێکەوت لە ماڵ بوو. وەک جۆرە ئەفسەرێکی پێوەندی دەبوو دەسبەجێ بگاتە ئورشەلیم. ئێمەیشی لەگەڵ خۆی برد. لە پاشکۆی ئەسپەکەیدا سوار بووین و بە درێژایی ئەو شەوە بە تووڵەرێکاندا هەڵدەگەڕاین. لە دوورەوە قرمەی تفەنگمان دەهاتە بەر گوێ و ئەویش باسی شەرە بێئومێدەکانی دەورووبەری شاری بۆ دەکردین. گەیشتینە سوپاگەی جوولەکان، خواردنیان بۆ دانایین و بە لایتەکەی دەستی ڕۆشنایی خستە سەر نەخشەیەک: تۆ، ئیسحاق، ئەبێ بۆ ئێرە دەرمان ببەی، ئەمەی گوت و پەنجەی بەسەرەوە ڕاگرت. سەنگەرە و برینداری زۆر لێیە. ئەگەر وریا بی و پێچاوپێچ بە دەوەنەکەدا سینگ بخشێنی، هیچت پێش نایەت. تۆیش، یاقوب – دەڵێی ئەی دەبینی – تۆ دەبێ ئەم سەبەتەیە ببەی، تەنیا چەند هەنگاوێکە، نزیکەی سەد مەترێک. ئامۆزاکەتی لێیە، وەرە تاکو نیشانت بدەم. من لە سەنگەرەکەدا مامەوە و دیتم تاکو پشت خۆڵە هەڵچنراوەکە سەرکەوتن. ئاشەرم بینی نەختێک سەری لە پشت تەپەکەوە هەڵبڕی و پەنجەی درێژ کرد، گوێم لێبوو گوتی: گەر خۆت بنوشتێنیتەوە، تووشی هیچ نابیت.

– لەوێشەوە ئورشەلیم دەبینێت!

من بووم هاوارم کرد.

دەمویست هیوای وەبەر بکەم، مەبەست و پێشوەچوون: وەرە. یاقوب ئاوڕی لێدامەوە – ڕێک لەو تروکەیەدا بوو کە خۆر سەرەتا تیشکەکانی فڕێ دەدایە سەر گردۆڵەکان – سەبەتەکەی لە ئاشەر وەرگرت، خێرا بەسەر گردەکەدا و بەرەو ئەو شارە تراویلکەکەی لەبەری ئەم هەموو ڕێیەمان بڕی هەڵگەڕا. ئاشەر دەنگی دا: خۆت بنوشتێنەوە! بەڵام ئیتر درەنگ بوو، دەسڕێژێک لە شوێنێکەوە هات، یاقوبی بەرزکردەوە و لە بەردەمان بەریدایەوە. پڕ بەدەنگ هاوارم کرد، بەڵام ئاشەر دامی بەلادا. چەند پیاوێک دەرکەوتن ئایانە سەر شان و بردیان. دوای سێ هەفتە هۆشی هاتەوە بەر، هەتاهەتایە کوێر، تا لە ژیانیشدا ماوە ئیفلیج و بێدەنگ. ئێستایش گومان دەبەم ئەگەر ئەو شارە نەفرینەی دیتبێت.

ژێدەر:
١- ضيوف العشاء السري. نەریتێکی ئاینی جوولەکەیە.
٢- کێڵگەی هەرەوەزی.
٣-یەکەم دەستەی جوولەکان کە چوون بۆ فەلەستین.
٤- دیالێکتی جوولەکەکانی ئەورووپایە.
٥-چیرۆکی دەربازبوونی گەلی جوولەکە لەدەست فیرعەون.
٦- ئاهەنگی جوولەکەکانە پێوەندی بە کێشەی دێرینی نێوان جوولەکە و گریکییەکانەوە هەیە.
٧- کاتینکە و سۆنیا دوو ناوی زۆر باوی ژنانی رووسن.
٨- تعمید.
٩- جێشتێکی تایبەتە بە ئاهەنگی خانوکاوە.

# چوار کورتەچیرۆک

کاروان عومەر کاکەسوور

## هێزێکیشیان لەگەڵدایە

بە هەڵە گرتوویانە و تێکەڵ بە شۆڕشگێڕەکانیان کردووە.. ئەم لە هەموو ژیانیدا خۆی لەم جۆرە کارانە بە دوور گرتووە و ڕۆژێ لە ڕۆژانیش هاوڕێیەتی ئەوانی بە پەسەند نەزانیوە.. هەتا ئەگەر بیویستایە لێیان نزیکبکەوێتەوە و زۆر بەچاکیش ئیشیان لەگەڵدا بکات، ئەوان خۆیان ڕازیی نەدەبوون و ئابڕووی پارتەکەیان بەلاوە مەبەستبوو.. جارێکیش یەکێکیان ویستبووی بیهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست و دواییش ڕایکێشێتە ناو تۆڕەکەیان، گوایە ئەم گۆرانیبێژێکی بەهرەمەندە و دەتوانێت بە دەنگە خورافییەکەی سروودی شۆڕشگێڕانەیان بۆ بڵێت، بەڵام کەوتبووە بەر ڕەخنەی توند و تیژی هاوڕێیان و هەر زوو وازی هێنابوو.

ئێستا لێرەدا شتەکان هەندێ سەیر دێنە بەرچاو، ئەوان ڕۆژانە لەژێر قامچی و کێبڵەکاندا فیزاح دەکەن و زۆر جاریش دەپاڕێنەوە.. ئەمەش بە پێچەوانەی پاڵەوانی چیرۆکەکانی «عەلی ئاگرین»ی چیرۆکنووسی دۆستیانە، کە هەمیشە گۆرانی دەڵێن و جەللادەکان سەغڵەت دەکەن.. ئەم ڕاستە وەکو ئەوان هاوار دەکات و بێشەرمانەش دەگری، بەڵام زۆر جاریش گۆرانی دەڵێت.. ئا ئەمە ئەو لوغزەیە، کە ئەوان سەری لێ دەرناکەن و زەحمەتیشە لێی تێبگەن:

– ئای لە «دیاری»ی سیستەر فایزە، خۆ گۆرانی دەڵێت..!!

بەڵێ، دەیڵێت و دەگاتە گوێچکەی هەمووشیان.. چ ڕێککەوتێکی سەیربوو دوای ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ «فارس باقر»دا یەکتریان بینیەوە و شوێنێکی ئاوا کۆیکردنەوە..!! «فارس» ئەمی ناسیەوە.. بە ناوەکەیدا زانی خۆیەتی و کەسی تر نییە.. لە گەڕەکی «بابلشێخ»ی «بەغدا» دراوسێ بوون و لە یەک قوتابخانە و یەک پۆلیشدا دەیانخوێند.. دەستی کردە ملیەوە و ئەملا و ئەولای ماچکرد.. بەیەکەوە باسی منداڵیی خۆیان کرد.. باسی ئەو ڕۆژانەی «دیاری» بە دەنگە ئێجگار خۆشەکەی لەسەر سەکۆی ناوەڕاستی قوتابخانەدا گۆرانیی بۆ دەوتن و هەموو قوتابی و مامۆستاکانی سەرسامدەکرد.. «فارس» تەنانەت ئەو ڕۆژەی وەکو خۆی بیرمابوو، کە ماڵی «دیاری» کەلوپەلەکانیان هەراجکرد و گوێزرایەنەوە «هەولێر».. تا زەنگی گشتیی ژوورەکانی ئەشکەنجەدانیش لێی دا و لەسەر تەختی ئاسنەکە لەسەر دەم پاڵی خست، بیریدەکردەوە و فرمێسکی ورد ورد لە چاوەکانی دەهاتنە خوارێ.. دەستەکانی لە ملا و قاچەکانی لەولا بە قایشە پانەکان بەستەوە و کێبڵەکەی بۆ هەڵگرت.. بە هەموو هێزی خۆی دەیکێشا بەو پشتە ڕووتەیدا و پێی دەوت:

– دانی پیادا بنێ سەگباب..!!

– بڕوا بکە من هیچم لە هیچدا نییە.

– خەیاڵ نەکەیت لەژێر دەستما دەربچیت و جارێکی تر ئەو دایکە قەحبەیەت چاوی پێت بکەوێتەوە.

– ئاخر قوربانت بم، دان بە چیدا بنێم، کە هیچم نەکردبێت..!!

...............

...............

زەنگی پشوودان لێی دا و ئەم دانی بە هیچ شتێکدا نەنا.. «فارس» بە خاولیە شێدارەکە ئارەقی ناوچەوان و سەر ڕوومەتەکانی ئەمی سڕی و بە دەم ئاخهەڵکێشانەوە پێی وت:

– تا دەکرێت دان بە خۆتا بگرە چاوەکەم، وا نەزانی بەوە دەرباز دەبیت، ئەگەر ئەم نهێنی و ئەو نهێنی بدرکێنیت.

– من هیچم نەکردووە، بڕوا بکە من زۆر لەم شتانە دوورم.

– دەزانم دیاری گیان، من باوەڕی تەواوت پێدەکەم.. ورەت بەرز بێت ڕۆحەکەم.. هەمیشە دایکت بیربێت، کە تەنها تۆی هەیە و چاوەڕێی بەربوونت دەکات.

– ئاخر چاوەکەم ئەو کێبڵە زۆر قورسە و ئازارەکەی هی ئەوە نییە خۆمی لەبەر ڕابگرم.

– وا مەڵێ.. وا مەڵێ.. هەر سەرەتا وایە، دوایی کەم کەم ڕادێیت و خۆشتەنیی دەبێت.

– نا، من هەر بەرگەی ئەمجارە دەگرم ڕۆحەکەم، ئیتر دەڕووخێم.. ڕەنگە هەرچی بێتە سەر زمانم بیڵێم و لە خووت و خۆڕایی چیرۆکێ بۆ خۆم هەڵبەستم.

– دەزانی تۆ لە منالییشا هەر وا ناسک بوویت..؟! هەر ئەوەندە پارچە شووشەیەکی بچووک بچوایە بە قاچتا و کەمێ خوێنی لێبهاتایە، یان مێرووڵەیەک گازی لە پەنجەکانت بگرتایە، دەگریایت و بە کەسمان ژێرنەدەبوویتەوە.. خەتای «پوورە فایزە»شمی تیابوو، ئەم ئێجگار ئاوا بەنازی کردبووی.. دایکم هەموو جارێ لەسەر ئەمە سەرزەنشتی دەکرد و ئەو گوێی پێ نەدەدا.. بەڕاستیی ئەو دەستەپاچەی کردبوویت و جورئەتی مریشکێکی نەخۆشی تیادا نەهێشتبوویت.. نەک بە کوڕەکانی گەڕەک، بەڵکو بە کچەکانیش نەدەوێرایت.. ئەو جارانەم لەبیرن، کە «ئامال» لێی دەدایت و دەستت دەکرد بە گریان.

– بەڕاست ئامال ئێستا چی دەکات..؟!

– چی دەکات..؟! ئەوەی جاران بە تۆی دەکرد، ئێستا بە منی دەکات.

– تێناگەم..!!

– جاران بە چرنووک دەموچاوی تۆی دەرنیەوە و ئێستاش دڵی من.

– کەواتە خۆشتدەوێت..!!

............

............

زەنگی دەستپێکردنی ئەشکەنجە لێیدایەوە و «فارس» جارێکی تر کێبلەکەی هەڵگرت:

– وا لەم گیانە بۆگەنەت دەکەم بە ئاسانی بەناو گەڵی دایکتا بچێتەوە، ئینجا لەوە زیاتر ماندووم مەکە و شتەکانت بڵێ.

– هیچم نییە بیڵێم، ئەی هاوار هیچم نییە بیڵێم.. خۆزگە هەمبوایە و نەجاتم دەبوو.

– هەموو ئەو دایکحیزانەی دێنە ئێرە، لە پێشا وەکو تۆ هیچیان نییە بیڵێن و دواییش، کە دەتەقنەوە، ئێمە فریا ناکەوین قسە و باسەکانیان بنوسینەوە.

............

............

زەنگی پشوودان لێی دایەوە و «فارس» کێبلەکەی کردەوە بە عەللاگەی قەد دیوارەکەوە.. بە سووکی کەوتە شیلانی پشتە ئاسکەکەی، کە کۆمەڵێ هێڵی سووری باریک و باریکتر، ئەستوور و ئەستوورتری لەسەر کێشابوو و پێی وت:

– ئێستا تۆ هەرچۆنێ بێت قۆناغێکت بڕیوە دیاری، بەشکو ئەوانی تریش ئاوا ببڕیت..!!

– هەستدەکەم دڵم تێکهەڵدێت و ناو سەرم گێژ دەخوات.

– ئەوەندە بیر لە جەستەی خۆت مەکەرەوە، چونکە چەند بیری لێبکەیتەوە، ئەوەندە ئازارەکەی زیاد دەکات.. بە قسەی من دەکەیت گۆرانی بڵێ و منیش حەز دەکەم بە یادی ڕۆژانی منداڵیی گوێت لێ بگرم.

– دڵت ناشکێنم هاوڕێم، وا بۆت دەڵێم:..............

– دەنگت زۆر گۆڕاوە دیاری، کەچی هەر خۆشیشە.. تۆ نازانی من چ چێژێکی سەیری لێدەبینم و چۆن هەموو ڕابردووم بە جارێ بیردەخاتەوە..!!

– بەڵام من ناتوانم ئەوەندە لەسەر دەمم و لەسەر ئەم تەختی ئاسنە پاڵکەوم چاوەکەم، خەریکە دڵم لە دەممدا دێتە دەرێ.

– دەزانم.. من ئەوە چاک دەزانم، بەڵام دەبێ دان بە خۆتا بگریت گیانی شیرینم.

– ناتوانم.. تەواو.. ناتوانم.

– چاوەڕێکە زەنگەکە لێبدات، دەست و قاچت دەکەمەوە و ئێشی ئەمڕۆمان تەواو دەبێت.

– بەیانی تۆ دێیتەوە، یان کەسێکی تر..؟!

– نازانم، بەڵام هەرچۆنێ بێت کەورەکەم ڕازیی دەکەم، خۆم بە تەنها ئێشی تۆ بگرمە دەست.. من هەر چیم لە دەست بێت، دریغی ناکەم.. هەموو ڕۆژێکیش دەچم بۆ لای «پوورە فایزە»م و هەواڵی تۆی پێ ڕادەگەیەنم.. هەر بەڕاستییش بیری دەکەم و حەزدەکەم ئەویش ببینم.. خەمت نەبێت تا بتوانم هەوڵدەدەم هەر خۆم لەگەڵتا خەریک بم، هیچ نەبێت بۆ خۆمان ڕۆژانە یادی سەردەمی منداڵیی دەکەینەوە و من گوێم لەو دەنگە خۆشەی تۆ دەبێت.

– بەڵام ئەگەر تۆ هەموو ڕۆژێ وەکو ئەمڕۆ بگریت، من ئامادەنیم، هیچی تر گۆرانییت بۆ بڵێم.

– ناتوانم دیاریەکەی ڕۆحم، ناتوانم نەگریم.

............

............

ڕۆژەکانی «دیاری» و «فارس» لەو ژوورە هەموویان لە یەکتر دەچوون و تا دەرچوونی لێبووردنی گشتییەکە بەردەوام بوون.. ئێستاش وەکو دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی کاتی خۆیان لە ماڵ و لە بازاڕ و شوێنە گشتیەکاندا بەسەردەبەن.. شۆڕشگێڕەکانیش هەمیشە لە نێوان خۆیاندا باسی ئەوە دەکەن، کە «دیاری» لە گەرمەی ئەشکەنجەداندا گۆرانیی وتووە و ئەوان لە ژوورەکانی خۆیانەوە گوێیان لێبووە، بەڵام چەند دەکەن ناتوانن بیهێننە ڕیزەوە و سروودی شۆڕشگێڕانەی پێ بڵێن.

هەولێر ٣ـ٨ـ ١٩٨٥

## ژنە قەحپەکەی سەربەست فەریادی

«سەربەست فەریادی» بەئاسانی ناونیشانی «ژنە قەحپەکە»ی بۆ دوا شیعری خۆی نەدۆزیبووەوە، بەڵکو ئەو شەوە تا بەیانی بەدرێژایی ژوورەکە بەدەم بیرکردنەوە و مێشکگوشینەوە دەهات و دەچوو.. «بەهرە»ی ژنی، کە بە کراسێکی هەناریی تەنکەوە لەسەر سیستەمەکە نووستبوو، چەند جارێ خەبەریبووەوە و ناڕەزایی دەربڕی:

– ئێستا پێم ناڵێی ئەم ڕاکەڕاکەت لە چییە بەم نیوەی شەوە..؟! وەکو خۆت ناتوویت، دەبهێڵە من بنووم، یان هیچ نەبێت بڕۆ ئەودیو.

خوێکی سەیربوو گرتبووی و نەیدەتوانی وازی لێبێنێ.. لەو ژوورەی نووستندا نەبوایە شیعری بۆ نەدەهات.. لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێکدا شەڕێکی گەورەی لەگەڵ ئەو ژنەی هەڵدەگیرساند.. سیوایان بیووەوە و دەیان قسەی ناشیرینیان بە یەکتر دەوت.. «بەهرە» زوو زوو سەری لەسەر سەرینەکەی هەڵدەبڕی و پێی دەوت:

– خۆزگە ژنی گامێشەوانێ بوومایە، نەک هی شاعیرێکی بوودەڵەی وەکو تۆ، خۆ هەر هیچ نەبوایە شەوان تا بەیانی لە باوەشی خۆیدا دەینواندم.

ئەو کاتی خۆی لەناو ئەو هەموو کوڕەی «زانکۆی مووسڵ» دڵی چووبوو بە «فەریادی»دا و چاوی لە زۆر عەیبی پۆشیبوو، هەر لەبەرئەوەی شاعیربوو و لە گەشت و بۆنەکاندا بە جوانترین شێوە

شیعرەکانی خۆی بۆ قوتابیان دەخوێندەوە.. ئەمیش دیان جار بەوە دڵنەوایی خۆی دابووەوە، کە ئەگەرچی هەرچی رەخنەگر و نووسەر هەن، گاڵتەیان لە شیعرەکانی دێت و هەرگیز دان بە تواناکەیدا نانێن، بەڵام هەر ئەو شیعرانە جوانترین کچیان بۆ مسۆگەرکردووە.. هەندێ جاریش وایدەزانی ئەوان بۆیە ئەوەندە رقیان لێیەتی و هەمیشە لەملا و لەولا پەلاماری دەدەن، چونکە ژنێکی جوانی هەیە و چاویان پێی هەڵنایەت.. هەموو ئەو شتانەش لە پەنادیوار و سەر کورسیی شەقوشڕی گازینۆ و بەدەم پیاسەی ئێوارانی سەر شەقامەکان دەڵێن و نایانەوێت لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا تاقە دێڕێکی لەسەر بنووسن، نەوەکا ببێت بە ناوێک و بناسرێت.. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شیعری «ژنە قەحپەکە»یدا زۆر شتی بۆ روونبووەوە، بەڵام درەنگ.. سەرەتا هیچ سەری لەوە دەرنەدەکرد، کە بۆچی ئەوان هەر هەموویان و بەجارێ دەربارەی ئەو شیعرەیان نووسی.. هەندێکیان بە چاک و هەندێکیان بە خراپ.. «ژنە قەحپەکەی سەربەست فەریادی تا بڵێی لەزەتبەخشە و مرۆڤ لێی تێرنابێت».. «یەکێ لە خاسیەتەکانی ژنە قەحپەکەی سەربەست فەریادی ئەوەیە، تا ماوەیەکی زۆر لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە و بەئاسانی لە یادناچێتەوە، چونکە بەراستیی تەڕ و پاراوە و دەچێ بە ناخی رۆحدا».. «ژنە قەحپەکەی سەربەست فەریادی بە تەکنیکی تازە خۆی تێکەڵی گیانم دەکات و تا تەواو نەبێت، ناهێڵێ لێی جیاببمەوە».. «زمانی ژنە قەحپەکەی سەربەست فەریادیم زۆر بەدڵبوو، ئەو لە هەموو شتێکی تری زیاتر موچورکەی پیادا هێنام».. ئەوانی تر نووسیویانە: «ژنە قەحپەکەی فەریادی ئەوە نییە، کە هەندێ کەس پیایدا هەڵدەڵێن، زۆر فشەڵە و لەشێکی داهێزراوی هەیە».. «ژنە قەحپەکەی فەریادیم لایە و وا دەیهێنم و دەیبەم، هیچ لەگەڵ ئەو شتانە یەکناگرێتەوە، کە هەندێ لە رەخنەگرەکانمان باسیان کردووە».. «فەریادی خەیاڵی خاوە بەهۆی ژنە قەحپەکەیەوە، خۆیمان لەسەر بکات بە شاعیر و ناوبانگ پەیداکات».. «سەربەست فەریادی بە بەهرە پشتی قایمە و خاوەنی رۆشەنبیرییەکی خەملیو نییە، دیارە بەهرەش ناتوانێ کەسێک بکات بە شاعیر، کە هیچی تیا بەستە نییە.. بەڵێ، ژنە قەحپەکەی ناتوانێ ئایندەیەکی رۆشەنی بۆ مسۆگەر بکات».

هەر جارێ لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤار و سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر نووسەر و رەخنەگرێکدا بکرێت و پرسیاری: بەرهەمی تازەت چییە..؟! یان بۆچی ماوەیەکە دەرناکەویت..؟!ی لە بەردەم قوتکرێتەوە، ئەو بەبێ بیرکردنەوە دەڵێت: «جارێ خەریکی ژنە قەحپەکەی سەربەست فەریادیم و وازم لە هەموو شتێکی تر هێناوە».

ئەو گۆڤارەی شیعرەکەی تیادا بڵاوکرایەوە، هەر زۆر زوو لە کتێبخانەکاندا تەواوبوو، بۆیە «سەربەست فەریادی» رۆژانە نامە لەسەر نامەی پێ دەگات و تیایدا دەنووسن: «تکایە ژنە قەحپەکەتم بۆ بنێرە، با شەوێکم لا بێت، دڵنیابە بۆتی دەنێرمەوە».

سلێمانی ١٢_٧_١٩٨٦

# نانەوێ هیچ پیاوێ دایکت بە رووتیی ببینێت

تا دەوڵەمەندتر دەبن، زیاتر باوەڕ بەوە دەهێنیت، کە تەواو ئیتر ئێوە رۆژێ لە رۆژان ناگەڕێنەوە ناو رەشماڵی قەرەجەکانی قەراغ شار.. خۆ ئەگەر بشگەڕێینەوە، تۆ هەر ناتوانیت وەکو ئەوسای منداڵییت هەست بە خۆشییەکانی ئەوێ بکەیت.. تۆ وەکو هەموو جارێکیش بە خۆت دەڵێیت: «خۆش نەبوو.. خۆش نەبوو، بەڵام زاکیرەم هەمیشە لەگەڵما ناپاکە و شتە دزێوەکانم لە شێوەی بزەی سەر لێوی کچە هەرزەکارەکانی ناو خەونی بەرەبەیانی پایزێکی درەنگوەخت دەخاتە بەر چاو».. هەر چۆنێ بێت رۆیشت و ناگەڕێتەوە.. ئەو خانووەی باوکیشت ماوەیەک لەمەوبەر لە بازرگانێکی گەورەی کڕی و ئەمڕۆ دەچنە ناوی، ئەوەندەی تر هیوای گەڕانەوەت لە دڵدا دەکوژێت و گۆڕانی سیمای شتەکان زیاتر بڕستت لێ دەبڕن.. باوکت بە پێچەوانەی تۆ حەز لە کۆشک و تەلاری گەورە دەکات و لە هیچ خانووێکدا ساڵێک بە تەواوی خۆی ناگرێت.. گەڕەک نەماوە لەم شارە ئێوە بۆی نەچووبن، بێجگە لەو گەڕەکەی، کە پێش چوونتان بۆ رەشماڵەکان، تۆ و دایکت تیایدا دەژیان.. هەموو بیرکردنەوەیەکیش لەو خانووە و لەو گەڕەکە، پەنجەگەورە قرتاوەکەی دەستی چەپی دایکتت بیر دەخاتەوە و دەتباتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە.. ئەگەر دایکت بیزانیایە بە دەستی ڕاستی مەقەست بگرێت و هەر وەکو جاران لە ساڵۆنی قژبڕیندا ئیش بکات، ئێوە رێتان نەدەکەوتە ناو ئەو رەشماڵانە و ئاوا ئولفەتت بەو ژیانە سەیر و بەسەرچووەی قەرەجەکانەوە نەدەگرت.. ئەو چەکدارەی هەر دەتوت لە دوتوێی لاپەڕەکانی کتێبە مێژووییە کۆنەکانەوە هاتۆتە دەرێ و بەم خاک و خۆڵ و بەم ژیانە نامۆیە، نەدەبوو بە باوکت و سیمای راستەقینەی شتەکانی لێ نەدەگۆڕی.. خۆ دایکت زۆر هەوڵی دا بە دەستی ڕاستی ئەو مەقەستە بگرێت و خۆی ڕابێنێت، بەڵام هەر نەیتوانی و مەحاڵیش بوو ئاوا بە ئاسانی فێری بێت.. هەموو جارێکیش لە داخا نووکە زۆر تیژەکانی دەکرد بە باسکی رووتی چەپیدا و کۆمەڵێ هێڵی سووری لەسەر دەنەخشاند.. تۆ بەدەم گریانەوە دەستیت دەگرت و لێی دەپاڕایتەوە، کە وا نەکات، چونکە دەترسایت وەکو پەنجەکەی تووشی نەخۆشیی بێت و دوایش لە خەستەخانە بۆی ببڕنەوە.. ئەو پەنجەیەشی سەرەتا دوومەڵێکی بچکۆلەی لێهات و وردە وردە گەورەبوو.. لێی پیس کرد و ئەنجام بۆیان بڕیەوە.. ئیتر تەمای لە ئیشەکەی دانا و کەوتە فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵەکە.. خانووەکەی بە «حاجی رەمەزان»ی دراوسێتان فرۆشت و تیایدا بوون بە کرێچی.. کرێتان بۆ نەدرا و دەریکردن.. چوون بۆ لای قەرەجەکان و رەشماڵێکی بچکۆلەتان دەسکەوت.. دایکت

بەرچنەی درووستدەکرد و بە جووتە دەرگا دەرگا، کۆلان کۆلان، گەڕەک گەڕەک دەتانگێڕان.. لەمەوە زانییت چ جیاوازیەکی سەیر لە نێوان ژیانی ساکاری قەرەجەکان و هی ئاڵۆزی ناو شاردا هەیە، بەلام ئێوە سەر بە هیچ کامێکیان نەبوون.. هەرگیز نەتاندەتوانی وەکو ئەوان بژین.. دایکت هەمیشە بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و لە ڕووی نەدەهات وەکو ئەوان هەموو شتێ بکات.. کاتێ دەچوو بۆ ئەو حەمامەی لە دووری ڕەشماڵەکان بە بەردی زل درووستکرابوو و بە جەمەلۆن سەریان گرتبوو، ئەو جەمەلۆنانەی لە پەراسووی ئەو مانگایانە دەچوون و ناو دەمی تۆیان دەکرد بە ئاودرکەی لیکێکی خەست، کە بە قەنارەی گۆشتفرۆشەکانی ناو قەیسەریە کەمێ تاریکەکەدا هەڵواسرابوون و سێبەرەکانیان لە شێوەی شتی سەیر سەیر دەردەکەوتن؛ دەبوایە تۆ لە بەر دەرگاکەی بوەستیت و نەهێڵیت کەسی تر خۆی پیادا بکات.. ئەو جارە چاوت خێل کردبوو و لەو بەردە سپی و زلانە ڕا دەمایت، کە لە لای ڕەشماڵەکانەوە تا بەر دەرگای حەمامەکە ڕیز کرابوون و قەرەجەکان بە پێی پەتیی بەسەریدا دەڕۆیشتن، لە بەر بینایێتا وەکو پۆلێ قاز دەردەکەوتن و لەزەتێکی زۆر سەیرت لە تەماشاکردنیان دەبینی، کاتێک زانی پیاوێکی چەکدار دەستی خستە سەر شانتەوە و داچڵەکیت.. بەبێ ئەوەی هیچ شتێ بڵێ، تۆ هەر بەترسەوە سەیرت کرد و بە زمانێکی تێکئالاوەوە پێت وت:

– ناهێڵم بچییتە ژوورەوە، چونکە دایکم لەوێ خۆی دەشوات.

ئەو وەک بڵێی لەگەڵ کەسێکی گەورەدا بدوێ، نەک منالێکی هەشت سالان، بەدەم سەیرکردنی کاتژمێرەکەی دەستی ڕاستی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە لەفزێکی شیرین پێی وتی:

– بەلام من هەموو ڕۆژێ دەبێت ڕێک ئەم کاتە لێرە خۆم بشۆم و ناتوانم بە هیچ شێوەیەک دوایخەم.

– ئەی من بۆچی تا ئێستا تۆم نەبینیوە..؟!

سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردەوە و پێی وتی:

– بچکۆل گیان زۆرم لەگەڵدا مەڵێ و لەوە زیاتر ڕاگیرم مەکە، من دەبێت بچمە ژوورەوە و خۆم بشۆم.

– ناهێڵم.. ناهێڵم دایکی من بە ڕووتیی ببینێت.

ئەمەت وت و لە کونی دەرگاکەوە سەیرێکی دایکتت کرد، لەسەر تەختەکە دانیشتبوو و لفکە زبرەکەی بە گیانە لووس و سافەکەیدا دەهێنا.. چەند جارێ بە شپرزەییەوە هاوارت کرد:

– دایکە خێرا جلەکانت لەبەرکە، پیاوێکی زۆر سەیر هاتووە و دەیەوێت بێتە ژوورەوە.

بەلام ئەم لەبەر دەنگی گۆرانیی خۆی و هی پرتمزە نەوتیەکە گوێی لە تۆ نەبوو و ناچار ڕووتکردەوە ئەو:

– چاوەڕێکە تا تەواو دەبێت، من حەز ناکەم هیچ پیاوێ دایکم بە ڕووتیی ببینێت.

– نابێ ڕۆڵە نابێ، من وا دەچمە ژوورەوە.

بە لەقە کەوتێتە گیانی دەرگاکە و بەردەوامیش دەتوت:

– خێراکە.. خێراکە، جلەکانت لەبەرکە و وەرە دەرەوە، ئەگینا ئەو پیاوە دێتە ژوورەوە و بە ڕووتیی دەتبینێ.

بێ سوود بوو و کۆڵت دا.. ئەو سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و پێی وتی:

– من وا دەچمە ژوورەوە و ئەم چەکە لای تۆ بەجێدەهێڵم، ئەگەر هەر کەسێ هات و ویستی بێتە ژوورەوە، تۆ بە قۆناغەکەی لە دەرگاکە بدە.

– بۆچی..؟!

– پەلەمە، ناتوانم وەلامت بدەمەوە.

چەکەکەت گرت بە دەستتەوە و لە کونەکەوە سەیرت دەکرد، واتدەزانی دایکت دەیکات بە قریشکە قریشک و ڕەنگە لە ترسا ببوورێتەوەش، کاتێ لەپڕ پیاوێکی چوارشانە، کە هیچ لە پیاوی ئەم سەردەمە ناچێت و سیمایەکی تا بڵێیت سەیری هەیە، لە بەردەمی قوتدەبێتەوە، بەلام وانەبوو و تەواو حەپەسایت.. هەر خۆی جلەکانی لەبەر داکەند و کەوتە شتنی.. ئەوەی سەیر بوو و سەرت لێ دەرنەدەکرد، ئەوەبوو پیاوەکە دەستی چەپی لە ئانیشک بەرەو خوار لە پلاستیک درووستکرابوو و دایکت بە سووکی وەکو جلەکانی بۆی داکەند.. ڕووت وەرگێڕا و کەوتیتەوە سەیرکردنی بەردە سپیەکان.. ئەوسا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر وەکو قاز دەردەکەوتن و نەیاندەهێشت دیمەنی ڕاستەقینەی شتەکان ببینیت.. کاتێکیشت زانی دایکت جلەکانی لەبەر کردبوو و بە تەنیا بە قژی تەڕەوە هاتە دەرێ.. سەرێکت بە ناو حەمامەکەدا گێڕا و بە سەرسوڕمانەوە پرسیت:

– ئەی ئەو پیاوە چی لێهات، کە لەگەڵ تۆ خۆی شت..؟!

ئەم قاقایەکی بەرزی لێدا و وتی:

– کام پیاوە دانا شێت..؟!

سەیرێکی دەستەکانی خۆتت کرد و چەکەکەت نەبینی.. بە حەپەساویەوە لەمت ڕوانی و پێت وت:

– ڕۆیشت..؟! ئەی بۆچی من نەمبینی..؟! ئیتر نایەتەوە..؟!

ئەم بەگاڵتە وتی:

– با، زوو زوو دێتەوە.

ئەگەرچی ڕێکنەکەوتەوە جارێکی تر دایکت لە کاتێکی ئاوادا خۆی بشوات و تۆش لە بەر دەرگادا ببیت بە پاسەوانی، بەلام دەیان شەو لەناو ئەو ڕەشماڵەدا لەگەڵ ناڵەناڵی ئەم و دەنگی هەناسەکانی ئەودا خەبەرت بووەوە.. لە ماوەی چەند ساڵێکدا بووی بە خاوەنی دوو خوشکی چاوشین و برایەکی گەنمڕەنگی جوان و ڕۆژانە دایکت بەسەر تۆیدا بەجێدەهێشتن.. هەر ئەمەش وایلێکردن ئەوەندەی هۆگری تۆبن، ئەوەندە هی باوکیان نەبن.. ناهەقیشیان نییە، ئەوان ئێستاش نازانن، ئەو پیاوە سەیرە لە کوێ هات و چۆن پەیدابوو، ئاوا سەرو ناسنامەی بۆ ئەوان و بۆ تۆش کرد و بوو بە باوکی ئێجگارەکیتان.. دوور نەبوو ئەگەر لەناو ڕەشماڵەکاندا بمابوونایەتەوە، ئەو نهێنییەت بۆ ئاشکرا بوایە و ئەوانیشت لەو سەرسامییە ئەبەدیە ڕزگار بکردایە، بەلام تازە هەر دەبێت حەیران و سەراسیمە لێی بڕوانیت و لە خۆت بپرسیت: «ئەو باوکەی ئێمە بۆچی لە هیچ شوێنێ ئۆقرە ناگرێت..؟!».

هەولێر ٣ـ ٩ـ ١٩٨٦

# لاکێ *

«ئەو کەڵەشێرەی جارێ کەڵەشێرێکی تر بیبەزێنێت، لە هەموو ژیانیدا هەر بە دۆڕاویی دەمێنێتەوە و تا ماوە دەبێت ملی بۆ کەچکات.. دوای چەند ساڵ و لە هەر شوێنێکی تر چاویان بە یەکتر بکەوێتەوە، شەڕەکەیان بیردەکەوێتەوە و هیچ ڕوویەڕووبوونەوەیەکی تر لە نێوانیاندا ڕوونادات».

«لاکێ» دوای ئەوەی تووشی ئەخۆشیی بیرچوونەوە بووبوو و بە ڕێککەوتێکی زۆر سەیر گەیشتبووە «بەغدا» و ناو مریشک و کەڵەشێرە مۆدێرنەکانیماڵی «شاهین»ی فڕۆکەوان، ئەم لۆژیکەی هەر بیرمابوو.. ئەم دەیان جار ئەمەی بۆ کەڵەشێر و مریشکەکانی گەڕەکی «سەیداوە»ی «هەولێر» و دواتر بۆ ئەوانەی لادێیەکی قەراغ شار باسکردبوو. تەنانەت ئەوەندەی وتبووەوە، تەواو ناخۆشببوو.. جارێکیان کەڵەشێرێ بە کەمێ ترس و بە لەفزێکی زۆر شیرین پێی وت:

– کاکە لاکێ ئێمە هەموومان خۆشماندەوێیت و ڕێزت لێدەگرین، بەڵام پێت ناخۆش نەبێت، تۆ بە هەق و ناهەق ئەم قسەیە دەڵێیتەوە.

ئەم تووڕەبوو و پۆپنەی سوورهەڵگەڕا.. هەر خێرا پەلاماری دا و بە دەنووک و چڕنووکە ئێجگار تیژەکانی تێیکەوت:

– حیزی ناکەڵەشێر.. هەی هیچوپووچی مریشکانی، تۆ من فێری ئەقڵ دەکەیت..؟!

دوای ئەوەی کیانی خەڵتانی خوێن کرد و وازی لێهێنا، بە «ڕازە»ی خۆشەویسترین مریشکی وت، کە پەڕە خوێناویەکانی لە کەلێنی پەنجەکانی قاچی و نێوان دەنووکی دەربهێنێ.. ئینجا بە فیزێکەوە خۆی هەڵدایە سەر بەرمیلەکەی بەردەمی ماڵی «مام هەیواز» و دوای یەک دوو قووقاندن بە کەڵەشێرە خوێناویەکەی وت:

– کەڵەشێر بوویتایە و بە دڕۆت بخستمایەتەوە.. ئەگەر یەک تۆز جورئەتی کەڵەشێرت تیابێت، جارێکی تر بەسەر هیچ مریشکێکدا ناتسێی.

ئەم لە دوو حاڵەتدا دەچووە سەر ئەو بەرمیلە و دەبوایە «ڕازە»ش بێت لە تەنیشتیەوە هەڵنیشێت، ئەگەر شەڕی لەگەڵ یەکێ ببوایە، یانیش پێشبینیی ڕووداوێکی ناخۆشی بکردایە.. ئەو جارە هەر لەوێ لەگەڵ دەنگی قووقاندنی کەڵەشێرێکی تازە بێداربووەوە.. کاتێ سەیری کرد و لێی وردبووەوە، ناسیەوە و دڵی داچڵەکی.. گیانی دەلەرزی و دەمارەکانی کرتەکرتیان پێکەوتبوو.. خۆی کردەوە بە نووستوو و درزێکی بچکۆلەی کردە چاویەوە.. لەو درزەوە دیقەتی لێ دەدا و وردە وردە ترسەکەی گیانی تاوی دەسەند.. ئەو لەمسەری کۆڵانەکە، ڕێک لەبەردەمی ماڵی «مام ڕەوەندە»وە دەهات و کەڵەشێر لەسەر کەڵەشێری دەبەزاند..

بەسەر ئەو مریشک و ئەو مریشکدا دەتسی و پەیتا پەیتا نزیکدەکەوتەوە.. کەڵەشێرە بەزیوەکان ملی خۆیان شۆڕدەکرد و بەدەم ڕاکردنەوە پێیان دەوت:

– قوڕ بەسەرت بۆ کوێ دەچییت، مەگەر کاکە لاکێ خەبەرینەبێتەوە.

«ڕازە» بەردەوام بانگی دەکرد و بە کەمێ مەکر و بە هەندێ خۆتەسککردنەوە پێی دەوت:

– وی لاکێ، ئەوە تۆ ئاگات لەم کەڵەشێرە شەڕانییە نییە..؟! دە هەستە دەی چییت کرد بە خەو..؟! لاکێ..!! لاکێ..!! وی ڕەزاوەرێ ئەوە چییتە..؟!

ئەم لە پێشدا متەقی لە خۆی بڕیبوو و وەڵامی نەدەدایەوە.. دوایی کە ئەم چەند جارێ بە دەنووکی سەرە زلەکەی ڕاشەقاند، ئینجا بەحاڵ دەنگێکی ناڕۆشەنی دەردەکرد، کە ئەو هیچی لێ حاڵیی نەدەبوو.. کەڵەشێرە شەڕانیەکە خۆی هەڵدایە سەر بەرمیلەکە و بەبێ ترس بەسەر «ڕازە»دا تسی.. ئەم خەریکبوو گڕی دەگرت و هیچیشی بۆ نەدەکرا.. «ڕازە» خۆی تەکاند و بەشێوەیەکی زۆر سەیر وتی:

– وی تسی چەند قورسە، ڕیخۆڵەم لەگەڵی هاتە ژان..!!

ئەم هەستی کرد ئەو پێی خۆشە و ئەوەندەی تر لە ناخەوە تێکشکا.. ئاخر چاک لە بیریبوو، کاتێ ئەمیش بۆ یەکەم جار لە ژێر دەستی کەڵەشێرێکی تر هێنایە دەرێ و پیایدا تسی، هەمان قسەشی بەم وت.. بە هەمان شێوە و هەمان نەغمە.. ئەوسا هەستی بە کەڵەشێریەتی خۆی کرد و جارێکی تریش پیایدا تسیەوە، بەڵام ئێستا لە پەلوپۆکەوتووە و جورئەت ناکات هەستێتەوە.. ئەگەرچی هەموو کەڵەشێرە دۆڕاوەکانی خوارەوە بە یەک دەنگ بانگی دەکەن:

– کاکە لاکێ، کاکە لاکێ، هەستە لە خەو.

ئەو لەسەر سەری وەستاوە و لە کەڵەشێریەتی خۆیەتی پەلاماری نادات، هەرچەند ئەم پڕبەدڵ حەزدەکات وەکو مریشک بەسەریدا بتسێ.. ڕاستە ئەم بەزمە لەناو کەڵەشێردا باو نییە، بەڵام ئەمە چاکترین شتە بۆ کوشتنی ئەو غیرەیەی وا لە ناخەوە تێکیدەشکێنێت.. پیشی دەخواردەوە و بە خۆی دەوت: «تازە مەحاڵە بتوانم لەزەت لە جەستەی هیچ مریشکێ ببینم.. من ناتوانم ئەو قسەیەی ڕازە بیر خۆم بەرمەوە».. کەچی جار جار جورئەتی دەنایە بەر خۆی و دەیوت: «هەستە ئەو لۆژیکە بە درۆ بخەرەوە و ڕووبەڕووی بەرەوە.. کێ دەڵێ وەکو ئەو ڕۆژەی مەیانەکە دەمبەزێنێ..؟! من لە هەموو ژیانمدا هەر ئەو جارە بەزیوم، بەشکو فێڵێکیان لێکردبم، هەستە ناکەڵەشێر..!!».. دەبوایە هەستێتەوە، چونکە دەستەکەی کەوتبووە ڕوو، ئەو نووستنە تاکەی..؟! کەڵەشێرە دۆڕاوەکان هەر هاواریان بوو:

– کاکە لاکێ، کاکە لاکێ، هەستە لە خەو.

لەو ئانوساتەدا دوو کوڕی هەرزەکار بە پەلەپرووزێ لەسەری کۆڵانەوە دەهاتن و دەیانوت:

– ئەمەتا، ئەمەتا هاتووە بۆ ئێرە..!! ئەمەتا وا لەسەر ئەو

بەرمیلەیە..!!

گەیشتن و لە ملا و لەولاوە بۆی چوون.. گرتیان و باڵەکانیان تێکپەڕاند.. باوکیان بە چەقۆیەکەوە هات و لەناوەڕاستی کۆڵان سەری بڕی.. ئەم هەر لە درزی چاویەوە سەیری دەکرد و لە چۆڕاوگەی خوێنی ملی وردەبووەوە.. هەموو گیانی داهێزرا و شەو «پووره مەیاس»ی خاوەنی هەستی پێکرد.. هەر زوو زوو ئاخی هەڵدەکێشا و بە منداڵەکانی دەوت:

– دووعا بکەن ئەمشەو نەمرێت، بەیانی دەیبەم بۆ مەیانەکە و دەیفرۆشم.

خۆزگە ئەو شەوە ڕۆحی دەردەچوو و نەدەگەیشتە ئەو لادێیە.. ڕاستە تێکڕای کەڵەشێرەکانی ئەوێی بەزاند و بۆی هەبوو بەسەر هەموو مریشکەکاندا بتسێ، بەڵام تا بیری لە قسەکەی «ڕازە» نەکردایەتەوە و ئەوەی نەهێنایەتەوە بەر چاوی خۆی، کە کەڵەشێرە شەڕانییەکە بەسەریدا تسی، ئارەزووی نەدەکرد و زەوقی هەڵنەسەدەستا.. مریشکەکانیش دەبوایە خۆیان بتەکێنن و بە مەکرێکەوە بڵێن:

– وی تسی چەند قورسە، ڕیخۆڵەم لەگەڵی هاتە ژان.

بۆ ئەوەی چاکتریش دیمەنی ئەو ڕۆژەی بێتەوە یاد، بەر لەوەی بەسەر هەر مریشکێکدا بتسێ، پەلاماری کەڵەشێرێکی دەدا و وەکو کەڵەشێرە سەربڕاوەکەی «سەیداوە» خوێنی لە ملی دەهێنا.. دواییش ماتەمینییەکی سەیری بۆ دەهات و تەواو تێکیدەدا.. وای لێهات هەرچی مریشک هەبوو لەبەر چاوی کەوت و بەبینینی جوان و ناشیرین، تازەباڕۆکە و سەرەمەر و پیر، تەواو سەغڵەتدەبوو.. پەلاماری دەدان و بە دەنووک و بە چڕنووک تێیاندەکەوت.. خووی دابووە کەڵەشێرەکان و وەکو مریشک بەسەریاندا دەتسی.. ئەوانیش دەبوایە خۆیان بتەکێنن و بە نازێکی مریشکانەوە بڵێن:

– وی تسی چەند قورسە، ڕیخۆڵەم لەگەڵی هاتە ژان.

لەمەوە ئەوەندەی تر حاڵەتەکە پەخەی دەگرت و بەسەر دنیاوەی نەدەهێشت.. ئەوانیشی لەبەر چاو کەوت و پەلاماری دانەوە.. ئەوەی بۆی مابووەوە دەنووک و چڕنووک بوو و هەر لە ملیشیانی دەگرت.. تەنها شێوەی کەڵەشێر بوو، ئەگینا لە ناخەوە بۆ دەعبایەکی سەیر گۆڕابوو و خۆیشی سەری لە ماهیەتی خۆی دەرنەدەکرد.. قەل و مراوی و قاز و تەنانەت سەگە زۆر درەکانی ئەو لادێیەش لێی دەترسان و خۆیان لە دەنووک و چڕنووکە تێجگار تیژەکانی بەدوور دەگرت.. دەیان جار هەوڵی دا خۆی بکوژێت و سەری نەگرت.. بە چەپک گیای کەڵەشێرکوژەی دەخوارد و هەر نەدەمرد.. بە حەفتە هیچی نەدەخوارد و بەڵای نەدەگەیشتێ.. خۆی دەخستە ژێر تایەی عەرەبانە و هیچی بەسەرنەدەهات.. ئەو لادێیە گازڕشتێن کرا، ئەوەی ڕایکرد و ئەوەی مرد، بەڵام ئەم هەر ما و نەمرد.. «شاهین»ی فڕۆکەوان لەو بەرزاییەوە بە دووربین سەیری دەکرد و پێی سەرسامدەبوو.. بۆی دابەزی و بە یارمەتی چەند سەربازێ گرتی.. خستیە ناو فڕۆکە و حەزی دەکرد وەکو دیارییەکی جوان بۆ «ئیبداع»ی ژنی بەرێتەوە، کە ئارەزووی بەخێوکردنی جۆرە چاکەکانی کەڵەشێری هەیە و شارەزاییەکی زۆری لەو ژیانە سەیر و سەمەرەیان پەیداکردووە.

ئێستا «لاکێ» تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووە و هیچ شتێکی ئەوسای بیرنەماوە، بێجگە لەو لۆژیکە نەفرەتییە و هەمیشە پێوەی دەتلێتەوە.. خۆیشی نازانێ ئەو قسەیە چییە و لە کێ فێربووە، کە بە وتنەوەی لەزەت و ناخۆشیی بەجارێ لێدەبینێت: «وی تسی چەند قورسە، ڕیخۆڵەی لەگەڵ هێنامە ژان».. ڕۆژ نییە مریشکێ، یان کەڵەشێرێ، لەژێر چڕنووکەکانیدا نەمرێت، چونکە لە زمانەکەی تێناگەن و ناتوانن، کاتێ بەسەریاندا دەتسێ، بەدەم خۆتەکاندنەوە بۆی بڵێن.. «ئیبداع»یش زوو زوو بەدیاریەوە دەوەستێت و لێی وردەبێتەوە.. جار جار لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

– وی کەڵەشێرێکی چەند سەیرە، ئەوە یەکەمجارە شتی وا ببینم..!!

پێشتریش هەمیشە بیری لە مێردەکەی دەکردەوە و دەیوت:

– وی پیاوێکی چەند سەیرە، ئەوە یەکەمجارە شتی وا ببینم..!!

بەغداد ١٠ـ ٧ـ ٩٨٧

* لاکێ: زاراوەیەک بوو لە سەرەتای حەفتاکان، ژنانی هەولێر دایانتاشی بوو و بەو پیاوانەیان دەوت، کە هەڵسوکەوتی سەیریان دەکرد.. ئێستاش خەڵک بۆ کەسانی گێل و گەمژە بەکاریدەهێنن.

* هەر چوار کورتەچیرۆکەکە لە ڕووی ڕێنووسەوە دەسکاریی کراون.

* سوپاسی برای هۆشیار و ئەدەبدۆست کاک «هاوار ئالانی»ی دەکەم، کە دەستنووسی ئەم چیرۆکانە و هەندێکی تری لای خۆی پاراستبوو.



# نامەیەك
# بۆ
# كچەكەم

**چارلی چاپلین**
**وەرگێڕ: چیمەن كەریم**

كچی خۆم ژیرالدین

لێرە شەوە. شەوێكی نۆئێل. لە قەڵابچكۆلانەكەی مندا هەموو پاسەوانە بێچەكەكان، تۆ خوشك و براكانت و تەنانەت دایكیشت خەوتوون. بەزەحمەت توانیم بێ ئەوەی ئەم باڵندە خەوتووانە بێداركەمەوە، خۆم بگەیەنمە ژوورە بچكۆلە نیوە رووناكەكە، ئەم ژووری چاوەڕوانی پێش مردنە.

من چەندە لە تۆوە دوورم، گەلێك دوور،...بەڵام ئەم چاوانەم كوێر بن ئەگەر تەنانەت بۆ چركەیەكیش وێنەی تۆم لێ دووركەنەوە. وێنەكەت لەوێ لەسەر مێزەكەیە. لێرەش لەسەر دڵی منە. بەڵام تۆ لە كوێی؟ لەوێ لە پاریسی ئەفسونگەر لە سەر ئەو شانۆ پڕ شكۆیەی تیاتری (شانزەلیزە) سەما دەكەی. ئەمە دەزانم و جۆرێكە دەڵێی لەم بێدەنگی شەوەدا، ئاوازی هەنگاوەكانت دەبیسم و لەم تاریكییە زستانییەدا تیشكی ئەستێرەی چاوەكانت دەبینم. بیستوومە ڕۆڵی تۆ لەو شانۆگەرییە پڕ جوانی و شكۆیەدا ڕۆڵی ئەو شازادە ئێرانییەیە كە بۆتە دیلی خانی تاتاران. شازادە خانم بەو سەما بكە. ئەستێرە بەو بدرەوشێوە. بەڵام ئەگەر قاقای ئافەرینی تەماشاكەران و بۆنی سەرخۆشكەری ئەو گوڵانەی بۆت فڕێدەدەن مۆڵەتی هۆشیاربوونەوەیان دای، لە سوچێك دانیشە و نامەكەم بخوێنەوە و گوێ بۆ دەنگی بابت ڕادێرە.

من باوكی تۆم، ژیرالدین،، من چارلی چاپلینم. كاتێك منداڵ بوویت، شەوانی درێژ لە پشت سەرت دانیشتم و چیرۆكم بۆت گێڕایەوە، چیرۆكی جوانی خەوتووی ناو جەنگەڵ، چیرۆكی ئەژدیهای بێدار لە بیابان.كاتێك خەو بۆ چاوە پیرەكانم دەهات، لێی توڕە دەبووم و دەمگوت بڕۆ. من لە خەونی كچەكەمدا خەوتووم. خەونم دەدیت ژیرالدین، خەون...خەونی سبەینێی تۆ، خەونی ئەمڕۆی تۆ. كچێكم بەسەر شانۆوە، فریشتەیەكم بەئاسمانەوە دەدیت سەمادەكا. گوێم لێدەبوو تەماشاكەران دەیانگوت: ئەم كچە دەبینی؟ كچی هەمان قۆشمەچییە پیرەكەیە، ناوەكەیت لەبیرە؟ چارلی، بەڵێ من چارلیم. من لە قۆشمەچییەكی پیر بەولاوە شتێكی تر نیم. ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە. سەما بكە. من بە پانتۆڵە فشە دڕاوەكەمەوە سەمام دەكردو تۆش لە جلی ئاوریشمینی شازاداندا سەما دەكەی. ئەو سەمایانە و لەویش زیاتر دەنگی چەپڵەلێدانی تەماشاكەران جار هەیە دەتگەیەنێتە ئاسمان. بڕۆ. بڕۆ بۆ ئەوێ و بەڵام جار جاریش بگەڕێوە سەر زەوی و سەیری ژیانی خەڵكی بكە. ژیانی ئەو سەماكەرە گەڕۆكانەی كۆڵانە تاریكەكان، كە بەسكی برسی و بەو لاقانەوە كە لە بێنەوایاندا دەلەرزن، سەمادەكەن. من یەكێك بووم لەوانە، ژیرالدین. لەو شەوە ئەفسانەییە منداڵییەدا كە تۆ بە لایلایەی چیرۆكەكانی من خەوت لێدەكەوت من هێشتا بێدار بووم. چاوم لە ڕوخساری تۆ دەبڕی. ترپەی دڵتم دەژمارد و پرسیارم لە خۆم دەكرد و دەمگوت: "چارلی ئایا ئەم بەچكە پشیلەیە هەرگیز تۆ دەناسێتەوە؟" تۆ من ناناسی ژیرالدین لەو شەوە دوورانەدا چەندەم چیرۆك لەگەڵدا گوتی... بەڵام هەرگیز چیرۆكی خۆمم بۆ نەگێڕایەوە. ئەمە چیرۆكێكی شایانی بیستنە. چیرۆكی قۆشمەچییەكی برسییە كە لە هەژارترین گەڕەكەكانی لەندەندا گۆرانی دەگوت و سەمای دەكرد و پارەی خڕ دەكردەوە. ئەمە چیرۆكی منە. من تامی برسیەتیم چەشتووە، دەردی بێكەسیم كێشاوە و لەمانەش زۆرتر هەستم بە ڕەنجی سوكایەتیكردن بەو

**من فریشتە نەبووم، بەڵام تا ئەو جێیەی لە توانامدا بوو هەوڵمدا مرۆڤ بم، تۆش هەوڵ بدە**

## هونەر بەر لەوەی دوو باڵی بەرزفڕین بە مرۆڤ بدات زۆر جار لاقەکانی دەشکێنێ

قۆشمەچییە گەڕۆکە کە ئۆقیانوسێک غرور لە دڵیدا شەپۆلی دەدا، بەلام پارەی ڕێبوارانی خۆپەرست ئەو ئۆقیانوسەیان وشک دەکرد، کردووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا من زیندووم. دەربارەی زیندوانیش بەر لەوەی بمرن نابێ هیچ بگوترێ چیرۆکی من بەکاری تۆ نایەت. دەربارەی خۆت بدوێین. پاشناوی تۆ ناوی منە: چاپلین، بەهەمان ناو چل ساڵ خەڵکی سەر زەویم وەپێکەنین خست و زۆرتر لەو پێکەنینەی ئەوان من بۆ خۆم گریام. ژیرالدین لە جیهانێکدا کە تۆی تێدا دەژی، تەنیا سەماو موزیک نییە. نیوەشەو کاتێک لە تەلاری پڕشکۆی تیاتر وەدەردەکەوی، ئەو دەوڵەمەندانەی ئافەرینت پێدەڵێن لەبیر بکە. بەلام حاڵی شۆفێری ئەو تاکسیەی دەتگەیەنێتەوە ماڵێ بپرسە، حاڵی ژنەکەشی بپرسە...ئەگەر دووگیان بوو پارەی کڕینی جلوبەرگی منداڵەکەی نەبوو، چەکێک دەربهێنە و بەدزییەوە لە گیرفانی مێردەکەی بخە. بە نوێنەرەکەی خۆم لە بانکی پاریس گوتووە، ئەم جۆرە خەرجانەی تۆ بێ چەندوچۆن قبوڵ بکات. بەلام بۆ خەرجییەکانی ترت دەبێ پسوولەی حساب بنێری. جارجار بە ئوتوبوس، بە میترۆ لە شاردا بگەڕێ. تەماشای خەڵکی بکە و، لانی کەم ڕۆژی یەکجار بە خۆت بڵێ، منیش هەر یەکێکم لەوانە. بەڵێ تۆ یەکێکی لەوانە، کچی خۆم، نەک زیاتر. هونەر بەر لەوەی دوو باڵی بەرزفڕین بە مرۆڤ بدات زۆر جاران لاقەکانی دەشکێنێ. کاتێک گەیشتییە ئەو حاڵەتەی یەک چرکە خۆت لە تەماشاکەرانی سەماکەت لە پێشتر بزانی. هەر هەمان سات شانۆ بەجێ بێلە و بە یەکەمین تاکسی خۆت بگەیەنە قەراغ پاریس. من باش ئەوێ شارەزام.. لە چەندان سەدە بەرێوە، ئەوێ لانکەی بەهاریی قەرەجان بووە.. لەوێ سەماکەرانی وەکو خۆت دەبینی، لە تۆ جوانتر، لە تۆ چالاکتر، لە تۆ مەغرورتر. لەوێ هەواڵێک لە تیشکی گڵۆپەکانی تیاتری شانزەلیزە نییە. گڵۆپی سەماکەرە قەرەجەکان تەنیا تریفەی مانگە. تەماشاکە، باش تەماشاکە، ئایا لە تۆ چاکتر سەما ناکەن؟ دانی پێدا بنێ، کچی خۆم، هەمیشە کەسێک هەیە لە تۆ چاکتر سەما دەکات، لە تۆ چاکتر خۆی دەنوێنێ. ئەمەش بزانە کە لە بنەماڵەی چارلیدا هەرگیز کەسێک هێندە بێشەرم نەبووە کە وتەیەکی ناشرین بە گالیسکەچییەک و یان سواڵکەرێکی کەنار رووباری (سن) بڵێت، من دەمرم و تۆ دەژیت، هیوادارم هەرگیز بە هەژاری ژیان بەسەر نەبەیت. لەگەڵ ئەم نامەیەدا چەکێکی سپییشت بۆ دەنێرم، چەندت دەوێ بینووسە و وەریگرە. بەلام هەمیشە کە دوو فرانک خەرج دەکەی، بە خۆت بڵێ "دووەمین فرانک هی من نییە، ئەمە دەبێت هی پیاوێکی نەناسراو بێت کە ئەمشەو پێویستی بە فرانکێکە". پێویست بە گەڕان ناکات. ئەگەر بەدوای ئەم موحتاجە نەناسراوانەدا بگەڕێی، لە هەر جێیەک پەیدایان دەکەی. کاتێک دەربارەی پارەوپول لەگەڵتدا دەدوێم، لەبەر ئەوەیە باش ئاگاداری هێزی فریودان و ئەفسوونی ئەم منداڵانەی شەیتانم. من سەروەختێکی درێژ لە سیرکدا ژیاوم و هەر لەحزەیەک بۆ ئەو گوریسبازانە کە بەسەر پەتێکی باریکدا دەڕۆن، نیگەران بووم. بەلام ئەم ڕاستییە بە تۆ دەڵێم کچم: خەڵکی لەسەر زەوییەکی وەستاوەوە زۆرتر لەو گوریسبازانەی بەسەر پەتێکی لەرزۆکدا دەڕۆن، دەکەونە خوارێ. ڕەنگە شەوێک درەوشانەوەی گرانبەهاترین ئەڵماسی ئەم جیهانە فریوت بدەن. ئەو شەوە، ئەم ئەڵماسە دەبێتە ئەو پەتە لەرزۆکەی تۆو کەوتنە خوارەوەت حەتمییە. ڕەنگە ڕۆژێک ڕوخساری جوانی شازادەیەک بەهەڵەتدا ببات. ئەو ڕۆژەیە کە دەبیە گوریسبازێکی ناشی و گوریسبازە ناشییەکانیش هەمیشە دەکەونە خوارێ..

دڵ بە زێڕ و زیوەر مەبەستە، چونکە گەورەترین ئەڵماسی ئەم جیهانە هەتاوە کە خۆشبەختانە ئەم ئەڵماسە بە گەردنی هەموانەوە دەدرەوشێتەوە. بەلام ئەگەر ڕۆژێک دڵت بە هەتاوی پیاوێک دا، لەگەڵیدا یەکدڵ بە. بە دایکتم گوتووە لەم بارەیەوە نامەیەکت بۆ بنووسێ، ئەو لەمن باشتر ئەشق دەناسێ و بۆ پێناسەی یەکدڵی لەمن شایستەترە. کارەکەت یەکجار دژوارە، ئەمە دەزانم. لەسەر شانۆ جگە لە ئاوریشمێکی تەنک شتێک لەشت داناپۆشێت. لە پێناوی هونەردا دەتوانیت ڕووت و قووت بچیتە سەر شانۆ و پۆشتەتر و پاکتر بگەڕێیتەوە. بەلام هیچ شتێک و هیچ کەسێکی تر لەم جیهانەدا نییە شیاوی ئەوە بێت کچێک نینۆکی لاقی بۆ ڕووت بکات. ڕووتی نەخۆشی سەردەمی ئێمەیە.، من پیرەمێردێکم و ڕەنگە وتەکانم مایەی پێکەنین بن. بەلام بە بڕوای من، جەستەی ڕووتی تۆ دەبێ هی کەسێک بێت کە ڕۆحی ڕووتی تۆی خۆشدەوێت. بەوە هیچ نابێت ئەگەر بۆچوونی تۆ هی دەساڵ بەرێ، هی سەردەمی خۆداپۆشین بێت، مەترسە ئەم دەساڵە تۆ پیر ناکات.

هەر چۆنێک بێت، هیوادارم تۆ دوایین کەسێک بی کە سەر بە دوورگەی ڕووتان بێ. دەزانم کە باب و منداڵ شەڕێکی نەبڕاوەیان لە نێواندا هەیە. لەگەڵ من یان لەگەڵ بۆچوونەکانی مندا بەشەڕ وەرە. کچم من منداڵی گوێڕایەڵم بە دڵ نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەر لەوەی فرمێسکەکانم ئەم نامەیە تەڕ بکەن، دەمەوێ هیوایەک بە خۆم ببەخشم: ئەمشەو شەوی نۆێلە. شەوی موعجیزەیە. هیوادارم موعجیزەیەک ڕووبدات. تا ئەو شتەی من بە ڕاستی دەمەوێ پێتی بڵێم، تۆ تێی گەیشتبی! چارلی ئیتر پیر بووە ژیرالدین، زوو یان درەنگ، لەجیاتی ئەو جلی سەمایە، ڕەنگە ڕۆژێک جلی تازیە لەبەرکەیت و بێیتە سەر مەزارم.ڕازی نیم تۆ زەحمەت بکێشی. تەنیا جار جار لە ئاوێنەدا چاو لە ڕۆخساری خۆت بگرە ئەوجار من دەبینی. خوێنی من لە ناو دەمارەکانی تۆ دایە و هیوادارم تا ئەو کاتەی خوێن لە دەمارەکانی مندا وشک دەبێ، چارلی، باوکت لەبیر نەکەیت. من فریشتە نەبووم، بەلام تا ئەو جێیەی لە توانامدا بوو هەوڵمدا مرۆڤ بم، تۆش هەوڵ بدە. ماچت دەکەم.

سویسرا ١٩٦٤

* لە ژمارە ٥٥ ی گۆڤاری ایران فردا لە فارسییەوە کراوە بە کوردی.

# تیشکێکی خەفەتبار

بۆ: منداڵێتیی کورد

## شیعری غەیلان
## وەرگێڕانی: عەباس بۆسکانی

دەمەوێ سەبارەت ئەو بەردە
هەڵبەز و دابەزانە بنووسم
کە بلوێرەکانی داوود لەسەر لێویانە و
دەربارەی دەریای مەرمەڕە بنووسم کە بۆتە قەنارە

دەمەوێ باسی ئەو ئەستمبولە کەم
کە مزگەوت و کڵێساکانی دەمناسن
چیرۆکی ئەو شێخانە بگێڕمەوە
کە کورسییە بەردەکان و کاتەکانی تەپڵی خوا
دەکەنە گوڵاو

دەربارەی ئەو ئاوە دەنووسم
کە نابێت بە نەوت
باسی ئەو نەوتە دەکەم کە شەکەتی کردم و
هەناوی دراوسێکەمی هەڵپروکاند و
گێڕایەوە بۆ بەلەسە بوون

دەرهەق دراوسێکەم دەنووسم
کە کێڵگەی زارۆکەکانی بە ژەهر دەچێنێ و
وەبیریان دێنێتەوە کە زەردەخەنە دوژمنی وڵاتە و
خوێندنەوە دڵ دەشکێنێ و
تەوقەکردن هێز دەڕژێنێ

دەنووسم
ئەو دەریایەی عاشقی ببووم
لە ناخەوە پاشەکشەی لە خۆشەویستی کرد
ئەو کەنارەی لەگەڵ نەعنا و چا میوانی بووین
شەپۆلەکان لەناویان برد

دەنووسم و
باسی ئەو پۆلە کۆترانە دەکەم
کە چاوەڕێی شول گۆڕینن
- «شوێنی سوکنایی بۆ کۆتر نەماوە
لە کاتێکدا دەریای مەرمەڕە
بۆتە گەورەترین پیاوکوژ»

دەربارەی «بافیستیان» دەنووسم
- ئەی دەشتی دەسەسرە ونبووەکان
- ئەی تابلۆکانی فرمێسک

سوێند دەخۆم
خوا لە مەمکی تۆوە شیر دەخواتەوە
ئەی «هەندرێن»
هەر کاتێکیش نوێژ دەکەی
جانتایەکی مەکتەب لە درەختێ دەکەوێتە خوار
کوردستانیش
بەیانییان کولێرەکانی نافرۆشێ

دەبێ دەربارەی هەموو ئەمە و ئەوانە بنووسم
واز لە قەڵەڕەش بێنم
تێبینییەکانی دەرهەق شەپۆلەکانی مەرمەڕە بنووسێ

دەبێ کۆترە ماڵییەکەم بنێرمە کن منداڵێ
کە لە جانتاکەیدا خۆرێک هەیە و
هەتا ئێستاش بۆ ئەشکەوت دەگەڕێ.

گۆنا جاف

# بیرەوەریی لاپەڕەکان

ئەمشەو لەگەڵ ئەستێرە
خەواڵووەکان
لە دوا ویستگەی
بەیەک گەیشتنمان
بوومە دڵۆپێک باران و
لە درزی پەنجەرەی
ژوورەکەتەوە
خۆم هاویشتە ناو
چەند لا پەڕەیەکی پەرت و
بڵاو ..... لە ژێر
سەمفونیای ژانەکاندا .....
ئۆقرە گیراو
یەکەم پەڕە : دوو باڵە پەپولەی ڕەنگناڵ
مژدەی حەزو
خۆشەویستیی تۆیان
پێدام ..............
دووهەم پەڕە : دوومناڵی لاساری هاربووین
هەموو شەوێ
بەردمان لە پەنجەرەی
یەکتر دەدا ............
سێ هەم پەڕە : دووکڵۆ بەفری سەماکردوی
لە یەک ...... ئاڵاو
بە دەم حەزەوە
کەوتینە خوار .........
چوارهەم پەڕە : دووسێبەربووین
بە شەقامێکدا
هەڵکشاین
لە ڕوحی یەکدا تواینەوە.....بوینە
یەک .......سێبەرو
یەک ...... تارماییش
بەدی کرا .........
پێنجەم پەڕە : دوو پشکۆی ناخ گڕ گرتووی
حەز وماچ بووین
بۆ چەند ساتێکی کەم
لە باوەشی یەکتر خزاین
شەشەم پەڕە : دووعاشقی .... مەستبوین
هەموو شەوێ
پێکمان ..... بە پێکی یەک و
لە یەک پێکدا ...... دەخواردەوە
حەوتەم پەڕە : لە دوا ئێوارەیەکی ........ درەنگدا
لە ژێر سێبەری ...... .خەونێکدا
دوو تارمایی .......... بەدی کرا
یەکێکیان .............. تورە ؟
ئەوی تریان ......... سەرشێت ؟
دەبووە هەرایان ... هەر یەکەیان
ڕوویان
لە ڕێگەیەک
دەنـــــا ......
هەشتەم پەڕە : زســـتان هـــات و بـــویـت بـــە
دەریـــا
بەهار هات و بویت بـــە
دنیـــا
هاوین هات و بویت بـــە
هیـــوا
پایز هات و لە شەوانـــی
تەنیاییمدا
هـــەمـــوو لاپـــــەڕەکـــــان
بوون بە ...تۆ ......و
ئەمجـــا
بە خووا

ئەڵمانیا
٢٠ - ٨ - ١٩٩٩

ئامادەکردنی:
ڕێبوار ڕەشید

# تۆ مردی
# بۆمبەکانی سەدە

سڤێن لیندکڤیست نووسەرێکی سویدیە و خاوەنی چەندین کتێبە کە چەند یەکێک لەوان زۆر بەنێوبانگن. کتێبە نوێیەکەی سڤێن لیندکڤیست بە نێوی "تۆ مردی، بۆمبەکانی سەدە" Nu dog du. Bombernas rhundrade. پێش کۆتایی سەدەی بیستەم کەوتە بازاڕەوە و یەکێکە لەو کتێبانەی کە شایستەی خوێندەوەیە. بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە بە پلەی یەکەم لە بەر هۆی سیاسی، بەلام بێگومان هەروەها بە هۆی مرۆڤایەتیی Humanisim ـەوە حەز دەکەن زیاتر قوڵببنەوە و لە لایەکەوە لە خودی ویژەی خۆرئاوا تێبگەن، لەلایەکی ترەوە لەو جۆرە مێشکەی کە لە پشت ئەو ویژەوەیە، و چۆنیەتی ئەو مێشکە، دەسەلاتی ئەو مێشکە، چۆنیەتی قووڵبوونەوەی، پەرسەندنی، کارتێکردنی لە رای گشتی و لە سیاسەت و پاشان لە دەسەلات.

ئێمە دەزانین کە سڤێن لیندکڤیست یەکێکە لە نووسەرە بە تێوودەنگەکان، نەک لەبەرئەوەی کە بەرهەمەکانی بازرگانیی و هاسانفرۆشراو بن، بەڵکو لەبەرئەوەی، هەروەک ئەوام شامسکی و ئیسمایل بێشکچی، رەخنەگرێکی نێوخۆییە، رەخنەگرێکی نێوخۆیی، لەلایەکەوە بە واتای رەخنەگرێک لە مێژووی سوید و دەسەلاتە سیاسیە جۆراوجۆرەکان، لەلایەکی ترەوە رەخنەگر لە مێژووی ئەوروپا و دەسەلاتە سیاسیە جۆربەجۆرەکانی، بە تایبەتی لەو هێزە رۆشنبیرەی کە هەمیشە هێزێکی وەگەڕخستن و هاندەر و تەنانەت جووکدەری کۆمەڵگاش بوون.

سڤێن لیندکڤیست خاوەنی 28 کتێبە کە هەر یەکەیان سەنگێکی تایبەتی و گرنگیان هەیە و بە پلەیەکی بالا مشتومڕ و دیالۆگ و گفتوبێژیان، لەکاتی خۆیاندا و تەنانەت پاش ساردبوونەوەش، دروست کردووە و بێگومان کارتێکردنی بەرچاوی خۆشیان لە سەر خوێنەر و رۆشنبیران جێشهێشتووە.

کاتێ خۆی کە من کتێبی "دڕندەکان تاکبڕ بکەن" ـی سڤێن لیندکڤیستم وەرگێڕایە سەر کوردی تەنها دوو کتێبی سڤێنم لەوە بەر خوێندبووەوە. کتێبی "دڕندەکان تاکبڕ بکەن" تێهەڵکێشێکی مێژوویی گرنگە. لە لایەکەوە قوورساییەکی سیاسیی تەواوی هەیە کە نووسەر ناڕەستەوخۆ خۆی لێ دەدات، لەلایەکی دیکەوە قورساییەکی مێژوویی هەیە، چونکە دەست و باڵەکانی مێژوو وەک رەشبەلەکێک دەبەستێت بە یەکەوە و ئەو جا کۆمپۆزەکە دەبێت بە پێکەوەگرێدانێکی مێژوویی دانسکە، هەم لە سەر رووداوە لێکچووەکانی مێژوو و هەم لە سەر رووداوە لێکنەچووەکان، یان یەکچەشنەکان. هەر بۆیە سڤێن لە شوێنێکدا بە جدیەکی بە خۆباوەڕەوە دەڵێت: "مێژوو شەیدای دووبارە بوونەوەیە".

بەلام "دڕندەکان تاکبڕ بکەن" هەروەها جوانکارییەکی هونەریی تێدایە کە رەنگە لە بەرهەمی کەم نووسەردا بەرچاو بکەیت، ئەویش لەو تابلۆ نووسینانەدایە کە وەک کۆیلەیەک لە پڕێکدا، بەلام بێ هۆ نا، لە پشت پێداگرتنێک و پێش خستنەبەردەستێک قووتدەبێتەوە. ئەو تابلۆنووسینانە هەروەک لەتە پاشماوەیەکی مێژوویی وان کە لە نێو کۆمەڵە بەرهەمێکی مێژوویی مووزەیەکدا مرۆڤ یەکانگیریان دەبێتەوە، بە شێوەیەک کە هێزێکی نهێنی، پرسێکی چەقاوەسوو دەخەنە کەللەی بینەرەوە و لەگەڵ ناتەواویی بیچمیی و کەسایەتییشدا هێشتا بۆ هەموو پاشماوەکانی دیکە دەبنە ئەڵقەیەکی ئەستوور و گەیەنەر.

لە نووسینەکانی سڤێن دا هەروەها ئازاییەکی بەرچاو، دڵنیاییەکی روون، بە تەوسەوە دواندنێکی جدی و ورياکەرەوە، گاڵتەجارییەکی نەرمی بزوێنەر دەبینرێت.

مێژووی بیری بەد رەنگە هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی خۆی کۆن بێت. مێژووی نووسراو هەمیشە لە دەمێکی تایبەتییەوە دەستی پێکردووە و هەمیشەش بە گشتی دەسەلاتداران نووسیویانەتەوە. لە مێژوودا ئەوەی پەسەند نەدەکرا، دەفەوتێنرا. مێژووی نوێ لە گلدانەوە و شاردنەوە و حەشاردان بەدوور نییە، بەلام مرۆڤ بە زەحمەتێکی کەم ئازارتر دەتوانێت بەرەو سەرچاوەکان بگەڕێتەوە. سڤێن بەدووی بیری شۆڤێنیزمی ئەورویی دەکەوێت.

ویلیام پێتی لە کتێبی The Scale of Creatures ساڵی 1676 پێدادەگرێت کە نەک هەر ئاژەڵ بەڵکو مرۆڤیش لە رەگەزی بایۆلۆژیی جیاوازن. لە سەرەتای 1700 دا ویلیام تیسۆن لە کتێبەکەیدا The anatomy of a pygmie پێدادەگرێت کە

سەلماندوویەتی مرۆڤی کورتۆکە (کۆتەرە) ئەلقەیەکە لە نێوان مەیموون و مرۆڤی ئاساییدا. جۆرجس کیوڤەر و چارلس وایت دوا مۆری جودایبان نا بە رەگەزی مرۆڤەوە و "سەلماندیان" کە ئەوروپییەکان لە هەر رەگەزێکی تر بالاترن: "لە لای ئەوروپییەکان نەبێت لە لای کێ سەرێکی ئاوا کەوانیی رێک دەبینیت کە هێندەی مێشک تێدا بێت؟ دەموچاوێکی وا ستوونیی، لووتێکی دیاری رێک و چەناگەیەکی خڕی بە دەرەوەبوو؟ رووخسارێکی هەمەجۆر و پڕ لە دەربڕین، ... ئەو کولمە ئاڵ و لێوە سوورە مەرجانییە لە کوێی تر هەیە؟"

سڤێند لیندکڤیست ئاماژە بۆ ئێدوارد ڤۆن هارتمان، فەیلەسوفی ئەڵمانی، دەکات کە لە کتێبە بەناوبانگەیدا ساڵی 1844 "فەلسەفەی خودئاگا Philosophy of the unconscious بەرگریی لە سیاسەتی زەوتکردنی کۆلۆنیالیانە کە کوشتن و بڕینە دەکات و بە باشی دەزانێت کە "نەتەوە کێوییەکان" یەکسەر و یەکژەمیانە لەناو ببرێن چونکە هیچ سودێکی تێدا نییە خزمەتی بێهوودە بکرێن و ژیانی پڕ دوواکەوتووی ئەوان - کە هارتمان بە بەدبەختیی دادەنێت - درێژتر بکرێتەوە.

هێربێرت سپێنسەر چەند ساڵێک پاش ئەو لە کتێبی Social Statics 1850 کەمێک گەرمتر بەرگریی لە سیاسەتی ئیمپریالیستیانە دەکات و بە باشی دادەنێت گەر دەسەڵاتە بالاکان زاڵ ببن و بێهێزەکان وەلانرێن.

ئارەزووەکە لە ئەوروپا لە دایک بووبوو بۆ زەوتکردن و بۆ خۆبردن، بەلام مێشکێک پێویست بوو پرۆسەکە بخاتە ژیانەوە.

لە مێژ بوو ئەوروپا بەلەم و پاشان کەشتییان بۆ شەڕ و پێکدادان و داگیرکردن بەکار دەبرد. بەلام دۆزینەوەی باروت و تەکنیکی کەشتیی هەلمیی، هەندێک لەو ئەوروپیانەی خستە ئەو بیرەوە کە داخۆ تێکەلاوی بیری بالارەگەزیی سپییێستەکان، باروت و کەشتی هەلمیی، ئەوانی ئەوروپایی دەگەیەنێتە کوێندەرێ.

ئەمانە راستیەکن بە وەرچەرخاندێکی بە ئەقلانە دەردەکەون.

هەر بۆیە سڤێن لیندکڤیست سەرەتای کتێبی "دڕندەکان تاکبڕ بکەن" بەم رستەیە دەکاتەوە:

"تۆ بەشی خۆت دەزانیت. منیش بەشی خۆم دەزانم. ئێمە بێ زانیاری نیین. ئەوەی ئێمە نیمانە نەبەردییە کە دەرک بەوە بکەین کە دەیزانین و سەرەنجامەکانی لێدەرکێشین".

گەر رێگە بە خۆمان بدەین کە ئەو پێداگرتنەی سڤێن بکەین بە کوردییەکی هاسان و کاکلەکراو تا کورتکر زوو پێی قووت بدرێت، دەڵێین: هەموو کەسێک بەشی خۆی دەزانێت کە بتوانێت هەڵوێست وەربگرێت، بەلام غیرەت پێویستە. هەموو کەسێک بەشی خۆی دەزانێت کە بتوانێت هەڵوێست وەربگرێت، بەلام ویژدانێک پێویستە.

لێرەدا سڤێن باسی ئەو مێشکە ئەوروپییە دەکات کە لە پشت کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاوە بوو. ئەو کۆلۆنیالیزمەی کە بە خوێنی ملیۆنەها مرۆڤی بێتاوانی تێدا رژێندرا، زیانێکی بێئەژمارد لە سامان و بەرهەمی ئەو نەتەوانە کەوت.

ئەو دەم، کاتێک جۆزێف کۆنراد، رۆمانی "دڵی تاریکایی" نووسی و دەیویست ئەوروپا و بەتایبەتی ئینگلستانی بەدەمەست لە سێبێبی ئاهەنگگێرانی باڵزاڵیی خۆیاندا راوەشێنێت، جەماوەرە هەمیشە هەڵخەلەتاوەکە نێزیک لە چێژی سامانی خۆڕایی و دوور لە راستییە تاڵەکانی کیشوەرەکانی ئەوبەریانەوە بوون.

ئەودەم، بێگومان لە ئێستا زیاتر، ئەوروپییەکان ئاوی کونجاکاوی لە دەمیان زابوو و بیری دەسەڵاتداری و باڵزاڵیی کەللەی ئاخنیبوون بڕیاریاندا بیشی سەلمێنن.

ئەوە بوو بە هۆی داهێنانە نوێیەکەیانەوە، کەشتیە هەڵمیەکان، کە هەر وەک ئەسپێکی باڵداری ماندوونەناس بن، بە نێو رووبارەکاندا رووەوڕووی دەریا و دەریالووشەکان چوون و هەر لە دوورەوە ئەو جیهانە نوێیانەیان بە تۆپ دادەگرتەوە و خاکیان لە دوورەوە دەسووتاند. تا دوژمن باشتر دوورەبەرێن بکرێت.کردیشیان.

هاوولاتیانی رەسەنیش بێ لە پەسەندکردنی چارەنووسی خۆیان چی تریان لە دەست دەهات؟ مرۆڤ چۆن لەگەڵ ئەوانەدا بەرەنگار دەبێتەوە کە دەتوانن لە دوورەوە بکوژن؟ بێ ئەوەی خۆیان لەوێ بن دەسووتێنن، دەروخێنن، تێکدەدەن و لە نێودەبەن؟

لەم رووەوە و لە گەلێک رووی دیکەوە کتێبی "تۆ مردی. بۆمبەکانی سەدە" تەواوکار یان درێژەی "دڕندەکان تاکبڕ بکەن" ـە. چ لە رووی لێکچووە وێژەیی، سیاسی، بیریی و جوانکاریەکانەوە و چ لە رووی نالێکچووتییەکانیانەوە. لە کتێبی "تۆ مردی. بۆمبەکانی سەدە"دا جوانکاریەکی هونەریی زۆر مەزنتر بەرچاو دەکەوێت. جوانکارییەک کە دروست شانبەشانی قوولایی بیریی مێژوویی و سیاسیی کتێبەکە دەڕوات. ئەویش ئەوەیە کە نووسەر لە جیاتی کۆمپۆزێکی ( چنینێکی) تراديسیونالیانە هاتووە هەر بە خودی کۆپلەکانی کتێبەکە لابرینت Labyrinth ـ ێکی (بە عەرەبی المتاهە ـ بە کوردی: مارپێچ) دروست کردووە.

بۆ نموونە لە کۆپلەی یەکەوە خوێنەر هەڵدەدرێت بۆ کۆپلەی 166. لەوێوە خوێنەر دەتوانێت تا 8 کۆپلەی تر، واتە کۆپلەی 173 بە سەر یەکدا بڕوات و بەردەوام بێت. ئەم بەشە پێکەوە 9کۆپلەیە و بەشی دەروازەی ژمارە یەکە بە نێوی "تۆ مردی". ئەم نێوەش سەردێڕی ئەو یاریانەیە کە هەر یەکەی لە وڵاتی خۆی لە دەمی منداڵیدا سەدان جار لە یاری هێندی سوور و کاوبۆیی و جاش و پێشمەرگە و ... هتد دا دەیڵێتەوە: تەق تەق تەق ... تۆ مردی یان تۆ کوژرای و بەو شێوەیە.

کتێبەکە 22 دەروازەیە کە هەر یەکە و نێوێکیان هەیە و لە ٤٠٠ کۆپلە پێک دێت. جوانیی هونەریی کتێبەکە لەوەدایە کە خوێنەر دەتوانێت لە سوڕێکی بێ کۆتاییدا بێت. خوێنەر بێگومان دەتوانێت وەک هەر کتێبێکی دیکە کتێبەکە بە سەر یەکدا بخوێنێتەوە. ئەمە نە نایاساییە و نە گوناهێکی تایبەتییە. بەلام ئەو دەم خوێنەر لە جوانکاریی هۆنینەوە و چنینەکە بێ بەش دەبێت.

هەروەها لەو هێنان و بردن و ملکێشکردنە بێبەش دەبێت کە سڤێن بە گشتی دەیکات بە تووش خوێنەرەوە. بەڵێ، خوێنەری جدی دەبێت دوای لابرینتەکە (مارپێچەکە) بکەوێت و لە پشت سێبەرە جارێک دوور و جارێک نێزیکەکەی سڤێنەوە کوچە تەنگەبەرە هەزار بە هەزارەکەی لابرینتەکە تەی بکات و چێژ لە پێکەوە بەستن و لێکچوویی و نایەکچوویی رووداوەکان وەربگرێت.

بۆ ئەم کتێبە سڤێن نزیکەی 343 سەرچاوە یان رەنگە زیاتری

بەکارهێناوە، و 440 جار ئاماژەی بۆچوون و پێداگرتن و هەڵوێستی خاوەنانی ئەو سەرچاوانەی کردووە. کتێبەکە، بێ لە لاپەڕەکانی سەرچاوە و پێڕستەکان، نزیکەی ٢٧٠ لاپەڕەیەکە. خوێنەر زوو تێدەگات کە سڤێن بە زۆریی ڕێی داوە بە خاوەن قسەکانی سەرچاوەکان بدوێن و خۆی تەنها بە شێوازە جدییە، تەوسە، کورتە قوولەکەی خۆی دەیان بەستێت بەیەکەوە و سەرەنجامەکان یان بەشێک لە سەرەنجامەکان بۆ خوێنەر خۆی بەجێدەهێڵێت.

سڤێن لیندکڤیست لەو نووسەرانە نییە کە گوێز بە کاکڵەیی بدات بە خوێنەر. ئەمە بەو واتایە نییە کە بابەت لە خوێنەر بکات بە گەرووی شێر و بە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو، بەڵکو لە خودی قووڵ نووسینەکەدا خوێنەر هاندەدرێت کە هەوڵبدات لە واتای نێو تێهەڵکێشی وشەکان تێبگات. خوێنەر دەبێت لە واتای نێوان دێڕەکان تێبگات و تەنها بە مانایەکی ساکار و سادە ڕازی نەبێت. مانا قووڵە خاوەن بەهاکە هەمیشە لە دووتوێ و سێتوێی وشەکان و نێوان ڕستەکاندایە. گەشتی خوێنەر دەبێت بە قووڵایی واتای وشە و ڕستەکاندا بێت، دەنا تەنها بەلا گوێیدا تێدەپەڕێت و ناو گوێی ناسمن.

خوێنەر چاوەڕێی ئەوە ناکات کە چیرۆکێکی سەدجار گێڕراوەی نێزیک کووانێکی گوێ لێدەبێت و هەر بۆیەش گەر بچێت بۆ مێزکردن و ئاوخواردنەوە و قاچ ڕاکێشانێکیش ئەوە هیچی لە کیس ناچێت و سوور دڵنیاییە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە هەردەم بە نەبەزیی و لە کۆتاییشدا بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە.

ئا، لە "تۆ مردی، بۆمبەکانی سەدە" دا پاڵەوان مرۆڤە. لەویش نێزیکتر مرۆڤ خۆیەتی و کەسی خوێنەرە. چاوتروکاندنێک و دووان و سییان پەتی ژیان لە دەست دەرباز دەبێت و خوێنەر بە هەڵواسراوی لە بۆشاییەکی گەردوونیی بێبندا دەمێنێتەوە.

دۆزاو لەوە زیاتر نابێت.

ئا لێرەدا سڤێن دوو گوێی نوێ دەدات بە خوێنەر کە لە هەندێک ڕەهەند تێبگات کە لەوە بەر مەحاڵ بووە. بۆ بیستنی شتی نوێ، ڕوانگەی نوێ و توانای هەڵسەنگاندنیان دوو گوێی نوێ پێویستە کە بتوانن لە بیستندا وەڵامی سەردەم بدەنەوە.

هەروەک چۆن لە "درندەکان تاکبڕ بکەن" دا بە مێژووی تەکنیک و بیری بەددا دەمانبات و هەروەک لە سەرەتادا هۆشیارمان دەکاتەوە، لە کۆتاییدا پێمان دەڵێت:

"تۆ دەیزانی، منیش دەیزانم. ئەوەی نیمانە زانیاری نییە. ئەوەی نیمانە بە جەرگییە بۆ ئەوەی دەرک بەوە بکەین کە دەیزانین و سەرەنجامەکان هەڵهێنجێنین".

دووبارە سڤێن هەموو ئنتلەکتوئێلی ئەورووپا و بێگومان ئێمەی بەرپرسیاریی خۆرهەڵاتییش بەرامبەر غیرەت و ویژدان ڕادەگرێتەوە و لە ڕووی ڕووداوەکان و سەرەنجامەکانیان، هەروەک سارتەر، بێشکچی و شاوکمسکی و چەندینی تر بەرپرسیارمان دەکات.

لێرەشدا لە "تۆ مردی. بۆمبەکانی سەدە" دا خوێنەر بە ئەزموونی شەڕەتەقەی بازیبازێنەی منداڵیی خۆیدا، بە ڕووداوی ڕاستەکیی شەڕەتەقەکانی ژیانی خۆیدا و ئەوجا بە ڕووداوی خوێنبڕژانەکانی جیهان و بڕیارەکانی پشت پەردەکاندا دەڕوات. بەڵام هەمیشە شانبەشانی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە سەردەمی خۆیاندا خاوەن قسە و هەڵوێست و کارتێکردنێک بوون.

سڤێن بەردەوام دەبێت و بە مێژووی بارووت، ئەوجا تەقەمەنی و تۆپدا دەمانبات. بە یەکەم کەشتیی هەوایی و ئەو ئەندێشە و خەیاڵانەدا دەمانبات کە ئامێرێکی ئاوا بەرزفڕ، لە ئاستی خواداوەندەکاندا، لەو بەرزاییەدا کە کڵاوی سەری بینەر دەکەوێتە خوار، دروست دەبن. ئەوجا فڕۆکە و توانای فڕین بە شێوەیەکی بەربڵاوتر.

خوێنەر دەتوانێت بە یارمەتی ئەندێشە و خەیاڵەکانی خۆی گەشتەکە قووڵتر بکاتەوە: تێکەڵاوی بۆمبێک یان سەدان دانە لەگەڵ فڕینی فڕۆکە و باڵزاڵێتیی لە ئاسمان بووندا دەتوانێت چ دۆزەخێک بخولقێنێت؟

ئایا ئەو دۆزەخە بۆ کامانە دروست دەکرێن؟

چ ویژدانێک؟ چ بیانوویەک؟ چ هۆیەک؟ چ ڕوونکردنەوەیەک دەتوانێت لە پشت ئەوەوە بێت؟

ئایا ئەوانەی کە دەتوانن لە دوورەوە بکوژن خوداوەندە نوێیەکانی سەر زەمینن و هەمان دەسەڵاتی خوداییش دەدەن بە خۆیان؟

ئەمانە کەمترین و هاسانترین ئەو پرسانەن کە مرۆڤی مرۆڤدۆست، مرۆڤی ئازادیخواز، مرۆڤی چەوساوەی خەباتگێڕ لە گەشتەکەی "تۆ مردی، بۆمبەکانی سەدە" دا دەیانکات.

سڤێن لە باسی ئەو مێشکە ئەورووپییە دەکات کە لە پشت کۆلۆنیالیزمی ئەورووپاوە بوو دووبارە ئازاری ئەو مردن و سووتاندن و کاولکردنانەمان دەچێژێنێتەوە دەم کە هاومرۆڤەکانی ئەو دەمەمان پێوەی تلاونەتەوە و ئێستەکانیش لە گەلێک وڵاتی جیهان و لە وڵاتی ئێمەدا بەردەوامن.

یەکێک لە هەرە کۆنەخەونەکانی سەردارەشەڕڤانەکان هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستا ڕەنگە بە بێگومانیەوە هەڵکوتاندنە سەر دوژمن بێت لە گەرمەی شیرین خەودا.

ڕەنگە سەدان و هەزاران سەرلەشکری سەرکێش بەو خەون و خەیاڵەوە جنگڵیان دابێت و کەوتن و سەرکەوتنەکانی خۆیان ژماردبێت.

کەشتی هەڵمیی، بارووت و پیرۆزیی ڕەگەزی سپی تەکانێکی گەورەی بەو خەونانەدا و لە ڕاستییەکی سەرزەمینیی نێزیک کردنەوە.

هاووڵاتیانی ڕەسەن لەوە زیاتر کە کردیان چییان بکردایە؟

مرۆڤ لە درێژخایەندا چۆن سەری کڕنووش بۆ ئەوانە نانەوێنێ کە دەتوانن لە دوورەوە بکوژن؟

ئەوەی کە دەکرا بکرایە، کە مێشک بۆی دەچوو و بە بیریدا دەهات، کە ویژدان و هەستی بەرپرسیاریی ڕێگەیان دەدا بکرانایە، هاووڵاتیانی ڕەسەن کردیان. بەڵام بە کوێ گەیشتن؟

ئەدەبی ئەورووپا ئاخنراوە لە ڕق بەرامبەر ڕەشپێست و زەردپێستەکان. بەڵێ، بەرامبەر هەموو پێسترەنگێک، هەر ئەوەندەی سپی نەبێت.

مێرگی تاگیورا نێزیک شاری ترپیۆلی یەکەمین جێ بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە 1911/11/1 تامی بۆمبی ئەورووپیەکانی کرد. ئۆفیسەر خولیۆ گاڤۆتی ئیتاڵی بوو ئەو کارە ئازایەی ئەنجام دا.

بەڵام ئەورووپییەکان نزیکەی چارەکێک پێش کۆتایی سەدەی هەژدەهەم خەونیان بە کەشتیی هەوایی ـ ەوە دەبینی و بۆ خۆیان بە سەرچاوەی خێر و خۆشییان دادەنا و بۆ گەلانی دیکەش وەک

ئیزرائیلیکی پڕ کینه. له وێنەیەکی جولێس ڤێرنێسدا بە ناوی "گەشتی هەوایی ئەندازیار روبور" ساڵی 1886 کەشتییەکی هەوایی دەبینین کە بە بزواندنێکی "شاهەنشاییەوە" رووناکی خۆی بە سەر شارستانیی پاریسی پایتەختدا پەخش دەکات و هاووڵاتییانیش بە نیگایەکی ئارام و دڵنیاوە بە سەرسامییەوە تێی دەڕوانن. لە وێنەی دوای ئەودا هەمان کەشتی هەوایی بە هەمان بزواندنی شاهەنشایانەی خۆیەوە ئاوری مەرگ بە سەر رەشپێستە "تاوانبارەکان" دا دەبارێنێت و ئەوانیش لە هەڵهاتن زیاتر چ رێگەیەکی دیکە شک نابەن.

زۆر ناخایەنێت ئەوروپییەکان باڵەفڕی خۆیان باشتر دەکەن، بارووتەکانی خۆیان گەرمتر، تۆپەکانیان قورستر و رەقتر و تیژتر. تاوانبارەکانی جیهان بەئەژماردتر دەبن و ئەوروپاییەکان ناچار دەمێنن پارە و کاتی خۆیان بۆ تەمبێ کردن و ئاقڵ کردنیان سەرف بکەن.

ئێستا، کەشتییە دەریاییەکانیش، ئەو ئەسپە باڵدارە هەردەم بە تاقەتانە، سەدان و دووسەد باری ئەوسا مەزنتر بوون، تەقەمەنی و چەکەمەنییەکی زۆر زیاتر لە خۆیان بار کردووە، کەسانێکی بەئەژماردتر، بەتاقەتتر، بەئەزموونتر، چاوسوورتر و ئامادەتریان لە کۆڵ کردووە و جرت بۆ شەپۆلی بە ئاسمانچووی دەریالووشەکان لێدەدەن و وەک گەلەنەهەنگێکی تێر بە پێچەوانەی شەپۆل و لە نێوان شەپۆلەکاندا بەرەو ئەو رۆخانەی کە بڕیارە بسووتێنرێن مل دەنێن.

ئەو دەم سەرلەشکرە شەڕخوازە بێبەزەییەکان لە بێدەنگی دەسەڵاتی ناوەندیی خۆیان و رای گشتیدا سامانی نەتەوەی تریان بە ناوی خۆیانەوە تاڵان دەکرد و مەرزی وڵاتەکانیان مەزنتر دەبوو.

بەڵام "مێژوو شەیدای دووبارە بوونەوەیە". رەنگە هەر ئەوە بێت کە ئێستا سەرلەشکرە خاوەن خەونەکان دەبێت بە سەدان هاواری رای گشتی و یاسای مافی مرۆڤەوە ببەسترێنەوە تا رێگە نەدرێن لە چەند سەعاتێکدا جیهانێک بسووتێنن و خاپوور بکەن.

تۆپەکان گەورەتر و قەڵەوتر کراون، کۆڵتر و نووکتیژتر کراون. سەرلەشکرەکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەی خاڵە لاوازەکانی دوژمنیان بکەن. سەرلەشکرەکان دەتوانن لە شیرینخەودا پەلامار بدەن.

سەرلەشکرەکان خاوەنی دەسەڵاتن و لە بەرئەوەش خاوەنی سەبر و تاقەتێکی زیاتر. دوژمن هەر دەبێت بخەوێت. ئەمشەو نا سبەیشەو، گەر نا ئەوا چل شەوی تر و پەنجا شەوی تر. دوژمن هەر ماندوو دەبێت، هەر خەون بە خەوەوە، بە خەوێکی شیرینەوە دەبینێت. دوژمن ناچارە بخەوێت.

خەوی پاش ماندووبوون و چاوەڕوانی لە هەر خەوێکی تر قووڵتر و شیرینترە.

سەرلەشکرە شێتەکان چاوەڕێی ئەو دەمەن.

تۆپە فرە قورسەکان، ئەوانەی کە هەر یەک بۆ خۆیان هەزاران ئیزرائیلن، بە توڕەییەکی خوداییەوە، لەو جۆرە کینانەی کە خوداوەندەکان بەرامبەر بەندەکانی خۆیان هەیانە، تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنن.

مرۆڤ بەرامبەر ئەوانەی لە دوورەوە دەتوانن بکوژن چی پێدەکرێت؟

خەونی مرۆڤ هەمیشە ئەوە بووە کە دوژمنانی ببەزێنێت.

ئێستا خوداوەندانی شەڕ دەتوانن لە دوورەوە ببەزێنن.

پاشان، پاش دووا تەقینەوەکان، پاش ساردبوونەوەی ئاگرەکان، پاش رەوینەوەی دووکەڵەکان، پاش ساردبوونەوەی لاشەکان، خوداوەندانی شەڕ لە ئەسپە قەڵەوە باڵدارەکان دادەبەزن، بە لەشی تێر و توندی بە ماهیچەوە دێنە سەر زیندەوەرە خشۆکەکان، سەر ئەو زیندەوەرانەی ئیدی لەو پەڕی بەهێزیشیاندا تەنها هەر دەتوانن لە سەر چۆک بڕۆن.

لەو گۆشەنیگایەوە سەرلەشکران خوداوەندن.

لە شوێنی خۆیانەوە باڵابەرز و کەتە و بڵندن، توڕەیی خۆیان لەوە بەر نیشان داوە، ئێستا دەتوانن میهر و سۆزی خۆیان بە کچانی تازەپێگەیشوو نیشانبدەن.

کام هاووڵاتیی رەسەن ئەو ئاگربارانەی لە بیر ناچێت؟ چ سودێکی هەیە؟ شەقی زەبر دەتوانێت ئازاریش لە بیر بەرێتەوە. ئەوەی نوێ ناچارن گوێیان بخنن و نەهێڵن دەنگی ئازاری باوباپیرانییان بگاتەوە گوێ تا ویژدانیان نارەحەت و بە ئازاریان نەکات. برینین با ئاسۆریش بن، هەر سارێژ دەبن.

سەرەکدەوڵەتان و وەزیران و سەرەکسوپایانی کیشوەرەکانی ئەوروپا دێنە گۆ، بڕیارەکانی خۆیان کە بە هەڵوێستی کۆلۆنیالیانەی زۆربایەتی رۆشنبیرەکانی وڵاتەکانیان رازاندویانەتەوە و جوانیان کردوون، دەخرێنە ژیانەوە.

ئاگربارانەکان هەر بەردەوام بوون.

تا دەمێکی درێژتریش هەر بەردەوام دەبن.

چوار دێڕی دوایی کۆپلەی 399: "لە گەرووی ئەم زەبرەوە، هەر دوو ئەوەی کە ئەنجام دراوە و ئەوەی کە هێشتا نەخراوەتە کار، خەونەکانی نەتەوەکوژیی سەدە هەڵدەقوڵێن. ئەو نارەوایەتیانەی ئێمە دەیانپارێزین ناچارمان دەکات جەکی کۆمەڵکوژیی بهێڵینەوە و بەو شێوەیە خەیاڵەکانیش هەردەم دەتوانن بخرێنە ژیانەوە. دۆخی زەبری گلۆباڵیی ناوکە رەقەکەی نێو بوونمانە".

دوا کۆپلە، کۆپلەی 400

کە تا ئەمڕۆژ بە بەردەوامی ماوەتەوە.

**لە ژمارەکانی داهاتوودا**

* سیستەمەکانی هەڵبژاردن، پارێزەر: بۆتان محەمەد ئەمین
* دۆزی کورد هەڕەشە لە یەکپارچەیی عێراق دەکات، گراهام فۆللەر، وەرگێڕان و ئامادەکردنی فایەق سەعید
* بیری ئازادی و ئازادبوون لە فەلسەفەی ئەدەبیی دۆستۆیێڤسکیدا، ئامادەکردنی هیوا محەمەد ئەمین
* حەوتانە، کورتەچیرۆک، ئەحمەدی مەلا
* خەونم بینیوە، شیعر، موحسین ئەحمەد عومەر

# بۆن و تەنیایی

**جەزا چنگیانی**

**پێشکەشە بە دڵدارانی شارەکەم ئەوانەی یەکەم ماچیان لەم ساڵدا کرد**

خۆشم دەوێ ، خۆشیشم ناوێ ، ئەو کاتانەی لە ئامێزیدام وهەناسەی دەروون و بۆنی باوەشی هەڵدەمژم حەزدەکەم بەزوترین کات خۆم لە ئامێز و بۆنی باوەشی دەربازبکەم و لەهەناسە سواری و تەنیایی ڕزگارم بێ کەچی هەر دوای دووهەنگاوو چەند چرکەیەک دوورکەوتنەوە هەستدەکەم دڵم تینوی هەوای ئامێزێتی و گەرەکمە بچمەوە ئامێزی ٠ ئەمە پەیوەندی ڕۆحی من و خانوە تەنیاییەکەمە ئەو خانوەی بۆنی لەش و بتباخەڵ و هەناسەو سەروقژی ئەوی لێ نابڕێ، تەنیا بۆنی لێرە ماوە بۆنی بێ ڕەنگی، بێ دەنگی، بێ نیگا وچرپەو ئۆفی حەزی ، هەموو کون وکەلەبەر وقوژبن و باڵای دیوارەکان و پانتای ماڵەکەو بەرگە دۆشەک وسەرین ومەتیلی لێفەکان ، دەڵێ بۆنی لەشی سێکساوی ئەویان هەڵمژیووە بۆیە لەگەڵ هەموو بزوانێکیاندا ماڵەکە پڕدەکەن لەبۆنی ئەو، ئەو بۆتە نهێنیەک لە هەموو شوێنێکی ئەم خانوەدایە و لە هیچ شوێنێکی ئەم خانوەشدا نیە ئەمە مەراق و سەرئێشەو گرفتی چرکەکانمە دەنگ و ڕەنگ و لەشی لە وڵاتێکی ترە بۆنی لە هەموو قوژبنێکی ئێریە٠

بەسەروقژێکی ئاڵۆسکاوەوە بەڕیشێکی نەتاشراوەوە ، بە گەدەیەکی برسی و لەشێکی (١٠) سەعات ماندوی کارەوە ، لە ناو هۆڵی خانویەکی تەنیادا پیاسەی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەدوا :

— من دەزانم تا ئەم بۆنە لێرە نەبڕێ ، تا دوا تنۆکی تەڕایی وێنەی نیگای ئەو لە ئاوێنەکانی ئەم خانوە نەتکێ ، ئەمە ژیانمە و لەم خانوەدا ئۆقرە ناگرم٠

— بۆکوێ بچم ، سەری خۆم لەتاو ئەم بۆنە بۆ کوێ هەڵگرم ؟

— خۆ ناکرێ وەک بێ لانە ئەلکحولیەکان تا بەیانی لەسەر مێزی مەیخانەکان سەرخەو بشکێنم ؟

— نا دەبێ چارێک بدۆزمەوە و لەم قۆزاغە تەماوییە و نەگبەتیە ڕۆحیە ڕزگارم بێ ( لە پەنجەرە گەورەکەی هۆڵەکەوە ڕۆانیە دەرەوە ، هەتاوێکی ڕووناک بوو)

— واسەرەتای هاوینە و هەوا کەمێک گەرم بووە بەشەو و بەڕۆژ هەموو پەنجەرەکان دەخەمە سەرپشت تا ئەم بۆنە شەهوەتاویە شێتکەرە لەم خانوە ببڕێ ، دوایی دەچمە وێزەی ئاوێنەکان و نەک جارێ بگرە سەدجار زیاتریش پاکیان دەکەمەوە تا ڕووناکی گلێنەیان ئاو بکات و پێستی چاویان تەنک وئیتر هیچ وێنەو یادگاری لەشی ڕووتی ئەویان تیا نەمێنێ ٠

— ئەمە جەنگێکەو یەخەی دەروونی منی گرتووە چارەنووسەو دەبێ بچمە بەرەی جەنگەوە ، جەنگی دەروونیش زۆرلە جەنگی دەستەو یەخە پڕ سامترە ، نا ..نا ،، ناترسم من مرۆڤم دوژمنەکانم مەتریاڵ هەرسەردەکەوم،

— ئاخر ناکرێ بۆمنی مرۆڤ لەتەک هەموو

هەناسەیەکمدا ڕەگەکانی دڵم بگوشرێ و ژانە دڵم توش بێ ؟ کەمێک ڕاما .

ــ گەر ئەمەشم بۆ نەکرێ دەتوانم ئەم خانوە بگۆڕم ، بڕۆم بۆ شارێ سەد فرسەخ لەم خانوە و دەڤەرەوە دووربێ . هەڵوێستەیەکی کرد

ــ نا ئەمەیان سەختە و بەئاسانی و بەم زوانە خانو و کارم لەشارێکی تر بۆ پەیدا نابێ .

ـ ئەی چی بکەم ؟ هەرچی بەرگە دۆشەک و سەرین و سەرچەفی جێگەی نوستنەکەو مەتیلی لیفەکان و تەنانەت بەتانیە ئەستورەکانیشم چەند جار شتووە، لە باڵکۆنەکە هەڵم خستوون کەڵکی نیە و هەر ئەوەندە وشک دەبنەوە بۆنی هەناسە وبنباخەڵ و پێست و قژی ئەویان لێدێ ، جاران ئەم بۆنە قوڵپی بە شەهوەتمان دەداو شەپۆلە ماچ و تەزووی ختوکەی ژێر مەمک و وورده گازو گۆپکە مژین و سەدەها جار وشەی بەقوربانی بەدەوری لەشی ڕوتیا دەگێڕا و ئێستا بیزاری ، بێزاری لە تەنیایی وغوربەت ویادی .

ـ ئاخ نە جگەرەکێش و نە ئەلکحولیشم تا ئەوەندە جگەرەو و ئەلکحول بخۆم هەناسەی خۆم و خانوەکەم بە بۆنی جگەرەو ئەلکحول قان بدەم و لەم بۆنە ڕزگارم ببێ.

ـ ئەی چار چییە ؟ تاکەی ئەم چەوسانەوە ڕۆحیە باربێ بەسەر چرکەکانمەوە؟

شانی دابە دیواری ژوورەکەوە و ڕاما و کاغەزە دیواریەکان سەرنجی ڕاکێشا دەستێکی پێدا هانین .

ــ ئا ...بیرێکی چاکە هەر بەیانی تا هەر ئێمشەوگشت کاغەزەکانی ئەم دیوارانە دادەماڵم و کاغەزی نوێی لێدەدەم دوایش چەند قات بۆیاخی دەکەم، ئیتر دیوارەکان بۆنی ئەویان لێدەبڕێ هەرچی مەتیل و سەرچەف و بەرگە دۆشەک وسەرین و بەتانی و خاولی ماڵەکەش هەیە گشتی توڕدەدەم، هی نوێ دەکڕم دەبێ ئیتر لەم بۆنە ڕزگارم بێ.

دیوارەکانی لە وێنەو گوڵە هەڵواسراوەکان پاککردەوە ڕەفەی کتێبەکانی هەڵوەشاند ، کەل وپەلی ماڵی وەک مەزادخانە بەسەریەکدا دا و، بەخێرایی خەرێکی داماڵینی کاغەزی قەد دیوارەکان بوو

ـ دەبی زوو تەواوی بکەم تا هەفتەی داهاتوو بۆن و هەناسەی لەم خانووە ببڕێ و لەوتەگبەتییە دڵگوشێنە و ئازارە ڕوحیەی کە لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا دەیچێژم ڕزگام ببێ.

ـ سەرجەم بەرگەکانی خۆشم ئەک جاری چەند جارێ دەشۆم تا بۆنی جێ پەنجەکانی ئەویان لێ ببڕێ و ئەوەشی کۆن و تەسک بونەتەوە توڕیان دەدەم.

بەپرتاو کەوتە لێکردنەوەی کاغەزی دیوارەکان ، ئەو شەوە نەنوست تا دواپارچە کاغەزی لەدیوارەکان کردەوە ، بەیانی زوو کاغەزی نوێی لێدا ، دوای ڕۆژێک وشک بوونەوە بەچەند قاتێ بۆیاخ دایپۆشین، وەک لەگرفت و مۆتەکەیەکی ڕوحی ڕزگاری بووبێت لە ناوەڕاستی ژورەکەدا وەستا و بەچواردەوری خویدا سەیری دیوارە سپیە تازە بۆیاخکراوەکانی دەکرد هەناسەیەکی هەڵکێشاو دەستێکی بەسەروچاو و قژە بۆیاخاوییەکەیدا هانی و دەرگای بەفرچاڵەکەی کردەوە و بیرەیەکی قوتووی ساردی دەرهانی و چوە سەربالکۆنەکە، لەسەر کورسیەک دانیشت وسنگی کراسەکەی ترازان وقاچە توکاویە ڕەق هەلهاتوەکانی خستە سەر قەراغی باڵکۆنەکە وخوی لەبەر تیشکی هەتاوکەدا هەڵخست. بیرەکەی هەڵپچڕی و قومێکی قووڵی لێداو هەر ئەوەندەی گەروی چۆڕی بیرەی لێبڕا پڕسییەکانی هەوای باخچەکەی بەرماڵیانی هەڵمژی و لە ناکاو هەروەک جاری جاران موچرکە و زریکەیەک لە ناخی داو بۆنەکە ڕۆحی ڕاچڵەکان و دڵی گوشرا ئاورێکی لە ژووره بویاخکراوە نوێکەی دایەوە:

ــ ئەوا توانیم بە کاغەز وبۆیاخ بۆنی هەناسە و لەشی ئەوتان لێ ببڕم ، ئەی چۆن بتوانم بۆنی هەناسەو لەشی ئەو لە گەڵای درەختی بەر باڵکۆنەکە ببڕم؟

# وەرزی سەهۆڵبەندان
# لە پێشانگایەکی نیگارکێشیدا


تەها فەرهاد

خوێندکاری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بێرگین

هونەرمەندی ناسراوی نەرویجی خاتو سیسێل ستانگنێس کۆمەڵە تابلۆیەکی گرافیکی لەسەر چاپی سویدی کۆمەڵە هۆنراوەی "وەرزی سەهۆڵبەندان" کێشاوە، کە رۆژی ١٢-٢-٢٠٠٠ لە پێشانگایەکی تایبەتیدا بە ناوی ئێکسیل، لە شاری بێرگین لە نەرویج، کە یەکێکە لەو شارانەی ئەمساڵ بە پایتەختی کولتووریی ئەورووپا هەڵبژێردراوە، پێشاندران. بەم بۆنەیەوە شاعیر رەفیق سابیر، بانگێشتن کرا بوو، کە لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا کۆمەڵێک شیعری خۆی بە سویدی و کوردی خوێندەوە.

ئەگەر لە رووی شێوەوە سەیری ئەم کارە گرافیکیانەی هونەرمەند بکەین دەبینین کە لەگەڵ شێوەی دنیای دەرەوە، یان لەگەڵ واقیعدا جیاوازیان هەیە، یان بە واتایەکی دی ناتوانین دەستنیشانی شتێک بکەین کە لە دنیای دەرەوەدا بوونی هەبێت، یان تا رادەیەک ئەبستراکتن. بەڵام چۆنییەتی کێشانی هێڵەکان و دانانی کۆنتراست لە رووی رەنگە رەش و سپییەکانەوە زۆر بە هێز و سەرنجڕاکێشن، بە تایبەتی کێشانی هێڵە لە یەک چوو و لە یەک نەچووەکان و چۆنییەتی دانانی رەنگەکان. ئەمانە هەستێکی تایبەتی لای بینەران دروست دەکەن بەبێ ئەوەی تابلۆکان وێنەی شتێکی واقیعی پێشان بدەن.

هەر کارێکی هونەری دوو لایەنی سەرەکی هەیە؛ یەکەمیان لایەنی سروشتی (دیار یان عەینی). دووەمیان لایەنی دەروونی (سایکۆلۆژی) کە بینەر لە رێگای هەستەکانییەوە دەتوانێت لایەنە سایکۆلۆژییەکان دەرک پێ بکات. دەتوانین بڵێین کە هەست پردێکە بۆ گەیشتن بە لایەنە دەروونییەکان. شکل و شێوازی هێڵ و رەنگەکان لایەنێکی سروشتین لە کارەکاندا. هێڵ و رەنگەکان بە تەنیا خۆیان دەتوانن هەست و سۆزی بینەران ببزوێنن بە بێ ئەوەی شکڵێک دروست بکەن کە لە واقیعدا یان لەم جیهانەدا وێنەی هەبێت. کەواتا هێڵ و رەنگ دەتوانێ زمانێکی تایبەتی بێت بۆ شیکردنەوەی هەست و سۆزی هونەرمەندێک.



سیسیل ستانگنێس لە ساڵی ١٩٥١ دا لە شاری رۆمسدال لە دایکبووە.
لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٧دا لە ئەکادیمیای هونەرەکانی کاری دەستی خوێندوویەتی.
لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩١ خوێندکاری ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی شاری بێرگن بووە.
لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری Miner van لە هۆڵاند بۆماوەی ساڵێک لە بواری هونەردا خوێندوویەتی.
تا ئێستا دە پێشانگای تایبەتی و پێنج پێشانگای هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەدا کردۆتەوە.

بە بڕوای من سیسیل لە روانگەی نیشاندانی هەست و سۆزەوە زۆر سەرکەوتوو بووە. خاڵێکی تری سەرکەوتنی کارەکان شێوەی کێشانی هێڵەکانە، کە پڕن لە جوڵەی جوان و بەهێز، کە ئەمانە هارمۆنییەکی رێک دروست دەکەن کە بە چاوی بینەران جوان و خۆشییبەخشن.

* رۆژی ١٤-٢ رۆژنامەی Bergens Tidende وتارێکی بە ناوی (بابەتی ئێکسیل لە وێنەدا) دەربارەی پێشانگاکە بڵاو کردەوە کە سیسێل هامریٚ داگسلاند نووسیویەتی و تیایدا هاتووە:

«رەفیق سابیر دەنگێکە بۆ ئەو کوردانەی کە لە مەنفادا دەژین. شیعرەکانی رەفیق سابیر هێندە کاریان لە هونەرمەندی شێوەکار سیسێل ستانگنێس کردووە کە کۆمەڵە کارێکی گرافیکی لەسەر چەند شیعرێکی ئەو کێشاون. ئێمە دەتوانین کۆمەڵە کارێک، یان راستتر بڵێم پرۆژەیەکی بە راستی هونەرمەندانە و بە توانا لە پێشانگای U.S.F بە ناوی Exile لە شاری بێرگین ببینین. سیسیل دەیەوێت لە رێگای ئەم کارانەوە کۆمەڵێک لایەنی دەروونی

و جەستەیی مرۆڤە ئاوارەکان پێشان بدات، کە بە زۆر لە وڵاتی خۆیان دەرکراون. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک شیعری رەفیق سابیر، لە کۆمەڵەهۆنراوەی (وەرزی سەهۆڵبەندان) بە زمانی سوێدی، لە ناو کەتەلۆگی پێشانگاکەدا دەبیندرێن».
- ئەمە (شیعرەکە) باس لە ژیانی منداڵیی دەکات لە باروودۆخی شەڕدا، باس لە تەنیایی مەنفا و ئەو شتانە دەکات کە مرۆڤ لە دەستی داون، سابیر دەڵێت».
دوای ئەوەی نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە تورکیادا هەرچەندە نزیکە ١٥-٢٠ملیۆن کورد دەژین کەچی زمانی کوردی یاساغکراوە، دەنووسێت:
«پار لە فێستیڤالی بیۆرنسۆن (فێستیڤاڵی جیهانیی ئەدەب) سیسیل بۆ یەکەم جار رەفیق سابیری ناسیوە و گوێی لە شیعرەکانی بووە کە زۆر کاری تێکردوون. سیسیل دەڵێت: دوای خوێندنەوەی شیعرەکان (وەرزی سەهۆڵبەندان)م لە لاوە دادەنا و، بە ئیلهام وەرگرتن لەوان، خەریکی نیگارکێشان دەبووم. دوای ئەم کارە بۆم دەرکەوت کە شیعر و رەسم چەند دەتوانن پێکەوە یەکتری بخوێننەوە و کاریگەری لەسەر یەکتری دروست بکەن. کولتوور زمانێکە سنووری نییە، بۆیە هێزێکە بۆ ئاشتی و تۆلێرانس، ئەمە دیدی سیسیل ستانگنیسە».
* هەروا رۆژنامەی BA لە ژمارەی ٤٣ی رۆژی ١٢-٢ کورتە وتارێکی دەربارەی پێشانگاکە بڵاوکردەوە. لەو وتارەدا هاتووە: شاعیرێک و هونەرمەندێک لە پشت پێشانگای ئێکسیلەوەن کە دوێنێ لە هۆڵی USF کرایەوە.
پێشانگاکە دەربارەی مەسەلەی مەنفای رۆحی و جەستەییە. شیعرەکانی شاعیری کورد رەفیق سابیر پڕ هەستن و ئیلهامیان بە هونەرمەندی شێوەکار سیسیل ستانگنیس داوە کە بیر لە کارێکی هاوبەش لەگەڵ شاعیردا بکاتەوە. پێشانگای (ئێکسیل) ئەنجامێکی کۆنکرێتیی ئەمەیە.
لە فێستیڤاڵی ئەدەبی بیۆرنسۆندا لە شاری مۆلدێ، کە مەسەلەی زمان و کولتووری کوردی بابەتێکی سەرەکی بوون، شیعرەکانی رەفیق سابیر لەوێ سەرنجی سیسیل ستانگنیس یان راکێشاوە. کارە گرافیکییەکانی هونەرمەندی شێوەکار، سیسیل، سەربەخۆن، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هاوکاریی کۆمەڵە هۆنراوەی رەفیق سابیر «وەرزی سەهۆڵبەندان» هێنراونەتە بەرهەم. پێشانگاکە لێکدانەوەی جۆر بەجۆری مەنفای دەرەکی -جەستەیی- و مەنفای ناخ- دەروونی- پێشان دەدات».
بڕیارە پێشانگاکە لە هاوینی ئەمساڵدا لە فێستیڤاڵی ئەدەبی جیهانی، بیۆرنسۆن، کە ساڵانە لە شاری مۆلدێ، لە نەرویج، رێک دەخرێت پێشان بدرێتەوە.

# Istidens epok *Rafik Sabir*

# وەرزی سەهۆڵبەندان

کۆمەڵە هۆنراوەی، وەرزی سەهۆڵبەندان
گوڵبژێر و وەرگێران: گۆران مەریوانی
چاپخانە: لینتیلۆ. ١٩٩٩

حەسەن نوور

"وەرزی سەهۆڵبەندان" کە گوڵبژێرێکی هۆنراوەکانی شاعیر رەفیق سابیرە، لە کۆتایی ساڵی رابردوودا لە لایەن چاپخانەی (لێنتیلۆ)وە بڵاو کرایەوە. نووسەر و وەرگێڕ گۆران مەریوانی هۆنراوەکانی هەڵبژاردوون و کردوونی بە سوێدی. لە دوا وتەی کتێبەکەدا مەریوانی پاش ئەوەی ئاوڕێ لە قۆناغی شیعری حەفتاکان و (ڕوانگە) دەداتەوە - ڕوانگە بە کۆپی فۆرمالیزمی رووسی ناو دەبات. لە بارەی شاعیرەوە دەڵێ: "هەر لە سەرەتاوە دەنگێکی جودا و نوێخواز بوو. زمانیشی نوێ و ڕستەکانی چڕ و پڕ بوون،. گرنگیەکی زۆری بە ریتمی ناوەکی دەداو کەڵکێکی زۆری لە دیالێکتی زێدی خۆی (قەڵادزێ) دەبینی.
نووسەری سوێدی توربیۆرن ستیڤێ، کە پێشەکی بۆ هۆنراوەکان نووسیوە، لە بارەی هۆنراوەی "وەرزی سەهۆڵبەندان"ەوە، کە نزیکەی چل لاپەرەی کتێبەکەی گرتووە، دەڵێ: من لەم هۆنراوەیەدا بەردەوام زایەڵەی مایاکۆڤسکیم دێتە بەر گوێ، نەک وەک لاساییکردنەوە، بەڵکو وەک نموونەیەکی تری کەسایەتییەکی سەربەخۆ، یاخییەکی ئەوین یان ئەویندارێکی یاخی. رەفیقیش هەروەک مایاکۆڤسکی دەسوتێ و ژانی رامیاری و جیهانگری خۆی پڕ بەدەنگ دەردەبڕێ.
ئەم گوڵبژێرە، کە لە سێ هۆنراوە پێک هاتووە، لە شەش کۆمەڵە هۆنراوەی شاعیرەوە هەڵبژێردراوە، مەریوانی لە سێ قۆناغی جیادا پۆلێنی کردووە: ١- هۆنراوەکانی سەردەمی لاوێتی کە سۆراخی یەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و منەی (من) ێکی پاک و پاراو دەکەن. لەم قۆناغەدا خۆشەویستی لەلای شاعیری لاودا توشی لۆژیکی ناکۆکی چینایەتی دەبێ. لە بولگاریادا رەفیق خۆشەویستی پشتگوێ دەخا چونکە بە بەشێکی تێکۆشانی چینایەتی ناناسێ، ... گیان دەبەخشێت بە شتەکانی دەرەوەی خۆی و، کەمدوو، گوتوێژێکی بێدەنگ لەگەڵ ئەو شتانەی سووڕیان لێداوە، دەست پێدەکا: مەنفا، دەریا، گەواڵە هەور. ٢- لە هۆنراوەکانی مەنفا و هەشتاکانیدا هەستی نەتەوەیی ناسنامەی کوردی زاڵە. ئیتر (من) ی شاعیر تەنیا هاووڵاتییەکی جیهان نییە بەڵکو کوردە و شانازی بەو ناسنامەیەوە دەکا، لەم قۆناغەدا گومان لەلای شاعیر سیما دەگرێ. ٣- هۆنراوی ئەوەتەکان کە زادەی سوێدن تایبەتمەندێتی ئەم وڵاتەیان پێوە دیارە. هێمنی، هارمۆنیا، رامان و نەختێک گومانی ڕاستینە.
تاکو ئێستا چەندین رۆژنامەی سوێدی ئەم بەرهەمەیان هەڵسەنگاندووە، لەوانەیە سەرنجدانی ئەو هەڵسەنگاندنانە کارێکی بەجێ بێ بۆ ئەوەی هۆنراوەکانی شاعیر رەفیق سابیر لە چاوی "ئەوی تردا" بخوێنینەوە.

"خەونی رووناکبیرێکی تێکۆشەر بە ئازادییەوە." لەژێر ئەم سەردێڕەدا رەخنەگری سویدی Bo Gustavsson لە ڕۆژنامەی Uppsala nya tidning دا دەنووسێ: " وەرزی سەهۆڵبەندان هۆنراوەیەکی گەورەی هاوچەرخە، دەکرێ بە هۆنراوەی (وێرانەخاکی) ت. س. ئیلیوت بەراورد بکرێ." لە وەسفی شاعیردا گوتەیەکی سارتەر دەستەوا دەکا و دەڵێ: "رەفیق رووناکبیرێکی شێلگیرە... رووناکبیرێکە بۆ کوردستانێکی ئازاد تێدەکۆشێ و ئەم بیرەش، ئاشکرا، کاری کردووەتە سەر زۆرینەی بەرهەمەکانی کە گەواهیدەری دەسدرێژی و ستەمن و وەک زایەڵە و هاواری ژانێک دەزرینگێنەوە." گوستاڤسۆن لە ئاست ئەم بەرهەمە و لایەنی هونەری شاعیردا، لە هەردوو ڕوانگەی مرۆڤایەتی و هونەرییەوە، دەست لەسەر سینە دەدوێ و بە شایستەی ئەو ڕێزەی دەبینێ:

"کاتێ بە زمانی "من" لە بارەی تاسەی خۆشەویستی و تەنیاییەوە لە هەندراندا دێتە گۆ بە زمانێکی بەلاغی دەنووسێ. زمان و هەست لێک نزیک دەبنەوە و لە وێنەی ڕێپێتواریدا دەبنە شیعر ... لە شیعرەکانی ئوپسالایدا پشکۆیەکی نوێ دیارە دەڵێی دەوروبەری نامۆ و دووریی لە نیشتمان وێنەکانی رەفیق دەپاڵێوێ و رێی بۆ خۆش دەکا بە زمانی پەخشان لە خۆی بپرسێ: بۆ تەمەن ئەوەندە کورت و ڕۆژەکان هێندە درێژن؟"

گوستاڤسۆن لە بارەی هۆنراوەی "وەرزی سەهۆڵبەندان" ەوە دەڵێ: هۆنراوەیەکی گەورەیە کە نەک تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی باری دەروونیی (من)ی هۆنراوەکەیە diktjaget بەڵکو دەربڕی نامۆیی و توندوتیژیی سەردەمی ئێمەیە. گوستاڤسۆن "وەرزی سەهۆبەندان" لە رێی ئاماژە و دووبارەبوونەوەی وێنەکان و کلیلی گوزارشتەتەکانەوە بە هۆنراوەی "وێرانەخاک"ی ت.س. ئیلیۆت دەچوێنێ و هەروا دەڵێ: «گرنگی ئەم هۆنراوەیە تەنیا لەو خزمایەتییەدا نییە بەڵکو وەک هۆنراوەیەکی ئەوینداری دەبزوێ و ئاڕاستەی خۆشەویستێک کراوە کە بەرجەستەی خۆشەویستی شاعیرە بۆ کوردستانەکەی».

گوستاڤسۆن لە هەمان هەڵسەنگاندندا دەڵێ: «رەفیق لە سەردەمی ناکۆکی نەتەوەییدا هاوارێکی گومانهەڵگری ئازادی و یەکسانییە بۆ گەلێکی ژێردەستە. مافی کەمینەکان پرسێکی چارەنووسسازەو هەرواش دەمێنێتەوە لە جیهانێکی پڕ لە ڤەیرانی ڕوو لە هەزارەی سێیەم».

هەمان ڕۆژنامە دوای بڵاوکردنەوەی گوتارەکەی گوستافسۆن بە دوو هەفتەیەک دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ شاعیردا کردووەو ڕۆژی ١٥-١١-١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ژنە ڕۆژنامەنووس Tiia Derblom لە ڕەفیق دەپرسێت تۆ کێیت، دەڵێ:

"من کێم؟ دە ژمارە. مرۆڤێک کە ناو و شوێنێکی لە پێوەندییەکدا هەبوو، بەڵام مەنفا مرۆڤ تووشی بێدەنگییەکی خۆنەخواستە دەکا. ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتیم لەدەست چوو. بوون تەنیا و تاریک دادێ. دەبێ دژ بەم هەستە تێ بکۆشم....دەمەوێ دەنگێ بە تاسەکردنی ئازادی ببەخشم و هەست بە ئازادی بکەم و وەک مرۆڤ ڕێزم لێ بگیرێ. دەمەوێ دەنگی خۆم بەکار بهێنم...هەمیشە ترسم لەوە بووە ئازادیم لێ زەوت بکرێ.

نووسەر مایا نیتیامیکی لە ڕۆژنامەی Nerikes Alehanda ڕۆژی ٣٠-١٠-١٩٩٩ دا، لە ژێر سەردێڕی (شاعیرێک و مرۆڤێکی دەنگدار) دا دەنووسێت: «لە شیعرەکانی سەردەمی لاوێتی شاعیردا دەنگێکی بوێر و هۆشیارانە، لە وڵاتێکی زامداردا، دەزرنگێتەوە (ئەم مرۆڤەش وەک تۆ ژیانی پێ خۆشە/ بەڵام کاتێک کە دەبینێ نیشتمانی/ لەسەر شۆستەکان کەوتووە/ نیشتمانی لەژێر سێبەری چەقۆدا پاڵ کەوتووە/ تا دەتوانێ دەرگای شار بەردباران دەکات).

«دیارە تینوێتیی بەرەنگاربوونەوە گۆڕدراوە بە گومان. لە هۆنراوەی وەرزی سەهۆڵبەنداندا ئەم شۆڕشگێرە لاوە بە ناچاری پێشی پێ دەگیرێ و لەبەر هەلومەرجە سەختەکانی مرۆڤ و وڵات و ئەڤین ئازار دەچێژێت. ئەم هۆنراوەیە پڕە لە هێزێکی زایەڵەدار: لێرەدا هاواری مرۆڤێکمان دێتە بەرگوێ کە گەیشتۆتە کۆتایی رێگا و سۆراخی سەرەتایەکی نوێ دەکات».

«خزمایەتی نێوان سابیر و مایاکۆڤسکی بە ئاشکرا دیارە، بەڵام دەنگی سابیر دەنگی خۆیەتی و خاوەنی ژێیەکی خاکیتر و کامڵترە بە بەراورد لەگەڵ دەنگی بەجۆشی پێشەوا گەورەکە.»

«هۆنراوەکانی سابیر، بە بەراورد لەگەڵ ئەو بەرهەمە کوردییانەی کە بە سویدی خوێندومنەتەوە، تایبەتتر و ئیندیڤیدوالترە. رەفیق کەمتر پەنا دەباتە بەر زەخرەفەی تەقلیدی؛ ئەو خیتابە نیشتمانپەروەرییەی کە زۆربەی جاران بۆ خوێنەری ڕۆژئاوایی نامۆ دێتە بەرچاو. میتافۆرەکانی بنەڕەتی و جیهانین: رەگەزەکانی رووناکی و تاریکی، ئەستێرەکان، مانگ..»

پیتەر ئۆرتمان لە ڕۆژنامەی Helsinborgs Dagbladی ژمارە ٢٧ /١٢/ ٩٩ دەڵێ: «رەفیق سابیر شاعیرێکی گرنگە.. بەرهەمەکانی ئوپسالای هۆنراوەی ڕاستینەی ئەویندارین، پاشخانی هۆنراوەکانی پێشووی خەباتە لە پێناوی ئازادیدا... من کە ئەم کتێبە دەخوێنمەوە دەرک بە هێزی هۆنراوەکان دەکەم... دەزانم چەند وەرگێڕان بەهێز بێ ناتوانێ فرەڕەنگی هۆنراوەکان بخاتە ڕوو.. بەهەرحاڵ دیارە گۆران مەریوانی توانیویە، شاعیری فرە بەتوانا دیار بخات».

ریکارد هۆلی لە ڕۆژنامەی Östgöta Correspondenten لە ڕۆژی ٢٧ /١١/ ٩٩ دەنووسێ: «ئەگەر ئەوین بخەینە پاڵ پەیام و ئازادییەوە، بیانخەینە پاڵ یەکسانی و برایەتییەوە ئەوسا چوارچێوەی گەوهەری هۆنراوەکانی رەفیق سابیر دەستنیشان دەکەین... خەونەکانی لە بارەی جیهانێکەوەن لەسەر بنەمای نرخاندنی مرۆڤایەتی پێک هاتووە... رەفیق تاسەیەکی هەمیشەیی لە کۆڵ ناوە. تاسەی هێزێکی لە مرۆڤ بەدەر تاکو لەگەڵ بروسکەدا یەک بگرێ:( ئەمشەو بروسکە زین دەکەم، هەڵت دەگرم.) تاسەی گەڕانەوەی بۆ سەرەتایەکی نوێی هەگرتووە، بۆیە ئاوڕ لە منداڵێتی دەداتەوە.» دوای ئەوە دەڵێت شیعرەکانی رەفیق داخوازیی زۆریان لە خوێنەر هەیە، هەر بۆ هەڵنانێکی هەڵە خوێنەر هەڵەتە دەکات».

هەروا چەند نووسەرێکی دیکە، لە ڕۆژنامەی تردا سەبارەت بە هەمان کتێب وتاریان نووسیوە کە لێرەدا، تەنیا ئاماژەیان بۆ دەکەین: ئێریک بێریکڤیست، ڕۆژنامەی Nya Wermland ڕۆژی ٢٨-١٢-١٩٩٩

ئێڤا ترووپ،گۆڤاری Sessam کە بۆ بیانییانە، ژمارە٤٧ ڕۆژی ٨-١٢-١٩٩٩

ئوللا سیلتهۆلم لە بڵاوکراوەی Bcker&AV Media ژمارە٩٩٢٢ی ٨ /١١/ ٩٩

29 **Rabun** 2000

*Cultural Kurdish Journal*

